# حزب و ڕێکخراوە سیاسییە عێراقییەکان

## ١٩١٠ _ ٢٠١٠

نوسینی

محەمەد فاتیح

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

سلێمانی ـ ٢٠١٢

**ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران**

دامەزراوەیەکی کەلتورییە بەپێی بڕیاری کۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزراوە، ئەرکەکەی بریتییە لە دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی سیاسی، فراوان کردنی چوارچێوەکانی رۆشنبیریی گشتی، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ و دادی کۆمەلایەتی لەکۆمەڵدا، تاوتوێ کردنی مەسەلەکانی بیری هاوچەرخو دابین کردنی کەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی کادیران لەبوارە هەمەجۆرەکاندا.


- **ناوی کتێب:** حزب و رێکخراوە سیاسییە عێراقییەکان ١٩١٠ — ٢٠١٠
- **نوسینی:** محەمەد فاتیح
- بلاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران / سلێمانی ـ ٢٠١٢
- ژمارەی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان (١٢٨٤) ساڵی ٢٠١٢
- **پیتچنین:** نووسینگەی بایۆز
- دیزاینوبەرگ: جوان قادر سۆفی
- تیراژ: (٢٠٠٠) دانە
- ژ. زنجیرە: (٤٥٥)

**سەرپەرشتیاری زنجیرەی کتێب**

**عوسمان حەمەڕەشید گورون**

# پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| ١- پێشەکی. | ١٤ |
| ٢- بەشی یەکەم، حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان تا ساڵی ١٩٥٨. | ١٧ |
| ٣- ڕوونکرنەوەیك بۆ ژیانی حزبایەتی. | ١٨ |
| ٤- لستێك بەو حزب و ڕێکخراوانەی پێش دروستبوونی دەوڵەتی عێراق دامەزراون. | ٢١ |
| ٥- حزب و ڕێکخراوەکان لە سەردەمی داگیرکاریی بەریتانیا. | ٢٢ |
| ٦- حزبی (الحرية والائتلاف). | ٢٢ |
| ٧- کۆمەڵەی (العهد العراقي). | ٢٣ |
| ٨- حزبی (الحر المعتدل). | ٢٦ |
| ٩- کۆمەڵەی (النادي العلمي الوطني). | ٢٦ |
| ١٠- کۆمەڵەی (بصرة الاصلاحية). | ٢٦ |
| ١١- کۆمەڵی (موصل السرية). | ٢٧ |
| ١٢- کۆمەڵی (العلم). | ٢٧ |
| ١٣- کۆمەڵەی (النهضة الاسلامية). | ٢٨ |
| ١٤- کۆمەڵەی (حرس الاستقلال). | ٢٩ |
| ١٥- حزبی (النجف السري). | ٣٠ |
| ١٦- بزووتنەوەی (القومية السرية). | ٣١ |
| ١٧- کۆمەڵەی (المشورة). | ٣١ |
| ١٨- حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە ماوەی (١٩٢١ _ ١٩٥٨). | ٣٢ |
| ١٩- حزبی (الوطني العراقي). | ٣٢ |
| ٢٠- کۆمەڵەی (النهضة العراقية). | ٣٣ |
| ٢١- چەند حزبێك بۆ بەرگریکردن لە موصل: | ٣٤ |

(الاستقلال العراقي) (الدفاع الوطني) (الوطني العراقي). .................. ٣٥ - ٣٦
٢٢- حزبی (التقدم). ........................................................................ ٣٦
٢٣- كۆمەڵەی (بين النهرين). .............................................................. ٣٧
٢٤- كۆمەڵەی (المحمدية). ................................................................... ٣٨
٢٥- حزبی (الشعب). ........................................................................ ٣٨
٢٦- حزبی (الحر العراقي). .................................................................. ٣٩
٢٧- حزبی (الامة). ........................................................................... ٣٩
٢٨- حزبی (العهد العراقي). ................................................................. ٤٠
٢٩- حزبی (الاخاء الوطني). ................................................................ ٤١
٣٠- حزبی (الوحدة الوطنية). ............................................................... ٤٢
٣١- كۆمەڵەی (الاصلاح الشعبي). ......................................................... ٤٣
٣٢- یانەی (المثنى الثقافي). ................................................................. ٤٤
٣٣- كۆمەڵەی (الرابطة الثقافية). .......................................................... ٤٥
٣٤- كۆمەڵەی (المؤتمر الاسلامي). ........................................................ ٤٦
٣٥- كۆمەڵەی (الهداية الاسلامية). ........................................................ ٤٦
٣٦- ڕێكخراوی (الشباب المسلم). .......................................................... ٤٧
٣٧- حزبی (الاستقلال). ..................................................................... ٤٨
٣٨- حزبی (الاحرار). ........................................................................ ٤٩
٣٩- حزبی (الوطني الديمقراطي). .......................................................... ٥٠
٤٠- حزبی (الشعب). ........................................................................ ٥١
٤١- حزبی (الاتحاد الوطني). ............................................................... ٥٢
٤٢- كۆمەڵەی (مكافحة الصهيونية). ...................................................... ٥٣
٤٣- حزبی (الاصلاح). ....................................................................... ٥٤
٤٤- حزبی (الاتحاد الدستوري). ............................................................ ٥٥

٤٥- حزبی (الامة الاشتراكي). ........................................................... ٥٦
٤٦- حزبی (الجبهة الشعبية المتحدة). ................................................. ٥٧
٤٧- کۆمەڵەی (اخوان المسلمین). ......................................................... ٥٩
٤٨- حزبی (الجعفري). ............................................................................... ٦١
٤٩- ڕێکخراوی (المسلمین العقائدیین). ................................................... ٦٢
٥٠- یانەی (البعث العربي). ......................................................................... ٦٢
٥١- کۆمەڵەی (الطلبة العراقیین). ............................................................ ٦٣
٥٢- حزبی (البعث العربي الاشتراکي). ...................................................... ٦٤
٥٣- حزبی (التحریر الاسلامي). ................................................................. ٦٦
٥٤- چەند ڕێکخراوێکی جولەکە عێراقییەکان: کۆمەڵەی _ أحی عبیر، کۆمەڵەی ئەدەبی عبری، - کۆمەڵەی گەنجانی ئیسرائیل، کۆمەڵەی لاوانی ئیسرائیل، کۆمەڵەی صهیون، ................................................................... ٦٨ -٧٠
- کۆمەڵەی المکابی، کۆمەڵەی _تنوعه بایل، کۆمەڵەی دورش تەورات، ... ٧٠ - ٧١
- بزووتنەوەی پێشڕەوان (الحالوص)، ڕێکخراوی هشوراه، ڕێکخراوی بەرگری ٧١
(هاغانا) - ڕێکخراوی لاوانی عبری، ڕێکخراوی جولەکە ئازادیخوازەکان، ٧٢ - ٧٣
٥٥- حزبی شیوعی عێراقی. ........................................................................ ٧٤
٥٦- گروپ و ڕێکخراوەکانی جیابۆوە لە حزبی شیوعی عێراقی: .................... ٧٨
گروپی (الی الامام)، گروپی الشرارة، گروپی وحدة النضال، ڕێکخراوی شیوعیە عێراقیەکان، حزبی شۆڕش، کۆمەڵەی النجمة، رایة الشغیلة (ئاڵای کرێکاران). ........................................................................................ ٧٦ - ٧٩
٥٧- حزبی شیوعی ئەرمەنی. .................................................................... ٨٠
٥٨- حزبی (التحرر الوطني). ..................................................................... ٨١
٥٩- حزبی (وحدة الشیوعیین في العراق). ................................................ ٨١
٦٠- حزبی (المؤتمر الوطني). .................................................................. ٨٢

٦١- حزبی (جبهة الاتحاد الوطني). ........................................................ ٨٣
٦٢- بزووتنەوەی (الضباط الاحرار). ........................................................ ٨٤
حزب و ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکان. ........................................................ ٨٦
کۆمەڵەکانی بەرزی وڵات ، کوردستان، گزنگ، فیداکاری کورد، وەتەن پەروەران
حزبی نیشتمانی کوردی، حزبی ئیسلامی، کۆمەڵەی هاوار.
٦٣- کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان. ........................................................ ٨٨
٦٤- کۆمەڵەی کوردستان. ........................................................ ٨٩
٦٥- کۆمەڵەی ئیستقلالی کوردستان. ........................................................ ٩٠
٦٦- کۆمەڵەی کوردی نهێنی. ........................................................ ٩١
٦٧- کۆمەڵەی بەرگریکردن لە نیشتمان. ........................................................ ٩١
٦٨- کۆمەڵەی زانستی کەرکوك. ........................................................ ٩٢
٦٩- کۆمەڵەی زەردەشت. ........................................................ ٩٣
٧٠- کۆمەڵەی برایی. ........................................................ ٩٣
٧١- کۆمەڵەی پشتیوان. ........................................................ ٩٤
٧٢- کۆمەڵەی ئازادی کوردستان. ........................................................ ٩٤
٧٣- کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردان. ........................................................ ٩٥
٧٤- کۆمەڵەی یاریدەدەران. ........................................................ ٩٥
٧٥- یانەی سەرکەوتن. ........................................................ ٩٥
٧٦- کۆمەڵەی لاوان. ........................................................ ٩٦
٧٧- کۆمەڵەی برایەتی. ........................................................ ٩٧
٧٨- کۆمەڵەی ئەستێرەکانی نازی. ........................................................ ٩٧
٧٩- کۆمەڵەی لاوانی کورد. ........................................................ ٩٧
٨٠- کۆمەڵەی کورد. ........................................................ ٩٨
٨١- کۆمەڵەی دارکەر. ........................................................ ٩٨
٨٢- حزبی هیوا. ........................................................ ٩٩

٨٣- ليژنەی ئازادی. ........................................................................ ١٠٢
٨٤- حزبی شۆڕش. ........................................................................ ١٠٣
٨٥- حزبی رزگاری کورد. ................................................................ ١٠٤
٨٦- کۆمەڵەی منەوەران. ................................................................ ١٠٥
٨٧- پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق. ............................................ ١٠٦
٨٨- کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد ـ لقی کوردستانی عێراق. ............................ ١٠٨
٨٩- **بەشی دووەم:** حزب و رێکخراوە سیاسییەکان لە دوای ١٤/تموز/١٩٥٨. ......... ١١٠
بارودۆخی سیاسی عێراق لەو سەردەمە. ........................................... ١١١
٩٠- بزووتنەوەی (أنصار السلام). ..................................................... ١١٣
٩١- حزبی (الدعوة الاسلامية). ........................................................ ١١٤
٩٢- بزووتنەوەی (القوميين العرب). .................................................. ١١٦
٩٣- رێکخراوی (الرابطة القومية). .................................................... ١١٧
٩٤- رێکخراوی (التجمع القومي العراقي في القاهرة). ................................ ١١٧
٩٥- حزبی (الحركة الاسلامية في العراق). .......................................... ١١٨
٩٦- کۆمەڵەی (جماعة العلماء في النجف). .......................................... ١٢٠
٩٧- حزبی (الوطني الديمقراطي). ..................................................... ١٢١
٩٨- حزبی ئیسلامی. ....................................................................... ١٢٢
٩٩- حزبی (الجمهوري). .................................................................. ١٢٣
١٠٠- حزبی (الوطني التقدمي). ......................................................... ١٢٤
١٠١- حزبی (العربي الاشتراكي). ....................................................... ١٢٤
١٠٢- رێکخراوی (العمالية الثورية). ................................................... ١٢٥
١٠٣- بزووتنەوەی (الدفاع عن الشعب العراقي). ...................................... ١٢٦
١٠٤- حزبی (الاتحاد الاشتراكي العربي). .............................................. ١٢٧
١٠٥- رێکخراوی (اللجنة الثورية). ...................................................... ١٢٩

١٠٦- ڕێکخستن (جبهة النضال المسلح الشعبي). .......................................... ١٢٩
١٠٧- حزبی (العمل الاشتراكي الثوري). .................................................. ١٣٠
١٠٨- حزبی (الحركة الاشتراكية العراقية). ............................................... ١٣١
١٠٩- حزبی (الاشتراكي العراقي). ......................................................... ١٣٢
١١٠- حزبی (البعث _ تنظيم قطر العراق)............................................... ١٣٣
١١١- حزبی (الشيوعي العراقي — القيادة المركزية). .................................. ١٣٤
١١٢- ڕێکخراوی (العمل الاسلامي). ...................................................... ١٣٥
١١٣- ڕێکخراوی (الطلائع الاسلامية). ................................................... ١٣٦
١١٤- بەرەی (الجبهة الوطنية القومية التقدمية). ....................................... ١٣٧
١١٥- هاوپەیمانی (الوطني العراقي). ..................................................... ١٣٨
١١٦- ڕێکخراوی (الشيوعيين الثوريين العراقيين). ...................................... ١٣٩
١١٧- بزووتنەوەی (الطليعة الديمقراطية). .............................................. ١٣٩
١١٨- ڕێکخراوی (الماركسية ـ اللينينية العراقية). ..................................... ١٣٩
١١٩- ڕێکخراوی (اتحاد الديمقراطي العراقي). .......................................... ١٤٠
١٢٠- ڕێکخراوی (التجمع الديمقراطي العراقي). ........................................ ١٤١
١٢١- بزووتنەوەی (الوفاق الاسلامي). ................................................... ١٤١
١٢٢- ڕەوتی (الصدر). ..................................................................... ١٤٢
١٢٣- ڕێکخراوی (الحركة الاسلامية في العراق) (الخالصيون). ......................... ١٤٣
١٢٤- کۆمەڵەی (العلماء المجاهدين في العراق). ........................................ ١٤٤
١٢٥- بزووتنەوەی (المجاهدين). .......................................................... ١٤٥
١٢٦- حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی تورکمان لە عێراق. ............................. ١٤٥
١٢٧- ڕێکخراوی (الجبهة التركمانية). .................................................... ١٤٦
١٢٨- بزوتنەوەی (المستقلين التركمان). ................................................. ١٤٧
١٢٩- حزبی (الشعب التركماني). ......................................................... ١٤٧

١٣٠- حزبی (الوفاء التركماني). ........................................................ ١٤٧
١٣١- حزبی (الوطني التركماني). ......................................................... ١٤٨
١٣٢- ڕێکخراوی (الاتحاد الاسلامي لتركمان العراق). ................................ ١٤٨
١٣٣- ڕێکخراوی (الديمقراطيين الوطنيين التركمان). .................................. ١٤٩
١٣٤- بزووتنەوەی (الحركة التركمانية الوطنية الديمقراطية). ......................... ١٤٩
١٣٥- حزبی (الوحدة التركماني). ........................................................... ١٤٩
١٣٦- حزبە سیاسییەکانی کلدوئاشوری. ................................................... ١٥٠
١٣٧- ڕێکخراوی (المجلس القومي الاشوري). ............................................. ١٥١
١٣٨- حزبی (الوطني الاشوري). ............................................................ ١٥١
١٣٩- ڕێکخراوی (التجمع الوطني الاشوري). .............................................. ١٥٢
١٤٠- ڕێکخراوی (الحركة الديمقراطية الاشورية). ....................................... ١٥٢
١٤١- حزبی (بين النهرين الديمقراطي). ................................................... ١٥٣
١٤٢- ڕێکخراوی (الجبهة الاشورية الموحدة). ............................................ ١٥٣
١٤٣- کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان. ................................................... ١٥٤
١٤٤- پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان. ....................................................... ١٥٥
١٤٥- پارتی سوسیالستی کورد (پاسۆك). ................................................. ١٥٦
١٤٦- یەکێتی نیشتمانی کوردستان. ........................................................ ١٥٧
١٤٧- بزووتنەوەی سۆسیالستی دیموکراتی کوردستان. ................................. ١٦٠
١٤٨- حزبی سۆسیالستی کوردستان (حسك). ............................................ ١٦٢
١٤٩- پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان. ................................................ ١٦٣
١٥٠- بەرەی نیشتمانی نەتەوایەتی دیموکراتی عێراقی (جوقد). ...................... ١٦٤
١٥١- بەرەی نیشتمانی دیموکراتی (جود). ................................................ ١٦٥
١٥٢- حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان. .................................................. ١٦٦
١٥٣- بەرەی کوردستانی عێراقی. ........................................................... ١٦٧

١٥٤- حزبى يەكگرتنى كوردستان. ........................................................ ١٦٩
١٥٥- حزبە ئيسلامييە كوردييەكان. ........................................................ ١٧٠
١٥٦- حزب اللەى كورد. ........................................................ ١٧١
١٥٧- بزووتنەوەى يەكبوونى ئيسلامى. ........................................................ ١٧١
١٥٨- كۆمەڵى ئيسلامى لە كوردستانى عێراق. ........................................................ ١٧٢
١٥٩- يەكگرتووى ئيسلامى كوردستان (الرابطة الاسلامية). ........................ ١٧٣
١٦٠- حزبى رزگارى كوردستان. ........................................................ ١٧٤
١٦١- بزووتنەوەى ديموكراتخوازان. ........................................................ ١٧٤
١٦٢- پارتى كارى سەربەخۆيى كوردستان. ........................................................ ١٧٥
١٦٣- پارتى پارێزگارانى كوردستان. ........................................................ ١٧٥
١٦٤- بزووتنەوەى ميللى كوردستان. ........................................................ ١٧٦
١٦٥- حزبى شيوعى كوردستان. ........................................................ ١٧٦
١٦٦- حزبى (الشيوعي العمالي في العراق). ........................................................ ١٧٧
١٦٧- رێكخراوى هەڵۆى سور. ........................................................ ١٧٨
١٦٨- لستێك بەناوى حزب و رێكخراوە سياسييە كوردستانييەكان. ................. ١٧٩
١٦٩- رێكخراوى (العمل الشيوعي في العراق). ........................................................ ١٨١
١٧٠- رێكخراوى (الماركسية في العراق). ........................................................ ١٨٢
١٧١- رێكخراوى (المجلس الاعلى للثورة الاسلامية). ........................................ ١٨٣
١٧٢- رێكخراوى (البدر). ........................................................ ١٨٤
١٧٣- حزبى (اللبرالي الديمقراطي العراقي). ........................................................ ١٨٤
١٧٤- رێكخراوى (التجمع القومي الديمقراطي). ........................................................ ١٨٥
١٧٥- هاوپەيمانى (الوطني العراقي). ........................................................ ١٨٦
١٧٦- رێكخراوى (الهيئة العراقية المستقلة). ........................................................ ١٨٦
١٧٧- بزووتنەوەى (الاصلاح الوطني في العراق). ........................................................ ١٨٧

١٧٨- ڕێكخراوی (التجمع الاسلامي الديمقراطي). ........................................ ١٨٧
١٧٩- ڕێكخراوی (المجلس العراقى الحر). ........................................ ١٨٨
١٨٠- بزووتنەوەی (سيد الشهداء). ........................................ ١٨٩
١٨١- بزووتنەوەی (الوفاق الوطني العراقي). ........................................ ١٨٩
١٨٢- حزبی (الوطني الديمقراطي الاجتماعي). ........................................ ١٩١
١٨٣- بزووتنەوەی (الاسلاميين الاحرار). ........................................ ١٩٢
١٨٤- بزووتنەوەی (الديمقراطيين العراقيين). ........................................ ١٩٢
١٨٥- بزووتنەوەی (الملكية الدستورية). ........................................ ١٩٢
١٨٦- ڕێكخراوی (التجمع الديمقراطي لانقاذ العراق). ........................................ ١٩٣
١٨٧- حزبی (الديمقراطي العراقي). ........................................ ١٩٤
١٨٨- حزب (الله العراقي الشيعي). ........................................ ١٩٤
١٨٩- حزبی (الطليعة الاسلامية). ........................................ ١٩٥
١٩٠- بزووتنەوەی (الضباط والمدنيين الاحرار). ........................................ ١٩٦
١٩١- ڕەوتی (الوسط الديمقراطي). ........................................ ١٩٦
١٩٢- ڕێكخراوی (هيئة علماء المسلمين). ........................................ ١٩٧
١٩٣- ڕێكخراوی (من اجل المجتمع المدني والديمقراطية في العراق). ................ ١٩٨
١٩٤- حزبی (الوسط الديمقراطي). ........................................ ١٩٩
١٩٥- حزبی (الوطني الديمقراطي الحر). ........................................ ٢٠٠
١٩٦- حزبی (الشعب العراقي). ........................................ ٢٠٠
١٩٧- بزووتنەوەی (المتجمع الديمقراطي). ........................................ ٢٠٠
١٩٨- گردبوونەوەی (الوحدة الوطنية العراقية). ........................................ ٢٠١
١٩٩- گردبوونەوەی (الديمقراطيين المستقلين العراقيين). ........................................ ٢٠٢
٢٠٠-حزبی (الفضيلة). ........................................ ٢٠٣
٢٠١- حزبی (القومي الناصري الموحد). ........................................ ٢٠٣

٢٠٢-حزبى (المستقبل). ........................................................................ ٢٠٤

٢٠٣-حزبى (العدالة والتقدم الديمقراطي). ................................................ ٢٠٤

٢٠٤-حزبى (العدالة والتنمية). ................................................................ ٢٠٤

٢٠٥-ريكخراوى (التجمع الوطني لثورة العشرين). ........................................ ٢٠٥

٢٠٦-ريكخراوى (تجمع عراق المستقبل). ..................................................... ٢٠٥

٢٠٧-ريكخراوى (التيار الاسلامي الديمقراطي). .......................................... ٢٠٦

٢٠٨-حزبى (الوطني الديمقراطي). ............................................................ ٢٠٦

٢٠٩-ريكخراوى (الجبهة العراقية للحوار الوطني). ........................................ ٢٠٧

٢١٠- ريكخراوى (الائتلاف الوطني الديمقراطي). ......................................... ٢٠٨

٢١١- بەرەى (الجبهة الوطنية والقومية والاسلامية في العراق). ....................... ٢٠٨

٢١٢- ريكخراوى (الائتلاف الاسلامي). ....................................................... ٢٠٨

٢١٣- ريكخراوى (التحالف العراقي الموحد). ................................................ ٢٠٩

٢١٤- ريكخراوى (التجمع الجمهوري العراقي). .............................................. ٢١٠

٢١٥- ريكخراوى (الجبهة الديمقراطية التقدمية). ........................................... ٢١١

٢١٦- بزووتنەوەى (القوى الوطنية والقومية). ............................................... ٢١٢

٢١٧- بەرەى (التوافق العراقي). ................................................................ ٢١٢

٢١٨- ريكخراوى (مجلس شيوخ واعيان محافظة النجف). ................................. ٢١٣

٢١٩- حزبى چارەسەرى ديموكراتى كوردستان. ................................................ ٢١٤

٢٢٠-ريكخراوى (ائتلاف وحدة العراق). ........................................................ ٢١٤

٢٢١- ريكخراوى (التجمع الديمقراطي الايزدي). ............................................. ٢١٥

٢٢٢-بزووتنەوەى (الايزدية للتقدم والاصلاح). ............................................... ٢١٥

٢٢٣-ريكخراوى (المجلس العام للكرد الفيليين). ............................................ ٢١٦

٢٢٤-حزبى (الكردي الفيلي العراقي). ......................................................... ٢١٦

٢٢٥-حزبى پەيمان. ................................................................................ ٢١٧

٢٢٦-يەکێتی دیموکراتی کوردە فەیلییەکان. ............................................ ٢١٨
٢٢٧-هاوپەیمانی کوردی فەیلی یەکگرتوو. .............................................. ٢١٨
٢٢٨-بزووتنەوەی (الضباط لانقاذ العراق). ............................................. ٢١٩
٢٢٩-رەوتی ئیسلامی سەلەفی توندڕەو. ................................................. ٢٢٠
٢٣٠-رێکخراوی (دولة العراق الاسلامية). ............................................... ٢٢٢
٢٣١- رێکخراوی (مكتب التنسيق للمقاومة الاسلامية في العراق). ................... ٢٢٤
٢٣٢-رێکخراوی (الجهاد والتحرير). ...................................................... ٢٢٤
٢٣٣-رێکخراوی (الجبهة الاسلامية للمقاومة العراقية). ............................... ٢٢٤
٢٣٤- بزووتنەوەی گۆڕان. .................................................................... ٢٢٥
٢٣٥-رێکخراوی (التجمع العراقي المستقل). ............................................. ٢٢٦
٢٣٦-بزووتنەوەی (انقاذ الشعب العراقي). ............................................... ٢٢٦
٢٣٧-پەراوێز و سەرچاوەکان ........................................................... ٢٢٨

## پێشەکی

عێراق وڵاتێکە دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیا، ڕووبەرەکەی (٤٣٨/٣٢٠)کم٢ دەبێ و ژمارەی دانیشتوانی بە (٣٠) ملیون کەس مەزەندە دەکرێ.

ئەم وڵاتە هەر لە کۆنەوە مەڵبەندی شارستانیەت بووە، وەك شارستانیەتەکانی سومەری، بابلی، ئاشوری... پێش چەند هەزار ساڵێك لە زایندا.

**لەناو ئەو شارستانیەتە کۆنانە دەکرێ ئاماژە بۆ دەسکەوتی گرینگ بکرێ کە هاتونەتە دەس:**

١- کۆمەڵە یاساکانی (حەمورابی) بەر لە سێ هەزار ساڵ لە زایین.

٢- داستانی کلگامش بەر لە دوو هەزار ساڵ لە زایین.

دەربارەی زاراوەی (عێراق) نووسەر و مێژوونووسان بیروڕای جیاوازیان هەیە، مەبەستی زیاتر لەم زاراوەیە ئەو بەشە خاکەی باشوری ئێستای عێراقە، ئەگەرچی باسکردنی زاراوەکە لە سەردەمی کۆنەوە هاتووە. بەڵام لەگەل ئەوەشدا بەدرێژایی ئەو سەردەمانە مەبەست لێی بوونی قەوارەیەکی سیاسی جوگرافی بەو جۆرەی ئێستا دیارکراو نەبووە، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی ئاماژە بووە بۆ ئەو دەشتە نیشتەنییەی باشوور، کە ناوچەیەك پێکدێنێت لە شاری بەغداوە تا سەر کەنداو[1].

ئەو دەوڵەتەی ئەمڕۆش بەو قەوارەو سەربەخۆییەی هەیە، لەپاش جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤ ـ ١٩١٨) و ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی سەری هەڵدا.

لەشکری بەریتانیا هەر لە سەرەتای ١٩١٤ هێرشەکانی بەردەوام بوون تا تشرینی دووەمی ١٩١٨، کە گەیشتە شاری موصل.

ئەم داگیرکردنە ڕاستەوخۆیە بۆ ئەم وڵاتە تا ساڵی ١٩٢١ درێژەی کێشاوە کە بەهۆی چەند گۆڕانکارییەك لە سیاسەتی نێودەوڵەتی بە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق کۆتایی هات. لە مانگی ئابی/١٩٢١ عێراق لەلایەن دەسەڵاتێکی مەدەنی حوکمرانی دەکرا کە ئەویش سەپاندنی ڕژێمێکی پاشایەتی بوو تا ساڵی ١٩٥٨، لەو ماوەیەدا سێ شا حوکمڕانی عێراقیان کردووە (فەیسەڵی یەکەم، غازی، فەیسەڵی دووەم).

لە ١٤/تەموزی/١٩٥٨ لە ئاکامی جولانەوەیەکی سەربازی رژێم گۆڕاو بوو بە رژێمێکی کۆماری، ئەفسەرێکی پلە بەرزی سوپای عێراق (زعیم رکن) عبدالکریم قاسم بوو بە فەرمانڕەوا.

عێراق لەماوەی سالآنی ١٩٥٨ ـ ١٩٦٨ بەرەو ڕووی زنجیرەیەك کودەتای سەربازی بووەوە، کە باری سەقامگیری سیاسی تێکدابوو.

بە گەڕانەوەی دەسەلآت بۆ حزبی بەعسی عەرەبی سوسیالست لە تەموزی/١٩٦٨ و خۆسەپاندنی صدام حسین بەسەر دەسەلآت و بەهۆی ئەو سیاسەتە توندوتیژەی کە دوور لە هەموو بنەمایەکی دیموکراتی بوو، جۆرێك لە سەقامگیری سیاسی بەسەر عێراق سەپێنرا، ئەگەرچی عێراق لەماوەی حوکمڕانی صدام حسین بەرەوڕووی چەند کارەساتێك بووەوە بەهۆی هەلگیرساندنی جەنگ لەناوخۆو لەگەلٚ ولآتانی دراوسێدا.

ئامانج لە نووسینی ئەم کتێبە دەرخستنی روویەکە لە مێژووی سیاسی عێراق، کە بریتیە لە دامەزراندنی حزب و رێکخراو و کۆمەلٚەی سیاسی جۆراو جۆر لەماوەی مێژووی سیاسی نوێی عێراق و لەو قۆناغە جیاوازە یەك بەدوای یەکانەدا.

رێکخستنە سیاسییەکان لە عێراق لە راستیدا لە دوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئینگلیزەوە دەستی پێکردووە، ئەگەرچی هەندێ هەوڵی سادەو بچووك هەبووە لەم بارەوە لە کۆتاییەکانی دەسەلآتی عوسمانی لە عێراق.

داگیرکردنی عێراق لەلایەن بریتانیا کاریگەری سەرەکی هەبووە بەسەر دروستبوونی ئەو رێکخستنانەو بۆتە هۆکاری هوشیارکردنەوە و وروژاندنی هەست و بیری خەلٚك لەو سەردەماندا.

**بۆ خستنە رووی مێژووی ئەو پێکهاتە سیاسییانە چەند بنەمایەکمان پەیڕەو کردووە:**

١- رەچاوکردنی مێژووی دامەزراندنی حزبەکان لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ.

٢- پۆلین کردنیان بەپێی بیروبۆچوون و هزری سیاسییان: حزبە نیشتمانییەکان، ناسیۆنالیستەکان، کۆمۆنیستەکان، ئاینییەکان.

**هەر لەماوەی تۆژینەوەو باسکردنی ژیانی حزبایەتی لە ولآتێکی فرە نەتەوەو ئایین و رەگەز چەند سەرنجێکمان لا دروست بووە بە پێویستی دەزانین بیخەینە روو:**

أ- زۆریی ژمارەی ئەو حیزب و رێکخراوە سیاسییانەی پێکهاتوون بە بەراورد لەگەل رێژەی دانیشتوانی ولآتەکە، کە ئەوەش نیشانەیەکە بۆ جیاوازی زۆر لە بیروڕای سیاسی و هزری و ململانێی کۆمەلآیەتی.

ب- بوونی ململانەیەکی بەرفراوان تا هەندێ جار دەگاتە رادەی توندوتیژی لەنێوان ئەو لایەن و قەوارە سیاسیانە.

جـ- بەرنامە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو رێکخراوە سیاسییانە لە رووی تیۆرییەوە خاڵی هاوبەش و نزیکیان زیاترە تا خاڵی ناکۆك.

د - ژمارەیەك لەو رێکخراوە سیاسیانە بەتایبەتی ئەوانەی ماوەیەکی دورودرێژ خەباتیان بەردەوام بووە، تووشی ململانێی ناوخۆ بوونەتەوەو چەندین بەش و گروپیان لێ جودا بۆتەوە و لە ئاکامدا ململانێی توند کەوتۆتە نێوانیانەوە.

هـ- بەشێك لەو حزب و رێکخراوانە لە سەردەمێکدا کە دامەزراون، زۆری نەبردووە خۆیان هەلوەشاندۆتەوە یان چالاکیەکانیان کۆتایی پێ هاتووە، بەڵام هەندێکی تریان ئەگەر لە سەردەمێك بە ئاشکرا کاریان کردبێ ئەوا ناچار بوونە لە سەردەمێکی دیکەدا بە نهێنی کار بکەن.

و- هەندێ لەو حزبانە کە چالاکییەکانیان لەپێناو ئازادی و دیموکراسی و دادوەری کۆمەڵایەتی بووە و هەموو شێوازێکی خەباتیان لەو پێناوە پێڕەو کردووە، کاتێکیش خۆیان گەیشتونەتە دەسەڵات هەمان هەڵوێستی دەسەڵاتیان هەبووە بەرامبەر حزبەکانی ئۆپوزسیون.

ز- لەو دیاردانەی لە عێراق سەرنج رادەکێشێ، دروستکردنی حزب و رێکخراوی سیاسی کارتۆنییە بۆ پشتگیری کردنی دەسەڵات.

لە چوارچێوەی ئەم نووسینەدا، هەوڵمداوە بە کورتی باس لە دامەزراندنی نزیکەی چوارسەد حزب و رێکخراو و کۆمەڵەی سیاسی عیراقی بکەم کە زانیاریم لەسەریان دەست کەوتووە.

هیوادارم سوودێکم بە کتێبخانەی کوردی گەیاندبێ..

# بەشی یەكەم

## حزب و ڕێكخراوە سیاسییەكان پێش ساڵی ١٩٥٨

## ڕوونکردنەوەیەك بۆ ژیانی سیاسی و حیزبایەتی لەو سەردەمە:

پێش ساڵی ١٩٠٨ لەو وڵاتەی کە پێی دەوترێ عێراق، هیچ جۆرە ڕێکخستنێکی سیاسی بەمانا نوێیەکەی بەدی نەکراوە، شۆڕشی دەستووری ساڵی ١٩٠٨ لەسەر دەستی چەند ئەفسەرێکی سوپای عوسمانی بەرپا بوو، کە سەر بە کۆمەڵەی (اتحاد و ترقی) بوون[٢]. هەڵسوڕاوانی ئەو کۆمەڵەیە دەستیان کرد بە پڕوپاگەندە بۆ بیرو باوەڕەکانیان لە ڕێگای هوشیارکردنەوەی سیاسی و کردنەوەی لق بۆ کۆمەڵەکەیان لە شارە گەورەکانی وەك بەغداو بەسرە. هەروەها پاش ئەو مێژووە چەندین کۆمەڵەی بچووك لەو شارانە پێکهاتوون، وەك: کۆمەڵەی راوێژکاری، کۆمەڵەی نیشتمان، کۆمەڵەی دەستەی سوور، کۆمەڵەی العراقیة.

ئەو عێراقیانەی لە پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی (ئاستانە) ژیاون، بەشداریان کردووە لە پێکهێنانی چەندین کۆمەڵەو حیزب و ڕێکخراوی سیاسی کە بە شێوازی نهێنی یان ئاشکرا کاریان کردووە، وەك: کۆمەڵەی برایەتی عەرەبی عوسمانی، کۆمەڵەی ئاڵای سوور، کۆمەڵەی دەستی ڕەش، کۆمەڵەی پەیمان (العهد).

ئەم پەرەپێدانە لە ژیانی سیاسی دەرئەنجامی لاوازی و پەککەوتوویی دەوڵەتی عوسمانی بوو کە بەهۆیەوە دەرفەت رەخسا لەبەردەم لایەنی بەرهەڵستکاران بۆ چالاکی نواندن.

هەروەك سەردەمی لاوازی دەسەڵاتی عوسمانییەکان سەردەمی گەشەکردنی کاری سیاسی بووە، داگیرکردنی عێراقیش لەلایەن لەشکری بەریتانیا لەماوەی جەنگی جیهانی یەکەم، کاتێکی گونجاو بوو بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوە سیاسیە نوێیەکان بە ئاشکرا بێت یان بە نهێنی.

ئەزموونی سیاسی حزب لەو سەردەمە ئەزموونێکی هەژار بوو لەڕووی ئاڕاستە کردنێکی دروست بۆ چالاکییەکان، دەکرێ بووترێ پیادەکردنی سیاسەتێك بوو بۆ گۆڕانکارییەکان کە بارودۆخ سەپاندبووی بەسەر گۆڕەپانی سیاسیدا.

لەماوەی داگیرکاری ڕاستەوخۆی بەریتانیا بۆ عێراق لەنێوان ساڵانی (١٩١٤ _ ١٩٢١) چەندین کۆمەڵەی نهێنی دامەزرا، لەوانە: کۆمەڵەی ئیسلامی، کۆمەڵەی سەربەخۆیی، کۆمەڵەی پەیمانی عێراقی.

لەو سەردەمەی عێراق کەوتووبوە ژێربارى سیستمی ڕاسپاردن (أنتداب)ی بەریتانیا لەنێوان ساڵانی (١٩٢١ _ ١٩٣٢) زیاتر لە دە حزب بە شێوەیەکی فەرمی دروست بوون، کە

هەنـدێکیان کاریگـەریی ئاشـکرایان هـەبووە لەسـەر رووداوەکـان و بـەڕێوەبردنی کاروبـاری حکومـەت، سـەرەڕای چـەندین ڕێکخـراو و کۆمەڵـەی نهێنـی، کـە سیسـتمی عەشـایەری و دەرەبەگایەتی لە سەردەمی حوکمڕانی پاشایەتی لە عێراق کە لـە خەسـلەتە کاریگـەرەکانی ناو کۆمەڵگە بوونەو ڕێگر بوونە لەبەردەم گەشەسەندن و پێشکەوتنی بـاری کۆمەڵایـەتی و سیاسی وڵات.

گەلی عێـراق کـە زۆرینـەی لـە دوو نەتـەوەی عـەرەب و کـورد و چـەندین کەمـە نەتـەوەو ئاینی دیکە پێکهاتووە، ئەم گەلە بەم جۆرە کۆمەڵێکی سیاسی و کۆمەلایەتی گونجاو نـەبووە و ململانێ و ناکۆکی لە ئاکارەکانیدا بە زەقی دەرکەوتووە.

پێکهاتەی چین و توێژە کۆمەلایەتییەکان لە سەردەمی پاشایەتی جێگیر نەبووە(٣)، لەبـەر چـەندین هۆکـار لەوانــە خێـرا پێکهێنـانی دامـەزراوەکانی دەوڵـەت و زۆربـوونی ژمـارەی دانیشتوان و پەرەسەندنی بواری ئابوری بەهۆی زۆری داهاتی نەوت، هەروەها جیاوازییـەکی گـەورە هـەبووە لـەڕووی ژیـان لـەنێوان دانیشـتوانی شـار و گونـدەکان. بۆیـە تـەنها زامنـی پێشکەوتن و پەرەسەندن بڵاوبوونەوەی دیموکراسـی و ئـازادی بـووە لـە پێنـاو دامەزرانـدنی سیستمێکی سیاسی سەقامگیر.

لەماوەی (٣٠)ساڵی یەکەمی دامەزراندنی دەوڵەتی پاشـایەتی لـە عێـراق پەرەسـەندنێکی سەرنج ڕاکێش بەدی دەکرێ لەبواری دامەزراندن و فرەیی حزبی، ئەگەرچـی دەسـەڵات لـەم سـەردەمەدا لایـەنگیری ئاشـکرای هـەبووە بـۆ ژیـانی حزبایـەتی، بـەڵام ئـەم لایەنگیرییـە سنورداربووە و بەپێی هەندی مەرج و پێوەر بووە.

ژیانی حزبایەتی لە عێراق لەماوەی حوکمڕانی پاشایەتی بە گشتی ژیـانێکی سـەرکەوتوو نەبووە لەبەر چەندین هۆکار، دەکرێ ئاماژە بۆ گرینگەکانی بکەین(٤):

١- کارو چالاکی حیزبایەتی لەسەر بنچینەی ڕێکخستنی جەماوەری نەبووە.

٢- بێ توانایی لەڕووی ڕێکخراوەییەوە.

٣- حیزبایەتی ببووە ئامرازێك بۆ ژیان و وەك پیشە بەکارهاتووە.

٤- لاوازی متمانەی جەماوەر بەو ڕێکخراوانە.

٥- کاریگەری دەرەکی لەسەر سیاسەتمەداران و سەرکردەی حیزبەکان.

**ئـەم سـەردەمە لـە مێـژووی عێـراق لەسـەر ئاسـتی نـاوخۆ و سیاسـەتەکانی بـە چـەند خەسڵەت ناسراوە، وەك:**

**١- تەسك کردنەوەی بواری دیموکراسیی و دەسەڵاتی یاسادانان، بـەهۆی ساختەکاری لـە هەڵبژاردنـەکان و گەنـدەڵی سیاسـی و سـەپاندنی نوێنـەرەکانی سـەر بـە رژێـم لـە پەرلەماندا.**

**٢- خنکانـدنی ئازادییـە بنچـینەییەکان وەك ئـازادی ڕا دەربـڕین و رۆژنامەگـەری و پەخش.**

**٣- دان نـەنان بـە مافـەکانی کەمـە نەتەوایەتییـەکان و بـەکارهێنانی توندوتیـژی بەرامبەریان.**

**٤- هاوپەیمانیەتی لەگەڵ چینی دەرەبەگ و سەرۆك هۆز و سەرمایەداران.**

**٥- دەس تێوەردانـە دەرەکییـەکان، کـە بوونەتـە هـۆی قوڵکردنـەوەی ناکۆکییـە ناوخۆییەکان(٥).**

**ئەو حزب و كۆمەڵەو یانانەی پێش دروستبوونی دەوڵەتی عێراق دامەزراون:**

| ژ | ناوی قەوارە | ساڵی دامەزراندنی |
|---|---|---|
| ١ | كۆمەڵەی كاثولیكی | ١٨٨٩ |
| ٢ | حزبی راوێژكردن (الشوری) | ١٩٠٨ |
| ٣ | كۆمەڵەی نیشتمانی | ١٩٠٨ |
| ٤ | كۆمەڵەی دەستەی سوور (العصابة الحمراء) | ١٩٠٨ |
| ٥ | كۆمەڵەی عێراقیە | ١٩٠٨ |
| ٦ | لقی ـ حزبی (اتحاد وترقی) | ١٩٠٨ |
| ٧ | یانەی ترقی (جعفری) عوسمانی | ١٩٠٨ |
| ٨ | لقی ـ حزبی ـ ناوەندی ـ الوسط | ١٩١١ |
| ٩ | كۆمەڵەی ئەدەبی كلدانی لە عشتار | ١٩٠٩ |
| ١٠ | كۆمەڵەی زانستی ئەدەبی لە بەسرە | ١٩١٠ |
| ١١ | كۆمەڵەی ـ الاتحاد ـی عوسمانی | ١٩١١ |
| ١٢ | كۆمەڵەی چاكسازی بەسرە | ١٩١٢ |
| ١٣ | یانەی نیشتمانی | ١٩١٢ |
| ١٤ | یانەی بەغدادی | ١٩١٢ |
| ١٥ | كۆمەڵی پەیمان | ١٩١٣ |
| ١٦ | یانەی زانستی | ١٩١٣ |
| ١٧ | یانەی یەكێتی لاوان | ١٩١٠ |

- ١ -

## حزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان لە سەردەمی داگیرکاری بەریتانیا:

لە ساڵی ١٩١٤ز جەنگی جیهانی یەکەم هەڵگیرسا، لەو سەردەمەدا عێراق بەشێك بووە لە دەوڵەتی عوسمانی، بۆیە ئاسایی بوو پەلامار بدرێت لەلایەن لەشکری بەریتانیاوە.

بەم جۆرە لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩١٤ لەشکری بەریتانیا گەیشتە کەنداو و هەر لە هەمان ساڵ گەیشتە ناوچەی بەسرە، ئەم هێرشە لە ساڵی ١٩١٥ تووشی بەرگرییەکی توند بۆوە لە شاری کوت و شکستی پێ هێنرا.

لەشکری بەریتانیا درێژەی بە هێرشەکانیدا و لە بەرواری ١١/ئازار/١٩١٧ گەیشتە بەغداد و لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩١٨ گەیشتە شاری موصل لە کاتێکدا بوو کە ئاگربەست لەنێوان هەردوو بەرەی شەڕ ڕاگەیەندرا. بەم شێوە دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی بەسەر عێراقدا کۆتایی هات کە چەند سەدەیەکی خایاند.

وڵاتی عێراق لەماوەی (١٩١٨ _ ١٩٢١) ڕاستەوخۆ لەلایەن بەریتانیاوە کاروباری بەڕێوە دەچوو. فەرمانڕەوای بەریتانی هەموو دەسەلاتەکانی بەدەستەوە گرتبوو.

### لەو ماوەیەدا چەندین حزب و کۆمەڵەی سیاسی دروست بوون، لەوانە:

### ١- حزبی ئازادی و هاوپەیمانی (الحریة والائتلاف)[٧]

ئەم حزبە لەلایەن کۆمەڵە گەنجێکی ڕۆشنبیری عێراقی دامەزرا، کە دژایەتی دەسەڵاتی عوسمانیەکانی دەکرد لە ساڵی (١٩٠٩) لە شاری بەغداد. زمان حاڵی ئەم حزبە ڕۆژنامەی (نێوان هەردوو ڕووبار) (بین النهرین) بوو کە لە ڕۆژی ٦/کانوونی یەکەم/١٩٠٩ یەکەم ژمارەی دەرچوو.

لە ساڵی (١٩١١) لقی دووەمی ئەم حزبە لە شاری (بصرة) دامەزرا بە سەرپەرشتی (طالب النقیب) و ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیان لە هەموو چین و توێژەکان پەیوەندییان لەگەڵ کردووە.

**لە ئامانجە بنچینەییەکانی ئەم حیزبە:**

١- گێڕانەوەی مافە ڕەواکانی عەرەب.

٢- تێکۆشان بۆ بەرژەوەندی وڵاتە عەرەبییەکان.

٣- یەکسانی لەنێوان هەموو دانیشتوان.

پاش دەرچوونی یاسای باری نائاسایی لەلایەن دەسەڵاتەوە بە مەبەستی ڕێگرتن لە ڕێکخستنی جەماوەری و ئازادییە دەستورییەکان و بەربەرەکانیکردنی چالاکییەکان، سەرکردایەتی حزب بڕیاری ڕاگرتنی چالاکیەکانی خۆیدا تا ماوەیەك، بەڵام لە مێژووی ١٥/ئازاری/١٩٥٠ حزب بڕیاریدا دووبارە چالاکی سیاسی خۆی دەست پێ بکاتەوە تا دەرچوونی بڕیاری دەسەڵات بە ڕاگرتنی چالاکی حزبایەتی.

## ٢- کۆمەڵەی پەیمانی عێراقی (العهد العراقي):(٨)

ئەم کۆمەڵە لەناو ئەفسەرە عێراقییەکانی سوپای عوسمانی دامەزرا لە هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد ساڵی ١٩١٤ز، لە کتێبی (موسوعة العراق الحديث ـ بەرگی یەکەم) مێژووی دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەی بە ساڵی ١٩١٩ز دیاریکردوە). بە سەرۆکایەتی ئەفسەری بەناوبانگ (عزیز علی میسری) و (طه الهاشمي) کە لە کەسە یەکەمەکانی بوون. کۆمەڵە بە نهێنی کاری دەکرد.

ئامانجی کۆمەڵە بە دیهێنانی (خود موختاری) بوو بۆ وڵاتە عەرەبییەکان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانی.

پاش ماوەیەك چەندین ئەفسەری دیکە پەیوەندیان بەو کۆمەڵەیە کرد وەك ئەفسەری کورد (حسنی البرازي) کە دوواتر لە ساڵانی پەنجاکان بووە سەرۆك وەزیرانی سوریا، هەروەها ئەفسەران (بکر صدقي ـ رشيد المدفعي ـ جميل المدفعي ـ نوري السعيد).

**بەڵام عبدالرزاق الحسنی لە کتێبەکەی ـ تاريخ الاحزاب السياسية العراقية، بەم جۆرە ناوی ئەندامانی کۆمەڵە دەخاتە ڕوو:**

**لقی بغداد:** حمدی الپاچچی. رشيد الخوجة ـ عبدالحميد الشالجي ـ عاصم الچلبی ـ تحسين العسكری ـ تحسين علي.

**لقی موصل:** ياسين الهاشمی ـ علي جودة ـ مولود مخلص ـ عبدالله الدليمي ـ شريف الفاروق ـ مجيد حسون.

**لقی بصره:** مزاحم الپاچچی ـ طالب النقيب[٩].

**له كتێبی ـ الاحزاب السياسية في العراق ـ السرية والعلنية ـ هادی حسن عليوی، بەم جۆرە باسی ئەم کۆمەڵەیە دەکات:**[10]

**١- لقی بەغداد:**

**لە سەرەتای ساڵی (١٩١٨) دووبەرەکییەك لەناو کۆمەڵەی (پەیمان) روویدا، بەهۆیەوە بوونە دوو باڵ، باڵێکیان لە سوریا، ئەوی دیکەیان لە عێراق.**

**باڵەکەی عێراق لە مانگی تموز/١٩١٩ لقی بەغدادیان دامەزراند.**

**ئامانجەکانی کۆمەڵە:**[*]

**١- سەربەخۆیی بۆ عێراق، سەربەخۆییەکی تەواو لە چوارچێوەی یەکێتی عەرەب.**

**٢- عێراق ئازادە لە هەڵبژاردنی ئەو گەلانەی هاوکاری دەکەن لە بوارەکانی هونەری و ئابوری.**

**٣- هەستانەوەو بوژاندنەوەی گەلی عێراق.**

**٤- هەوڵدان بۆ خزمەت کردنی نەتەوەی عەرەب بەگشتی.**

**دەستەی کارگێڕی ئەم لقە پێکهاتبوو لە:**

**١- شێخ سعيد نقشبدنی ـ سەرۆك.**

**٢- ئەندامان: أحمد عزت الاعظمي ـ حسن رضا ـ علاءالدين النائب ـ بهاءالدين شيخ سعيد ـ نوري فتاح ـ أمين زكي ـ سامیی النقشلي ـ أنور النقشلي ـ بەڵام پاش کۆچی دووایی ـ شێخ سعيد نقشبندي ـ هەڵبژاردن بۆ جێگاکەی ئەنجامدرا و (سليمان فيضی) بە سەرۆك دياريكرا.**

**هەروەها ئەم ناوانەش:**

**احمد عزت الاعظمي ـ حسن رضا ـ علاءالدين النائب ـ بهاءالدين شيخ سعيد ـ نوري فتاح ـ أحمد سامي ـ سليمان فتاح ـ بهجت زينل ـ عبدالعزيز السنوي ـ قاسم العلوي ـ**

---

موسوعة العراق الحديث تأليف ـ خالد عبدالمنصم العاني ـ بەرگی ١ چاپی ١٩٧٧/١ ـ لاپەڕە/١٨٤.

سامي النقشلي ـ انور النقشلي ـ عبدالله حاج حمودي ـ ابراهيم الواعظ ـ عبدالواحد محمد ـ عبدالغفور البدري ـ امين زكي.

لەم ماوەیەدا كۆمەڵە رۆژنامەی ـ اللسان ـی وەك ئۆرگانێكی ناوەندی دەركرد كە خاوەنەكەی علي رضا الغزالي بوو.

ئەم رۆژنامەیە بەهۆی شۆڕشی ساڵی ١٩٢٠ وەستا لە دەرچوون، پاش كۆتایی هاتنی شۆڕش، كۆمەڵە رۆژنامەی (الاستقلال)ی دەركرد.

كۆمەڵە بە چەندین چالاكی جۆراو جۆر هەڵساوە دژ بە سیاسەتی بەریتانیا و پشتگیریكردنی شۆڕشی ساڵی ١٩٢٠ و داواكردنی سەربەخۆیی بۆ عێراق.

**٣- لقی موصل:**

له كۆتایی ساڵی (١٩١٣) عبدالله الدليمى له شاری (ئاستانه) پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی، گەرایەوە شاری موصل. گەڕانەوەكەی بۆ ئەوەبوو كە لقێكی كۆمەڵە لە شاری موصل دامەزرێنێ.

**پاش هەوڵێكی زۆر لەگەڵ چەند كەسایەتیەكی نیشتمان پەروەر توانی لقەكە پێكبهێنێ، كە لەم كەسانە پێكهاتبوون:**

مولود مخلص ـ محمد شريف العمري ـ ياسين الهاشمي ـ د. داود الچلبی ـ بەڵام بەهۆی هەڵگیرساندنی جەنگی جیهانی یەكەم له ساڵی ١٩١٤ چالاكییەكانی ئەم لقە پەكی كەوت.

پاش كۆتایی هاتن بە جەنگ بارەگای لقەكە لە شاری موصل لە بەرواری ٢٤/مایسی/١٩١٩ كرایەوە.

### ٣- حزبی ئازادی میانڕەو (الحر المعتدل):[11]

ئەم حزبە لە مانگی ئابی ساڵی ١٩١١ز، لقێکی لە شاری (بصرة) دامەزرا، بەرنامەی سیاسی بەکورتی بریتیە لە: بوونی نوێنە رایەتیکردنێکی رێژەیی بۆ نەتەوە جیاوازەکان لە ئەنجومەنی (نێراوان) و لە حکومەت و فەرمانگە گشتییەکان.

هەروەها بەکارهێنانی زمانە ناوچەییەکان لە هەموو ویلایەتە عوسمانییەکان شان بە شانی زمانی تورکی.

دامەزراندنی ئەم حزبە بە مەبەستی دژایەتیکردنی سیاسەتە ناڕەواکەی کۆمەڵەی (یەکێتی و پێشکەوتنی) عوسمانی بووە.

### ٤- کۆمەڵەی زانستی نیشتمانی (النادي العلمي الوطني):[12]

کۆمەڵە لە ساڵی (١٩١٢)ز لە شاری بغداد دامەزراوە، لەلایەن دەستەیەکی رۆشنبیری عێراقی بە سەرۆکایەتی ـ مزاحم الپاچچی ـ کۆمەڵە رۆژنامەی ـ رابوون ـی دەردەکرد کە زمان حاڵی کۆمەڵە بوو، گوزارشت لە بیروباوەڕە نەتەوایەتیەکانی دەکرد. ئامانجەکانی بە کورتی، خەباتکردن لە پێناوی نەتەوەی عەرەب و بەرژەوەندییەکانی[13]. هەروەها لە ئەندامەکانی ئەم کۆمەڵەیە: حمدی الپاچچی ـ محمد باقر الشبیبي ـ محمد رضا الشبیبي ـ رزوق غنام ـ الشیخ مبدر فرعون ـ تحسین العسکري -.

### ٥- کۆمەڵەی چاکسازی ـ بصرة ـ (البصرة الاصلاحية):[14]

کۆمەڵە لەبەرواری (١٨/شوبات/١٩١٢) دامەزرا بە سەرۆکایەتی (طالب النقیب) بەرنامەی سیاسی کۆمەڵە لە (٢٧) بەند پێکهاتبوو، گرینگترینیان بریتیە لە بەندی ٣:

فەرمانڕەوا خەڵکی وڵات بێت و شارەزای بارودۆخی وڵاتەکەی بێت.

زمانی فەرمی لە هەموو دام و دەزگا حکومیەکان زمانی عەرەبی بێت.

کۆمەڵە بانگەوازی بۆ هزری عەرەبچێتی دەکرد، هەروەها پەیوەندییەکانی لەگەڵی[15] کەسایەتیە ناسیونالستە عەرەبەکان توند دەکرد لە وڵاتانی میسر و لوبنان.

کۆمەڵە لە شاری (المحمرة) کۆنگرەیەکی بەست بە ئامادەبوونی سەرۆك ناوچەکانی (المحمرة ـ الکویت) و بە ئامادەبوونی سەرۆکی کۆمەڵە طالب النقیب بۆ گفتوگۆ کردن دەربارەی ئایندەی عێراق. بە داگیرکردنی عێراق لەلایەن بەریتانیاوە کۆمەڵە کۆتایی پێ هات.

کۆمەڵە بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩١٣ کرد و چەند پالێوراوێکی سەرکەوتن وەك: طالب النقیب ـ أحمد نعیم کحالة ـ عبدالله صائب ـ عیسی روحي ـ عبدالرزاق النعمة ـ کۆمەڵە رۆژنامەی ـ الدستور-ی دەرکردوەو خاوەنەکەی عبدالله الزهیر بوو.

## ٦- کۆمەڵەی (موصل)ی نهێنی (الموصل السریة):[١٦]

کۆمەڵە لە شاری موصل ساڵی ١٩١٣ بە شێوەیەکی نهێنی لەلایەن ـسلیمان فیضيـ دامەزراوە. ژمارەیەك لە کەسایەتی و نیشتمان پەروەران پەیوەندییان لەگەڵی کردوە.

ئامانجەکانی کۆمەڵە بریتی بوو لە خەباتکردن لەپێناو کێشەی عەرەب. دەکرێ بوترێ یەکەم کۆمەڵە بووە لە شاری موصل دامەزراوە. بەڵام هەر بە ماوەیەکی کورت پاش دامەزراندنی رۆڵی بەرەو لاوازی هات بێ ئەوەی بەهیچ چالاکیەك هەستێ.

## ٧- کۆمەڵەی زانست (العلم):[١٧]

کۆمەڵە لە ساڵی (١٩١٤)ز بەشێوەیەکی نهێنی دامەزرا لەلایەن (ثابت عبدالنور) لە دانیشتوانی شاری موصل. ناویان لێنا کۆمەڵەی ـ العلم ـ زانست بەهۆی ترس لە دەسەڵات. لە راستیەکەی ناوەکەی ـ العَلَمْ - ئاڵا بووە، کە ئاماژەیە بۆ ئاڵای عەرەب بە هەر چوار ڕەنگەکەیەوە.

کۆمەڵە لە بەرواری ٢٤/ئایاری/١٩١٩ پشتگیری خۆی بۆ بەرنامەکەی کۆمەڵەی (پەیمان)ی عێراقی دەربڕی کە ناوەندی لە سوریا بوو لقێکی لەشاری موصل دامەزرا.

کۆمەڵە کاریگەری بەسەر بەرپا بوونی راپەڕین هەبووە لەناوچەکانی بادینان لە کوردستانی عێراق، بەتایبەتی لەبواری هاندانی ئاینی دژ بە دەسەڵاتداری بەریتانیا. یەك لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە بەناوی ـ عبدالمنعم الغلامي ـ پەیوەندی بە شێخ (بهاءالدین) بامەرنی کردووە و توانیویەتی پشتگیری دوو لە براکانی بەدەست بهێنێ. هەروەها

پەیوەندی بەم ناوانەوە کردوە: رەشید بەگی بەرواری، حاجی شعبان ئامێدی، محمد صالح ئەفەندی، لە ناودارانی مزوری، طاهر ئاغا هەمزانی، مصطفی ئاغای بێسفکی، محمد ئاغای حاجی ئاغای شەرەفانی، کە یاداشتێکیان ئاراستەی کۆمەڵەی نەتەوەکان کردووە.

هەروەها پەیوەندی کراوە بە فارس ئاغای زێباری، شێخ رقیب سورچی، عبداللە گۆران، ابراهیم پاشای دزەیی. هەوڵدراوە رازیان بکەن بۆ پشتگیریکردن دژ بە تورکەکان و داواکردنی سەربەخۆیی عێراق.

لە کتێبی ـ موسوعة الاحزاب العراقية ـ ئاماژە بۆ چەند ناوێك دەکات کە لە دامەزرێنەرانی ئەم کۆمەڵەیە بوونە، ناوەکان: مكي الشربتي، محمد رؤوف الغلامي، رؤوف الشهواني، عبدالمجيد شوقي البكري، محمد سعيد الجليل عبدالمنعم الغلامي[١٨].

## ٨- کۆمەڵەی رابوونی ئیسلامی (النهضة الاسلامية):[١٩]

کۆمەڵە ساڵی (١٩١٧)ز لە شاری (النجف) دامەزراوە لەلایەن ژمارەیەك لە زانایانی ئاینی و سەرۆك هۆزو عەشیرەتەکانی ناوچەی فوراتی ناوەڕاست.

**لە ئامانجەکانی کۆمەڵە:** بانگەواز بۆ جیهاد و رزگارکردنی عێراق لە داگیرکاری بیانی. کۆمەڵە دەستی هەبووە لە کوشتنی فەرمانڕەوای سیاسی شاری (النجف) کابتن مارشال لە بەرواری ١٩/ئازاری/١٩١٨. بۆیە دەسەڵاتدارانی بەریتانیا بۆ ماوەی (٤٥) رۆژ بڕیاری گەمارۆی شارەکەیان داوەو پاشان (١١) کەسیان لە سێدارە داوەو ژمارەیەکیان خستۆتە بەندیخانەو (١٢٣) کەسیان لێ دوورخستونەتەوە بۆ وڵاتی هیندستان.

لە کتێبی (لاهوت السياسة) باس لەوە دەکات کە شێخ محمد جواد الجزائری[٢٠] بانگەوازی بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەکە کردووە. هەروەها لە ئامانجەکانی هەوڵدان بۆ بەدی هێنانی یەکێتی موسڵمانەکان و دامەزراندنی جامیعەی ئیسلامی کە ژمارەی ئەندامانی (١٢) ئەندام بێت وەك ئاماژەیەك بۆ ژمارەی (١٢) ئیمامەکەی مەزهەبی شیعە.

نووسەری کتێبی (موسوعة الاحزاب العراقية) ئاماژە بۆ چەند ناوێکی دیکە دەکات لە[٢١] ئەندامانی کۆمەڵە کە وەك: محمد علي بحر العلوم ـ سەرۆکی کۆمەڵە.

محمد جواد الجزائري ـ جێگری سەرۆك، محمد علی (نهێنی گر)، عباس أسد الخليلي ـ سکرتێر. هەروەها چەندین سەرۆك عەشیرەت و کەسایەتی تری ناوچەکە.

## ٩- كۆمەڵەی پاسەوانانی سەربەخۆیی (حرس الاستقلال):[٢٢]

كۆمەڵە لە مانگی شوبات/١٩١٩ لەلایەن كۆمەڵە گەنجێكی خوێن گەرم دامەزرا لەوانە (علی بازرگان ـ جعفر ابو التمن ـ بهجت زینل ـ جلال بابان ـ محمد باقر الشبیبي) كۆمەڵە (محمد الصدر)ی وەك سەرۆكی رێزلێنان دیاریكرد، پاشتر یوسف السویدی بوو بە ئەندامی كۆمەڵە و بەشدارییەكی چالاكانەی لە كاروباری دەكرد دژ بە عوسمانیەكان.

زۆربەی ئەندامانی كۆمەڵە پێشتر ئەندام بوون لە كۆمەڵەی ـ پەیمان ـ و كۆمەڵی ـ یانەی زانستی نیشتمانی ـ كە هەڵگری بیروباوەڕی نەتەوایەتی عەرەبی بوو لەلایەن دەستەیەكی رۆشنبیر بە سەرۆكایەتی ـ مزاحم الپاچچی ـ دامەزرا بوو، رۆژنامەی (النهضة) یان دەر دەكرد. كۆمەڵە چالاكیەكانی خۆی لە مێژووی ١٢/ئاب/١٩٢٠ راگرت.

لە كتێبی ـ تاریخ الاحزاب السیاسیة العراقیة ـ ئاماژە بۆ چەند ناوێك دەكات وەك دامەزرێنەرانی كۆمەڵە، لەوانە: جلال بابان، محمد رامز، عارف حكمت، سعید حقی، شاكر محمود، حسین شلال، علی بازرگان، عبدالحمدي یوسف، عبداللطیف حمید، محي الدین السهروردی[٢٣].

هەروەها كتێبی ـ موسوعة الاحزاب العراقیة ـ باسی لە ئامانجەكانی كۆمەڵە دەكات كە بەم خاڵانە كورتی دەكاتەوە[٢٤].

١- هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی تەواوی وڵاتە عەرەبیەكان.
٢- دانان بە پاشایەتی یەك لە كورەكانی (شەریف حسین كوڕی علی) وەك پاشایەكی دەستوری دیموكراسی.
٣- كاركردن بۆ ئەوەی عێراق ببێتە بەشێك لە یەكێتی عەرەب.

### ١٠-حزبی (النجف) نهێنی (النجف السري):[٢٥]

له بەرواری ٣/تموز/١٩١٨ لەسەر دەستی کۆمەڵە زاناو رۆشنبیرێکی شاری (النجف) ئەم حزبە دامەزراوە. لە شارەکانی (بغداد ـ کربلاء ـ حلة ـ عفك ـ دغارة ـ رميثة ـ هاشمية) لق و نوێنەری هەبووە.

جێگای بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی ژووری مەلا کازمی خوراسانی بووە لە شاری (النجف). لە ئەندامە دامەزرێنەرەکانی:

(سعد صالح ـ عبدالكريم الجزائري ـ محمد رضا الشبيبي ـ سعيد كمال الدين ـ محمد رضا الصافي ـ محمد باقر الشبيبي ـ حسين كمال الدين ـ محمد جواد الجزائري ـ علي الشرقي ـ أحمد الصافي) لە ناوچەی فوراتی ناوەڕاست چەند سەرۆك هۆزێك پەیوەندییان بەم حزبەوە هەبووە لەوانە: عبدالواحد حاج سكر، علوان الساسري، كاظم العزاوي، شعلان أبو الجون، محسن شلاش، هادي زوين، عبدالرزاق عودة.

حزب بەشداری لە ڕووداوەکانی شۆڕشی ساڵی (١٩٢٠) کردووە، پاشتر ناوی گۆڕاوە بۆ حزبی نیشتمانی. رۆژنامەیەکی بەناوی ـ الفرات ـ دەرکردوە لە ٧/ئاب/١٩٢٠ کە خاوەنەکەی محمد باقر الشبيبی بووە، پاشان رۆژنامەیەکی تری بەناوی ـ الاستقلال دەرکردوە لە مانگی تشرينی یەکەم/١٩٢٠ کە خاوەنەکەی محمد عبد الحسين بوو.

پاش تێکشکانی شۆڕشی ١٩٢٠ ئەم حزبە هەڵوەشاوەتەوە.

### ١١- بزووتنەوەی نەتەوایەتی نهێنی (القومية السرية):[٣٦]

ڕێکخستنێکی ناسیۆنالستی نهێنیە لە ساڵی ١٩٢٩ دامەزراوە لەلایەن ژمارەیەك لە خوێندکارانی عەرەب، ئەوانی لە زانکۆی ئەمەریکی لە شاری بیروت و لە زانکۆکانی (لەندەن) دەیانخوێند، پاشان گەڕانەوە بۆ وڵات.

ئەم بزووتنەوەیە هزری نەتەوایەتی عەرەب و یەکێتی عەرەب، بنەمای چالاکیەکانیان بوو.

سەرکردایەتی بزووتنەوە چەند کەسانێك پێی هەستابوون بە دووایەکدا، کە ئەم ناوانە بوون: قسطنطين زريق، درويش المقدادي، يونس السبعاوي.

بزووتنەوە لە نامیلکەیەکدا دەستورێکی گشتی و بەرنامەیەکی سیاسی بۆ خۆی دارشت لەژێر ناوی (کتێبی نەتەوایەتی عەرەب) کە بە نهێنی کاریان پێدەکرد. لە نامیلکەکەدا پێناسەیەکیان بۆ بابەتی نەتەوایەتی هێنابوەوە، بەم جۆرە: نەتەوایەتی گوزارشت لە بزووتنەوەیەك دەکات کە عەرەب پێی هەڵدەستن بۆ رزگاربوونیان لە ئیستعمار و چەوساندنەوە و نەخۆشی و نەزانین و هەموو جۆرە نەخۆشیەکانی تر. بۆ ئەوەی خۆیان کۆبکەنەوە و یەکبگرن لە دەوڵەتێکی عەرەبی شارستانی.

بەم جۆرە قەوارەی مادی و مەعنەوی خۆیان دەپارێزن و ئاستی خۆیان بەرز رادەگرن و بەردەوام دەبن لە بەئەنجامگەیاندنی پەیامە مرۆڤایەتیەکەیان و شارستانیەتیان.

### ١٢- کۆمەڵەی راوێژ (المشورة):[٣٧]

ئەم کۆمەڵە لەلایەن کۆمەڵە گەنجێکی ناسیونالستی عەرەب دامەزرا لە شاری بغداد ساڵی ١٩١٢. ئامانجیان بەرهەڵستی کردنی چالاکیەکانی حزبی (اتحاد)ی تورکی بوو هەروەها داواکردنی حوکمی زاتی. ئەو کەسانەی کۆمەڵەیان پێکهێنا بریتی بوون لە: عبدالرحمن النقيب، عيسى أفندي الجميل، عبدالرحمن پاشا الحيدري، محمد فاضل الداغستانی، کاظم پاشا، جميل افندی أمين، الملا نجم الدين الواعظ، عبدالوهاب النائب، سعيد النقشبندي، مصطفى الشهربانی.

کۆمەڵە نەیتوانی ببێتە رەوتێکی سیاسی جەماوەری کاریگەر.

- ٢ -

# حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان لەماوەی ١٩٢١ — ١٩٥٨

لە حوزەیرانی ١٩٢٠ ڕاپەڕینێکی جەماوەری چەکداری بەشی زۆری ناوچەکانی عێراقی گرتەوە کە چەند مانگێکی خایاند، هۆیەکانی ئەو ڕاپەڕینە زۆرن و لێرەدا جێگای مەبەست نییە بەڵام گرینگترینیان سەپاندنی سیستمی (انتداب) بووە بەسەر عێراق لەلایەن بەریتانیاو هاوپەیمانانەوە.

دەرئەنجامی ڕاپەرین و ڕووداوە سیاسیەکان گۆڕانکاری گەورە بوو لە سیاسەتی حکومەتی بەریتانیا و هاوپەیمانان لە ئاست عێراق، لەو گۆڕانکاریانە بڕیاردان لەسەر ڕژێمی پاشایەتی و دانانی میر (فیصل کوڕی حسین) بە پاشای عێراق و بە شێوەیەکی فەرمی لە مانگی ئابی ١٩٢١، هەروەها بەستنەوەی عێراق بە ڕێککەوتنێکی (پەیمانێکی) سیاسی لەنێوان هەردوولا.

لەو سەردەمە چەندین حزب و ڕێکخراوی سیاسی پێکهاتوون کە هەندێکیان ئاشکراو مۆڵەتی فەرمیان وەرگرتووە و بەشێکیانیش بە شێوەیەکی نهێنی کاری کردوە دژ بە ڕژێم.

## ١- حزبی نیشتمانی عێراقی (الوطني العراقي):(٢٨)

ئەم حزبە لەسەردەمی دووەم حکومەتی عێراق بە سەرۆکایەتی ـ عبدالرحمن النقیب ـ لە مێژووی ١٤/ئاب/١٩٢١ پێکهات و (جعفر ابو التمن) بە سەرۆکی حزب هەڵبژێردرا.

ئەم حزبە دژایەتی سیاسەتی داگیرکارانەی بەریتانیای دەکرد و بانگەوازی بۆ سەربەخۆیی و پێکهێنانی حکومەتی نیشتمانی دەکرد کەملکەچی دەسەڵاتی (أنتداب) نەبێت.

حزبی نیشتمانی بە هاریکاری حزبی ڕابوون (النهضة) و بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕووداوەکان کە وڵات پێیدا تێپەڕ دەبێت، هەڵوێستی هاوبەشی نیشتمانی جۆراو جۆریان هەبووە. هەردوو حزب بەیەکەوە خۆپیشاندانێکی گەورەیان سازکرد لە بەرواری (٢٣/ئاب/١٩٢٣، بۆیە دەسەڵات سەرکردەکانی هەردوو حزبی دوورخستەوە بۆ دوورگەی

(هنگام) له کەنداوی عەرەبی و هەردوو رۆژنامەی (المفید ـ الرافدین) یان لە بڵاوکردنـەوە راگرت[٢٩].

عبـدالرزاق الحسـنی لـە کتێبـەکەیـدا ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکـات کـە ئەوانـەی بناغـەی ئـەم حزبەیان پێکهێناوە لە سەرەتای مانگی ئەیلول/١٩٢١ کۆبونەوە و بریتی بوون لە:

(بهجت زینل ـ حمدی الپاچچی ـ عارف حکمت ـ عبد الحسین الچلبی ـ مهـدي البصـیر ـ محمد جعفر أبو التمن).

بەڵام ئەوانی یاداشتی دامەزراندنیان بەرزکردەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆو لەسەر یاداشـتەکە ئیمزایان کردبوو، بریتی بوون لە:

(محمد صدرالدین الکاظمي ـ محمد الکاظمي ـ أحمد الشیخ داود ـ مولود مخلـص ـ محمـد جعفر ابو التمن ـ علی بازرگان ـ عبدالحسین الچلبی).

ئــەم حزبــە جــارێکی تــر لــە بــەرواری ٩/تمـوز/١٩٢٨ چـالاکیەکانی دەس پێکــردەوە و سەرکردایەتیەکەی پێکهاتبوو لـە: محمـد جعفـر ابـو الـتمن ـ محمـد مهـدي البصـیر ـ بهجـت زینل ـ مولود مخلص ـ عبـدالغفور البـدري ـ محمـود رامـز ـ احمـد عـزت الاعظمـي - علـي الشیـخ محمود).

## ٢- کۆمەڵەی رابوونی عێراقی (النهضة العراقیة):[٣٠]

ئەم رێکخراوە کۆمەڵەیەکی سیاسی بوو، بـۆ رازی بـوونی حکومـەت لەسـەر مۆڵەتپێـدانی فەرمی نزیکەی یەك ساڵی خایاند، تا لە بەرواری ١٩/ئاب/١٩٢٢ رێگای پێـدرا بـە فـەرمی کـار بکات.

دەستەی دامەزرێنەری بریتی بوون لە:

محمد أمین الچرچفچی ـ مهدی الچرچفچی ـ شـیخ أحمـد الظـاهر ـ عبدالرسـول کبـە ـ محمد حسن کبە ـ عبدالرزاق الارزي ـ عبدالجلیل عوني آل سوز ـ مهدي البیر ـ آصف وقائي قاسم آغا ـ أسدالله الحسني.

کۆمەڵە سەرەڕای رێگرتن لە فراوان بوونی، بـەڵام رۆڵـی خـۆی هـەبووە لەسـەر گۆڕەپـانی سیاسی لە عێراق.

ئامانجی سیاسی هەروەك لە یاسای بنچینەیی کۆمەڵەدا هاتووە، بریتیە لە چەسپاندنی کۆڵەکەکانی سەربەخۆیی تەواو بۆ گەلی عێراق.

بەڵام لە مێژووی ٢٤/ئاب/١٩٢٢ بەهۆی چەند هەڵسوکەوتێکی سیاسی ئازایانە لەلایەن چەند سەرکردە و ئەندامێکی هەردوو حزبی نیشتمانی عێراقی و کۆمەڵەی رابوونی عێراقی کە دژ بە کاربەدەستان و سیاسەتی بریتانیا بوو لە عێراق، بەشێك لەو سەرکردەو بەرپرسانەی هەردوو حزب لە وڵات دوور خرانەوە و کارو چالاکی حزبەکانیان راگیرا. تا رۆژی ٣٠/تشرینی دووەم/١٩٢٤ کە رێگا درا بە گەڕانەوەی بەرپرسە حزبیەکان و گێڕانەوەی بەڵگەنامەکانیان، بەمە هەردوولا چالاکیەکانیان دەسپێکردەوە.

کۆمەڵەی رابوونی عێراقی دەستەی کارگێڕییەکەی هەڵبژاردەوە کە لەم کەسانە پێکهاتبوون: محمد أمین الچرچفچی ـ عبدالرسول کبە ـ مهدی البیر ـ مجید مکیة ـ جعفر باقر ـ خلیل محمد علي ـ محمد حسن الجوهر ـ حسین علاوي.

کۆمەڵە چەندین لقی لە شارەکانی (کربلاء – نجف – بصرة – سماوة – حلة – موصل) کردۆتەوە. هەروەها رۆژنامەی ـ رابوونی عێراقی ـیان دەرکرد لە مێژووی ١٠ /ئاب/١٩٢٧.

## ٣- چەند حزبێك بۆ بەرگریکردن لە موصل:[٣١]

لە شاری موصل سێ حزب پێکهات بۆ بەرگریکردن لە کێشەی موصل، پاش یەکلاکردنەوەی کێشەکە ئەم حزبانە هەڵوەشانەوە. ناوەکانیان:

أ- **حزبی سەربەخۆیی عێراق (الاستقلال العراقي)**: لە مانگی ئەیلولی ١٩٢٤ دامەزرا بە سەرۆکایەتی ئاصف ئاغا جلمیران.

عبدالرزاق الحسنی لە کتێبەکەی ـ تاریخ الاحزاب السیاسیة العراقیة[٣٢] ـ باس لە دەستەی کارگێڕی و ئامانجەکانی دەکات:

ئاصف وفائی آل قاسم ـ سەرۆك.

محمدصدقی افندی ـ معتمد.

مکی بگ الشربتي ـ سکرتیر.

ئەندامان: سعید ثابت ـ ابراهیم عطار باشی ـ عبدالوهاب حاجي علي ـ د. أحمد محفوظ ـ د. جمیل دلالي ـ شریف صابونجي.

ئامانجی حزب هەروەك لە چوارچێوەی پێڕەوی ناوخۆی ئاماژەی بۆ کراوە:

١- سەربەخۆیی تەواوی عێراق و دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکراسی.
٢- پەرەپێدان بە بزووتنەوەی یەکێتی عەرەب.
٣- لە سیاسەتی دەرەکی پەیوەندیکردن بە وڵاتانی پێشکەوتوو لەروی شارستانیەوە.

حزب رۆژنامەی (العهد) دەرکردو یەکەم ژمارەی لە ٢٠/کانوونی دووەم/١٩٢٥ دەرچووە. پاشان رۆژنامەی _ فتی العراق _ دەرکرد.

**ب- کۆمەڵەی بەرگریکردنی نیشتمانی (الدفاع الوطني):**

بە سەرۆکایەتی (احمد فخري) دامەزرا لە مێژووی ٢٦/کانوونی یەکەم/١٩٢٥. لیژنەیان لە چەند قەزاو ناحیەیەك پێکهێنا.

دەستەی بەڕێوەبردنەکەی پێکهاتبوو لە:

أحمد فخری: سەرۆك.

ئەندامان (حبیب الجیدي مصطفی الصابونجي _ أمین الجلیلي _ فتح الله سرسم _ آصف قاسم ئاغا _ عبدالفتي النقیب _ ناظم العمري _ رشید العمري _ د. عبدالاحد _ ابراهیم کمال _ پارێزەر محمد صدقي _ علي الامام _ ضیاء شریف.

**ج- حزبی نیشتمانی عێراقی (الوطني العراقي):[٣٣]**

ئەم حزبە لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٢٥ دامەزراوە. جودایە لە حزبی نیشتمانی عێراقی کە پێشتر باسکراوە. ئەنجومەنی بەڕێوەبردنەکەی پێکهاتبوو لە:

عبدالله آل سلیمان: سەرۆك.

عبدالله العمري: جێگری سەرۆك.

**ئەندامان:** مجید العمري _ أحمد الجلیلي _ أحمد الشربتي _ مجدي النائب _ د. محمد محفوظ _ د. ستار جیان _ توفیق النائب.

لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقی سەرکەوتنیان بەدەس نەهێناوە. بۆ جاری دووەم هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبردنیان ئەنجامداوە.

بەهۆی بارودۆخی سیاسی لە عێراق حزب توانای بەڕێوەبردن و ڕاپەڕاندنی چالاکیەکانی نەبووە. زۆربەی ئەندامانی کشاونەتەوەو چوونەتە پاڵ حزبەکانی تر.

بنەماڵە بورجوازی و گەورە سەرمایەدارو موڵکدارە کشتوکاڵیەکان بەشداری چالاکیان کردووە. چالاکیەکانی حزب کۆتایی پێهات پاش ڕێککەوتنە نهێنیەکەی نێوان بەریتانیا و تورکیا بەپێدانی بری ٢٥٪ لە داهاتی نەوتی کوردستان بە تورکیا بۆ ماوەی (٢٥) ساڵ.

## ٤- حزبی پێشکەوتن (التقدم):[٣٤]

ئەم حزبە لە رۆژی ٢٦/حوزەیران/١٩٢٥ دامەزرا لەلایەن سیاسەتمەداری بەناوبانگ (عبد المحسن السعدون) بەمەبەستی پالپشتی کردنی دووەم حکومەتەکەی لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق. حزبی پێشکەوتن هیچ لق و نووسینگەی نەبووە سەرەڕای نەبوونی کۆبونەوەی ڕێکوپێك، هەروەها کاری بۆ بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕەکانی نەکردووە لەناو هاوڵاتیان، تەنها ئامانج لە دروستبوونی پێکهێنانی زۆرینەیە لە ئەنجومەنی نوێنەران هەورەها کۆشش کردن بۆ جێبەجێکردنی پەیمانی نێوانی (عێراق ـ بەریتانیا) و هەوڵدان بۆ هەموارکردنی، هەروەك لە بڕیارەکانی ئەنجومەنی دامەزرێنەری حزب ئاماژەی بۆ کراوە.

ئەم حزبە بەڵێنیدا کار بۆ ئەوە بکات کە عێراق لە کۆمەڵەی نەتەوەکان وەربگیرێت و پارێزگاری خاکی عێراق بکات بەو سنورەی دیاریکراوە و سەربەخۆیی تەواو بەدەس بێنی و پشتگیری بەریتانیا بکات.

دەستەی دامەزرێنەری حزب هەروەك لە نوسراوی وەزارەتی ناوخۆ لە مێژووی ٢٢/ئاب/١٩٢٥ ئاماژەی بۆ کراوە، پێکهاتووە لە:[٣٥]

عبدالمحسن السعدون: سەرۆك.

ارشد العمري: معتمد

ئەندامان: محسن ابو طبیخ، گاطع العوادي، فخري جمیل، محمد سعید العبدالواحد، امین زكي، ابراهیم یوسف.

لەپاش روخاندنی حکومەتەکەی عبدالمحسن السعدون لە ١/تشرینی دووەم/١٩٢٦ ئەرکی پێکهێنانی وەزارەت بە جعفر العسکری سپێردرا، جعفر دوای ئەوەی توانی زۆرینەی دەنگی

ئەندامانی پەرلەمان بەدەس بێنی کە لە حزبی پێشکەوتن پێکهاتبوو، بڕیاریدا ببێ بە ئەندامی ئەو حزبە. دەستەی بەڕێوەبردنی حزب بە داواکەی رازی بوون و کرایە سەرۆکی حزب، هەروەها عبدالمحسن السعدون لە ناوپەرلەمان بووەوە بە سەرۆکی پەرلەمان. بەڵام هەر دوای ئەوەی جعفر العسكري دەستی لە کارکێشایەوەو لە سەرۆکایەتی وەزارەت نەماو بە گەڕانەوەی عبدالمحسن السعدون بۆ سەرۆکایەتی وەزارەت جارێکی تر، جعفر العسكري لە سەرۆکاتی حزبیش لادراو عبدالمحسن السعدون گەڕایەوە بۆ ئەو جێگایە. حزب رۆژنامەیەکی لەژێر ناوی ـ پێشکەوتن ـ دەردەکرد ـ یەکەم ژمارەی لە رۆژی ١٦/تشرینی دووەم/١٩٢٦ دەرچووە.

کاروچالاکیەکانی ئەم حزبە بەرەو کۆتایی رۆیشت لە مانگی ئازار/١٩٣٠.

## ٥- کۆمەڵەی نێوان دوو روبار (بين النهرين): [٣٦]

بەهۆی ئەو هەڵسوکەوت و رێ و شوێنانەی حکومەتی عبدالمحسن السعدون پێی هەستا لە سەرەتای دامەزراندنی حکومەتەکەی، کۆمەڵە زانایەکی شیعە لە باشورو ناوەڕاستی عێراق بەرەو ئێران کۆچیان کرد. ئەوانە لەنێوان ساڵانی (١٩٢٢ ـ ١٩٢٣) کۆمەڵەیەکیان پێکهێنا بەناوی کۆمەڵەی (بين النهرين) نێوان دوو روبار.

لەو زانایانەی بەشداری پێکهێنانی کۆمەڵەیان کرد: مهدي الخالصي، محمد علي البهبهاني، آية الله الكاشاني).

ئامانج لە دروست بوونی کۆمەڵە پشتگیریکردنی گەڕانەوەی زاناکان بوو بۆ عێراق و بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوانیان.

### ٦- كۆمەڵەی ـ المحدیة ـ[٣٧].

بریتیە لە یەكتێتیەك لەنێوان سەركردە كوردەكانی ناوچەی بادینان، ئەوانەی رووبەڕووی لەشكری بەریتانیا بوونەوە. بەپێی بەڵگەنامەكانی بەریتانی و عوسمانی ئامانجی ئەم كۆمەڵەیە دامەزراندنی دەسەلاتێكی ئوتونومی بووە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانی.

كۆمەڵە رابەرایەتی بزووتنەوەیەكی چەكداری كرد دژ بە بەریتانیا بەهۆیەوە حاكمی بەریتانیا لە شاری زاخۆ كوژرا لە بەرواری ١٠/نیسان/١٩١٩.

لە كەسایەتیە سەرەكیەكانی كۆمەڵە (محمد صالح أفندی) ئامێدی، فەرمانبەر لە شاری ئامێدی.

### ٧- حزبی گەل (الشعب):[٣٨]

ئەم حزبە لەلایەن كۆمەڵە ئەندامێكی پەرلەمانی عێراقی لەبەرواری ٢٥/تشرینی یەكەم/١٩٢٥ دامەزرا. ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردن بریتی بوون لە:

یاسین الهاشمی: سەرۆك

محمد رضا الشبیبي: جێگری سەرۆك.

احمد الداود: معتمد.

**ئەندامان**: فخري جمیل ـ رشید الخوجة ـ نصرة الفارسي ـ سعید ثابت ـ ابراهیم كمال ـ ثابت عبدالنور ـ محمد رامز ـ مزاحم الپاچچی ـ عبداللطیف الفلاحي.

حزب دروشمی (دڵسۆزی ـ هاوكاری ـ فیداكاری) بەرز كردبووە.

ئەو ماوەیە لە مێژووی عێراقدا، خەڵكی بەسەر دوو لایەن دابەش ببوون:

**لایەنی یەكەم**: پشتگیریی هاوپەیمانی (عێراق ـ بەریتانیا) دەكرد كە سیاسەتمەدار نوری السعید پێشڕەوایەتی دەكرد.

**لایەنی دووەم**: دژایەتی ئەو هاوپەیمانیەتیەیان دەكرد، وەك: یاسین الهاشمی رشید عالی الگیلانی، كامل الجادرجی.

ئەم حزبە رۆژنامەی (نداء الشعب)ی دەردەكرد، یەكەم ژمارەی لە ٢٠/كانوونی دووەم/١٩٢٦ دەرچووە و تا رۆژی ٩/تەموز/١٩٢٧ بەردەوام بوو.

### ٨- حزبی عێراقی ئازاد (الحر العراقي):[٣٩]

ئـەم حزبـە لـە ڕۆژی ٣/ئـەیلول/١٩٢٢ دامـەزرا بـە سـەرۆکایەتی (محمـود عبـدالرحمن النقیـب). دەسـتەی دامەزرێنـەری بریتـی بـوون لـە (عبدالمجیـد الشـاوي ـ فخـري الجمیـل ـ توفیق الخالدي ـ صدرالدین الشوان ـ بهاءالدین سعید ـ جمیل صدقي الزهاوي ـ یوسف رزق الله غنیمة ـ صلاح بابان ـ حیدر ابراهیم ـ طه حاجی یاسین ـ حسن غصیبة).

دروشم و سیاسەتەکەی بریتی بوو لە ڕێککەوتن لەگـەڵ بـەریتانیا، چـەندین دەرەبـەگ و سەرمایەدار و بازرگانی لەخۆ گرتبوو.

چالاکی ئەم حزبە کۆتایی پێهات بـەدەس کێشانەوەی وەزارەتەکـەی (طالـب النقیـب) کـە خـۆی هەڵوەشـاندەوە و لـە گۆڕەپـانی سیاسـەت دوورکەوتـەوە بـەهۆی نـەبوونی هـیچ بەرنامەیـەکی سیاسـی و پێڕەوێکـی نـاوخۆو. پەیوەنـدی تونـدی لەگـەڵ دەسـەڵاتدارانی بەریتانیا.

ڕۆژنامەی ناوەندی حزب لەژێر نـاوی ـ العاصمة ـ یەکـەم ژمـارەی لـە ٥/تشـرینی دووەم ١٩٢٢ دەرچوو و بەردەوام بوو تا ڕۆژی ٢٤/ئاب/١٩٢٣.

### ٩- حزبی نەتەوە (الامة):[٤٠]

دەستەیەکی گەنج لە ڕۆشنبیرو پارێزەران لە ڕۆژی ١/تەموز/١٩٢٤ کۆبونەوە بۆ پێکهێنانی حزبێك لەژێر ناوی حزبی نەتەوە (الامة). ئامادەبووانی کۆبونەوەکە بریتی بوون لە:

ناجي السویدی ـ عبدالله ثنیان ـ داود السعدي ـ علي محمود الشیخ علـي ـ أحمـد الشـیخ داود ـ قاسـم العلـوي ـ محمـود خـالص ـ عبـدالعزیز ماجـد ـ عبـدالغفور البـدري ـ جعفـر الشبیبي ـ أنطوان شماس ـ عبدالهادي الظاهر ـ نصـرة الفارسـي ـ أحمـد القشـطیني ـ خلیـل زکي ـ شفیق نوري السعدي).

دوابـەدوای ئـەو کۆبونەوانـە لەلایـەن دەسـتەیەکی دامەزرێنـەر کـە پێکهـاتبوو لـە: (داود السعدي ـ نصرة الفارسي ـ عبدالهادي الظاهر ـ عبـدالعزیز ماجـد ـ قاسـم العلـوي ـ محمـود خالص ـ أحمد القشطیني ـ علي محمود الشیخ علي).

داواکارییەکان بۆ وەزارەتی ناوخۆ بەرزکردەوە بەمەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی لەسـەر دامەزراندنی حزبی نەتەوە.

وەزارەتـی نـاوخۆ لـە سـەردەمی حکومەتەکـەی یاسـین الهاشمی لەبـەرواری ١٩/ئـاب/١٩٢٤ رەزامەندی خۆی دەربری لەسەر دامەزراندی حزبی نەتەوە.

ئامەنجـەکانی ئـەم حزبـە کـورت دەکرێتـەوە لـە هەوڵـدان بـۆ بڵاوکردنـەوەی دەسـتورو بـەهێزکردنی پەیوەندییـەکانی خۆشەویستی و برایـەتی لـەنێوان چـین و توێـژەکانی گـەل. هەروەها داواکردن لە حکومەت بۆ ئەوەی پەلەبکات لە پێکهێنـانی ئەنجومـەنی نیشـتمانی و هەموارکردنی پەیمانی نێوان عێراق و بەریتانیا.

چالاکیەکانی حزب پاش ماوەیەکی کەم بەرەو کۆتایی هات.

## ١٠- حزبی پەیمانی عێراقی (العهد العراقي):[٤١]

سیاسەتمەداری بەناوبانگی ئـەو سـەردەمە (نـوری السعید) لـە تشـرینی یەکـەم/١٩٣٠ ئـەم حزبەی دامەزراند.

ئامانج لە دامەزراندنی حزبی (العهد) زاڵبوون بوو بەسەر ئـەو لایەنـە بەرهەڵسـتکارانەی ناو پەرلـەمانی عێراقـی و تێپـەڕکردنی رێککەوتنی نێـوان (عێـراق ـ بـەریتانیا)، هـەروەها سەرۆکاتیکردنی حکومەت بوو، ئەم حزبە لە پێکهاتنیدا پشتی بـەو چـین و توێژانـە بەسـت کە بریتی بوون لـە کەسـانی کۆنـە پـارێزو سـەرۆك هـۆزو سیاسـەتمەدارانی هەڵپەرسـت لـەو سەردەمەدا.

کەسە بەناوبانگەکانی ئەم حزبە لەم ناوانە پێکهاتبوون، سەرەڕای نوری السعید: ابـراهیم الواعظ، عبـدالرزاق الروشـدي، عبـدالرزاق مـنیر، عبـدالرزاق الحصان، نجیـب الـراوي، صـلاح الدین بابان، داود السعود، عبدالهادی الچلبی، صادق البصام، عبدالعزیز السنوي.

حزب رۆژنامەیەکی دەردەکرد لەژێرناوی (صدی العهد) ، کە لە رۆژی ٧/ئاب/١٩٣٠ یەکـەم ژمارەی دەرچووە.

نوری السعید، سەرۆکی حزب پاش ئەوەی توانی ئامانجەکانی خۆی لەم ماوەیە جێ بەجێ بکات و عێراق ببێتە ئەندام لە کۆمەڵەی نەتەوەکان، لە ٣/تشرینی یەکـەم/١٩٣٢ کۆتـایی بـە رۆڵی هات و چالاکیەکانی حزبەکەی راگرت.

## ١١- حزبی برایی نیشتمانی (الاخاء الوطني):(٤٢)

ئـەم حزبـە لەلایـەن چـەند سیاسـەتمەدارێکی بـەناوبانگی ئـەو سـەردەمە دامـەزرا، بەمەبەستی بەرهەڵستی کردنی سیاسەتەکەی نوری السعید.

حزب لەم ناوانە پێکهاتبوو: یاسین الهاشمي، ناجي السویدي، علي جودت الایوبي، رشید عالی الگیلانی، حکمت سلیمان، محمد زکي، عبدالاله حافظ، کامل جادرجي.

داواکارییەکیان بۆ وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی عێـراق بـەرزکردەوە، داوای دامەزرانـدنی حزبێکـی سیاسـیان کـرد لـەژێر نـاوی (حزبـی برایـی نیشـتمانی)، بەرنامـەی حزبەکەشـیان هاوپێچی داواکاریەکە کرد.

وەزارەت لە ٣٠/تشرین دووەم/١٩٣٠ رەزامەندی دەربڕی لەسەر دامەزراندنی حزب.

**پاشان هەڵبژاردنی دەستەی سەرکردایەتی ئەنجامدرا کە بەم شێوەیە بوو:**

رشید عالی الگیلانی: بریکاری گشتی

علي جودت الایوبي: سکرتێر

د. عبدالاله حافظ: ژمێریار

ئەندامان: یاسین الهاشمي ـ حکمت سلیمان ـ محمد زکي ـ رضا الشبیبي ـ حاج عبدالواحد سکر ـ محسن ابو الطبیخ ـ.

لە ١٠/کانونی یەکەم/١٩٣٠ بە بۆنەی دامەزراندنی حزب ئاهەنگێك سازکرا لەو ئاهەنگەدا رشید عالی الگیلانی وتارێکی کورتی خوێندەوە تیادا باسی لە گرینگترین ئامانجەکانی حزب کرد، کە بریتی بوون لە:

١- کـارکردن بـۆ سـازدانی رای گشـتی بەمەسـتی پارێزگـاریکردنی ئازادییـە گشـتیەکان بەپێی دەستور.

٢- کارکرد بۆ هەموارکردنی پەیمانەکەی نێوان (عێراق ـ بەریتانیا).

٣- ئەنجومەنی نیشتمانی کە هەیە نوێنەرایەتی نەتەوە ناکات.

ژمارەیـەکی زۆر لـە رۆژنامـەکانی ئـەو سـەردەمە بـیروڕای حزبـی برایـی نیشـتمانیان بڵاوکردەوە، وەك: رۆژنامەی (العالم العربي ـ الاخبار ـ الجهاد).

بەڵام سەرەڕای ئەوەش رۆژنامەیەکی تایبەتی خۆی هەبوو بـەناوی (الاخاء الوطني) لـە ٢/ئاب/١٩٣١ دەرچوو بەردەوام بوو تا رۆژی ٢٩/نیسان/١٩٣٥ کە چالاکی حزب راگیرا.

### ١٢- زبی یەکگرتنی نیشتمانی (الوحدة الوطنیة):[٤٣]

پاش کۆچی دوایی شا (فیصل)ی یەکەم لە ٨/ئەیلول/١٩٣٣ هاوسەنگی و بارودۆخی سیاسی و پەیوەندی نێوان هێزە سیاسیەکان تێکچوو. بۆیە سیاسەتمەدارانی ئەو سەردەمە خەریکی تێکەڵکردنی کێشە گشتیەکان و کاروباری حزبایەتی بوون، هەریەك لەوانە لە هەوڵی ئەوەدا بوو گەورەترین ژمارەی لایەنگر بۆ خۆی پەیدا بکات.

بۆ پشتگیریکردنی حکومەتەکەی کە خۆی سەرۆکایەتی دەکرد، علی جودت الایوبی بڕیاریدا حزبێکی سیاسی پێك بهێنێت، بۆیە لە مانگی کانوونی یەکەم/١٩٣٤ حزبێکی دامەزراند لەژێر ناوی ـ الوحدة الوطنیة ـ یەکگرتنی نیشتمانی.

دەستەی دامەزراندنی بریتی بوو لە:

علی جودت الایوبی ـ سەرۆك.

صالح باش اعیان ـ جێگری سەرۆك.

سالم قاسم آغا ـ سکرتێر.

ئەندامان: علي پاشا الدوغرمچی ـ عبدالهادي الچلبی ـ نجیب الراوي ـ حازم شمدین آغا ـ رابح العطیة ـ بهاءالدین النقشبندي.

چالاکیەکانی ئەم حزبە تا ٣/ئازار/١٩٣٥ درێژەی کێشا.

### ١٣- كۆمەڵەی چاکسازی میللی (الاصلاح الشعبي):

لـە ساڵی ١٩٢٦ چـەند خوێنـدکارێکی عێراقـی ئەوانـەی لـە زانکـۆی ئـەمریکی لەشـاری (بیروت) دەیانخوێند، کۆمەڵەیەکی سیاسی نهێنیان پێکهێنا لەژێر نـاوی میللیـەت (الشعبية) لەو خوێندکارانە (عبدالفتاح ابراهيم، علي حيدر سليمان، جميل توما، عبدالله بكر، نـوری روفائيل، محمد حديد، درويش الحيدري، ابراهيم بيثون... هەروەها لە ساڵی ١٩٣٣ جعفر أبـو التمن بوو بە ئەندامی کۆمەڵە.

ئامانجیـان رزگـارکردنی وڵات و بەرزکردنـەوەی ئاسـتی گـوزەرانی گـەل و بڵاوکردنـەوەی فێربوون و زاڵبوون بەسەر گەندەڵیدا بووە[٤٤].

دوواتر لـە ساڵی ١٩٣٢ عبـدالفتاح ابـراهيم لـە نووسـینێکدا بـە نـاوی میللیـەت (الشعبية) هـزری ئـەو کۆمەڵەیـەی خسـتە روو کـە تێکەڵاوییەکـە لـەنێوان بنـەماکانی دیموکراسـی و سوسیالستی.

کۆمەڵەی ـ الاهالي ـ بە باشیان زانی ئەنجومـەنێکی جێبـەجێکردن دروست بکرێت وەك شێوازێکی رێکخستنی نهێنی، کەسەکانی ئەو ئەنجوومەنە پێکهاتبوون لـە: حكمت سـليمان ـ جعفــر ابــو الــتمن ـ كامــل جــادرجي ـ محمــد حديــد ـ عبــدالفتاح ابــراهيم) ئــەرکیان پەیوەندیکردن بوو بە کەسایەتیە ناسـراوەکانی ئـەو سـەردەمەو کۆکردنـەوەیان لـە بازنـەی چالاکیەکانیان، ئەو ئەنجومەنە ناوی لێنرا ـ چاکسازی.

پاش کودەتاکەی سەر حکومەتەکەی ياسين الهاشمي لە ٢٩/تشرینی یەکەم/١٩٣٦، کۆمەڵـەی الاهالي درکیـان بـەوەکرد کـە هێزیـان پشـت بـەکاری رێکخراوەیـی دەبەسـتێت بۆیـە بڕیـاری پێکهێنانی رێکخراوێکی سیاسیاندا.

لـە ١٥/تشـرینی دووەم/١٩٣٦ داواکاریـەیك بـۆ وەزارەتـی نـاوخۆی حکومـەتی عێـراق بـەرز کرایەوە، بە مەبەستی دامەزراندنی رێکخستنێکی سیاسی لەژێر ناوی ـ کۆمەڵـەی چاکسـازی میللی ـ کە ئەم ناوانەی لەسەر بوو:

(عبدالقادر اسماعيل، كامل جادرجي، يوسف ابراهيم، صـادق كمونـە، مكـي جميـل، محمـد صالح القزاز، عبدالله سالم).

پاش وەرگرتنی رەزامەندی، دەستەی بەرێوەبردن لەم ناوانە پێکهات:

كامل جادرجي ـ سكرتير.

صادق كمونه ـ جێگری سكرتێر.

محمد صالح القزاز ـ ژمێریار.

بەهۆی تاوانباركردنی ئەم كۆمەڵەیە بە (شیوعیەت) لەلایەن كاربەدەستانی حكومەت، پاش ماوەیەكی كەم بڕیاری ڕاگرتنی چالاكیەكانی درا لەلایەن حكومەتەوە[٤٥].

## ١٤- یانەی (المثنی)ی ڕۆشنبیری (المثنی الثقافي):[٤٦]

یانەی (المثنی) لە شاری بغداد لە ٢٥/نیسان/١٩٣٥ دامەزرا، پاش ئەوەی مۆڵەتی فەرمی وەرگرت لە وەزارەتی ناوخۆی دووەم حكومەتەكەی یاسین الهاشمی. یانەیەكی ڕۆشنبیری هزری كۆمەڵایەتیە، جێگای كۆڕو كۆبوونەوەو وتار خوێندنەوەی ڕۆشنبیری و مێژوویی و كۆمەڵایەتی بوو. لە دامەزراندنی كۆمەڵە گەنجێكی ڕۆشنبیر بەشداریان كردووە بە سەرۆكایەتی (د. صائب شوكت) و (محمد مهدي كبه).

چەندین ئەندامی ئەم یانەیە هەڵگری بیروباوەڕی ناسیونالیستی عەرەبی دژ بە سیاسەتی بەریتانیا بوون. دامەزراندنی یانەكە لەگەڵ سەرەتاكانی دەركەوتنی بیری ناسیۆنالستی نوێ لەعێراق یەكیان گرتۆتەوە.

لە كتێبی[٤٧] (موسوعة الاحزاب العراقية) ناوی چەند كەسایەتیەك هاتووە وەك ئەندام لە دەستەی بەڕێوەبردنی یانەكە لەوانە (متى عقراوي، خالد الهاشمي، درويش المقدادي، المقدم فهمي سعيد، د. صبري رشيد) گەشەپێدانی گیانی نەتەوایەتی عەرەبی و هوشیاركردنەوەی هاولاتیان و كاركردن بۆ زیندوكردنەوەی كەلەپوری نەتەوایەتی و بلاوكردنەوەی كەلتوری عەرەبی لەناو كۆمەڵانی خەڵك لە عێراقدا بەشێك لە بیرو باوەڕەكانی یانەكەبووە.

چالاكیەكانی یانەكە سنوری ناوچەی بغدادی تێپەڕكردبوو، لە زۆر شارو ناوچەكانی عێراق بڵاوبۆتەوە، دوو لقی كراوەتەوە یەكیان لە شاری (بصرة) بەناوی (یانەی الثغر)ی ڕۆشنبیری، ئەویتریان لە شاری موصل لەژێر ناوی یانەی (الجزيرة)ی ڕۆشنبیری.

پێش دامەزراندنی ئەم یانە ڕۆشنبیریانە، ڕەوتی ناسیونالستی عەرەبی لە عێراق خاوەن حزبێكی سەربەخۆی هەڵگری ئەزموونی حزبایەتی نەبووە، بەڵام چەند كەسێك كاریان

لەناو حزبەکانی تر کردووە لە ئاستی سەرکردایەتی و پلە جۆراو جۆرەکان کە لەسەر رەوتی نەتەوایەتی عەرەبی ئەژمار کرابوون.

پاش سەربەخۆیی و بوونی عێراق بە ئەندام لە کۆمەڵەی نەتەوەکان ساڵی ١٩٣٤، عێراق بووە خاوەن پێگەیەك بۆ بانگەواز بۆ یەکێتی عەرەب و بووە جێگای بایەخ و تێڕوانین لەلایەن وڵاتانی عەرەبی دیکە.

دیارترین ئەو حزبانەی لەم یانەوە سەریان هەڵدابێ، بریتی بوون لە:

کۆمەڵەی پاسەوانانی سەربەخۆیی (حرس الاستقلال)، حزبی ئازاد، حزبی نەتەوە، حزبی سەربەخۆیی، کۆمەڵەی چاکسازی میللی.

ئەم یانەیە بە بڕیاری وەزارەتی ناوخۆ لە ٧/ئازار/١٩٤١ لەکار راگیرا.

## ١٥- کۆمەڵەی رۆشنبیری (الرابطة الثقافیة)[٤٨]

لە مانگی کانوونی یەکەم/١٩٤٣ دامەزراوە. مەبەست لە دامەزراندنی ئەوە بوو کە ببێتە ناوکەیەك بۆ حزبێکی سیاسی دیموکراسی و سۆسیالستی رادیکالی.

لە دامەزرێنە سەرەکیەکانی کۆمەڵە: عبدالجبار الجلبي، محي الدین یوسف، عبدالفتاح ابراهیم، جمال نظمي، خدوري خدوري، حازم نامق، مجید عبدالله. ئامانجەکانی کۆمەڵە بڵاوکردنەوەی گیانی دیموکراسیەت و هاندانی چالاکی زانستی و کۆمەڵایەتی بووە. چالاکیەکانی کۆمەڵە بوارەکانی رۆشنبیری و بڵاوکردنەوە و نووسینی گرتۆتەوە.

لە سەردەمی وەزارەتی ارشد العمری لە ١/حوزەیران/١٩٤٥ کۆمەڵە کارو چالاکیەکانی وەستاوە و هەڵوەشاوەتەوە.

## ١٦- کۆمەڵەی کۆنگرەی ئیسلامی (المؤتمر الاسلامي):[٤٩]

ئەم کۆمەڵەیە لەسەر داواکاری و بانگەوازی یەکەم کۆنگرەی ئیسلامی پێکهات کە لە کانونی یەکەم/١٩٣١ لە فەلەستین بەسترا، هەروەها وەك بەدەنگەوە هاتنێك بۆ بڕیارەکانی ئەو کۆنگرەیەو بە مەبەستی رونکردنەوەی کێشەی فەلەستین، دەستەی کارگێڕی کۆمەڵە پێکهاتبوو لە: شیخ محمد حسین آل کاشف الفطاء، حاجي نعمان الاعظمي، حسن رضا، ماجد القرغولي، عبدالحسین الازري، کمال الدین الطائي، هاشم الالوسي. یەکەم کۆبونەوەیان لە

٩/ئایـار/١٩٣٣ بەسـت. ئامانجـەکانی کۆمەڵـە: بڵاوکردنـەوەی رۆشـنبیری عـەرەبی ئیسـلامی، پاراستنی جێگا پیرۆزەکان لە رۆژهەڵات.

کۆمەڵە چالاکیەکی زۆری نوانـد لـە بـواری سـازدانی ئاهـەنگی ئـاینی و بۆنـەی نیشـتمانی هـەروەها وتـار خوێندنــەوە بـە مەبەسـتی هوشـیارکردنەوەی کۆمــەڵانی خــەڵك. کۆمەڵــە رەنجێکـی زۆریـدا بـۆ کۆکردنـەوەی پیتـاك و یارمـەتی دارایـی بـە مەبەسـتی پارێزگـاری و نۆژەنکردنەوەی شوێنە پیرۆزەکانی ئیسلام.

## ١٧- کۆمەڵەی رێی راستی ئیسلامی (الهدایة الاسلامیة):[٥٠]

کۆمەڵــە لــە رۆژی ١/کــانوونی دووەمــی/١٩٣٠ لــە شــاری بغــداد دامــەزرا، ئامانجــەکانی بەرهەڵستیکردنی بیّ باوەڕی و پڕوپاگەندەکانی دژ بـە ئیسـلام بـوون بـە پیـادەکردنی رێگـا شەرعیەکان.

ئەنجومــەنی دامەزرێنــەری پێکهـاتبوون لـە: ابـراهیم الـراوي، اسماعیـل الـواعظ، علـي قەرەداغی، کمال الدین الطائي، ابراهیم عثمان، محمد صالح السهروردی.

کۆمەڵە پاش وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی، دەستەی کارگێڕی بەم جۆرە پێکهات:

ابراهیم الراوی: سەرۆك

بهاءالدین شیخ سعید: جێگری سەرۆك

کمال الدین الطائي: سکرتیر

ابراهیم عثمان: خزنەدار

ئەم ناوانەش بوون بە ئەندام: حاجی نعمـان الاعظمـي، طـە الـراوي، عبـدالعزیز الشـواف، منیر القاضي، عبدالکریم الشیخلي، خلیل الراوي، محمد صالح الجرجیس، نجم الدین الواعظ.

کۆمەڵە پاش رووداوەکانی ١٩٤١ خۆی هەڵوەشاندەوە.

## ١٨- ڕێکخراوی لاوانی موسڵمان (الشباب المسلم):[٥١]

ڕێکخـراوی لاوانـی موسـڵمان بـه سـەرەتاکانی ڕێکخسـتنی ئیسـلامی سیاسـی دادەنرێـت، ئەگەرچی شێوازێکی حزبـی وەرنـەگرتوە. ئـەم ڕێکخـراوە خـاوەن چالاکیەکی دوو لایەنـەی ئـاینی و سیاسـیە. دامەزرێنەرەکـەی (شـیخ عزالـدین الجزائـري)یـە، سـاڵی ١٩٤٠ لـە شـاری (النجف) دامەزرا.

هەرچەندە ئامانجـەکانی ئیسلامیە بەگشتی، بـەڵام مۆرکێـك و شـێوە پەیکـەرێکی شـیعە باوەڕی پەتی پێوە دیارە.

لـە راسـتیدا چـالاکیەکانی ئـەم ڕێکخـراوە سـاڵی ١٩٤١ دەسـتی پێکـرد بـە دروسـتکردنی شـانەکانی ڕێکخسـتن لـە شـاری (النجـف) پاشـان پـەلی هاویشـت بـۆ شـارەکانی وەك بەغـداد، کەربەلا.

دروشمی ڕێکخراوەکە بریتـی بـوو لـە (دەوڵـەتێکی ئیسلامی، بـەختیاری دونیـاو خۆشـی دووارۆژ).

عزالدین الجزائري بە دامەزرێنەری کاری ئیسلامی و هەڵگری بیروباوەڕ دادەنرێـت، هـەر بە کارتێکردنی ناوبراو دوواتر هەردوو حزبی (جعفری) و (دعوة) دامەزراوە.

جـەزائری لـە کـاری سیاسـیدا خـاوەن ئـاواتێکی گـەورە بـووە، روکـارێکی تـری بـۆ ئـەم ڕێکخراوە پێکهێناو ناوی لێنا (موسڵمانانی بیروباوەڕ) ئـەم ڕێکخـراوە لـە نـاو خوێنـدکارانی زانکۆکـانی بغـداد بڵاوبوونـەوە، دوو هێڵی ڕێکخسـتنی هـەبوو لـە هـەردوو زانکـۆی بغـداد و بصرة. جەزائری سەرپەرشتی ئەو کارو چالاکیانەی دەکرد، ئاقلانە توانی سەرکەوتوبێت بە لەبەرچاوگرتنی لایەنی رۆشنبیری وەك روکارێك بۆ لایەنە سیاسیەکەی.

ئـەم ڕێکخـراوە بەرنامـە و پێـڕەوی نـاوخۆی هـەبووە، هـەروەها چـەندین بڵاوکـراوەی مانگانەی هەبووە.

## ١٩- حزبی سەربەخۆیی (الاستقلال)[٥٢]

حـزب لـە ١٣/ئـازار/١٩٤٦ دامـەزراوە و مۆڵـەتی فـەرمی لـە حکومـەت لـە ٢/نیسـان/١٩٤٦ وەرگرتوە، یەکەم کۆنگرەشی لە نیسانی/١٩٤٦ بەست.

دەستەی سەرکردایەتی بەم جۆرەی خوارەوە هەڵبژارد:

١- محمد مهدي كبه: سەرۆك.

٢- ابراهيم الراوي: جێگری سەرۆك.

٣- داود السعدي: معتمد (بریكار).

٤- خليل كنه: جێگری یەكەمی بریكار.

٥- عبدالرزاق طاهر: جێگری دووەمی بریكار.

٦- فائق السامرائي: سكرتێری گشتی.

٧- اسماعل الغانم: ژمێریاری گشتی.

٨- عبدالرحمن خضر: خەزنەدار.

ئەم حزبە ئەندام و لایەنگرانی تا دەهات ژمارەیان زۆرتر دەبوو، بەرادەیەك پاش یەك ساڵ لە دامەزراندنی ژمارەی ئەندامانی گەیشتە (٥٤٥٠) ئەندام.

ئۆرگانی ناوەندی حزب رۆژنامەی (لواء الاستقلال) بوو یەكەم ژمارەی لە ٤/ئاب/١٩٤٦ دەرچووە.

دروشمی حزبی (الاستقلال) بریتی بوو لە لاكێشەیەك لە چوار رەنگ: سور، رەش[٥٣]، سەوز، سپی، كە هەمان دروشمی شۆڕشی عەرەب بوو ساڵی ١٩١٦ دژ بە عوسمانی. لە دوای دەرچوونی یاسای حزبەكان ساڵی ١٩٥٤ لەلایەن حكومەتەوە، حزب بە شێوەیەكی نهێنی كاری دەكرد، لەگەڵ لایەنەكانی دیكەی بزووتنەوەی نیشتمانی بەشداری رووداوە سیاسیەكانی كردووە. ئەندام و سەركردەكانی تووشی گرتن و لێپرسینەوە هاتوون لەلایەن دەزگا ئەمنیەكانی حكومەت.

حزبی (الاستقلال) لەدایكبووی بیروباوەڕەكانی یانەی (المثنی)یە. ساڵانی نێوان ١٩٤٦ _ ١٩٥٨ قۆناغە بنچینەییەكانی گەشەكردنی حزب بوون.

ئەگەرچی ئەم حزبە هەڵگری بیروباوەڕی ناسیۆنالستی عەرەبی بووە، بەڵام لەرووی رێكخراوەییەوە چالاكیەكانی سنوری عێراقی تێپەڕنەكردووە.

جێگای زۆربەی كۆبونەوەكانی حزب لە شاری بغداد لە قوتابخانەی (التفیض) بوو رۆشنبیری و هۆشیاركردنەوەی ئەندامانی بەرێگای كۆڕوكۆبونەوە و دەركردنی بڵاوكراوە و رۆژنامەكەی بووە.

نـاكۆكی و ململانێـی زۆر لـەنێوان ریزەكـانی پەیـدابووە لەبـەر زۆر هۆكـار، بەشـی زۆری هۆیەكان كەسێتی بوون.

## ٢٠- حزبی ئازادیخوازان (الاحرار):[٥٤]

پاش جەنگی جیهانی دووەم و تێشكانی بەرەی (محور)، گۆڕانكارییەكی زۆر لەسەر ئاستی نـاوخۆیی و جیهـانی روویـدا كـە بـۆ بەرژەوەنـدی پـرس و لایەنـەكانی دیموكراسـیەت و پەرەپێدانی كۆمەڵایەتی دەگەڕایەوە. بۆیە بەرپرسـان هەسـتیان بـە پێویسـتی تێگەیشـتن و لەخۆگرتنی ئەو رووداوانە كرد. یەك لەو بوارانەی گۆڕان گرتیـەوە، دامەزرانـدنی چـەندین حزب و بیروباوەڕی نوی و پێشكەوتنخوازانە بوو.

بۆیە لەمانگی نیسانی/١٩٤٦ كۆمەڵە سیاسەتمەدارێكی میانڕەو لە بیروڕای سیاسی، خۆیـان رێكخسـت و داواكاریـەكیان ئاراسـتەی وەزارەتـی نـاوخۆی عێـراق كـرد، بەمەبەسـتی دامەزراندنی حزبێكی سیاسـی بـەناوی ـ حزبـی ئـازادیخوازن ـ. ئـەم داواكاریـە لەلایـەن ئـەم ناوانەی خوارەوە مۆركرابوو.

حاجی داخل شعلان، عبدالقادر باش أعیان، حسین (كەسایەتی شاری نجف)، محمد فخـري جمیـل، كامـل خضـیری، عبـدالعزیز سـنوی، عبـاس سـلیمان، نـوری أورفلـی. پاشـان دەسـتەی بەڕێوەبردنی ناوەند هەڵبژێردرا بەم شێوەیە خوارەوە:

١- كامل خضیري: سەرۆك
٢- داخل شعلان: معتمد. (بریكاری گشتی)
٣- محمد فخري جمیل: سكرتێر

سیاسەتمەدار نوری السعید لە سەرەتادا لە پشت دامەزراندنی ئەم حزبە بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی كاروبارەكان بەپێی بیرو بۆچوونەكانی ئەو دەرنەچوو، هەڵوێستی دژایـەتی وەرگـرت و كـاری بـۆ سـەرنەكەوتنی حكومەتەكـەی توفیـق السـویدی كـرد، كـە مۆڵـەتی فـەرمی بـە حزبەكە دابوو.

حكومەتی توفیـق السـویدی بـەهۆی بەرەنگارییـەكان ناچـار بـوو دەسـت لەكاركێشـانەوەی خـۆی رابگەیـەنێت لـە ٣٠/مـایس/١٩٤٦، بۆیـە وەك هەڵوێسـت وەرگـرتن (توفیـق السـویدي)

لەگـەڵ ٧ وەزیـری چـوونە پـاڵ حزبـی ئـازادیخوازان، هـەر بۆیـە بـەم شـێوە، ئەنجومـەنی بەڕێوەبردنی ناوەندی حزب گۆڕانی بەسەر داهات:

توفيق السويدي: سەرۆکی حزب.

سعد صالح، عبدالوهاب محمود: دوو جێگری سەرۆك.

حزب ژمـارەی ئەنـدامانی زۆر زیـادی کـرد تـا گەیشـتە (٣٢٦٧)، بـەڵام بـەهۆی بـارودۆخی نالەبار، ئەندامانی وردەوردە دوورکەوتنەوە لێی.

هەورەها بەهۆی بەربەرەکانی کردنی حزب لەلایەن حکومەتەکەی (مزاحم الپاچچی) لـە رۆژی ١/کانوونی یەکەم/١٩٤٨ حزب بڕیاری هەڵپەساردنی چالاکیەکانیدا.

## ٢١- حزبی نیشتمانی دیموکراسی (الوطني الديمقراطي):[٥٥]

حزبی نیشتمانی دیموکراسی بە رەوتێکی میـانڕەو دادەنرێت لـە بزووتنـەوەی چـەپ لـە عێراقـدا، کـە پێکهـاتبوون لـە هـەردوو حزبـی گـەل و یـەکێتی نیشـتمانی و حزبـی شـیوعی عێراقی.

**دامەزراندنی حزب:**

لە رۆژی ٥/ئازار/١٩٤٦ یاداشتێك لەلایـەن (کامـل چادرچـی، محمـد حديـد، حسـين جميـل، عبـدالوهاب مرجـان، عبـدالکريم الازری، عبـود الشالچـی، يوسـف حـاج اليـاس) بـۆ وەزارەتـی ناوخۆ بەرزکرایەوە بە مەبەستی دامەزراندنی حزبێکی سیاسی بەناوی ـ حزبـی نیشـتمانی دیموکراسی ـ.

وەزارەتی نـاوخۆی عێـراق رەزامەنـدی لەسـەر دامەزرانـدنی ئـەم حزبـە دەربـڕی. پاشـان هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی کارگێڕی ناوەندی حـزب ئەنجامـدرا لـە رۆژی ٢٦/نیسـان/١٩٤٦ بـە ئامادەبوونی (٧٦٠) ئەندام. ئەوانەی سەرکەوتن:

کامـل چادرچـی، محمـد حديـد، حسـين جميـل، صـادق کمونـة، عبـدالکريم الازري، عبـود الشالجي، زکي عبدالوهاب.

کارەکان بەم جۆرە دابەشکرا لەنێوانیاندا:

کامل چادرچی: سەرۆك.

عبدالكريم الازري: جێگری سەرۆك

حسين جميل: سكرتێر

عبود الشالجي: ژمێریار

لە كۆنگرەی دووەمی حزب كە لە رۆژی ٢٨/تشرینی دووەم/١٩٤٦ بەسترا، ئەنجامی هەڵبژاردنی دەستەی ئەنجومەنی ناوەند بەم جۆرە هات:

كامل چادرچی، محمد حديد، حسين جميل، ناظم حميد، حسين فوزي، نائل سميحري، رجب علي الصفار.

رۆژنامەی ناوەندی حزب لەژێر ناوی ـ الاهالي ـ دەردەچوو، رۆژانە ژمارەكانی پڕبوون لە رەخنەی توند و ئاڕاستەی حكومەتەكەی نوری السعيد دەكرا. بۆیە ئەو حكومەتە لە ٢/ئەیلول/١٩٥٤ بڕیاری راگرتنی چالاكیەكانی حزبیدا.

## ٢٢- حزبی گەل (الشعب):[٥٦]

حزبی گەل چالاكیەكانی بەشێوەیەكی نهێنی لە ساڵی (١٩٤٢)وە دەس پێكردبوو، كە بریتی بوو لەو پەخشنامە نهێنیانەی لە بوارێكی تەسكدا بڵاو دەكرانەوە.

لە رۆژی ٢٧/كانوونی یەكەم/١٩٤٣ ئەم ناوانەی خوارەوە داوا كارییەكیان بۆ وەزارەتی ناوخۆ لە حكومەتەكەی نوری السعيد بەرزكردەوە، ناوەكان: يحى قاسم، عبدالرحمن شريف، عبدالامير أبو تراب، محمود صالح السعيد، توفيق منير، يوسف جواد المعمار، أبراهيم الخضري، ابراهيم الدركزللي.

تیایدا داوای دامەزراندنی حزبێكی سیاسیان كرد لەژێر ناوی ـ حزبی گەل ـ لەگەڵ ئەم داوا كارییە پرۆگرام و پێڕەوی ناوخۆی حزبیان هاوپێچ كردبوو. بەڵام بەدرێژایی ماوەی حكومەتەكەی نوری السعيد رەزامەندی لەسەر داواكاریەكەیان نەدرا.

جارێكی تر لە ٢٢/ئازار/١١٩٤٦ داواكارییەك لەلایەن ئەم ناوانە بۆ وەزارەتی ناوخۆ بەرز كرایەوە: عزيز شريف، عبدالرحيم شريف، عبدالامير ابو تراب، توفيق منير، حميد هندي، أبراهيم الدركزللي، نعيم شهرباني، جرجيس فتح الله، سالم عيسى، وديع طليا). بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی بۆ كاری حزبی.

وەزارەتـی نـاوخۆ ڕەزامەنـدی لەسـەر دامەزرانـدنی حزبـی گـەل پیشـاندا، حـزب یەکـەم کۆنگرەی خۆی لە ٢٦/نیسان/١٩٤٦ سازدا بۆ هەڵبژاردنی کۆمیتـەی ناوەنـدی، کـە ئـەم ناوانـە سەرکەوتن: عزيز شريف، توفيق منير، عبدالامير ابو تراب، خليل مهدي، حميد هندي، وديع طليا، عبدالوهاب ماشطة).

حزبی گەل هـەر لـە سـەرەتای دامەزراندنیـەوە وەك حزبێکـی ئۆپۆزسـیون کـاری دەکـرد، بەردەوام لە دژایەتی و ڕەخنەگرتن بوو بەرامبەر هەموو ئەو حکومەتانەی پێکـدەهاتن. لـە ٢٩/ئەیلول/١٩٤٧ لە سەردەمی وەزارەتەکەی صالح جبر بڕیاری داخستنی حزب درا، هـەورەها بڕیاری دەسگیرکردنی سەر کردەکانی دەرچوو.

حزبـی گـەل ڕۆژنامەیـەکی هـەبوو لـەژێر نـاوی ـ الـوطن دەردەچـو، کـە عزیـز شـریف بەرپرسی بوو.

## ٢٣- حزبی یەکێتی نیشتمانی (الاتحاد الوطني):[٥٧]

چەند هەوڵێك درا بۆ یەکگرتنی هەردوو حزبی: یەکێتی نیشتمانی و حزبی گەل لەیەك حزبدا، لەسەر ئەو بنەمایەی کە هەردوو حزب چەپن و لە زۆر بیروڕای سیاسی و پێکهاتەی چینایەتی بەیەك دەگەن، لەسەر ئاستی بنکەکانیان بێت یان سەرکردایەتی.

بەڵام هەموو ئەو هەوڵانە نەگەیشتنە هیچ ئاکامێك لەبەر چەندین هۆ، کە جێگـای بـاس نییە.

سـەرکردەی حزبـی ـ یـەکێتی نیشـتمانی ـ عبـدالفتاح ابـراهیم پێشـتر ئەنـدام بـوو لـە کۆمەڵەی ـ ڕۆشنبیری ـ کە چەندین کەسانی چەپی تونـدڕەوی لـەخۆ گرتبـوو، وەك: نـاظم الزهاوي، کامل قەزانچي، عبدالجبار عبدالله، يوسف زلخة ـ جمال عمر نظمي. بەربـەرەکانی کردنـی ڕەوتـە کۆنەپەرسـتەکان و بڵاوکردنـەوەی ڕۆشـنبیری نەتەوایـەتی دیموکراسـی بـووە کارو چالاکیان، زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵە بوون بە ئەندام لـە حزبـی (یـەکێتی نیشـتمانی)، کە دواتر دامەزرا.

لە ئازاری/١٩٤٦ لەلایەن ئەم ناوانە: عبدالفتاح ابراهيم ـ محمـد مهـدي الجـواهري، جميـل كبه، عطا البكري، أدور قليان، موسى الشيخ راضي، موسى صبار، ناظم الزهاوي. داواکارییەك

ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆ کرا بۆ دامەزراندنی حزبێکی سیاسی بەناوی یەکێتی نیشتمانی، وەزارەتی ناوخۆی عێراق رازی بوو لەسەر پێدانی مۆڵەتی فەرمی بەو حزبە.

ئەم حزبە چەند رۆژنامەیەکی هەبوو، کە بیرو باوەڕەکانی بڵاودەکردەوە لەوانە: رۆژنامەی: الرأي العام، السياسة، صوت السياسة.

یەکێتی نیشتمانی لە ٢٨/نیسان/١٩٤٦ یەکەم کۆنگرەی خۆی بەست، کۆنگرە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژارد، کە بریتی بوون لە:

عبدالفتاح ابراهيم، ناظم الزهاوي، جميل كبە، ناصر الگيلانی، عبدالله مسعود، محمد الجواهري، أدور قليان، عطا البكري، عزيز عجينة، صالح بحر العلوم، نیازی فرنكول، كاظم الدجيلي، ناجی الدهو، موسى صبار، حيدر علي، موسى الشيخ راضي.

حزبی شیوعی عیراقی کە بەشێوەیەکی نهێنی کاری دەکرد، رێنمایی ئەندامانی و لایەنگرانی خۆی دەکرد کە بچنە ریزەکانی ئەم حزبەوە.

لە ٢٩/ئەیلول/١٩٤٧ وەزارەتی صالح جبر بڕیاری ڕاگرتنی چالاکیەکانی ئەم حزبەی دەرکرد.

## ٢٤- کۆمەڵە بەرنگاربوونەوەی زایونیزم (مكافحة الصهيونية):[٥٨]

بەهۆی رێگرتن و چاودێریکردنی توندی حزبی شیوعی عێراقی لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانی حکومەت، ئەو حزبە پەنای بۆ چەندین رێگاو شێوازی جۆراوجۆر بردوە بۆ ئەوەی بتوانێ چالاکیەکانی ئەنجام بدات.

لە ١٢/ئەیلول/١٩٤٥ داواکارییەك لەلایەن کۆمەڵە جولەکەیەکی عێراقی بەرزکرایەوە بۆ وەزارەتی ناخۆ، بە مەبەستی دامەزراندنی کۆمەڵەی بەرەنگار بوونەوەی زایۆنیزم لە عیراق، ناوەکان:

يوسف هارون، سليم منشي، نسيم حسقيل بهودا، مسرور صالح قطان، ابراهيم ناجي، يعقوب مصري، مير يعقوب كوهين، يعقوب اسحق، موشى يعقوب.

لەم داواکارییە ئاماژە بۆ ئەوە کرابوو کە زایۆنیزم بە مەترسی دەزانن بۆسەر جولەکە هەروەك مەترسیە بۆسەر عەرەب و یەکێتی نەتەوایەتیان. هەروەها ئەوەیان ئاشکرا کردبوو کە مەبەست لە دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە بەرەنگاربوونەوەی بزووتنەوەی

زایۆنیزمـه. هـەر بـۆ ئـەم مەبەسـتە لـە رۆژنامـەو گۆڤارەکانـدا چـەندین وتـارو بابـەتی جۆراوجۆریان بڵاوکردەوە لەسەر بابەتی زایۆنیزم.

داواکارییەکـە لـە سـەرەتادا پشـتگوێ خـرا، بـەڵام وەزارەتـی نـاوخۆی عێـراق لەسـەر راسـپاردەی بـاڵیۆزی عێـراق لـە (لنـدن) لـە رۆژی ١٦/ئـازار/١٩٤٦ رازی بـوو لەسـەر داواکارییەکەیان، هەروەها رەزامەندی پیشاندا بە دەرکردنی رۆژنامەیەك بـەناوی (العصبة) کە سەرنووسەرکەی پارێزەر محمد حسین بوو.

ئەم رۆژنامەیە بووە سەرچاوەیەك بۆ بڵاوکردنـەوەی وتـارو بابـەتی جۆراوجـۆری دژ بـە دەسـەلات، هـەروەها بارەگـای کۆمەڵەکـە بـووە جێگـای کۆبونـەوەی بەرهەڵسـتکارانی دژ بـە رژێم.

بۆیـە حکومـەتی عێـراق بڕیـاری راگرتنـی رۆژنامەکەیـدا لـە حـوزەیرانی/١٩٤٦، هـەروەها بڕیاری داخستنی کۆمەڵەکەی لە ٢٩/حـوزەیران/١٩٤٦ دەرکـرد و ئەنـدامانی دامەزرێنەریشـی دەسگیر کرد.

## ٢٥- حزبی چاکسازی (الاصلاح):[٥٩]

لە تشرینی دووەمی/١٩٤٩ داواکارییـەك لەلایـەن ئـەم ناوانـەی خـوارەوە، بەرزکرایـەوە بـۆ وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی عێراق (سـامي شـوکت، عبدالحمیـد عبدالمجیـد، مکـي الشـربتي، عبـدالرزاق حسـین، ابـراهیم زهـدي، فریـق المزهـر، محمـد الچرچفچی، دیـوالی دوسـکي). بـۆ دامەزرانـدنی حزبێکـی سیاسـی بـەناوی حزبـی چاکسـازی، بەرنامـەی سیاسـی حزبەکـەیان هاوپێچی داواکارییەکە کرد.

وەزارەتی ناوخۆ رەزامەندی دەربڕی لەسەر دامەزراندنی ئەم حزبە، هەروەها دەرکردنـی رۆژنامەیەك بەناوی _ الاصلاح _ لە ٢٦/ئازار/١٩٥٠.

ئەو بابەت و وتارانەی لەو رۆژنامەیە بڵاودەکرایەوە پڕ بوون لە رەخنەو ئاماژەکردن بـۆ بارخراپی گوزەرانی خەڵکی و کەم و کـورتی، لەگـەڵ داواکـردن بـۆ چاکسـازی لـە بـارودۆخی سیاسی و ئـابوری وڵات، سـەرەڕای بانگـەواز کـردن بـۆ نەهێشـتنی پارچـە پارچـەیی وڵاتـانی عەرەب و هێنانە دیی یەکێتی عەرەب.

ئــەم حزبــە مــاوەی (١٨) مــانگ درێــژەی بــە چــالاکیەکانیدا، کاتــێ صــالح جــبر لــە حوزەیرانی/١٩٥١ حزبی ـ الامة الاشتراكي ـ دامەزراند، حزبی چاکسازی خۆی هەڵوەشانەوە و تێکەڵ بەو حزبە نوێیە بوو. چونکە بە بیروڕای دامەزرێنەرانیان بە تایبەتی (سامي شوکت) ئامانجەکانی هەردوو حزب لەیەك نزیکن.

## ٢٦- حزبی یەکێتی دەستوری (الاتحاد الدستوري):[٦٠]

نـوری السـعید، سیاسـەتمەداری ناسـراو لـە سـەردەمی پاشـایەتی، هەوڵیـدا حزبێـك پێـك بهێنێت بۆ پشتگیریکردنی بیروباوەڕ و سیاسەتەکانی، لەم بـارەوە خـەریکی ئـەوەبوو لەگـەڵ صالح جبر هاوکاری بکات بۆ دامەزراندنی ئەو حزبە، بـەڵام بـیرو بۆچوونەکانیان دەربـارەی کەسەکان جیاواز بوو، بۆیە نوری السعید بەتەنها کاری بۆ دامەزراندنی ئەو حزبە کرد.

نوری السعید لەگەڵ ئەم ناوانەی خـوارەوە (موسـى الشـابندر، محمـد علـي محمـود، خليـل كنه، جميل الأورفلي، عبـدالوهاب مرجـان، سـعد عمـر، د. عبدالمجيـد عبـاس، أحمـد العـامر). داواکارییەکیان بـۆ وەزارەتـی نـاوخۆی عێـراق بـەرزکردەوە بـۆ پێکهێنـانی حزبێکـی سیاسـی بەناوی (یەکێتی دەستوری)

وەزارەتــی نــاوخۆ ڕەزامەنــدی دەربــڕی لەســەر دامەزرانــدی ئــەو حزبــە لــە بــەرواری ٢٤/تشرینی دووەم/١٩٤٩.

ئەم حزبە ئەندامانی زیاتر پێکهاتبوون لە سەرمایەدارو دەرەبەگەکان بـۆ پشـتگیریکردنی حکومەتەکەی نوري السعید.

**لە ٢٣/کانونی یەکەم/١٩٤٩ حزب یەکەم کۆنگرەی خۆی بەست بۆ هەڵبـژاردنی دەسـتەی بەڕێوەبردنی، کە بەم شێوەیە پێکهات:**

نوریی السعید: سەرۆك

عبدالوهاب مرجان: جێگری سەرۆك

خلیل كنه: سکرتێری یەکەم

أحمد العامر: سکرتێری دووەم

رشید الچلبــي: خەزنەدار

حزب رۆژنامەیەکی دەرکرد بەناوی _ الاتحاد الدستوري _ لە ٤/نیسان/١٩٥٠ ئەم حزبە لە مانگی ئاب/١٩٥٤ خۆی هەڵوەشاندەوە.

## ٢٧- حزبی نەتەوەی سوسیالستی: (الامة الاشتراكي)[٦١]

لە رۆژانی ٢٠/حوزەیران/١٩٥١ داواکارییەك بۆ وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی عێراق، بەرزکرایەوە لەلایەن: صالح جبر، السید عبدالمهدي، عبدالکاظم الشمخاني، جواد جعفر، عبدالرزاق الازري، د. حنا خطاط، احمد الجلیل، عزالدین (کەسایەتی لە مندلی)، محمد (کەسایەتی لە هەولێر)، نظیف الشاوي، شیخ حبیب الطالباني (کرکوك). بە مەبەستی دامەزراندنی حزبێکی سیاسی بەناوی حزبی نەتەوەی سوسیالستی.

پرۆگرام و پێڕەوی ناوخۆی حزب هاوپێچی داواکاریەکە کرا.

پاش وردبوونەوەی لایەنی پەیوەندیدار لە وەزارەتی ناوخۆ لە داواکارییەکەو پێڕەوی ناوخۆی حزبەکە، دەرکەوت کە بەندی (٢)ی پێڕەوی ناوخۆی ئەم حزبە رێگای داوە هەندێ کەسایەتی معنوی ئەوانی لەرووی یاساییەوە دانیان پیانراوە وەك (سەندیکا، کۆمەڵە، یانەی رۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، وەرزشی...هتد) ببن بە ئەندام لەو حزبە.

هەر لەبەر ئەوەی بەندەکانی (٣ _ ٦ _ ١١) لە یاسای کۆمەڵەکان مافی بوون بە ئەندام لە حزب و کۆمەڵە سیاسیەکان سنوردار کراوە و تەنها بە کەسە سروشتیەکان دراوە نەك کەسایەتیە دەسەڵاتدارەکان (أشخاص حکمیة)، بۆیە وەزارەتی ناوخۆ ناڕەزایی دەربڕی لەسەر ئەو داواکارییە.

بۆیە ئەنجومەنی دامەزرێنەر بڕیاری سڕینەوەی ئەو بەندەیدا، بەم جۆرە لە ٢٤/حوزەیران/١٩٥١ مۆڵەتی کارکردنی فەرمی پێدرا.

بەڵام کاتێ نوری السعید لە ٣/ئاب/١٩٥٤ وەزارەتی ژمارە (١٢)ی پێکهێناو بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی حزبی (یەکێتی دەستوری)دا، داواشی لە لایەنەکانی دیکە کرد بە هەمان رەفتار هەڵسن.

لەناو حزبی نەتەوەی سوسیالستی دەربارەی ئەم کێشەیە دووبەرەکی رویدا، جێگری سەرۆکی حزب (توفیق وهبي) و چەند کەسانێکی تر لەسەر کردایەتی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی حزبیاندا.

ئـەم بڕیـارە هەڵوێسـتێکی چـاوەڕوان نـەکراو و کتـوپڕ بـوو لەلایـەن بەشـەکەی تـری ئەندامانی سەرکردایەتی، بۆیە لە ٢٠/ئاب/١٩٥٤ کۆبونەوەو بڕیار لەسەر دەرکردنی هەریـەك لە: توفيق وهبي، كمال السنوي، فاضل معلة) درا.

دوای ئەوەی زۆرینەی ئەندامانی سەرکردایەتی حزب ئامادە نەبوون داواکاریەکەی نـوری السـعيد جێبـەجێ بکـەن، فـەرمانی پاشـایەتی ژمـارە (١٩)ی سـاڵی ١٩٥٤ دەرچـوو بـە هەڵوشاندنەوەی هەموو حزبە سیاسیەکان.

## ٢٨- بەرەی میللی یەکگرتوو (الجبهة الشعبية المتحدة):[٦٢]

هەرچـەندە وەزارەتەکـەی (توفیـق السـویدی) لـە مـاوەی حوکمڕانیـدا مۆڵـەتی فـەرمی کارکردنی ئاشکرای بە (٥) حزبی سیاسیدا لـە ٢/نیسـان/١٩٤٦، بـەڵام چـەند پەرلـەمانتارێکی سەربەخۆ هەستیان بەوە کرد کە بوونی دەسـتە گەرییـەك لـە نـاوەوە و دەرەوەی پەرلـەمان پێویستە بـۆ ڕووبـەڕوو بوونـەوەی رەفتـارە نائاسـاییەکانی حکومـەت هـەورەك بـاس دەکـرا. ناوکـەی ئـەو دەسـتەگەرییە لـەناو پەرلـەمان ئاشـکرابوو، پـاش هەڵبژاردنـەکانی سـەردەمی حکومەتی نوری السعيد لـە شـوبات/١٩٤٧ بـۆ پەرلـەمان، کـە ڕێگـای خۆشـکرد بـۆ پێکهێنـانی وەزارەتەکەی صالح جبر لە ٢٩/ئازار/١٩٤٧.

**ئەو کۆمەڵە پەرلەمانتارە ناویان لە خۆیان نا (بەرەی دەستوری پەرلەمانی) کە بریتـی بوون لە:**

(نصرة الفارسي، محمد رضا الشبيبي، جعفر حمنـدي، ذيبـان غيّـان، عبـدالرزاق الشـيخلي، نجيب الصائغ).

ئەم دەستە پەرلەمانتارە ڕۆڵێکی گرنگیان هـەبووە لـە بەرهەڵسـتی کردنـی وەزارەتەکـەی صـالح جـبرو بەشـداریکردن لـە راپەڕینەکـەی مـانگی کـانونی دووەمـی/١٩٤٨ دژ بـە ڕێککەوتننامەی (پورتسموث).

بە ڕۆیشتنی وەزارەتەکەی صالح جبر لە ٢٩/کانوونی دووەم/١٩٤٨ و هاتنی وەزارەتی محمد الصدر، هەڵبژاردنی نوێ بو پەرلەمانی عێـراق ئەنجامـدرا، لـەو کاتانـەدا دەسـتەگەری لـەناو پەرلەمان توندتر بوو ژمارەی ئەندامانی زۆرتر بوون، بۆیە پێویسـتی بـە حزبێکـی سیاسـی

نویَ هەبوو کە لایەنە سیاسیە نیشتمانیە جیاوازەکان بەیەك بگەینێت و ئۆپوزسیون بەرەو ئاراستەیەکی راست ببات.

لەبەر ئەو هۆیانە گفتوگۆ و پەیوەندی نێوان حزبەکانی ناو پەرلەمان (ئازادیخوازان و نیشتمانی و دیموکراسی) و بەرەی دەستوری پەرلەمانی دەستی پێکرد، بیرۆکەی پێکهێنانی بەرەیەکی میللی یەکگرتوو هاتە ئاراوە. رۆژنامەی بەرە بە ناوی (الجبهة) کە صادق البصام بەڕێوەی دەبرد، بەرگری لە بوونی ئەو بەرەیە دەکرد.

## دامەزراندنی بەرە:

لە ١٤/نیسان/١٩٥١ داواکارییەك لەلایەن ئەم ناوانەوە: طه الهاشمي، مزاحم الپاچچی، محمد رضا الشبیبي، نصرة الفارسي، صادق البصام، کامل الچادرچی، جعفر حمندي، عبدالهادي الظاهرة، برهان الدین باش اعیان، عارف قفطان، صالح شکارة، عبدالرزاق الظاهر، خدوري خدوري، حسن عبدالرحمن، جمیل صادق، جعفر البدر، خطاب الخضیري، محمود الدرّة، نجیب الصائغ، عبدالرزاق الشیخلي، عبدالجبار الجومرد، عبدالرحمن الجلیلي، عبدالرزاق حمود. بۆ وەزارەتی ناوخۆ بەرزکرایەوە بە مەبەستی پێکهێنانی بەرەیەکی سیاسی لە چەندین حزب و ئەنجومەن و کەسایەتی بەناوی (بەرەی میللی یەکگرتوو).

هەر لەبەر ئەوەی دەقی بەندی (٣) لە یاسای دامەزراندنی کۆمەڵەکان بەم جۆرە هاتبوو: (کۆمەڵە ئەنجوومەنێك لە چەند کەسانێك پێکهاتوون، هەوڵ و زانیاریەکانیان یەکخستووە...).

بۆیە وەزارەتی ناوخۆ لە ١٩/نیسان/١٩٥١ رازی نەبوو لەسەر دامەزراندنی ئەم بەرەیە لە چەندین حزب و ئەنجومەن و تاکێك.

پاش وەرگرتنی بیروڕای وەزارەتی داد لەسەر کێشەکە، ئەو بەندەی ئاماژە بۆ (چەند حزب و ئەنجومەن و تاکێك) دەکات لە پێڕەوی ناوخۆی بەرەی میللی سڕایەوە.

دوواتر حکومەت رەزامەندی پیشاندا لەسەر پێدانی مۆڵەتی فەرمی بە دامەزراندنی بەرە لە ١٦/ئایار/١٩٥١.

## ٢٩- کۆمەڵەی برایانی موسڵمان (الاخوان المسلمین):[٦٣]

لە ڕاستیدا بزووتنەوەی ـ الاخوان المسلمین ـ لە وڵاتی میسر ساڵی (١٩٢٨) لەسەر دەستی (حسن البنا) دامەزراوە.

یەکەم شانەکانی ئەم ڕێکخراوە لە عێراق لە شاری موصل لەسەر دەستی (عبدالله النعمة) دامەزراوە، ساڵی ١٩٤٨ چەند پیاوێکی ئاینی هاتنەریزی ڕێکخستنەکانی ـ الاخوان المسلمین ـ وەك: محمد محمود الصواف، تحسین عبدالقادر الفخري، علي خاطف، عبدالرحمن الشیخلي، منیب الدروبي، عبدالله شنداللە، محمد فرج السامرائي.

ساڵی ١٩٥٨ چالاکیەکانی ئەم بزووتنەوەیە بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێش گەشەی کرد، لە شاری موصل کادیری چالاك (عبدالله النعمة) ڕۆڵی بەرچاوی هەبوەو دەنگوباس و بیروباوەڕەکانی بزووتنەوەی گەیاندۆتە شارەکانی (بغداد و رومادي) سەرکردەکانی ـ الاخوان ـ پەرەیان بە چالاکیەکانیاندا و چەند شێوازێکی جۆراوجۆریان گرتەبەر، لەوانە عبدالرحمن سید و محمد الصواف لە شاری بغداد کە چەند کۆمەڵەیەکیان بەناوی ترەوە دروست کرد وەك (کۆمەڵەی برایانی ئیسلام) بۆ چالاکیی نواندن، ئەم کۆمەڵەیە رووکارێك بووە بۆ کاروچالاکیەکانیان ساڵی ١٩٦٠ پاش دەرچوونی یاسای پێکهێنانی کۆمەڵەکان، چەند سەرکردەیەکی ئەم بزووتنەوەیە داوایەکیان ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆ کرد بۆ دامەزراندنی حزبێکی سیاسی لەژێر ناوی ـ حزبی ئیسلامی ـ بەڵام وەزارەتی ناوخۆ رازی نەبوو لەسەر داواکاریەکەیان، بۆیە سەرکردەکانی ـ الاخوان ـ پەنایان بردە بەر دادگا کە بڕیارەکەی لە بەرژەوەندی ئەوان بوو مۆڵەتی فەرمیان وەرگرت. بەڵام ساڵی ١٩٦١ ئەم مۆڵەتەیان لێ وەرگیرایەوە و چەند سەرکردەیەکیان خرانە بەندیخانە.

بزووتنەوەی ـ الاخوان ـ لە سەردەمی هەردوو سەرۆك کۆمار (عبدالسلام عارف و عبدالرحمن عارف) جارێکی تر کەوتنەوە چالاکی و توانیان لە ساڵی ١٩٦٧ کۆنگرەیەك ببەستن لە شاری بغداد بە ئامادەبوونی (٤٠) کادیرو بەرپرس. خاڵی ناکۆك لە ناو کۆنگرە هەڵوێست بوو لە ئاست حکومەتی ئەو سەردەمە.

ساڵی ١٩٧١ دەسەڵات هەڵمەتێکی فراوانی دەست پێکرد دژ بە ئەندام و سەرکردەکانی بزووتنەوە، هەندێکیان لەسێدارە دران وەك: عبدالغني شنداله، محمد فرج الشیخلي

(ئەفسەری پلە بەرز لەناو سوپا). ئەو هەڵمەتە دژ بە ڕێکخستنەکانی بزووتنەوە درێژەی کێشا تا ساڵی ١٩٧٢ کە ئەنجامێکی ڕووخێنەری هەبوو بەسەر ڕێکخستنەکانی بزووتنەوە.

ساڵی ١٩٨٢ ریکخراوێك بەناوی (گروپی ئیسلامی بۆ رزگار کردنی عێراق) بەدەرکەوت، کە یەك لە ڕێکخستنەکانی بزووتنەوەی (الاخوان المسلمین) بوو لە عێراق، ئەم گروپە شەش ڕێکخراوی گرتە خۆی کە بریتی بوون لە:

بزووتنەوەی ئیسلامی، حزبی ئیسلامی، کۆمەڵەی سامی الدروبی، سوپای ئیسلامی کوردی، بزووتنەوەی ئەفسەرانی ئیسلام، بزووتنەوەی برایانی موسڵمان). بەڵام بوونیان درێژەی نەکێشا.

لە راستیدا دەسەڵات لە عێراق و لە وڵاتانی تری عەرەبی سیاسەتێکی تایبەت و جیاکاریان هەیە لە ئاست بزووتنەوەی (اخوان المسلمین) بە بەراورد لەگەڵ ڕێکخراوە ئیسلامیە توندڕەوەکانی تر لەبەر چەند هۆیەك:

أ- بزووتنەوەی (اخوان المسلمین) لە راستیدا بزووتنەوەی دایکە بۆ هەموو بزووتنەوە و ڕێکخراوە سیاسیە ئیسلامیەکانی تر، کە سروشتێکی رادیکالانەیان هەیە.

ب- بزووتنەوەی (اخوان المسلمین) دیدو بۆچوونی میانڕەوانەیە بۆ گۆڕانکارییەکان بە بەراورد لەگەڵ دیدو بۆچوونی بزووتنەوە ئیسلامیە توندڕەوەکانی وەك (الجهاد) و (التفكير والهجرة).

جـ- بەردەوام ئەم بزووتنەوەیە زیاتر لە بزووتنەوە ئیسلامیەکانی تر، پەرۆشی ڕێککەوتن و گونجان و دوورکەوتنەوەیە لە توندوتیژیی لەگەڵ رژێمەکان.

### ٣٠- حزبی جعفری:[٦٤]

ئـەم حزبـە لـە شـاری (النجـف) سـاڵی ١٩٥٢ دامـەزرا. ئەنجومەنەکـەی لـە دووایـدا بـووە بناغەیـەك بـۆ دامەزرانـدنی حزبـی (الـدعوة)ی ئیسـلامی. لـە ئەنـدامانی ئـەم حزبـە (عبدالصاحب دخیل، حسن شبر، صادق القاموسی) بوون.

چالاکیەکانی بەنهێنی ئـەنجام دەدرا (ئەنـدامانی حـزب بـیرو بۆچـوونەکانیان بـە پێنـوس کۆپی دەکرد و بەشێوەیەکی نادیار لەسەر لاپەڕەکان دەیاننووسی، بۆ ئەوەی بەسەر کەسـانی ئایندار دابەشی بکەن).

حزبی جعفری سەرەتای دامەزراندنی حزبە ئاینیەکان بوو لەسـەر ڕێبـازی شـیعە کـە لـە بنچینەدا پشـتی بـە شـیعە تونـدڕەوەکان بەسـتبوو، لـە راسـتیشـدا زیـاتر بایـەخ دان بـوو بـە سیاسەت.

ئـەم حزبـە لـەژێر دوو فشـار دروسـت بـوو : یەکـەمیان دەسـەڵاتی پاشـایەتی بـوو لـەو سەردەمە، کە ڕێگای کاری حزبایەتی قەدەغە کرد بەناوی ئاینەوە، دووەمیان بـەهێزتر بـوو کە ئەویش (مرجعیة)ی شیعە بوو لە شاری نجف.

هۆی ناولێنانی ئەم حزبە بە (جعفر)ی نەك ئیسلامی یان هەر ناوێکی تر، ئەوی زانـراوە بۆ دوورخستنەوەی هەر تاوانێك بەرامبەر دامەزرێنەرانی، بەوەی کە ئەو کەسانە (وهاب)ی بن، کە بەلای شیعەوە تاوانێکی ترسناکە.

## ٣١- ڕێکخراوی موسڵمانی بیروباوەڕداران (المسلمين العقائديين):[٦٥]

ڕێکخراوێکی ئیسلامیە بایەخ بە فێربوون و پەروەردەکردن دەدات لەسەر خواپەرستی و دادوەری و خۆڕاگرتن بەپێی شەریعەتی ئیسلامی. ساڵی ١٩٥٣ لەسەر دەستی شێخ عزالدين الجزائري دامەزراوە، بایەخ بە کێشەکانی ڕۆژانەی جەماوەر و داواکاریەکانی دەدا لەبارەی ژیانەوە.

**ئامانجی:** پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی موسڵمان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامیە.

دروشمەکانی، تێکۆشانی بەردەوام و ڕێك و پێك بۆ ئاشتی و دادو خۆشگوزەرانی ئەم ڕێکخراوە لە هەموو ئەو ریکخراوانە پێگەیشتووتر بوو کە عزالدين الجزائري دروستی کردبوون، چونکە هەڵگری ڕۆشنبیرییەکی باڵا بووە لە ڕێکخستن و ئەرکەکانی کاری حزبی لەنێوان ئەندامان دیاریکردووە. کەسانی خاوەن بیروباوەڕ کە ئەندامی ڕێکخراوەکە بوونە، پلە بە پلە سەردەکەون لە لایەنگرییەوە بەرەو پشتیوان و پاڵێوراوی و تا دەگاتە پلەی ئەندامی. ڕێکخراوەکە چەندین بڵاوکراوەی هزری حزبی دەرکردووە.

چالاکی ڕێکخراوەکە پەرەی سەندو زۆر ناوچەی گرتەوە وەك بغداد، کوت، سماوە.

ژمارەی ئەندامانی ڕێکخراوەکە ڕکابەری ژمارەی ئەندامانی حزبی (دعوە)ی ئیسلامی دەکرد.

## ٣٣- یانەی بەعسی عەرەبی (البعث العربي):[٦٦]

ئەم یانەیە لەلایەن کۆمەڵە گەنجێکی نەتەوە خوازەوە پێکهات لە مانگی حوزەیران/١٩٥٠ وەك هەوڵدانێك بۆ کۆکردنەوەی هێزە ناسیونالستە عەرەبەکان لە کۆمەڵەیەك، کە ڕەنگە هەنگاوێکی هاوکار بێت بۆ دامەزراندنی حزبێکی سیاسی فراوان، کە هەڵگری مۆرکێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو.

**له پێڕەوی بنچینەیی یانەکەدا هاتووە:**

ئامانجی یانە بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی نەتەوایەتی و گەشەپێدانی هەستی نەتەوایەتیە. هەروەها هاندانی تۆژینەوەی زانستیە لە کێشە گشتیەکان لەگەڵ گونجان لەنێوان هەوڵدانی بیرمەندان و کارمەندان لە خزمەتکردنی نیشتمانی عەرەبی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابوری.

ئەم یانەیە لە ٣٠/حوزەیران/١٩٥١ بەرنامەی نەتەوایەتی خۆی بڵاوکردەوە کە لە (٢٢) بەند پێکهاتبوو دەربارەی پێکهاتەی نیشتمانی عەرەبی و رەگەزە نەتەوایەتیە عەرەبیەکان و سیستمی سیاسی دەوڵەتی عەرەبی یەکگرتوو.

ئەم یانەیە لەکاتی دامەزراندنی لەلایەن عبدالمجید محمدەوە سەرکردایەتی کراوە، پاشان عبدالرحمن البزاز جێگای گرتەوە.

## ٣٤- کۆمەڵەی خوێندکارە عێراقیەکان (الطلبة العراقیین):[٦٧]

کۆمەڵە خوێندکارێکی عێراقی بوون، هەڵگری بیروباوەڕی دیموکراسی و مارکسی، لە زانکۆکانی بەریتانیا دەیانخوێند، کۆمەڵەیەکیان پێکهێنا لەژێر ناوی _ کۆمەڵەی خوێندکارە عێراقیەکان _ ساڵی ١٩٥٢.

له ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە: د. رحیم عجینة، أنیس عجینة، أبراهیم الشیخ نوري، نوري عبدالرزاق حسین، مصطفی ماجد مصطفی، نوزاد ماجد مصطفی.

کۆمەڵە چەند چالاکیەکی جۆراوجۆری ئەنجامداوە، سەرەڕای بەشداربوونی لە چەندین کۆنگرەو ڤێستیڤاڵ لە ناوچە جیاوازەکانی بەریتانیا.

کۆمەڵە پەیوەندی فراوانی هەبووە لەگەڵ رێکخراوەکانی خوێندکاران و حزبە سیاسیەکان و سەندیکا و رێکخراوە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتیەکان لە بەریتانیا.

بەهۆی ئەو چالاکی و پەیوەندییانە کۆمەڵە توانیویەتی هاوکاری و یارمەتی ژمارەیەکی گەورەی خوێندکارە عێراقیەکان بدات لە بواری جۆراوجۆر.

هەروەها کۆمەڵە پەیوەندی بەتینی هەبووە لەگەل بزووتنەوەیرزگارکردنی ناوچە داگیرکراوەکان کە لەلایەن ئەندام پەرلەمانی بەریتانیا (ڤنر بووکوی) سەرکردایەتی دەکرا.

### ٣٥- حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالست (البعث العربي الاشتراكي):[٦٨]

چالاكیە سەرەتاییەكانی ئەم حزبە لە ساڵی (١٩٤٠)وە دەستی پێكردوە لە وڵاتی سوریا لەسەر شێوەی بزووتنەوەیەكی سیاسی ناسیۆنالستی كە پێكهاتەكەی خوێندكارو رۆشنبیران بوونەو لە دەوری هەر یەك لە (میشل عفلق) و (صلاح البیطار) كۆببوونەوە. یەكەم كۆنگرەی دامەزرێنەری لە شاری دمشق بەست لە ٧/نیسان/١٩٤٧ وخۆی بەناوی (حزبی بەعسی عەرەبی) راگەیاند.

بۆ دانانی بەرنامەو دەستوری حزب لیژنەیەك پێكهات لەم ناوانە (میشیل عفلق، صلاح البیطار، وهیب الغانم، عبدالمنعم الشریف، صدقی اسماعیل، جمال الاتاسی، عبدالبرعیون السود).

لەماوەی كۆنگرەی دامەزراندن، ئەنجوومەنێكی جێبەجێكردن هەڵبژێردرا لەم ناوانە:

میشل عفلق، سكرتێر.

ئەندام: صلاح البیطار، جلال السید، وهیب غانم.

[٦٩]لەماوەی ساڵانی (١٩٤٧ _ ١٩٥٨) حزب بە چەند گۆڕانێكدا تێپەڕ بوو، لە كۆتایی ساڵی ١٩٥٢ لەگەڵ حزبی (بەعسی سوسیالست) بە سەرۆكایەتی اكرم الحورانی یەكیان گرت و ناوەكەی گۆڕا بە (حزبی بەعسی عەرەبی سوسیالست).

[٧٠]حزب لە ساڵی ١٩٥٤ دووەم كۆنگرەی بەست و یەكەم سەركردایەتی نەتەوایەتی هەڵبژارد. ساڵی ١٩٥٨ رۆڵێكی سەرەكی هەبوو لە دروستبوونی یەكێتی نێوان هەردوو وڵاتی سوریا و میسر.

ساڵی ١٩٦٣ پاش كودەتایەكی سەربازی لە ٨ی شوبات لە عێراق، حزب گەیشتە دەسەڵات، بەڵام بۆماوەیەكی كەم، كە عبدالسلام عارف سەركۆماری عێراق لەو ماوەیەدا توانی زوو حزب دووربخاتەوە لە دەسەڵات.

رێكخستنەكانی بەعس لە عێراق بۆ ساڵی ١٩٤٨ دەگەڕێتەوە، لەو سەردەمەدا كە بیروباوەڕی ناسیونالستی عەرەبی بەرەو گەشەكردن دەهات لەناو رێكخستنەكانی (حزبی ئیستقلال) یەكەم شانەكانی حزبی بەعسی پێكهات بەهۆی خوێندكارە عێراقیەكان لە هەر دوو زانكۆی دمشق و بیروت.

سـاڵی ١٩٥٣ ڕێکخسـتنی بـەعس لـە عێـراق ڕۆژنامەیـەکی نـاوخۆی دەرکـرد لـەژێر نـاوی (العربي الجديد) پاشان ناوەکەی گۆڕا بۆ (الاشتراكي).

ژمـارەی ئەنـدامانی حزبـی بـەعس لـە عێـراق بـەرەو گەشـەکردن دەهـات، لـە سـاڵی ١٩٥١ ژمـارەی ئەنـدامانی نزیکـەی (٥٠) ئەنـدام دەبـوو، ئـەم ژمارەیـە لـە (١٩٥٥) گەیشـتە (٢٨٩) ئەندام. لەماوەی کودەتاکەی ٨/شباط/١٩٦٣ سەرکردایەتی هەرێمایەتی بەعسی لە عێراق لەم ناوانە پێکهاتبوون: علي صالح السعداوي، ئەمینداری گشتی:

(حازم جواد، طالب شبيب، حمدي عبدالمجيد، كريم شـنتاف، حميـد خلخـال، محسـن شـيخ راضي، فيصل حبيب الخيزران) ئەندامان.

[٧١]حزب لەماوەی دوو کودەتا لە ١٧/تموز و ٣٠/تموزی ساڵی ١٩٦٨ گەڕایەوە سەر دەسـەڵات. یەکـەم کودەتایـان بەسـەر ڕژێمـی عبـدالرحمن عـارف بـوو بـە هاوکـاری چـەند ئەفسـەرێکی پلەبـەرز لـەناو دامـەزراوەی سـەربازی ڕژێـم، کودەتـای دووەمیـان بەسـەر ئـەو چـەند کەسـە بوون، کە هاوکار بوون بۆ کودەتای یەکەم.

حزب بە شـێوەیەکی ئاسایی کارو چالاکیەکانی بەڕێوەدەچوو، ڕووی لـە گەشـەکردنێکی گـەورە کـرد و لایـەنگرانی سەرانسـەری عێراقـی گرتـەوە. لـەماوەی سـاڵانی حـەفتاکان بەعسیەکان پێگـەی دەسـەڵاتی خۆیـان بـاش بـەهێز کـرد تـا ڕادەیـەك کـە هـەموو چالاکیە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئـابوری و ڕۆشـنبیرییەکان لـە عێراقـدا کەوتـە ژێـر دەسـەڵاتیان بـە تەواوی. هەموو سەندیکاو ڕێکخراو و کۆمەڵەی هونەری و جوتیاری و کرێکاری و ڕۆشنبیری و کۆمەلایەتی بوونـە ڕووکـار بـۆ حـزب. دەزگـا ئەمنیـەکانی وڵات و سـوپای عێـراق، لەگـەڵ بوارەکانی خوێندن و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بەتەواوی لەلایەن بەرپرس و کادیرانی حزبـی بەعس بەڕێوەدەچوو لە چوارچێوەی بیروباوەڕی حزبدا ئاراستە دەکران.

سەرەڕای هەموو ئەو هەنگاوانە لە ساڵی ١٩٧٤ بڕیار لەسەر یاسایەکی مەترسـیدار درا، کـە ئەویش یاسای حزبی سەرکردەیە (الحزب القائد) بە ژمارە (١٤٢) لە ١٩٧٤.

ساڵی ١٩٧٩ صدام حسين پێگـەی کەسـی یەکـەمی گرتـە دەسـت لـە عێراقـدا تـا سـاڵی ٢٠٠٣ ساڵی ڕوخاندنی ڕژێمەکەی لەلایەن هێزی هاوپەیمانانەوە، لەم ماوەیەدا صدام حسين کەسی یەکـەم بـوو لـە دەسـەڵات و هـەموو بڕیارێـك بـۆ ئـەو دەگەڕایـەوە. هـەر بـۆ ئاسـانکردنی بـەڕێوەبردنی کاروبـاری وڵات چـەند نووسـینگەیەکی دروسـت کـرد لەوانـە: نووسـینگەی

پەیوەندییـە گشـتیەکان، کـە دواتـر بـووە دەزگـای هـەواڵگری گشـتی، هـەوەها نووسـینگەی کاروباری ئابوری، نووسینگەی کاروباری یاسایی، نووسـینگەی کاروبـاری بـاکور، نووسـینگەی کاروباری عەرەبی.. حزبی بەعس لە یەکەم رۆژی سەرکەوتنی کودەتاکەیان ئەنجومـەنێکیان پێکهێنا بەناوی ئەنجومەنی (۷۲)سەرکردایەتی شۆڕش کە بەرزترین دەسەڵات بوو لە وڵاتدا.

**شێوازی رێکخستنی حزبی بەعس بەم جۆرە بووە:**

سەرکردایەتی نەتەوایەتی، سەرکردایەتی هەرێمایەتی، نووسینگە ناوەندییەکان، لقەکانی حزب، هۆبە (شعبة)، رێکخراو و شانەکان.

ساڵی ١٩٦٩ سەرکردایەتی هەرێمایەتی عێراق لەم ناوانە پێکهاتبوون:

احمد حسن البكر، سەرۆك

صدام حسين: جێگری سەرۆك

ئەندامان: صالح مهدي عماش، عبدالكريم الشيخلي، عبدااللـه سلوم السامرائي، عبـدالخالق السامرائي، مرتضى الحديثي، طه ياسين رمضان، صلاح عمـر العلـي، عـزت الـدوري، عبـدالله كريم.

## ٣٦- حزبی رزگاری ئیسلامی (التحرير الاسلامي):(۷۳)

سەرهەڵدان و پەرە پێدانی ئەم حزبە لە عێراق لە ساڵی ١٩٥٤وە دەستی پێکـردوە. پشـتی بەو کەسانە بەستبوو کە لە وڵاتی (ئەردەن) دەگەڕانەوە لەگەڵ ئەو ئەندامانەی کۆمەڵەی ـ الاداب الاسلامية ـ و ـ گەنجانی موسڵمان ـ و ـ برایانی موسڵمان ـ کاریان دەکرد و باوەڕیـان بە شێوازی چاکسازی و کاری پەروەدەکردن نەمابوو.

لەو کەسانەی هەرزوو پەیوەندییان بەم رەوتە ئیسلامیەوە کرد، عبـدالعزیز البـدری بـوو کە ساڵی ١٩٥٦ سەرکردایەتی حزبی گرتە دەست و پاشان خۆی دورخستەوە.

**لە رۆژی ١/شوبات/١٩٦٠ کۆمەڵێك لە دامەزرێنەرانی ئەم حزبەکە بریتی بوون لە:**(۷٤) (عبدالجبار عبدالوهاب حاج بكر، محمد عبيـد البيـاتی، عبـدالجبار حسـين الشـيخلي، غصوب يونس الجبوري، صالح عبدالوهاب حاجى بكر، عبدالهادي علي النعيمي، محمـد سـليم

الكواز، علي فتحي، حسن سلمان التميمي، أحمد حامد الابراهيمي). داواكارييەكيان بۆ وەزارەتی ناوخۆی عێراق بەرز كردەوە بەمەبەستی دامەزراندنی حزبێك بەناوی حزبی ـ رزگاری ـ التحرير ـ ئەم داواكارييە هاوپێچی بەرنامەو پێڕەوی ناوخۆی حزبەكە كرد. لەرۆژی ٢٧/ئازار/١٩٦٠ وەزارەتی ناوخۆی عێراق بە پەسەند نەكردنی ئەم داواكارييە وەڵامیانی دايەوە، هۆيەكەش بۆ ئەوە دەگەڕايەوە كە بەرنامەی حزبەكە بە پێچەوانەی ئاڕاستەكانی ئەو سەردەمە بوو.

دامەزرێنەرانی حزب سكاڵايان بۆ دادگای (تميزي) عێراق بەرزكردەوە دەربارەی وەڵامەكەی وەزارەتی ناوخۆ، بەڵام دادگای تميز هەمان بڕیاری وەزارەتی ناوخۆی هەبوو.

[٧٥]بەپێی دەستوری حزب بنەماكانی دامەزراندنی دەوڵەت بیروباوەڕی ئیسلامە، هەر لەو دەستورە شێوەی حوكمڕانی لە ئیسلام دەخاتە روو كە (خەلیفە) بە رۆڵی سەرەكی هەڵدەستێ، ئەگەرچی خەلیفە (دەسەڵاتدار) لەلایەن نەتەوەوە دیاری دەكرێ، بەڵام دەسەڵاتی لادانی نییە.

حزب هەر لە سەرەتای ساڵی (١٩٦١)وە تووشی دووبەرەكی هات تا ساڵی (١٩٧١) كە چەندین گروپی لێ جودا بۆتەوە.

رابەرايەتی حزب ساڵی (٢٠٠٣) كەوتە دەستی عبدالقويم زلوم، ئەم حزبە لەم سەردەمە لەلایەن (شيخ عطا خليل) كە خەڵكی فەلەستینە رابەرايەتی دەكرێ، لقەكەی لە عێراق لقێكی چالاكە بەڵام بەشداری لە كاروباری وڵات ناكات.

## ٣٧- چەند ڕێکخراوێکی جولەکەکانی عێراق:[٧٦]

### أ- کۆمەڵەی _ أحی عبیر -:

کۆمەڵە لە شاری بەغداد لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٩ بەدەست پێشخەریی کۆمەڵە گەنجێکی جولەکە دامەزراوە، لەوانە: الیاهو هیلل، مائیر میشل.

زاراوەی (أحی عبیر) بەمانای برای گەورە دێت لە زمانی جولەکە. ئامانجەکانی کۆمەڵە:

کۆکردنەوەی پیتاك و یارمەتی و گەیاندنی جولەکەکانی عێراق بەرەو وڵاتی فەلەستین بە ڕێگای یاسایی بێت یان پێچەوانە.

کاروباری بەڕێوەبردنی کۆمەڵە لەلایەن ژمارە مامۆستایەکی جولەکە ئەنجامدەدرا، ئەوانی لە فەلەستینەوە هاتبوون و قوتابخانەی (المدراش تلمود) یان کردبوە بارەگایان. بەڵگەنامەکانی وەزارەتی ناوخۆی عێراق ئاماژەی بۆ چەند شێوازێکی نهێنی کردوە لە چالاکیەکانی ئەم کۆمەڵەیە، سوود وەرگرتنی ئەندامانی لە کۆنگرە یان کۆبونەوە جیهانیەکانی پەیوەندار بەکێشەی فەلەستین. چالاکیەکانی کۆمەڵە بریتی بوو لە پڕوپاگەندەو زانیاری بڵاوکردنەوە دەربارەی ژیانی جولەکەکان و چەوساندنەوەیان لە عێراق.

لە ساڵانی سییەکان جیابوونەوەیەك لەناو کۆمەڵە روویدا، چەند گەنجێکیان جیابوونەوە و کۆمەڵەیەکی نوێیان دامەزراند لەژێر ناوی (هشمیش).

کۆمەڵە هانی ئەندامانی خۆی دەدا کە فێری زمانی (عبری) و کاروباری کشتوکاڵی ببن بۆ ئامادە کردنیان لەپاش کۆچکردنیان بۆ فەلەستین.

### ب- کۆمەڵەی ئەدەبی عبری:[٧٧]

کۆمەڵە لەلایەن چەند جولەکەیەکی عێراقی دامەزرا بە سەرۆکایەتی (شلوما روبین) کە ئەفسەرێکی جولەکە بوو لە ریزی پۆلیسی بەریتانی کاری دەکرد. سکرتێری کۆمەڵەش ناوی (سلیمان شینا) بوو، ئەم کۆمەڵەیە بە فەرمی مۆڵەتی کارکردنی پێدرا لە مانگی ئازار/١٩٢١. کۆمەڵە لقێك بوو لە ڕێکخراوی زایونیزمی جیهانی، کتێبخانەیەکی دروستکرد کە پڕبوو لە کتێبی ئەدەبی و رۆژنامەکانی جولەکە، لە ماوەیەکی کورتدا کۆمەڵە بووە مەڵبەندی چالاکیەکانی جولەکە.

کۆمەڵە رۆژنامەیەکی دەردەکرد بەناوی ـ یشرون ـ بە هەردوو زمانی عەرەبی و عبری.
لە کاتی دەرچوونی یاسای کۆمەڵە و حزبەکان لە عێراق، وەزیری ناوخۆ رێگای کارکردنی فەرمی لێگرت.

### جـ- کۆمەڵەی گەنجانی ئیسرائیل:[78]

کۆمەڵە لە بەرواری ٢٠/ئەیلول/١٩٣١ دامەزرا، پاش مۆڵەت پێدانی لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی عێراق. لەو کەسانەی بەشداری دامەزراندنی کۆمەڵەیان کرد: روبین یعقوب، یعقوب دلح، ابراهیم صالح بنو، شکر روبین الویا، صالح عزرا عبدالنبی، ساسون بیرس.
ژمارەی ئەندامانی کۆمەڵە گەیشتە نزیکەی (١٥٠) ئەندام. لە ساڵی ١٩٣٢ کۆمەڵە هەڵوەشایەوە.
(تەماشای کتێبی ـ أعلام الیهود في العراق الحدیث ـ میر بصري ـ ٢٠٠٦ ـ چاپی لندن) بکە.

### د- کۆمەڵەی لاوانی ئیسرائیل:[79]

لە بەرواری ١٤/کانونی یەکەم/١٩٢٢ ئەم ناوانە داواکارییەکیان بۆ وەزارەتی ناوخۆ بەرزکردەوە: (کورجي شاؤل عوبدیا، کورجی شاؤل جوري، یوسف جوري، صهیون بصري، الیاس عوبدیا، خضوري شهربانی، الیاس زغبیر عوبدیا) بە مەبەستی دامەزراندنی کۆمەڵەیەك لەژێر ناوی (کۆمەڵەی لاوانی ئیسرائیل).
یەکەم ئەنجومەنی کارگێڕی کۆمەڵە لەلایەن (کورجی شاؤل عوبدیا) سەرۆکایەتی دەکرا هەروەها لە ئەندامە دیارەکانی (عزرا حسقیل حداد) بوو.
کۆمەڵە کەوتە ژێر چاودێری دەزگای ئاسایش، زانیاریان دەست کەوت کە پڕوپاگەندە بۆ پشتیوانی ئیسرائیل لەناو لاوان دەکرێت، بۆیە بڕیاری داخستنی درا.

### هـ- کۆمەڵەی ـ صهیون ـ لە وڵاتی نێوان دوو روبار:[80]

لە ٢٢/شباط/١٩٢١ لە شاری (بغداد) دامەزرا لەسەر داوای کۆمەڵەی زایۆنیزم لە شاری (قدس). مولەتی فەرمی لە ٥/ئازار/١٩٢١ وەرگرتووە، ماوەی یەك ساڵ بە ئاشکرا کاری

کـردوه، ئامـانجی کۆکردنـەوەی هاوکـاری و یارمـەتی بـوو بـۆ کۆچـکەرە جولەکـەکان. چالاکیەکانی کۆمەڵە هەرزوو کۆتایی پێهات بەهۆی ڕێگا پێنەدانی لەلایەن حکومەتەوە.

## و- کۆمەڵەی ـ المكابی ـ[81]

سەرەتا ئەم کۆمەڵەیە وەك پاشکۆیەك بۆ کۆمەڵەی ـ صهیون ـ دامەزرا لە ساڵی ١٩٢٧ لـە شاری بغداد. پاش کۆچکردنی دامەزرێنەری کۆمەڵە بۆ فەلەستین (ناوەکەی نەزانراوە) سێ گەنجی جولەکە لە خوێندکاران ئەرکی بەڕێوەبردنی کۆمەڵەکەیان گرتە دەست، ناوەکانیان: (نسیم عطا، ابراهیم نجار، داود منصور).

ئەم سێ کەسـە هەسـتان بەرێکخسـتنی کاروبـاری کۆمەڵە وەك: دانـانی پێـڕەوەی نـاوخۆ، سەپاندنی ئابوونەوە بەسەر ئەندامان، لەبەرکردنی جل و بەرگی تایبەت.

ژمارەی ئەندامانی کۆمەڵە تا ساڵی ١٩٣٢ گەیشتە (٥٠) ئەندام.

## ز- کۆمەڵەی (تنوعه بابل):[82]

ڕێکخراوێکی چـەکداری جولەکـە بـوو، سـاڵی ١٩٤٣ دامـەزرا، ژمارەیـەکی گـەورەی گـەنجانی جولەکـە پـەیوەنییان پێـوە هـەبووە، ئامانجـەکانی ئاسـانکردنی کۆچـی جولەکـەکان بـوو لـە عێراقەوە بۆ فەلەستین، هەروەها فێرکردنی زمانی عبری.

کۆمەڵە بڵاوکراوەیەکی بە زمانی عبری دەرکردوە بـەناوی (نتیـب همشـكا) کـە بـە واتـای ڕزگاری دێت. کۆمەڵە ٨ لقی هەبووە لە عێراق.

دەزگا ئەمنیەکانی عێراق لە ١٤/تشرینی دووەم/١٩٤٩ توانی ژمارەیەك لـە ئەنـدامانی ئـەم کۆمەڵەیە دەسگیر بکات. سەرۆکی کۆڵەکە ناوی (برودنی) بووە.

## ح- کۆمەڵەی - دورش توراة ـ[83]

ئەم کۆمەڵەیە لە سـەرەتای سـاڵی ١٩٤٠ دامـەزرا، یـەك لـە بڵاوکراوەکـانی ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکات کە پێویستە هەموو جولەکەیەك تەوراتی پیرۆز بخوێنێتەوە بە بەردەوامی.

کۆمەڵە ئەرکی فێرکردنی گەنجانی جولەکـەی گرتـە ئەسـتۆ بـۆ فێرکردنـی ڕێ و شـوێنی ئاینی و تێگەیاندنی هەستی نەتەوایەتی.

### ط- بزووتنەوەی پێشڕەوان (الحالوص):[٨٤]

ڕێکخراوێکـی نهێنـی جولەکـە بـوو، بەدەسـت پێشـخەرییەك لەلایـەن هەڵسـوڕاوی بزووتنـەوەی صـهیونی (ئـەنزو سـیرینی) دامـەزرا. نـاوبراو بەشـێوەیەکی نهێنـی لـە ٩/نیسان/١٩٤٢ گەیشتۆتە عێراق تا ئازاری/١٩٤٣ لە عێراق ماوەتەوە. ناوبراو لەگەڵ هـەردوو نوێنـەرانی بزووتنـەوەی صـهیونی (خضـوری و جوتمـان) ڕێککـەوت کـە هەوڵـدەن زمـانی جولەکە گەشەپێبدەن و گەنجان فێری بکەن. هـەروەها بـە هاوکاری ژمارەیـەك لـە جولەکـە عێراقیـەکان تـوانی چـەند لقێـك لـە شـارەکانی (بصـرە ـ کرکـوك ـ موصـل ـ نجـف) بـۆ بزووتنەوەکە دامەزرێنن لە ساڵی ١٩٤٢.

ئـەم بزووتنەوەیـە بایـەخی بـە پڕوپاگەنـدە دەدا لـەماوەی وەرگێـڕان و بڵاوکردنـەوەی چەندین کتێب، وەك کتێبی (دەوڵەتی جولەکە) لە نووسـینی هرتـزل. هـەروەها ژمارەیـەکی زۆری ڕۆژنامـەی نهێنـی بڵاوکـردەوە، لەوانـە: ڕۆژنامـەی (هنیـف هتنوعـاە) کـە بـە واتـای باسەکانی بزووتنەوە دێت، ئەم بڵاوکراوەیە بۆ ماوەی یەك ساڵ دەرچوو لە ئـەیلولی ١٩٤٢ تـا ئەیلولی ١٩٤٣، سەرەڕای چەندین بڵاوکراوەی دیکە وەك: صهیون، پیشەنگی لاو.

بزووتنـەوە لـە هـەوڵی ئـەوەدا بـوو بیروبـاوەڕی زایـونیزمی بگەیەنێتـە قوتابخانـەی جولەکـەکان لـە ڕێگـای ئـەو مامۆسـتایانەی ئەنـدامانی بزووتنەوەکـە بـوون بـەهۆی سوودوەرگرتن لە وانەکانی ئەدەب و زمان.

بزووتنەوە چەند ئامێرێکی چاپی هەبووە بە هەردوو زمانی عـەرەبی و عـبری لـە شـاری بەغداد لە ماڵێکدا شاردرابوونەوە.

بزووتنەوە بایەخێکی زۆری بە کچان داوە کە ببنە ئەندامی، بۆ ئەم مەبەستە ڕێکخراوی جولەکە ساڵی ١٩٤٣ ئافرەتێکی بەناوی (ملکە روقیة) نـاردە عێـراق بـۆ فێرکردنـی کچـان بـە زمانی عبری.

### ی- ڕێکخراوی هشوراە:[٨٥]

ڕێکخراوێکی چەکداری سیاسی جولەکە بووە لە شاری بغداد ساڵی ١٩٤١ دامـەزرا. چـەندین جۆرە چەکی سووکی هەبووە، کە لە کڵێسەی (عـزرا داود) شـاردراوەتەوە. سـەرەڕای ئـامێری

چاپکردن به هەردوو زمانی ئینگلیزی و عەرەبی بۆ راهێنانی ئەندامانی خۆی لە شاری بەغداد لە گەڕەکی (بەتاوین). سەرۆکەکەی ناوی (الیاهوگرجی) بوە.

### ك- رێکخراوی بەرگری ـ هاغانا-:[٨٦]

ئەم رێکخراوە لقێکە لە رێکخراوی (هاغانا)ی جولەکە کە لە ساڵی ١٩٤٢ دامەزرا. ژمارەی دامەزرێنەرانی لە (٦) کەس تێپەڕی نەدەکرد. چالاکیەکانی لە هاوینی ١٩٤٣ وەستا، پاش ئەوەی ژمارە کۆچکەرێکی جولەکە بۆ فەلەستین لەلایەن پولیسەوە دەسگیر کران لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی نایاسایی کۆچیان کردبوو.

لە تەموزی/١٩٤٥ نوێنەرێکی ئەو رێکخراوە لە فەلەستینەوە گەیشتە بەغداد، یەکسەر دەستی بە رێکخستنی لقێکی نوێی ئەم رێکخراوە کرد لە شارەکانی (بصرة ـ کرکوك).

پاش کۆچکردنی زۆربەی جولەکەکان بۆ فەلەستین لەنێوان ساڵانی (١٩٥٠ ـ ١٩٥١) کاری ئەم رێکخراوە کۆتایی هات.

لە کەسایەتیەکانی ئەم رێکخراوە لەوانی کەوتنە دەس پۆلیس: صالح شلوم و یوسف بصری بوو کە هەردووکیان لە سێدارە دران و لە وڵاتی فەلستین لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئیسرائیل هەریەکە سەرو پەیکەریان بۆ دروستکراوە بەناوی (اور ـ یهودا).

ئەم رێکخراوە بە گرینگترین رێکخراوی چەکداری جولەکە دادەنرێ لە ماوەی چلەکاندا لە بەغداد.

### ل- رێکخراوی لاوانی عبری:[٨٧]

ئەم رێکخراوە لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٩ دامەزرا لە شاری بەغداد بەدەست پێشخەرییەك لە لایەن (یوسف حداد، کرجی اسحاق عبود، مائیر حداد، نعیم عزرا) هەموویان لە خوێندکارانی خوێندنگای شماسی جولەکە بوون.

**لە ئامانجەکانی رێکخراوەکە:** پڕوپاگەندەکردن بۆ بزووتنەوەی جولەکە لەناو لاو و خوێندکارانی جولەکە لە شاری بەغداد، هەروەها دەرکردنی بڵاوکراوە و نامیلکە،وەك کتێبی (دەوڵەتی جولەکە) کە لەلایەن هرتزل نوسرابوو. سەرەڕای بڵاوکراوەیەك لەژێر ناوی (هشمیش). بڵاوکراوەکانیان هەمووی بە زمانی جولەکە دەردەچوو.

**م- ڕێکخراوی جولەکە ئازادیخوازەکان:**[88]

ڕێکخراوێکی جولەکەکانی شاری بەغداد بوو ساڵی ١٩٤٢ بەدەست پێشخەری لەلایەن (یوان قطاب، یعقوب شماس) دامەزرا. سێ ئامانجی هەبووە: فێربوونی زمانی عبری، کرینی چەك، کۆچکردن بۆ فەلەستین.

لە شاری بەغداد لە شەقامی (الرشید) خانوییەکیان بە بارەگا کردبوو. جولەکەکان فێری زمانی خۆیان دەکران و بڵاوکراوەی چاپ دەکرد و هانی دەدان کۆچ بکەن بۆ فەلەستین.

د. کاظم حبیب لە کتێبەکەی بەناوی (الیهود والمواطنة العراقیة)دەنووسێ:

چاودێریکردنی چالاکیەکانی بزووتنەوەی (زایونیزم) لە عێراق ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات لەنێوان ساڵانی ١٩٤١ _ ١٩٤٣ چەندین ڕێکخراوی جۆراوجۆری جولەکەکان هەبووە وەك:

١- ڕێکخراوی لاوانی ڕزگار کەر، کە بایەخی بە ڕاهێنانی سەربازی بۆ لاوە جولەکەکان داوە ساڵی ١٩٤١ دامەزراوە.
٢- ڕێکخراوی بابلی، کۆمەڵەی ڕۆژ (شمس)، کۆمەڵەی کابوتیس.

**ئامانجەکانی ئەم ڕێکخراوانە لە چەند خاڵێك کورت دەکرێتەوە:**

١- بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی زایونیزمی و هوشیارکردنەوەی جولەکەکان و کۆکردنەوە و ڕێکخستنیان و فێرکردنیان بە زمانی عبری و کۆچکردنیان بۆ فەلەستین.
٢- ڕاهێنانیان لەسەر بەکارهێنانی چەك.

## ٣٨- حزبی شیوعی عێراقی:

**سەرەتاکانی:**[٨٩]

یەکەم گروپی ڕێك و پێکی مارکسی لە شاری بەغدادەوە دەستی پێکرد لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا لەژێر ناوی (خوێندکارانی بیروباوەڕە ئازادەکان) بە سەرپەرشتی کەسایەتی ناسراوی بزووتنەوەی کۆمونیستی لە عێراق (حسین الرحال). ساڵی ١٩٢٧ هەوڵێکی زۆر درا بۆ دامەزراندنی حزبی شیوعی عێراقی، بەڵام هەوڵەکان بێ ئەنجام بوون. لە باشوری عێراق چالاکیە مارکسیەکان زۆر گەشەی کرد، کەسی دیار لەم بوارە (بطرس فاسیل) بوو، ناوبراو توانی بازنەیەکی کۆمونیستی لە شاری (بصرة) پێك بهێنێ ساڵی ١٩٢٧، لەو کەسانەی بەشداری ئەم بازنەیان کردبوو:

زکریا الیاس دوکا، غالي زوید، یوسف سلمان یوسف، داود سلمان یوسف.

هەر بەهۆی بازنەی (بصرة) بازنەیەك لە شاری ناصریە دروست بوو، ئەم بازنانە وردە وردە پەرەی سەندو شارەکانی سماوە، دیوانیە و زۆر شوێنی تری گرتەوە. لە شاری بەغداد سێ بازنەی مارکسی پێکهاتبوو، پەیوەندییەکانی نێوان ئەو بازنانە توندو تۆڵ تر دەبوون، لە ئاکامدا ڕێکخستنێکی یەکگرتوو بۆ کۆمونیستە عێراقیەکان پێکهات بەناوی (لیژنەی بەرەنگاربوونەوەی ئیستعمار و چەوساندنەوە).

**لە مانگی ئایار/١٩٣٥ یەکەم کۆمیتەی ناوەندی بۆ حزب پێکهات، کە بریتی بوو لەم ناوانە:**

١- عاصم فلیح: سکرتێر
٢- مهدي هاشم: بەرپرسی ناوچەی فوراتی ناوەڕاست.
٣- زکي خیري: بەرپرسی ناوچەی باشوور.
٤- یوسف متي: بەرپرسی ناوچەی بەغداد.
٥- قاسم حسن.

لە مانگی تەموز/١٩٣٥ کۆمیتەی ناوەندی بڕیاری گۆڕینی ناوی حزبیدا بۆ حزبی شیوعی عێراقی. لە مانگی تشرینی دووەم/١٩٣٥ حزب تووشی هەڵمەتێکی فراوانی گرتن و پەلاماردان هات لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانی حکومەت بەهۆی ئاشکرا بوونی بەشێك لە

ڕێکخستنەکانی و دواتر تووشی هەڵمەتێکی گرتنی تر هات بەهۆی ئاشکرابوونی ڕێکخستنەکانی ناو سوپای عێراق و بەهۆیەوە سکرتێری یەکەم بەندکرا.

لە مانگی تشرینی یەکەم/١٩٣٨ یوسف سلمان یوسف (فهد) گەڕایەوە عێراق دوای ئەوەی خوێندنی حزبی لە یەکێتی سوڤیەت تەواو کردبوو، گەڕانەوەی (فهد) کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لە ڕاستکردنەوەی دۆخەکەو دەکرێ بووترێ کە (فهد) رزگارکەری شیوعیەکان بوو لەو سەردەمە لەو نوشیسستیەی تێی کەوتبوون. بە گەڕانەوەی دەستی کرد بە چالاکیەکانی و لەگەڵ (عبدالله مسعود) ڕێککەوتن کە بەیەکەوە کار بکەن بۆ دروستکردنی حزبێکی شیوعی عێراقی، بۆیە بڕیاریاندا کە ڕۆژنامەیەك بەناوی (الشرارة) دەربکەن وەك هەنگاوی یەکەم، ژمارەی یەکەمی لە کانوونی یەکەم/١٩٤٠ بڵاوبۆتەوە. دوواتر لە مانگی کانوونی دووەم/١٩٤١ لیژنەیەکی ناوەندییان پێکهێنا بۆ بەڕێوەبردنی ڕێکخستنەکان، کە لەم ناوانە پێکهاتبوو:

١- عبدالله مسعود/ سکرتێر.

٢- ئەندامان: یوسف سلمان یوسف (فهد)، جورج یوسف ستو، نعیم طویق، حسن حاج طه. دوای دەسگیرکردنی عبدالله مسعود لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانی رژێم، فهد جارێکی تر لیژنە ناوەندییەکەی دامەزراندنەوە و بەم شێوەیە:

یوسف سلمان (فهد) سکرتێر.

عبدالله مسعود (لە بەندیخانە بوو)، ضفاءالدین مصطفی، حسین محمد الشبیبی.

ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بوون.

بەڵام کۆمیتەی ناوەندی پێکهاتبوو لە: ذوالنون ایوب، أمینة الرحال، ودیع طلیا، داود الصائغ، زكي محمد بسیم، نعیم طویق.

لە شوباتی/١٩٤٥ حزب یەکەم کۆنگرەی بەست لەژێر دروشمی (ڕێکخستنی شیوعیەت بەهێز بکەن، ڕێکخستنی بزووتنەوەی نیشتمانی بەهێز بکەن). کۆنگرە لە شاری بەغداد بەسترا بە ئامادە بوونی (٢٧) نوێنەر لە لیژنەکانی حزب.

لە کۆنگرەدا بڕیار لەسەر پێڕەوێکی ناوخۆ درا هەروەها کۆمیتەیەکی ناوەندی نوێ هەڵبژێردرا و بەم جۆرە:

**دەستەی مەکتەبی سیاسی:**

١- فهد ــ سکرتێر
٢- زكي محمد بسيم
٣- حسين محمد الشبيبي
٤- أحمد عباس.

**ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی:** شريف ملا عثمان، کريکور بروسيان، مالك سيف، سامي نادر مصطفى، يهودا ابراهيم صديق.

له بەرامبەر ئەو گەشە کردن و خۆ ڕێکخستنەوەیەی شیوعیەکان، دەزگا ئەمنیەکانی حکومەت هەوڵەکانی خۆی چڕکردەوە بۆ پەیدا کردنی زانیاری و گەیشتن بە کادیر و سەرکردانی حزب. پاش ماوەیەك له هەوڵ و تەقەلا توانیان چەند کەسێکی بەکرێگیراوی خۆیان بخزێننە ناو ریزی ڕێکخستنە نهێنیەکانی حزب و چەند جێگاو خانویەك بناسن، کە کۆبوونەوە نهێنیەکانی کادیرانی حزبی تیادا دەبەسترێ. بەم جۆرە توانیان (حسين الشبيبي) دەسگیر بکەن و له هەڵمەتێکی بەردەوام سەرکردەی حزب (فهد) و زکی بسیم و عبدالهادی عزیزیش دەسگیر بکرێن و بدرێنە دادگا و بڕیاری کوشتنیان لەسەر بدرێ. کە له رۆژی ١٤/شوبات/١٩٤٩ جێبەجێ کرا.

پاش ئەو رووداوانە لە کانوونی دووەمی/١٩٤٩ سەرکردایەتی حزب کەوتە ئەستۆی (شلومو دلال)، بەڵام لەو ماوەیەدا ڕێکخستنی حزبی شیوعی تووشی چەندین دووبەرەکی و ململانێی ناوخۆیی هاتن و دەستە و گروپی جۆراوجۆریان لێ پەیدا بوو. وەك (القاعدة، النجمة، الحقيقة، الصواب، الاتحاد).

بەڵام سەرەڕای ئەو بارە شپرزەیە حزب توانی یەکبگرێتەوە و ریزەکانی خۆی یەك بخات و کۆمیتەیەکی ناوەندی پێك بهێنێت بە سەرکردایەتی (باسم) بهاءالدين نوری.

پاش شۆڕشی ١٤ تەموز/١٩٥٨ دەرفەتێکی فراوان و ئازاد کرایەوە لەبەردەم حزبی شیوعی عێراقی، بۆ گەشەکردن و چالاکیەکانی گەیشتە لوتکە له هەموو بوارەکان و لە هەموو شار و ناوچەکانی عێراق، ڕێکخستنەکانی حزب پێشڕەوایەتی هەموو خۆپیشاندان و ڕێ پێوانێکیان دەکرد بۆ پشتگیریکردنی شۆڕش و سەرکردەکەی عبدالكريم قاسم، توانیان رۆڵی سەرەکی لەناو چەندین ڕێکخراو و سەندیکای جەماوەری ببینن. هەروەها پێگەی خۆیان لەناو سوپا بەهێز بکەن.

هەر لە مانگی ئەیلول/١٩٥٨ کونفرانسێکیان بەست بۆ باس کردنی کێشە و ڕووداوە هەنوکەییەکان، پاشان کۆمیتەیەکی ناوەندیان هەڵبژارد.

لەپاش کودەتا سەربازیەکەی ٨/شوبات/١٩٦٣ حزبی شیوعی تووشی شکستیەکی گەورە هات، ژمارەیەکی زۆری کادیر و ئەندام و سەرکردە تووشی گرتن و کوشتن هاتن.

دوای کودەتاکەی ١٧/تەموز/١٩٦٨ جارێکی تر پەیوەندییەکانی نێوان حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالست کە لە دەسەڵاتدا بوو، لەگەڵ حزبی شیوعی عێراقی ئاسایی بووەوە و بەیەکەوە لەناو بەرەیەکدا کۆبوونەوە و حزبی شیوعی بەشداری حکومەتی کرد، ئەم بارودۆخە تا ساڵانی هەشتاکانی خایاند، کە جارێکی تر حزبی شیوعی و ڕێکخستنەکانی کەوتنە بەر هێرش و گرتن و کوشتن.

[٩١]لە ماوەی نێوان (١٠ _ ١٥) تشرینی دووەم/١٩٨٥ حزب کونگرەی چوارەمی بەست بە ئامادەبوونی (١٢٨) نوێنەر و پاش (٦) ڕۆژ لە کۆنگرە بەستن حزب سەرکردایەتیەکی نوێی هەڵبژارد کە بەم جۆرە پێکهاتبوو:

مەکتەبی سیاسی: ١- عزیز محمد _ سکرتێر

**ئەندامان:** ٢- عمر علي الشیخ، عبدالرزاق الصافي، کاظم حبیب العطار، فخری کریم، حمید البیاتی، سلیمان یوسف، أزخاجا دوریونیك، کریم احمد.

**کۆمیتەی ناوەندی:** رحیم عجینة، توما صادق، مهدی عبدالکریم، أحمد مەلا قادر عادل محمد، محمد سلیمان شیخ محمد، سلیمان محمد سلیمان.

**مەکتەبی عسکری:** سلیمان یوسف: رحیم عجینە، یوسف حنا.

بەرپرسی هەرێمی کوردستان: سلیم اسماعیل.

هێڵی ڕێکخراوەیی حزب لەسەر بنەمای ناوەندێتی دیموکراسی پێکهاتبوو. ڕێکخراوەکانی لە سەرەوە بۆ خوارەوە بەم جۆرە پێکهاتبوو.

کۆنگرە، کۆنفرانس، کۆمیتەی ناوەندی، مەکتەبی سیاسی، سکرتێری گشتی، لیژنەی هەرێم، لیژنەی ناوچە، لیژنەی شار، شانە.

**٣٩- حزبی شیوعی عێراقی لەبەر زۆر هۆ تووشی دووبەرەکی و ململانێ و جیابوونەوە هات، چەندین ڕێکخراو و دەستەو گروپی جۆراوجۆری لێ جیابۆتەوە، لە ماوەی ئەم سەردەمەی باسی دەکەین دەکرێ ئاماژە بۆ ئەم ڕێکخراو و گروپانە بکەین:[٩٢]**

أ- گروپی بەرەوپێش (الی الامام):

یەکەم جیابوونەوە بوو لە حزبی شیوعی عێراقی لەلایەن رۆژنامەنووس (ذوالنون أیوب) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی رابەرایەتی کرا. بەهۆی نەبوونی دیموکراسیەت لەناو خودی حزب هەروەها نەبوونی پێڕەوی ناوخۆ. ئەم گروپە لە مانگی تەموز/١٩٤٢ بلاوکراوەیەکی نهێنی ناوخۆیان دەرکرد بەناوی (الی الامام)، بۆیە ئەم ناوەیان بەسەر سەپێنرا، داوای بەستنی کۆنگرەیان دەکرد. بەلام داواکەیان لەلایەن خودی ـ فهد ـ قبوڵنەکراو لە ١٦/ئاب/١٩٤٢ کۆمیتەی ناوەندی بڕیاری دەرکردنی هەموویانیدا.

ب- گروپی ـ الشرارة ـ

ئەم گروپە لەلایەن عبدالله مسعود القرینی رابەرایەتی دەکرا. ناوبراو دوای ئازادکردنی لە بەندیخانە لە ٢٧/نیسان/١٩٤٢ گەڕایەوە ناو کۆمیتەی ناوەندی و وەك جێگری ـ فهد ـ لە مەکتەبی سیاسی کاری دەکرد.

لە ماوەی رۆیشتنی ـ فهد ـ بۆ یەکێتی سۆڤیەت لە مانگی تشرینی دووەم/١٩٤٢ بە هاوکاری سێ ئەندامی تری سەرکردایەتی حزب (صفاءالدین مصطفی، نعیم طویق، ودیع طلیا). دەستیان گرت بەسەر کەرەستەکانی چاپ و دەرکردنی رۆژنامەی (الشرارة الجدیدة). کونگرەیەکی گشتیان بەست بە ئامادە بوونی (٢٦) نوێنەر، لەو کۆنگرەیە کۆمیتەیەکی ناوەندیان هەڵبژارد لە (١١) ئەندام ناوی ـ فهد ـیش لەگەڵدا بوو.

بەلام لایەنگرانی (فهد) دژی ئەم هەوڵە وەستان و کۆمیتەیەکی تریان پێکهێنا، هەر بە گەڕانەوەی (فهد) کاروبارەکانی دوبارە رێکخستەوە.

جـ- گروپی یەکێتی تێکۆشان (وحدة النضال):

ئەم گروپە لەلایەن کادری پێشکەوتوو (هارون زلخا) رابەرایەتی دەکرا لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٤. پێکهاتبوو لە پاشماوەی هەردوو گروپی (الی الامام) و (الشرارة). بلاوکراوەیەکیان بەناوی (وحدة النضال) بلاودەکردەوە هەر بەو ناوەش ناو بانگیان دەرکرد، گفتوگۆ لەنێوان ئەم گروپە و سەرکردایەتیەکەی دەستی پێکرد، بەپێی چەند مەرجێك گەڕانەوە ناو رێکخستنەکانی حزبی شیوعی عێراقی.

د- ڕێکخراوی شیوعیە عێراقیەکان:

ڕابەرایەتی ئەم گروپە لەلایەن نزیکترین کەسی (فهد) دەکرا کە داود الصائغ بوو. صائغ پاش دەرچوونی لە بەندیخانە لە ١٤/کانونی یەکەم/١٩٤٣ لە ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی عێراقی جیابۆوە و ڕێکخستنێکی پێکهێنا ناوی لێنا ـ رابطة الشیوعیین العراقین ـ هەروەها بڵاوکراوەیەکی نهێنی دەرکرد لەژێر ناوی ـ العمل ـ یەکەم ژمارەی لە نیسانی/١٩٤٤ دەرچوە و هێرشی توندی کردۆتە سەر کەسی ـ فهد ـ هەروەها داوای بەستنی کۆنگرەی کردووە.

ساڵی ١٩٤٧ داود الصائغ لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانی حکومەت دەسگیرکراو ڕێکخراوەکەی هەڵوەشایەوە.

هـ- حزبی شیوعی کوردی (شۆڕش):

لقە کوردییەکەی ڕێکخستنی یەکێتی تێکۆشین ـ وحدة النضال ـ بڕیاریدا ببێتە حزبێکی شیوعی سەربەخۆ لە سنوری کوردستانی عێراق کار بکات.

لە پایزی ١٩٤٥ ئەم حزبە پێکهات، بەناوی (شۆڕش) ناسرا بەهۆی ئەو بڵاوکراوەیەی کە دەری دەکرد لەژێر ناوی شۆڕش.

کۆمیتەی سەرکردایەتی ئەم حزبە بریتی بوو لە:

صالح الحیدري: سکرتێر

(علي عبدالله، رشید عبدالقادر، عبدالحمید محمد، نافع یونس، کریم توفیق، نوری محمد أمین) ئەندامانی ئەو کۆمیتەیە بوون.

و- کۆمەڵەی ئەستێرە ـ النجمة ـ:[٩٣]

ئەم کۆمەڵە کۆمونیستە پاش لەسێدارەدانی ـ فهد ـ سکرتێری حزبی شیوعی، جیا بوونەوەی خۆیان ڕاگەیاند لە سەرکردایەتی حزبی شیوعی عێراقی، کە جاسم الطعان بەرپرسی یەکەم بوو.

کۆمەڵە ڕێکخستنی خۆیان لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٤٩ ڕاگەیاند، بنکەی چالاکیان شاری سلیمانی بوو، لەسەرکردەکانی ئەم کۆمەڵەیە (اکرم یامولکی) بەرپرسی لیژنەی ناوچەی حزبی شیوعی لە سلێمانی)، عمر علی أمین، غفور کریم، أنور محمد ئاغا، أحمد شیخ حسن.

گروپی ئەستێرە بە توندی هێرشیان کردە سەر سەرکردایەتی حزبی شیوعی و خودی (فهد) یان تاوانبار کرد بە لاوازی و بێ توانایی لە ئاست ئەرکەکانی و ئەو شکستانەی بەسەر حزبدا هاتوە.

کۆمەڵە لە بواری کارکردنی سیاسی زۆر درێژەی نەکێشا و ناکۆکی کەوتە نێوانیان گروپێکیان کە پێك هاتبوو لە کریم صوفي، عمر علي أمين، کمال محمود، جیابوونەوە لە (اکرم یامولکی) و تاوانباریان کرد بە کەم و کورتی و هەڵەی رێکخراوەیی و هزریی و رێکخراوێکیان پێکهێنا لەژێر ناوی ـ یەکێتی ـ و رۆژنامەیەکیان بە هەمان ناو بڵاوکردەوە و دروشمی (یەکێتی شیوعیە عێراقیەکان لەژێر سەرکردایەتی پرۆلیتاریای ژێر ئەرکێکی مێژووییە) بەرزکردەوە.

دەزگا ئەمنیەکانی رژێم لە ١٦/تشرینی یەکەم/١٩٤٩ ئەم رێکخستنەیان بۆ ئاشکرا بوو، بەشێکیان دەسگیرکران، پاشماوەکەشی گەڕانەوە ناو ریزەکانی حزبی شیوعی عێراق.

**ز- ئاڵای کرێکاران (راية الشغيلة):**

پاش ئەو ناکۆکیانەی لەناو حزبی شیوعی عێراقی روویدا لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٣ کۆمەڵە شیوعیەکی بەندکراو لە بەندیخانەی بەغداد، بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە لە ٦/شوبات/١٩٥٣ و تیایدا ناڕەزایی خۆیان بەرامبەر بە (بهاءالدين نوري) دەربڕی ئەویش بڕیاری دەرکردنیانیدا لە ریزی حزبی شیوعی عێراقی.

ئەو گروپە لەناو بەندیخانە بڕیاریاندا بە پێکهێنانی (ناوەندێکی سەرکردایەتی) بۆ حزبی شیوعی و دەرکردنی رۆژنامەیەك بەناوی — راية الشغيلة — لە مانگی ئازاری/١٩٥٣.

لەو ناوانەی سەرکردایەتی ئەم گروپەیان دەکرد: عزیز محمد، عبدالسلام الناصري، عبدالرزاق الصافي، حمزة سلمان الجبوري، جمال الحيدري، حسين سلطان، بيتر يوسف.

سنوری چالاکی ئەم گروپە فراوانتر بوو پاش هەڵاتنی جمال الحیدری لە بەندیخانە و چالاکیەکانیان زۆر شاری وەك: بەغداد، کوت، هەروەها کوردستانی گرتەوە.

## ٤٠- حزبی شیوعی ئەرمەنی:[٩٤]

یەك لە لقەکانی حزبی کومونیستی عێراقی بوو لە مانگی کانوونی دووەمی/١٩٤٣ دامەزرا. بڵاوکراوەیەکی نهێنی هەبووە لەژێر ناوی (همك) واتا بنکە. حزب بەرەو لاوازی رۆیشت و بووە هۆی ئەوەی بڵاوکراوەکەی لە ساڵی ١٩٤٨ لە دەرچوون بوەستێت.

### ٤١- حزبی رزگاری نیشتمانی (التحرر الوطني):[٩٥]

کۆمەڵە کادیرێکی حزبی شیوعی عێراقی بوون، هەوڵی دامەزراندنی حزبێکیاندا کە ببێتە روکارێك بۆ چالاکیەکانیان لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا. بۆیە لە بەرواری ٢٢/ئەیلول/١٩٤٦ داواکارییەکیان بۆ وەزارەتی ناوخۆ بەرزکردەوە بە مەبەستی وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی.

داواکارییەکەیان هاوپێچی پرۆگرام و پێڕەوی ناوخۆی حزبەکە بوو، بەڵام لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ پەسەند نەکرا.

ئەنجومەنی دامەزرێنەر پێکهاتبوو لە:

حسين محمد الشبيبي، سەرۆك.

سالم عبيد النعمانی، سکرتێر.

محمد حسين أبو العيسی، محمد صالح السعيد، محمد علي زرقا، محمد علي يوسف، عبدالجبار حسون، يوسف عبود. ئەندامانی حزبەکە بوون.

### ٤٢- حزبی یەکگرتنی کۆمۆنیستەکان لە عێراق (وحدة الشيوعيين في العراق):[٩٦]

رەگ و ریشەی ئەم حزبە بۆ حزبی گەل دەگەڕێتەوە کە مۆڵەتی فەرمیان لێ وەرگیرایەوە لە مانگی ئەیلول/١٩٤٧ لەگەڵ داخستنی رۆژنامەکەیان (الوطن). سەرۆکەکەیان بەرەوڕووی رق و قینی شیوعیەکان بووەوە، بۆیە ناچاربوو بەناوی جۆراوجۆر کار بکات وەك: لیژنەی هۆشیاری مارکسی، لیژنەی هاورێیانی کۆریا، حزبی شیوعی عێراقی، رێکخستنی یەکگرتووی کۆمۆنیستەکان لە عێراق.

حزب رۆژنامەکەی بەناوی _ النضال _ دەردەچوو، دروشمی یەکێتی کۆمونیستەکانی بەرزکردبۆوە.

کۆنگرەیەکی حزبیان بەست کە چەندین ئەندام و کادیری تیادا بەشداربوو، مەکتەبی سیاسیان هەڵبژارد.

ئەم رێکخستنە لە مانگی نیسانی/١٩٥٦ هەڵوەشایەوە و رۆژنامەکەی لە دەرچوون وەستا پاش یەکگرتنەوەیان لەگەڵ گروپی _ القاعدة _ بێ هیچ مەرجێك.

### ٤٣- حزبی کۆنگرەی نیشتمانی ـ المؤتمر الوطني ـ:[٩٧]

لـە ٢٦/حـوزەیرانی/١٩٥٦ پێـنج لـە سـەرکردەکانی هەریـەك لـە حزبـی سـەربەخۆیی ـ الاستقلال - لەگەڵ حزبی نیشتمانی دیموکراتی (الوطني الدیموقراطي) داواکارییـەکیان بـۆ وەزارەتی ناوخۆ بەرز کردەوە بە مەبەستی دامەزراندنی حزبێـك بـەناوی حزبـی کـۆنگرەی نیشتمانی.

ئەوانی ناویان نووسرابوو لە حزبی (الاستقلال) محمد مهدي كبه، فائق السامرائي، محمد صديق شنشل، محمد أمين الريحاني، شهيد الياسري.

لە حزبی ـ الوطني الـديمقراطي -: كامـل جـادرجي، محمـد حديـد، حسـين جميـل، جعفـر البدر، هديب الحاج حمود.

بەڵام وەزارەتی نـاوخۆ داواکاریەکـەی پەسـەند نـەکرد لەبـەر چـەند هۆیـەك، کـە بـەپێی وەڵامدانەوەکە پەیوەندی بە بەرنامە سیاسەیەکەی ئەم حزبە هەبووە.

سـەرەڕای ئـەو هەلومەرجـە سـەرکردەکانی هـەر دوو حـزب بـەردەوام بـوون لـە پەیوەندییەکانی نێوان خۆیان و کارکردن و چالاکی نواندن بەناوی حزبە نوێیەکە تا رادەی بەشداریکردن لە هەندێ چالاکی لە بواری عەرەبی و جیهانی.

چەند سەرکردەیەکیان بەشداری لەپەیوەندییە عەرەبیـەکان کـرد وەك: فـائق السـامرائي، محمـد صـديق شنشـل، حسـين جميـل. هـەروەها کەسـانی وەك: محمـد مهـدي كبـه، كامـل جادرجي، بەشداریان لە کۆنگرەی میللی عەرەبی کرد لە شاری (دمشق) ساڵی ١٩٥٦، لەگـەڵ بەشداریکردنی سەرکردەکانی هەردوو حزب لە کۆنگرەی (هاوکاری گەلانی ئاسیاو ئەفریقیا) کە لە ساڵی ١٩٥٧ لە قاهرە بەسترا.

هـەر بـەهۆی دەسـدرێژییە سـێ قۆڵیەکـەی سـەر میسـر سـاڵی ١٩٥٦، هـەردوو حـزب بـە هاوکـاری حزبـی بەعسـی عـەرەبی سوسیالسـت و حزبـی شـیوعی عێراقـی رابەرایـەتی بزووتنەوەی بەرهەڵستیکردنی سیاسـەتەکانی ئیستعماریان کـرد، ئـەم چالاکیە بـووە هـۆی دەسـگیرکردنی هـەزاران کـەس، لەگـەڵ سـەرکردەکانی وەك محمـد صـديق شنشـل، فـائق السامرائي، كامل جادرجي.

## ٤٤- بەرەی یەکێتی نیشتمانی (جبهة الاتحاد الوطني):[٩٨]

ساڵی ١٩٥٤ بەشێوەیەکی نهێنی بەرەیەکی نیشتمانی دامەزرا کە ئەم لایەنانەی کۆکردبۆوە: (حزبی سەربەخۆیی، حزبی نیشتمانی دیموکراتی، پشتیوانانی ئاشتی (أنصار السلام)، حزبی شیوعی عێراقی، سەرەڕای چەند کەسایەتیەکی سەربەخۆ. هەموو ئەو لایەنانە لەنێوان خۆیاندا لەسەر پەیمانێك ڕێککەوتبوون بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی پەرلەمان کە لە ئەنجامدا (١٠) کەسیان لێ سەرکەوت.

لە مانگی شوبات/١٩٥٧ بەرە (لیژنەی نیشتمانی باڵا) ی پێکهێنا وەك سەرکردایەتیەکی سیاسی، ئەرکی سەرشانی دانانی بەرنامەو پلانی کارکردن و چاودیریکردنی جێبەجێکردنیان بێت[٩٩]، ئەندامانی لیژنەکەش بریتی بوون لە (محمد حدید لە حزبی نیشتمانی دیموکراتی، فؤاد الركابي لە حزبی بەعسی عەرەبی سوسیالست، محمد مهدي كبە لە حزبی سەربەخۆیی، عزیز الشیخ لە حزبی شیوعی عێراقی.

کۆبونەوەکانی بەرە بە ڕێکوپێکی بەڕێوە نەدەچوو، بەڵکو ڕووداو و گۆڕانکارییەکان کاریگەرییان بەسەر چالاکیەکاندا هەبووە.

بەرە لە یەکەم ڕۆژی دەست درێژییە سێ قۆڵیەکەی سەر میسر ساڵی ١٩٥٦ کۆبونەوە بۆ هەڵوێست وەرگرتن.

لە ڕۆژی ٩/ئازار/١٩٥٧ لیژنەی نیشتمانی باڵا بەیانێکی دەربارەی بارودۆخی سیاسی گشتی دەرکرد.

کۆبونەوەکانی سەرکردایەتی بەرە لە ماڵی ئەندامەکانی سازدەکرا لە کاتی جیاوازیشدا لەبەر بارودۆخی ئەمنی. بەرەچالاکیەکانی بەردەوام بووە تا هەڵگیرساندنی شۆڕش ١٤/تموز/١٩٥٨. بەڵام لەگەڵ ئەو مێژووە پەیوەندی و هاوکاری نێوان لایەنەکانی تێکچووە.

### ئامەنجەکانی بەرە:[١٠٠]

**لەڕۆژی ٩/ئازار/١٩٥٧ لە بەیاننامەیەکدا بەرە ئامانجە نیشتمانیەکانی خۆی دیاریکرد:**

١- لابردنی وەزارەتی نوری السعید و هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نیشتمانی.

٢-دەرچوون لە پەیمانی بەغداد و پیادە کردنی سیاسەتێکی ئازادانەی عەرەبی.

٣-بەرهەڵستیکردنی دەستێوەردانی ئیستعمار لە کاروباری وڵات بە هەموو شێوەیەك.

٤- ڕێگادان بە ئازادییە دیموکراسیە دەستوریەکان.
٥- لە کارخستنی بڕیارەکانی باری نائاسایی و ئازادکردنی گیراوە سیاسیەکان و گێڕانـەوەی دوورخراوە سیاسیەکان لەسەر کار.

## ٤٥- بزووتنەوەی ئەفسەرانی ئازادیخواز (حركة الضباط الاحرار):

بیرۆکـەی دروسـتبوونی بزووتنەوەیـەکی سیاسـی لـەناو هێـزە چـەکدارەکانی عێـراق دیاردەیـەکی کتـوپڕ نـەبووە، هـەروەها ئـەم کـارە بزووتنەوەیـەکی گشـتی و تەوەرەیـەکی ڕێکخراوەیـی نـەبووە لـەناو سـوپای عێـراق، بـەڵکو پـەرش وبڵاوبـووە و بریتـی بـووە لـە زنجیرەیەك پەیوەندی لەناو یەکە سەربازییەکان.

گەشـەکردنی هۆشـیاری سیاسـی و پێکهێنـانی شـانە نهێنیـەکان لـەناو ئەفسـەرانی سـوپای عێراق زیاتر بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە، وەك:(١٠١)

١- بـوونی جیـاوازی چـینایەتی و هەسـت کـردن بـە نـادادوەری کۆمەڵایـەتی، لـە کاتێکـدا زۆربەی ئەفسەران بە تایبەتی ئەفسەرە گەنجەکان لە چین و توێژی کۆمەڵایـەتی مـام ناوەندی و هەژار بوونە.
٢- کـارتێکردنی جـەنگی فەلەسـتین سـاڵی ١٩٤٨ و ئاکامـەکانی بەسـەر هەسـت و دەروونـی ئەفسەران.
٣- وابەستەیی سیاسەتی ڕژێمی پاشایەتی بەسیاسەتی حکومەتی بەریتانیا.
٤- کاریگەری شۆڕشی میسر لە ساڵی ١٩٥٢ لەرووی نەتەوایەتیەوە.

لە کۆتایی سـاڵی ١٩٥٢ ڕێکخسـتنی ڕاسـتەقینەی ئەفسـەرانی ئـازادیخواز دەسـتی پێکـردوە، هەریەك لە (نقیب) رفعـت حـاج سـري و هاورێکـەی (رائـد) رجـب عبدالمجیـد، دوو ئەفسـەر بوونە ڕۆڵی ڕاستەقینە و کاریگەریان هەبووە لەناو ئەو بزووتنەوەیە و لە پێکهێنـانی شـانە نهێنیەکانی ناو سوپا، هەردووکیان هەڵگری بیروباوەڕی ناسیونالستی عەرەبی بوون.

لەناو سوپا چەندین گروپی جیاجیا لە ئەفسەرانی ئازادیخواز دروست ببوون، ژمارەیان تا دەهات بەرەو زۆر بـوون دەچـوو، بـە کـارتێکردنی گۆڕانکـاری و دیـاردە سیاسـیە نـاوخۆیی و دەرەکیەکان. هەر بەهۆی پێگەیشتنی هەلومـەرجی لـەبارو گەشـەکردنی کـاری سیاسـی، ئـەو

گروپانە خۆیان لە سێ گروپ ڕێکخست پاشان بوونە دوو گروپ و لە کۆتایدا هەموویان لە یەك ڕێکخراو یەکیان گرتەوە.

پاش زنجیرەیەك کۆبونەوە و پەیوەندی پێش کۆتایی ساڵی (١٩٥٦) لیژنەی باڵای ئەفسەرانی ئازادیخواز پێکهات، ژمارەی ئەندامانی ئەو لیژنەیە (١٠) ئەفسەر بوون ناوەکانیان: زعیم رکن محي الدین عبدالحمید (سەرۆکی لیژنەی باڵا)، رجب عبدالحمید (ئەمینداری گشتی)، ناجي طالب، طاهر یحی، وصفي طاهر، عبدالکریم فرحان. لەلایەن ئەم لیژنەیە چەندین ڕێنمایی و بڕیار دەرچووە، دەربارەی ئەندامیەتی لە بزووتنەوەکە هەروەها ڕێکخستنی شێوازەکانی کارکردن، کە پێویست بوو پابەند بن بە شێوازی ناوەندییەکی توند و پشت بەستن بەرێکخستنی شانەی بچووکی نهێنی.

لەمانگی کانوونی دووەم/١٩٥٧ پاش گەڕانەوەی زعیم رکن عبدالکریم قاسم، فەرماندەی (تیپی ١٩) لەگەڵ عقید عبدالسلام عارف فەرماندەی بەتالیونی ٣ لە هەمان تیپ، هەوڵیدا کە هەر دوو ڕێکخراوی ئەفسەرانی ئازادیخواز (ئەوی خۆی سەرکردایەتی دەکات لەگەڵ ڕێکخراوەکەی محي الدین عبدالحمید) یەك بگرن. دووای گفتوگۆیەکی زۆر لە نێوانیان لە مانگی ئازار/١٩٥٧ یەکیان گرت.

هەر لەبەر ئەوەی لەرووی سەربازییەوە پلەی عبدالکریم قاسم لەوانی تر بەرزتر بوو، بڕیاردرا کە بە سەرۆکی لیژنەی باڵا دابنرێ لە مانگی ئاب/١٩٥٧.

لە مانگی تشرینی یەکەم/١٩٥٧ ژمارەیەك کە نزیکی (٨٠) ئەفسەر دەبوون لە پلە بچووکەکان بە سەرپەرشتی نقیب عبدالستار عبداللطیف هاتنە پاڵ ئەم ڕێکخراوە سەرەکیەی ئەفسەران. هەر لە شاری موصل کۆمەڵەی ئەفسەرانی شۆڕشگێڕ کە نقیب محمود عزیز عبدالله ڕێکیانی خستبوو ژمارەیان (٣٤) ئەفسەری گەنج دەبوون لەلایەن ئەفسەرانی ئازادیخوازەوە ئاراستە دەکران.

ئەفسەرانی ئازادیخواز لەناو یەکە سەربازییەکانی سوپای عێراق هەڵسوڕاو و لایەنگرانی خۆیان پەیدا کرد بوو ژمارەشیان نزیکەی (٢٠٢) ئەفسەر دەبوو.

لیژنەی باڵای ئەفسەرانی ئازادیخواز لەنێوان تشرینی دووەمی/١٩٥٦ تا تموز/١٩٥٨ کە شۆڕشەکەیان سەرکەوت، نزیکەی (٤٠) کۆبوونەوەی بەستبوو[١٠٢].

**ئەندامانی لیژنەی باڵای ئەفسەرانی ئازادیخواز ساڵی ١٩٥٨**(١٠٣)

| زنجیرە | ناو | پلە | ساڵی پەیوەندی |
|---|---|---|---|
| ١ | عبدالكريم قاسم | زعيم ركن | ١٩٥٧ |
| ٢ | محى الدين عبدالحميد | زعيم ركن | ١٩٥٦ |
| ٣ | ناجى طالب | زعيم ركن | ١٩٥٦ |
| ٤ | رجب عبدالحميد | عقيد | ١٩٥٦ |
| ٥ | عبدالوهاب الامين | عقيد ركن | ١٩٥٦ |
| ٦ | محسن حسين الحبيب | عقيد ركن | ١٩٥٦ |
| ٧ | عبدالسلام محمد عارف | عقيد ركن | ١٩٥٧ |
| ٨ | طاهر يحى | عقيد (خانه نشين) | ١٩٥٦ |
| ٩ | عبدالرحمن عارف | عقيد | ١٩٥٧ |
| ١٠ | رفعت الحاج سرى | مقدم | ١٩٥٦ |
| ١١ | عبدالكريم فرحان | مقدم ركن | ١٩٥٦ |
| ١٢ | عبدالوهاب الشواف | مقدم ركن | ١٩٥٨ |
| ١٣ | وصفى طاهر | مقدم | ١٩٥٦ |
| ١٤ | صبيح على غالب | رئيس ركن | ١٩٥٦ |
| ١٥ | محمد سبع | رئيس ركن | ١٩٥٦ |

## حزب و ڕێکخراوە سیاسیە کوردییەکان

**٤٦- کۆمەڵەکانی: بەرزی وڵات، کوردستان، گزنگ، فیداکاری کورد، وەتەن پەروەران:**(١٠٤)

لەماوەی جەنگی جیهانی یەکەم کەسێکی خەڵکی سلیمانی بەناوی ـجمال عرفانـ لەلایەن سوپای روسیا بەدیل گیرا. لەماوەی مانەوەی لە روسیا بیروباوەڕی مارکسی و کۆمۆنیستی سەرنجی راکێشاوەو ئاستێك هۆشیاری سیاسی پەیدا کردوە.

پاش گەرانەوەی بۆ شاری سلیمانی چەندین شانەو رێکخراوی پێکهێناوە لەماوەی ساڵی ١٩٢٠، وا دەردەکەوێت زۆربەی ئەوانەی پەیوەندییان بەو رێکخستنانەوە هەبووە، دژایەتی

ئاغاو دەرەبەگ و گەورە پیاوانی ئاینیان دەکرد، ئەم بیروباوەرە لە سلێمانیەوە گەیشتۆتە کۆیە لە رێگای چەند کەسانێك وەك: صالح قفطان، عزیز حمە فرج، احمد فخری علی شوقی.

ئەو جۆرە رێکخستنانەی پێکهاتبوون، خۆیان گۆڕی بۆ کۆمەڵەی سیاسی (ئەوانی لەسەرەوە ناویان نوسراوە) و خێرا چالاکیان دەست پێکردەوە.

أحمد خواجە لە کتێبەکەی (چیم دی) بەرگی ۳ دەڵێ: پێنج ئەنجومەن بەچری دەستیان بەکار کرد بەپێی بەرنامەیەکی رێکوپێك بۆ دژایەتی (میجەر سۆن) ئەو کۆمەڵانە زۆر بەنهێنی کاریان دەکرد، یەك بەرنامەیان هەبوو، هەروەها جۆرە شێوازێکی هاوبەشیان هەبووە لە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە چ لەناو شاریان لەناو فەرمانبەران. جمال عرفان لەبەرواری ١٢/کانونی یەکەم/١٩٢٢ لەلایەن کەسانێکی نەناسراو تیرۆرکراوە.

## ٤٧- أ- حزبی نیشتمانی کوردی:[١٠٥]

ئەم حزبە لە شاری سلێمانی دامەزراوە دوای دورخستەوەی شێخ مەحمود لە ساڵی ١٩١٩ بۆ وڵاتی هیندستان. دامەزرێنەرانی ئەم حزبە کۆمەڵە ئەفسەرو رۆشنبیرێك بوون، کە لەبواری سیاسەت کاریان کردوە. لە ئامانجەکانیان:

سەربەخۆیی کوردستان و دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی، هەروەها دامەزراندنی پەیوەندی باش لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بەریتانیا.

### ب- حزبی ئیسلامی:

ئەم حزبە لە شاری سلێمانی دامەزراوە دوای دورخستنەوەی شێخ مەحمود بۆ هندستان لە ساڵی ١٩١٩. دامەزرێنەرانی بریتی بوون لە پیاوانی ئاینی و سەرۆك عەشیرەت و دۆستانی شێخ مەحمود و چەند ئەفسەرێکی کورد لە سوپای عوسمانی لەوانە: عباسی محمود ئاغا، سید عبدالله سید حسن، سید محمد مفتي، کریم بەگ هەمەوەندی).

ئامانجەکانی حزب رێگرتن لە دەست تێوەردانی ئینگلیز لە کاروباری کورد و گێرانەوەی شێخ مەحمود و دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی.

### جـ- کۆمەڵەی هاوار:

ئەم کۆمەڵەیە لە ساڵی ١٩٤٥ دامەزراوە لە شاری سلێمانی بەدەست پێشخەری (رشید مەلا علی) و چەند مامۆستا و خوێندکارێك ـ گۆڤارێکیان دەرکردوە بەناوی (پشکۆ).

## ٤٨- کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان:[١٠٦]

حکومەتی بەریتانیا بیری لەوە دەکردەوە کە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە سیاسیەی (شێخ مەحمود) بەجێی هێشتووە لەشاری سلێمانی کەسایەتیەکی وەك (حەمدی بەگی بابان) دیاری بکات و ئەو جێگایەی پێ پڕبکاتەوە.

حەمدی بەگ لەنامەیەکدا بە مێژووی ٦/ئاب/١٩٢٠ پشتگیری خۆی بۆ پرۆژەکەی بەریتانیا دەربارەی عێراق دەربڕیوە، بەڵام ئەو کوردستانی وەك بەشێکی سەربەخۆی جیا لە ناوچەی دۆڵی رافیدەین دانا، هەروەها داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی پاشایەتی سەربەخۆی کورد لە باشوری کوردستان و لەژێر (ئینتیدابی بەریتانیا). بەپێی بەڵگەنامەیەکی بەریتانی حەمدی بەگ ئاماژەی بۆ ئەم پرۆژەیە کردبوو.

(رەفیق حلمی) لە یاداشتەکانی باسی دامەزراندنی کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان دەکات و لەویستی حەمدی بەگ بووە، بۆیە پەیوەندی لە نێوانیان هەبوە ئەویش واتا رەفیق حلمی بڕیاریداوە کار لە پێناو جێبەجێکردنی ئەو ئامانجە بکات.

لە هاوینی ١٩٢٠ رەفیق حلمی لە شاری سلێمانی هەوڵەکانی لەم بوارەدا دەست پێکردوە و کاری بۆ دروستکردنی رێکخراوێکی سیاسی کرد، کە پێکهاتبێ لە گەنجە نیشتمان پەروەرەکان و کەسایەتی و شێخ و مەلاو ئاغاو کاسبکارو هەندێ سەرۆك عەشیرەتە ناسراوەکانی وەك عەشیرەتی پشدەر، جاف، هەورامان، هەمەوەند، جەباری.

بۆ دامەزراندنی کۆمەڵە هەریەك لە (ماجد مصطفی، محمود جودت، سید عبدالله سید حسین) رۆڵی گەورەیان هەبووە لە پەیوەندیکردن بە شێخ و سەیدەکانی بەرزنجە و قەرەداغ و سەنگاو و سەرگەلو و عەسکەر. هەر بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵە لیژنەیەك لە (٧) ئەندامی چالاك پێکهات، دواتر بیر لەوە کرایەوە کە پرۆگرام و پێڕەوێکی ناوخۆ بۆ کۆمەڵە دابڕێژرێت لەگەڵ کردنەوەی لق و لیژنە لە شارەکان.

لـە کۆبونەوەیـەکی ئەنـدامانی کۆمەڵەکـە لـە مـاڵی (عـەزمی بـەگ) بەسـترا، بڕیـاردرا نوسـراوێك ئاڕاسـتەی (حەمـدی بـەگ) بکرێت و داوای لێبکرێـت کـە سـەرۆکایەتی کۆمەڵـە بگرێتە ئەستۆی خۆی و پەیوەندی بـە حکومـەتی بـەریتانیا بکات بـۆ سـەپاندنی مافـەکانی گەلی کورد، بە پێچەوانە ئەگەر بەریتانیا ڕازی نەبوو بەو داواکاریانە، ئەوا کـورد دەکەوێتـە ژێر کاریگەری پڕوپاگەندەکانی (ئۆزدەمیر) و تورکەکان.

کۆمەڵە هێشتا خـاوەن ڕێکخستنێکی وردی ڕێـك و پێـك نـەبوو، پەیوەندییـەکانی نێـوان ئەندامانی توندوتۆڵ نەبوو، تەنها لەناو شار ئەندامان و دەستەی بەڕێوەبـردن کۆبونـەوەیان دەبەست، هەر بەهۆی ناجێگیری ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە، حەمدی بەگ پاش گەڕانـەوەی بـۆ بەغداد لە دوای گەشتێك بۆ ناوچەکانی سلیمانی، پشدەر، پێنجوین، هەڵەبجە، تووشـی بـێ ئومێـدی هـات لـە ئاسـت کۆمەڵـە، بەتایبـەتی پـاش ئـەوەی تێگەیشـت بـیرو بۆچـوونەکانی بـەریتانیا دەربـارەی کـورد بـاش نییـە، بۆیـە وازهێنـانی خـۆی لـە سـەرۆکایەتی کۆمەڵـە ڕاگەیاند.

ئەم بڕیارە لەرووی مەعنەوییەوە تێکشـکانێکی گـەورە بـوو بـۆ کۆمەڵـە، هـەر لەبـەر زۆر هۆکاری تر کۆمەڵە نەیتوانی بەردەوام بێت لەسەر چالاکیەکانی.

### ٤٩- کۆمەڵەی کوردستان:(١٠٧)

لە مانگی تەموز/١٩٢٢ کۆمەڵێکی نهێنی بەناوی ـ کۆمەڵەی کوردستان ـ لە شاری سلێمانی دامـەزرا بـە سـەرۆکایەتی (مصـطفی پاشـای یـامولکی) و ئەندامیـەتی هەریـەك لـە (ڕەفیـق حلمی ـ أحمد توفیق بگ ـ صالح قفطان ـ کەریمی عەلەکە ـ حاجی ئاغـای فـتح الله ـ فـائق بگ ـ عارف بگ ـ أدهم یوزباش ـ شیخ محمد گـولانی ـ احمـد بهجت أفنـدي ـ علـي أفنـدي باپیر ئاغا.

بەلام رفیق حلمی لە یاداشتەکانی باسی ئەوە دەکات کە سەرۆکایەتی کۆمەڵە دواتر درایە شێخ مەحمود.

لـەو قۆناغـەدا ئامـانجی کۆمەڵـە پشـتگیریکردنی بزووتنەوەکـەی شـێخ مـەحمود بـوو لـە سـلێمانی. کۆمەڵـە ڕۆژنامەیـەکی دەرکـرد بـەناوی ـ بـانگی کوردسـتان ـ یەکـەم ژمـارەی لـە ڕۆژی ٢/ئاب/١٩٢٢ دەرچوو.

**کۆمەڵە چۆن دامەزرا:**

پاش ئەوەی (مصطفی کمال أتاتورك) دەسەڵاتی گرتە دەست لە وڵاتی تورکیا، مصطفی پاشای یامولکی لە ئەستەنبولەوە گەڕایەوە بۆ سلێمانی لە تەموزی/١٩٢١ لە ترسی ئەوەی نەك تووشی لێپرسینەوە بێت، چونکە مصطفی پاشای یامولکی پێشتر دادوەربووە لە دادگاو بڕیاری کوشتنی بەسەر مصطفی کمال اتاتورك دەرکردوە لە سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانی.

مصطفی پاشای یامولکی خاوەن ئەزمونێکی دوور و درێژی خەبات بووە لە ماوەی کارکردنی لە سەردەمی عوسمانیەکان، بۆیە هەوڵیداوە ئەو شارەزاییەی لە خزمەت میللەتەکەیدا بەکار بهێنێ و دەست پێشخەری کرد لە دامەزراندنی یەکەم کۆمەڵەی سیاسی.

دوای گەیشتنەوە بۆ سلێمانی یامولکی پەیوەندییەکانی دەستی پێکرد بۆ دروستکردنی کۆمەڵە.

لەو چالاکیانەی کۆمەڵە پێی هەستا لە ١/تشرینی یەکەم/١٩٢٣ یاداشتێکی ئاڕاستەی کۆمەڵەی نەتەوەکان کرد، بەتوندی دژی ئەوە بوو کە ویلایەتی موصل بکەوێتە ژێر دەستی تورکیا، هەروەها داوای ئەوەی کرد کە هاوکاری گەلی کورد بکرێت بۆ چاککردنی باری ژیانی[١٠٨].

کۆمەڵەی کوردستان بۆ ئەوە دامەزرا کە بەربەرەکانی پڕوپاگەندەی تورك بکات و بیری نەتەوایەتی کوردی زیندوو بکاتەوە و ڕێگا لەبەردەم سەربەخۆیی کوردستان خۆش بکات.

## ٥٠- کۆمەڵەی ئیستیقلالی کوردستان (پارتی ئازادی):[١٠٩]

کۆمەڵەی ئیستیقلالی کوردستان (چڤاتا خووە سەریا کورد) کە بە پارتی (ئازاد)یش ناسراوە بەدەست پێشخەری میر ئالاّ (کولونیل) خالید بەگی جبرانلی لەسەرەك هۆزی جبرانلی) لە ئەرزەرۆم لە ساڵی ١٩٢١ بەشێوەیەکی نهێنی دامەزرا. دەستەی دامەزرێنەرانی ئەو کۆمەڵەیە پێکهاتبوون لە (یوسف ضیاء، اسماعیل حقی شاوەیس، احسان نوری پاشا، (ملازم) راسم شکاك، رشید وانلی.. .

کۆمەڵەی ئیستقلالی کوردستان لە یەکەمین کۆمەڵە کوردییەکان بوو لەرووی سیاسیەوە کە بەشێوەیەکی تەواو هاتە دامەزراندن لەرووی ڕێکخستنی سیاسی و دەرخستنی

ئامانجەکانی. هەر بۆیە لەماوەیەکی کەمدا توانی ژمارەیەکی زۆر لە نیشتمانپەروەران لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە و چەند لقیش لە شوێنە جیاجیاکانی کوردستان بکاتەوە.

لقی موصلی کۆمەڵەی ئیستقلالی کوردستان دوای سەرنەکەوتنی کوردەکانی باکوری کوردستان لە شۆرشی ١٩٢٥، هاتە دامەزراندن و دەستەی بەڕێوەبردنی ئەو لقە لە ٢٦/تموز/١٩٢٦ لە (١١) ئەندام پێکهاتبوون و زۆربەشیان لە پلەو پایەی سەربازی و میری دابوون وەکو: مقدم عبدالوهاب أفندی، ملازم أمین رەواندوزی، ملازم حسین أفندی رەواندوزی، معروف جیاووك (دادوەر).

بەڕێوەبەری لقی موصل أمین رەواندوزی بوو کە راستەوخۆ پەیوەندی بە سەرۆکی کۆمەڵەکەوە هەبووە و پەیوەندی و نامەگۆڕینەوە و سەردان لەنێوانیاندا هەبووە. بەهۆی چالاکی ئەندامانی ئەم لقە، فشارێکی زۆر لەلایەن حکومەت کەوتۆتە سەریان، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵە بەردەوام بووە لە چالاکیەکانی تا دامەزراندنی کۆمەڵەی خۆیبوون لەتشرینی یەکەم/١٩٢٧.

## ٥١- کۆمەڵەی کوردی نهێنی:[١١٠]

تاکە سەرچاوە کە باس لەو کۆمەڵەیە بکات (عبدالفتاح علی بوتانی)یە کە لە کتێبی (الحیاة الحزبیة في الموصل) دەڵێ: یەکێك لە رێکخراوە سیاسیەکان کە دامەزرا بەر لە بەستنەوەی باشوری کوردستان بە عێراق لە ١٦/کانوونی دووەم/١٩٢٥ کۆمەڵەی نهێنی کوردی بوو کە دژی هەوڵەکانی بریتانیا وەستا بۆ بەستنەوەی باشوری کوردستان بە عێراقەوە. بنکەی چالاکیەکانی ئەو کۆمەڵەیە لە سلێمانی و رەواندوز هەبووە. هەریەك لە (احمد فقي، کریم فتاح هموندی، نوري باویل ئاغا) لە ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە بوون.

## ٥٢- کۆمەڵەی بەرگریکردن لە نیشتمان:[١١١]

لە ١٤/شوبات/١٩٢٥ لە خانەقای (خالد نقشبەندی) لەماوەی کۆبونەوەیەکی فراوان کۆمەڵەی بەرگریکردن لە نیشتمان دامەزرا، لەو کۆبونەوەیە (١٥) ئەندام دیاریکران وەك ئەنجومەنی بەڕێوەبردن، لەوانە: أحمد بەگ توفیق بەگ، حەمدی عبدالرحمن ئاغا، رشید مەستی، توفیق قەزاز، شوکت بەگی عزمی بەگی بابان، علی عرفان، حاجی سعید ئاغا، توفیق بەگی محمود ئاغا، شیخ محمد أفندی گەلاڵی، عزت بەگی عثمان پاشا، احمد بەگ

فتاح، محمد بەگ قادر پاشا، حاجی ابراهیم ئاغا، محمد بەگ حاجی رسول بەگ، محمد أفندی سەرۆکی شارەوانی، فتاح أفندی (ئەوقاف)، فائق بەگ معروف بەگ.

ئەوەی جێگای سەرنج راکێشانە کە زۆربەی ئەو کەسانە لە کوردە نیشتمان پەروەرەکانی بەشداربووی کۆمەڵە کوردییەکانی تر بوون، ئەوانی دژ بە سیاسەتی بەریتانیا و تورکەکان کاریان دەکرد، بەڵام بێ ئومێدیان لە دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ لەو هەل و مەرجەدا لەگەڵ ئەو کوشتارە فراوانەی کە تورکەکان پێی هەستان دژ بە کوردی باکوری کوردستان ناچاری کردن کە رێگای عێراق هەلبژێرن.

**ئامانجەکانی کۆمەڵە هەروەك رەشید نەجیب باسی دەکات بریتییە لە:**

بەهۆی دانەمەزراندنی حکومەتێکی کوردی و لەبەر ئەوەی کوردستانی باکور لەژێر دەسەڵاتی تورکەکان مایەوە، بێ گومان یەکێتی لەگەڵ عێراق باشترە لەوەی کە لە خزمەتی تورکدا بێت. سەرەڕای ئەوەش بەهۆی فشاری بەریتانیا، لە پرۆگرامی کۆمەڵە لە بەندەکانی (٢، ٣، ٤)دا هاتبوو: کۆمەڵە کار لە پێناوی کوردستان دەکات کە ببێتە بەشێك لە عێراق.

ئەم کۆمەڵەیە لە سلێمانی دامەزرابوو لە ڕاستیدا وەك دەردەکەوێ لقێکی کۆمەڵەی موصل بوو کە بە رێنمایی بەریتانیا و ناسیۆنالستە عەرەبەکان کاری دەکرد.

## ٥٣- کۆمەڵەی زانستی لە کەرکوك:[١١٢]

کۆمەڵە لە ٢١/حوزەیران/١٩٢٦ دامەزرا، دەستەی بەڕێوەبردنی بریتی بوون لە:

مەلا عبدالقادر أفندي ـ سکرتێری گشتی

مصطفى افندي ـ جێگری یەکەم

عبدالخالق أفندي ـ جێگری دووەم

**ئەندامان:** أحمد أفندي، قادر أفندي کوڕی حسن بلو، عزیز أفندي توفیق فتاح. کۆمەڵە پەیوەندی باشی هەبووە لەگەڵ کۆمەڵەی زانستی لە سلێمانی هەروەها لەگەڵ هەندێ لە رۆشنبیرانی رەواندوز. کۆمەڵە لقێکی لە شارۆچکەی پردێ کردەوە، سەرۆکەکەی صالح ئاغای محمد والی ئاغا بوو. چەند کەسایەتیەك و رۆشنبیر و سەرۆك عەشیرەتەکانی داودە،

تاڵەبانی، کاکەیی ببوونە ئەندامی کۆمەڵە وەك: رفعت بەگ اسماعیل بەگ، حسین بەگ، اسماعیل بەگ، محمد خورشید داودی، شیخ عزالدین أفندي، شیخ حبیب أفندي، شیخ جمیل أفندي تاڵەبانی، سید خلیل ئاغا، سید سلیمان ئاغا، علی ئاغای کاکەیی.

لە بەڵگەنامەیەکی بەریتانی لە ٢٧/کانونی دووەم/١٩٢٦دا هاتووە، کە کۆمەڵە ئەندامێکی بەناوی حەمید ئەفەندی کوڕی حاجی فەتاح رەوانەی ناوچەی پشدەر کردوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری سیاسیی و سەربازی.

### ٥٤- کۆمەڵەی زەردەشت:[١١٣]

کۆمەڵە گەنجێکی شۆڕشگێڕ لە ساڵی ١٩٢٦ ئەم کۆمەڵەیەیان لە شاری سلێمانی پێکهێنا. کە بەشێوەیەکی نهێنی کاری دەکرد و دژایەتی سیاسەتی بەریتانیای دەکرد لە ئاست کوردستان. بەشێك لە ئەندامانی کۆمەڵە: لە شاری بەغداد بوون، چەند لقێکی لە هەولێر و سلێمانی هەبوە و (مصطفى صائب) سکرتێر بووە.

**ئەندامان:** شێخ سەلامی شاعیر، شوکت عزمی بەگ بابان، کریم روستم، أحمد عزیز ئاغا، عبدالواحد نوري، عثمان فائق، شیخ محمود، فؤاد مەستی. ئەندام بوون. تەمەنی ئەم رێکخراوە تا ساڵی ١٩٢٩ بووە.

### ٥٥- کۆمەڵەی برایی:[١١٤]

کۆمەڵە لەنێوان ساڵانی (١٩٢٧ _ ١٩٣٣) چالاکیەکانی درێژەی کێشا. ئاکار و مۆرکی ئاینی پێوە دیار بوو، بیروباوەڕەکانی پشتی بە قورئان و پابەندبوون بە بنەماکانی ئیسلامی دەبەست.

خەباتی دەکرد لە پێناو مافەکانی نەتەوەی کورد و چینی هەژار، باوەڕی بە برایی هەبووە بێ جیاوازی لەنێوان کوردان بەهۆی ئاینەوە، هەروەها جەختی لەسەر نەهێشتنی نەخوێندەواری لەناو جەماوەردا دەکردەوە.

لە هەڵوێستەکانی کۆمەڵە هاوکاریکردن لەگەڵ ئەوهێزە عەرەبییانەی کە باوەڕیان بە رەوایی کێشەی کورد هەبووە، هەروەها گفتوگۆکردن لەگەڵ حکومەتی پاشایەتی لە عێراق، ئەگەر ئامادەیی هەبێ بۆ داواکانی گەلی کورد.

## ٥٦- کۆمەڵەی پشتیوان:[115]

ئەم کۆمەڵەیە بە (کۆمەڵەی پشتیوانی کوردان)یش ناودەبرا. لەسەر دەستی ژمارەیەك نیشتمان پەروەری کورد لە شاری بەغداد بە شێوەیەکی نهێنی لە ١٠/تموز/١٩٢٧ دامەزرا.

**دەستەی سەرکردایەتی کۆمەڵە پێکهاتبوون لە ئەفسەر و پلەدار و فەرمانبەرانی میری. لەوانە:**

**مصطفی شوقي: سەرۆك.**

**رشید نجیب سکرتێری یەکەم**

**احمد خواجە: سکرتێری دووەم**

**خلف شوقي، امین رەواندوزی: ئەندام**

کۆمەڵەی پشتیوان لەماوەیەکی کورتدا چەندین لقی لە شارە جیا جیاکاندا کردەوە، بەڵام لقی موصل لە هەموویان چالاکتر بوو.

یەك لە چالاکیەکانی کۆمەڵە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەك بوو لە تەموز/١٩٣٠ بەسەر ماڵە کوردەکانی بەغداد و لقەکانی دیکەدا، تیایدا داوای بەشداری نەکردنی بوو لە هەڵبژاردنی نوێی عێراق، لەبەر ئەوەی ناتوانن دان بە رژێمێکدا بنێن کە دان بە مافەکانیاندا نەنێت.

## ٥٧- کۆمەڵەی ئازادی کوردستان:[116]

کۆمەڵە لە کۆتایی بیستەکانی (سەدەی بیستەم) دامەزرا لەلایەن ژمارەیەك نیشتمان پەروەر کە پێکهاتبوون لە: جمال بابان، محمد ئاغای عبدالرحمن ئاغا، محمد بەگ جاف، شیخ جمال تاڵەبانی، اسماعیل بەگ رەواندوزی، حسین حوزنی موکریانی، معروف جیاوك، عارف جیاوك، حازم شەمدین ئاغا... چەند کەسێکی تر.

## ٥٨- كۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردان:[١١٧]

ساڵێ ١٩٣٠ لە شاری موصل بەشێوەیەکی نهێنی لە سەردەستی کۆمەڵە نیشتمان پەروەرێکی کورد کۆمەڵە دامەزرا. ئامانجەکانی یەکخستنی دڵسۆزان بوو بە مەبەستی بەدیهێنانی مافە رەواکانی گەلی کورد.

لە ئەندامەکانی: محمود جودت، فائق کاکەمین، محمد علی، أمین رەواندوزی.. هتد).

کۆمەڵە پەیوەندی لەگەڵ چەندین کەسایەتی و ناودارانی ئەو سەردەمەی کردووە وەکو: رفیق حلمی، أحمد خواجە، احمد فخری، بە مەبەستی کردنەوەی لق بۆ کۆمەڵە لە ناوچەکانی تری کوردستان.

بەهۆی ئاشکرا بوونی ئەندامانی لە لایەن کاربەدەستانی حکومەت و ئینگلیزەکان، فشار کەوتە سەر ئەندامانی و بووەهۆی دوورکەوتنەوەیان لە یەکتر، بۆیە لەدووای سال و نیوێك لە تەمەنی کۆمەڵە کارەکانی وەستا.

## ٥٩- کۆمەڵەی یاریدەدەران:[١١٨]

کۆمەڵە لەسەر دەستی ژمارەیەك لە خوێندکارانی کوردی شاری هەولێر دامەزرا لە ١٨/ئایار/١٩٣١ زۆر لە کورە ئاغاو کاربەدەستانی ئەو شارەی لەخۆ گرتبوو. لەلایەن (جلال نوری)یەوە سەرکردایەتی دەکرا.

ئامانجی کۆمەڵە بلاوکردنەوەی بیری کوردایەتی و پێشخستنی زمانی کوردی بوو. یەك لە کارەکانی کۆمەڵە پێشکەشکردنی یاداشتێك بووە بۆ گەورە بەرپرسێکی حکومەتی عێراق لە ماوەی سەردانەکەی بۆ شاری هەولێر، تیایدا داوای چاککردنی باری ناوچە کوردییەکانی کردوە.

## ٦٠- یانەی سەرکەوتن:[١١٩]

کوردە ناودارەکانی شاری بەغداد بەدەست پێشخەری معروف جیاووك لە بەرواری ٩/شوبات/١٩٣٠ داواکارییەکیان بۆ وەزارەتی ناوخۆی عێراق بەرزکردەوە، داوای مۆڵەتی فەرمیان کرد بۆ دامەزراندنی یانەیەك بەناوی یانەی ـ سەرکەوتن ـ وەزارەتی ناوخۆ لە ٢٠/ئایار/١٩٣٠ رەزامەندی دەربڕی لەسەر داواکاریەکە.

**لـه رۆژی ۳۰/ئایـار/۱۹۳۰ لـه ئاهـەنگێکی فراوانـدا یانـەی سـەرکەوتن کرایـەوە. لـە هەڵبژاردنێکی ئازادانە دەستەی بەڕێوەبردنی یانەکە بەم جۆرە دیاری کرا:**

ابراهیم حیدری: سەرۆك

معروف جیاوك: معتمد

**ئەندامان:** محمد أمـین زکـي، محمـود جـودت، أحمـد ئاغـا کرکـوکي، عبـدالله لطفـي، خلـف شوقي داودي، محمد عارف أفندي.

ئامـانجی یانەکـە: پێشکەشـکردنی خزمـەتگوزاری بـۆ ئـەو کوردانـەی سـەردانی شـاری بەغدادیان دەکرد.

لە پێڕەوی ناوخۆی یانەی سەرکەوتندا هاتبوو کە یانە لەگەڵ سیاسەتدا تێکـەڵاو نابێـت، بەڵام بەتێپەڕبوونی کات و هاتنە ناوەوەی ئەندامانی تازە، کار بـەو پێـڕەوە نـەکرا و بـەلای کاری سیاسەت لایدا. هەر بۆیە کەوتە یارمەتیدانی کۆمەڵەی خۆیبـوون، هـەروەها هەوڵیـدا بۆ یەکخستنی خەباتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان لەنێوان بادینـان و سـۆران. ئـەم یانەیە ماوەیەکی درێژ لە چالاکیەکانی بەردەوام بوو.

## ٦١- کۆمەڵەی لاوان:[(١٢٠)]

کۆمەڵە لە ساڵی (١٩٣٠) لەلایەن چەند خوێندکارێکی کورد لە پەیمانگاکانی بەغـداد و بـە هاوکاری چەند رۆشنبیرێك دامەزرا.

ئامانجە ئاشکراکانی، بوارەکانی رۆشنبیری و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی بووە، هیچ ئامـانجێکی سیاسی نەگرتۆتە خۆی. چـالاکیەکانی زیـاتر لـەناو خوێنـدکارانی کـورد بـووە بـە مەبەسـتی خزمــەتکردنی رۆشــنبیری کــورد، کۆمەڵــە لەلایــەن محمــد أمــین زکیــەوە ئاراســتە دەکــرا. گۆڤارێکی هەبووە بەناوی ـ دیاری لاوان ـ چەند بابەتێکی ئەدەبی و هـۆنراوەیی نیشـتمانی تیادا بلاو کراوەتەوە.

لە نووسەرەکانی ئەم گۆڤـارە (ابـراهیم أحمـد، حامـد فـرج، شـاکر فتـاح، فاضـل تاڵـەبانی، حاجی قادر، گۆرانی شاعیر).

## ٦٢- كۆمەڵەی برايەتی:[١٣١]

كۆمەڵە لە ساڵی ١٩٣٧ لە شاری سلێمانی دامەزرا بە سەرۆكايەتی (شيخ لطيف شيخ محمود) چالاكيەكانی درێژەی كێشا تا ساڵی ١٩٤٣. كۆمەڵەيەكی سياسی بوو، ئامانجی رزگار كردنی كورد و كوردستان بوو، سنوری چالاكيەكانی شاری سلێمانی تێپەڕ نەكردوە.

ئەوانەی پەيوەندييان بە كۆمەڵەی برايەتی هەبووە: محمود صديق شاوەيس، اسماعيل حقی شاوەيس، مصطفی حمەبۆر، محمد سعيد بەگ، عزت مەلا سعيد كابان، شيخ لطيف دانساز، مەلا سعيد خانقا، مەلا جلال حيدري، أحمد شكری، محمود احمد، محمد أمين مەنگوری، ماجد مصطفی، كريم زەند).

كۆمەڵە چالاكيەكی فراوانی هەبووە لە پشتگيريكردنی بزووتنەوەكەی شێخ محمود.

## ٦٣- كۆمەڵەی ئەستێرەكانی نازی:[١٣٢]

كۆمەڵەيەكی كوردی نهێنی بوو لە ناوەڕاستی ساڵانی سييەكان دامەزرا، چەند ئەفسەرێكی كوردی ناو سوپای عێراقی گرتبووە خۆی، لەوانە: عبدالعزيز ياملكی، (رائد) محمد خورشيد، (لواء) محمد أمين العمری، (فەرماندەی تيپی موصل).

بەپێی بۆچوونی نووسەری كتێبی (موسوعة الاحزاب العراقية) كۆمەڵە نەخشەی پلانی تيرۆركردنی ـ فريق ـ بكر صدقی دارشت و جێبەجێی كردوە لە فڕۆكەخانەی موصل.

## ٦٤- كۆمەڵەی لاوانی كورد:[١٣٣]

لە ساڵی ١٩٣٥ كۆمەڵە دامەزراوە لەلايەن: ابراهيم أحمد: فاضل تاڵەبانی، عارف تاڵەبانی، شاكر فتاح، بهاءالدين عارف، عبدالرحمن عبدالله، شيخ رؤوف شيخ محمود.

سەرەتا چالاكيەكانی بەشێوەيەكی نهێنی بەڕێوە دەچوو، دوای چەندين كۆبونەوە ئەو ناوانەی سەرەوە داواكارييەكيان بۆ وەزيری ناوخۆ (عبدالعزيز القصاب) بەرزكردەوە بە مەبەستی وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی.

بەڵام كارڕاييە ياساييە پيادە كراوەكان لەو سەردەمە بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی فەرمی كارێكی ئاسان نەبووە، بۆيە دامەزراندنی كۆمەڵە و بەردەوامبوونی سەركەوتوو نەبوو.

ئامانجەکانی کۆمەڵەش بریتی بوو لە بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری کوردی و زیندوکردنەوەی باری کۆمەڵایەتی و زانستی لە کوردستانی عێراق.

## ٦٥- کۆمەڵەی کورد:(١٢٤)

رێکخراوێکی سیاسی کورد بوو، کە لە ساڵی (١٩٣٥) بەدەست پێشخەری (محمود ئازادی) دامەزرا کە مامۆستا بوو لە ئامادەیی کەرکوك. کۆمەڵە چەندین کەسی تر ئەندامی بوون وەك: حمە طابو، مجول خیات، احمد خانم، فاضل عرفان، حمە سعید، فوزي کاکە، عزیز شالی، حسین بازیانی، نوری احمد طاهر، حسین شیخ معروف بەرزنجی، مصطفی گولانی، عبدالله توفیق جوهر، نوری شاوەیس، جمال بابان، محمد عبدالرحمن، جمال تاڵەبانی، رەئوف جلال، محمد بەگ جاف.

زۆرترین کارەکانی کۆمەڵە پێشکەشکردنی شانۆو پێکهێنانی تیپە موسیقیەکان بوو، هەروەها بەشداریکردن لە هەموو خۆپیشاندانە نەتەوەییەکان و زیندوکردنەوەی جەژنی نەورۆز بوو.

## ٦٦- کۆمەڵەی دارکەر:(١٢٥)

دەربارەی مێژووی دامەزراندنی کۆمەڵەی ـ دارکەر ـ جیاوازی لەنێوان مێژوونووسان هەیە، هەندێ دەڵێن کە لە ئەیلولی (١٩٣٧) دامەزراوە، بەشێکی دیکە بڕوایان وایە کە لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٣٨ دامەزراوە.

گەشەکردنی هۆشیاری نەتەوەیی لەناو جەماوەری کورد، بەتایبەتی چینی رۆشنبیر کە ئاواتیان دوارۆژێکی یەکسان بوو بۆ کورد وەك گەلانی تر، هۆی سەرەکی بوو بۆ دامەزراندنی کۆمەڵە. هۆشیاری و هەستی نەتەوایەتی هانی کۆمەڵە خوێندکارێکیدا کە ئەم هەوڵە بدەن بەتایبەتی سەردەمی دامەزراندنی کۆمەڵە سەردەمی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلان و رابوونی نەتەوایەتی بوو.

هەروەك دەربارەی مێژووی کۆمەڵە جیاوازی بیرورا هەیە، هەروەها لەسەر شوێنی دامەزراندنی جیاوازی هەیە.

بۆچوونێك هەیە دەڵێ ئەم کۆمەڵەیە لە شاری هەولێر دامەزراوە لەسەر دەستی یونس (دڵداری شاعیر) و نورالدین بهاءالدین و مستەفا عوزیری و فتاح عبدالجبار و موسی صمد و روستم عبدالجبار.

بیروڕایەکی تر هەیە دەڵێ: کۆبونەوەیەکی نهێنی لە ماڵی (برهان حامد) خوێندکاری ئامادەیی کەرکوك لە گەڕەکی (بەگلەر) بەسترا. ئەوانی ئامادەی کۆبونەوەکە بوون: یونس رؤوف، برهان حامد جاف، کاکە حمە خانقاه، مکرم تاڵەبانی.

لەو کۆبونەوەیە یونس رؤف وتارێکی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد دەربارەی هەلومەرجی کوردستان و ئەو هۆکارانەی پێویست بە دامەزراندنی کۆمەڵە دەکات.

زۆری نەبرد ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکار و ئەفسەرانی ناو سوپای عێراق پەیوەندیان بە لقەکانی کۆمەڵە کرد لە شارەکانی وەك: خانەقین، سلیمانی، هەولێر، کەرکوك، کفری، کۆیە، بەغداد، چەمچەماڵ.

کۆمەڵە هیچ پێڕەوێکی ناوخۆو بڵاوکراوەی نوسراوی نەبووە لە ترسی ئەوەی نەك بکەوێتە بەردەستی کاربەدەستانی حکومی.

## ٦٧- حزبی هیوا:(١٣٦)

**بەڕێز مکرم جمال تاڵەبانی لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێ:**

دامەزراندنی حزبی هیوا بۆ ساڵی ١٩٣٧ دەگەڕێتەوە لە شاری کەرکوك، بەناوی ـ ڕێکخراوی دارکەر ـ کە ناوی ڕێکخراوێکی ئیتالی بوو، بانگەوازی بۆ یەکگرتنی ئیتالیا دەکرد، پاشان بەهۆی گەشەکردنی کۆمەڵە، ناوەکەی گۆڕاو بوو بە حزبی هیوا.

لە سەرەتای دامەزراندنیدا ئەندامانی بریتی بوون لە چەند خوێنکارێکی کورد لە ئامادەیی کەرکوك.

**لە دیمانەیەکدا لەگەڵ خوالێخۆشبوو (مصطفى نەریمان) کە یەك لە ئەندامانی حزبی هیوا بووە، دەڵێ:**

پێویست بوو هەر کەسێك بە ئەندام وەربگیرێ سوێند بخوا بە ئامادەبوونی دوو ئەندامی تر لە ئەندامە کۆنەکان، هەروەها دەڵێ: لەناو ئەندامە ناسراوەکانی حزب:

محمد قەرەداغی، عبدالقادر زەنگەنە، وهاب قمبر، عبدالرحمن کریم، طاهر صالح، عطا تاڵەبانی، محمد نجیب تاڵەبانی، أحمد بابان، مصطفى جاف، شوکت جاف، أحمد برا حمە، شیخ أحمد شاکەلی، صابر حاجی فتح الله، ئەم ناوانە هەموویان خەڵکی ناوچەی کفری و خانەقین بوون.

ئەندامبوون لەناو حزبی هیوا بەو مەرجە بوو کە ئەندام لە سەرەتا سوێندی[١٣٧] حزبی بە قورئان بخوات، لە کاتی سوێند خواردنەکەش دووکەس لە ئەندامە کۆنەکانی حزب ئامادەبن، دروشم و ئاڵای حزب بریتی بوو لە شاخێك بە ڕەنگی سەوز و هەتاوێکی هەڵاتوو لەناو ئاسمانێکی شیندا و لەژێر دروشمەکەدا نوسرابوو (کۆمەڵەی هیوا، بژی کورد و کوردستان). هیوا پرۆگرام و پێڕەوێکی نوسراوی نەبووە، بەڵام هەلگری بەرنامەی هەمان ئەو کۆمەڵە و ڕێکخراوانە بوو کە هیوایان لێ پێکها تبوو.

**صالح حیدری لە یاداشتەکانی باسی حزبی هیوا دەکات:[١٣٨]**

جێگای سەرهەڵدانی حزبی هیوا شاری هەولێر بوو، کۆمەڵە خوێندکارێك کە هەلگری بیروباوەڕی نەتەوەیی بوون، بڕیاری پێکهێنانی ڕێکخراوێکی ناسیونالستیاندا، سەرەتا ناویان لێنا _ دارکەر - دامەزرێنەرە سەرەکیەکان ئەمانە بوون:

مصطفی عوزێری، یونس دڵدار، جلال قادر، موسی عبدالرحمن، احسان حاجی أحمد، روستم عبدالجبار.

ئەو کەسانە پەیوەندییان بە (رفیق حلمي) کرد بۆ ئەوەی سەرکردایەتی حزب بگرێتە دەست، ئەویش ڕازی بوو بە مەرجێك سەرکردە و ڕابەر بێت.

سنوری چالاکی حزبی هیوا فراوان بوو، سنوری عێراقی تێپەڕ کرد و گەیشتە ئێران و تورکیا، پەیوەندی هەبوە لەگەڵ گروپ و لایەنە سیاسیەکانی کورد لەو ناوچانە بۆ ڕێکخستنی کاری سیاسی لەگەڵ یەك.

حزبی هیوا ژمارەی ئەندامانی بەرەو زۆربوون دەرۆیشت، ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکار، کاسبکار، ئەفسەرانی ناو سوپا، پارێزەر و ئەندازیار و لە هەموو چین و توێژە جۆراو جۆرەکانی ناو کۆمەڵی لەخۆ گرت.

لەو ئەفسەرانەی لەناو ڕێکخستنەکانی حزب چالاکبوون: شەهید عزت عبدالعزیز، میر حاج مصطفی، شەهید مصطفی خۆشناو، رشید جودت.

کۆمیتەی ناوەندی حزبی هیوا پێکهاتبوو لە:[١٣٩]

رفیق حلمي: سەرۆك.

نوری شاوەیس: جێگری سەرۆك.

یونس دڵدار: سکرتێر

**ئەندامان:** أحمد خانەقا، برهان جاف، مكرم تاڵبانی، مصطفی عوزیری، رشید باجلان، روستم جەباری، فتاح جباری.

[١٣٠]ساڵی ١٩٤٢ حزب هەردوو نوێنەری خۆی (مصطفی خۆشناو، میر حاج أحمد) رەوانەی کوردستانی ئێران کرد بە مەبەستی پەیوەندیکردن لەگەڵ بزووتنەوەی کورد لە ئێران و بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان هەردوولا، ئەو سەردانانە چەند جارێك دووبارە بۆتەوە.

حزبی هیوا تا ساڵی ١٩٤٣ حزبێکی بەهێز بوو لەسەر گۆڕەپان و لە مێژووی بزووتنەوەی کورددا باشترین رێکخستنی هەبووە، سەرەڕای ئەو ڕاستیانە ململانێ و دووبەرەکی ناوخۆ لەناو باڵەکانی حزب گەشەی کردوە دەربارەی زۆر کێشەو بەرنامەو پلانی حزبی. لەڕاستیشدا ناکۆکیەکانی ناوخۆی حزب لەسەر دوو بابەتی سەرەکی بوو:

١- حزب چ ئاڕاستەیەکە سیاسی بگرێتە بەر لە خەباتی نەتەوەیی و پشت بەکێ ببەستێ؟
٢- ئایا پێویستە حزبی هیوا بە هەموو هێزو تواناکانی هاوبەشی لە راپەڕینەکەی ناوچەی بارزان بکات و سەرکردایەتیەکەی لە ئەستۆی خۆی بگرێ، یان خۆی دوور بگرێت؟

لە مانگی شوبات/١٩٤٤ لە شاری کەرکوك کۆبونەوەی فراوان پێکهات بۆ لێکۆڵینەوە لەو هەلومەرجەی حزب تیایدا دەژیا، لەماوەی گفتوگۆکانی ئەو کۆبونەوەیە ململانێ و ناکۆکیەکانی نێوان باڵەکانی حزب زیاتر قوڵبووەوە لە ئاست ئەو دوو خاڵەی سەرەوەکە ئاماژەی بۆ کرا.

ململانێ و جیاوازییەکان گەیشتنە ئاستێك کەبووە هۆی دووبەرەکی لەناو حزب بەگشتی. لە هاوینی ساڵی ١٩٤٥ بەتەواوی لەیەك هەڵوەشایەوە و بووە چەند بەشێك کە دەکرێت ئاماژە بۆ دوو لایەنی سەرەکی بکرێت:

١- کۆمەڵەی (شۆڕش) کە رۆژنامەی شۆڕشیان دەرکرد. سەرکردەکانیان: علی عبداللە، نوری شاویس، جمال حیدەری، صالح حیدەری.
٢- کۆمەڵەی رزگاری کە پاشتر بوونە بەشێك لە (حزبی دیموکراتی کورد) لە عێراق لەو کەسانە:

(جعفر محمد کریم، صدیق الاتروشی، طه محي الدین معروف).

## ٦٨- لیژنەی ئازادی:[١٣١]

مصطفی بارزانی و هاورێکانی لەماوەی تاقیکردنەوەکانیان و سوودوەرگرتن لە بەسەرهاتەکانی راپەڕینی ساڵی ١٩٤٣، دووای چەندین کۆبونەوە بڕیاریاندا لە ١٥/کانوونی دووەم/١٩٤٥ بەپێکهێنانی لیژنەیەك بەناوی لیژنەی ئازادی. کە بریتی بوون لە:

مصطفی بارزانی: سەرۆك

**ئەندامان:** محمد قودسی، جلال أمین، مصطفی خۆشناو، عزت عبدالعزیز، عبدالحمید باقر، شیخ سلیمان بارزانی، میر حاج أحمد، مامند مسیح.

**ئامانجەکانی لیژنەی ئازادی:**

١- رزگارکردنی کوردستان لە زۆرداری و چەوساندنەوە.
٢- پێکهێنانی هێزی چەکدار بۆ بەرگریکردن.
٣- کارکردن لە پێناو رێککەوتنێکی نیشتمانی گشتی.
٤- دروستکردنی پەیوەندی برایانە لەگەڵ هەموو رێکخراو و حزبە کوردستانیەکان.
٥- گەیاندنی دەنگی گەلی کورد بە رای گشتی و عێراقی و جیهانی.
٦- ناوزڕاندن و ئاشکراکردنی سیاسەتی حکومەتی بەغداد دژ بە گەلی کورد. هەروەها داواکردن بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی رێککەوتنی ١٩٤٣.

**چالاکیەکانی لیژنەی ئازادی:**

١- یاداشتێك ئاراستەی حکومەتی عێراق کرا دەربارەی جێبەجێکردنی بەندەکانی رێککەوتنی ١٩٤٣ و لابردنی ئامادەکاریەکان بۆ هێرش کردنی سەربازی. وێنەیەکی ئەم یاداشتە بە سەر هەموو بالیۆزە بیانیەکان و رۆشنبیرانی عەرەب و کورد دابەشکرا.
٢- لە ناوەڕاستی مانگی شوبات/١٩٤٥ مەلا مصطفی بارزانی سەرۆکی لیژنەی ئازادی گەشتێکی بەسەر ناوچەکانی برادۆست و باڵەکایەتی کرد. دوای گەڕانەوەی کۆبونەوەیەك سازکرا لەگەڵ ئەندامانی لیژنەی ئازادی.
٣- بڕیاری پێکهێنانی چەند سەرکردایەتییێکی سەربازی لە ناوچەکانی کوردستان دراوەو بەم جۆرە:

أ- دانانی مصطفی خۆشناو بۆ سەرکردایەتی بەرەی مێرگەسورو رەواندوز بە هاوکاری محمد قودسی.

ب- دانانی عزت عبدالعزیز بۆ سەرکردایەتی بەرەی ئامێدی، بە یاریدەدەری عبدالحمید باقر.

ج- دانانی شێخ سلێمان بارزانی بۆ سەرکردایەتی ئاکرێ. ئەفسەرێك یاریدەدەری بێت.

ت- هەموو ئەو سەرکردایەتیانە دەبەسترێنەوە بە سەرکردایەتی گشتی شۆڕش (مصطفی بارزانی).

## ٦٩- حزبی شۆڕش:(١٣٢)

پاش هەڵوەشاندنەوەی حزبی هیوا باڵی چەپی ئەو حزبە بەسەر چەند گروپێك دابەشبوو. بەشێکیان چوونە ناو حزبی شیوعی باڵی ـ القاعدة ـ ئەوانی رۆژنامەی ـ القاعدة ـ یان دەردەکرد. بەشێکی تریان چوونە ناو رێکخستنەکانی ـ وحدة النضال ـ ئەوانی لە کوردستان بە ـ یەکێتی تێکۆشین ـ ناویان دەرکردبوو.

باڵی (یەکێتی تێکۆشین) پەیوەندی توونديان هەبوو لەگەڵ حزبی هیوا، بۆیە بەشی زۆری رۆشنبیرە چەپەکانی ناو حزبی هیوا پێیان باشبوو لەناو ئەو باڵە جێگای خۆیان بکەنەوە. گفتوگۆیەکی بەردەوام هەبوو لەنێوان باڵی (یەکێتی تێکۆشین) و حزبی شیوعی عێراقی دەربارەی یەکخستنی ریزەکانیان و رێکخستنی سەرکردایەتی لقی کوردستان. پاش چەند کۆبونەوەیەك و لە پایزی ١٩٤٤ سەرکردایەتی باڵی (یەکێتی تێکۆشین)، حزبی شیوعی بۆ کوردستانی عێراقیان پێکهێنا. دەستەی سەرکردایەتی بریتی بوون سکرتێر: صالح الحیدری.

ئەندامان: نافع یونس، علي عبدالله، عبدالكريم توفيق، رشيد عبدالقادر، عبدالحميد محمد، نوري محمد امين).

ئۆرگانی ناوەندی حزب رۆژنامەی ـ شۆڕش ـ بوو، بۆیە ناویان بە ـ شۆڕش ـ دەرکرد. دەربارەی پێڕەوی ناوخۆی حزبی شۆڕش، صالح حیدری بەم جۆرە باسی دەکات: پێڕەوی ناوخۆی حزبی شۆڕش وەك پێڕەوی ناوخۆی هەر حزبێکی شیوعی تر هیچ جیاوازییەکی نەبووە. رێکخستنەکانی لەسەر بنەمای شانە بەندی بووە، پالأوتن بۆ ئەندامیەتی حزب، هەروەها لە بواری ماف و ئەرکەکانی ئەندام و پێڕەوکردنی بنەمای دیموکراتیەتی ناوەندی و دیسپلینی حزبایەتی و هەموو بنەما مارکسیەکانی دیکە لە رێکخستنی ئەم حزبە رەچاوکراوە.

**ئامانجەكانی حزبی شۆڕش:**

بەربەرەكانێكردنی ئیستعمار و نۆكەرانی، هەوڵدان بۆ نەهێشتنی دەرەبەگایەتی و دابەشكردنی زەوی بەسەر جوتیاران و بەرزكردنەوەی ئاستی ئابوری و رۆشنبیری و تەندروستیان، بەدەست هێنانی مافە رۆشنبیری و ئیدارییەكانی گەلی كورد ، پشتگیری كردنی بزووتنەوەی گەلان لە خەباتیان دژ بە ئیستعمار و فاشیەت.

كاركردن بۆ بەدیهێنانی یەكێتی نەتەوایەتی كورد لەماوەی دووردا، كاركردن بۆ گەشەپێدانی ئابوری و دامەزراندنی پیشەسازییەكان لە وڵاتدا.

## ٧٠- حزبی رزگاری كورد:[١٣٣]

**صالح حیدری لە یاداشتەكانی بەم جۆرە باس لە حزبی رزگاری دەكات:**

لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٥، ماركسیە كوردەكان، ئەوانەی دەستیان بە دامەزراندنی حزبی شۆڕش كرد لە كۆتایی ١٩٤٤، بڕیاریاندا بە پێكهێنانی حزبێكی فراوان بۆ ئەو كەسانەی هەڵگری بیروباوەڕی ناسیۆنالستی پێشكەوتنخوازن.

بارودۆخەكە لەبار بوو بۆ جێبەجێكردنی ئەو كارە، بەتایبەتی كاتێ حزبی هیوا بووە دوو باڵی جیا لەیەك.

لە شوباتی/١٩٤٥ حزبی رزگاری كورد دامەزرا، ئەو كەسانەی رۆڵی سەركردایەتیان هەبوو لەم حزبە: صالح حیدری، نافع یونس، نوري شاویس، نوري محمد امین، د. جعفر محمد كریم، رشید باجلان، طه محي الدین معروف.

حزب رۆژنامەیەكی دەركرد لەژێر ناوی ـ رزگاری ـ وەك ئۆرگانێكی ناوەندی[١٣٤]. ئەنجومەنی دامەزرێنەری حزب بەیاننامەیەكی دەركرد و تیادا ئامانجە دوور و نزیكەكانی روونكردەوە، لەو خاڵە گرینگانەی لە بەیاننامەكەدا هاتبوو:

١- هەوڵدان بۆ دروستكردن و بەهێز كردنی پەیوەندییەكان لەگەڵ حزب و كۆمەڵە كوردییەكان لە دەرەوەی عێراق و یەكخستنی ریزەكانیان بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی كورد.

٢- رزگاركردنی كوردستان و خەبات لە پێناو رزگاركردنی عێراق لە ئیستعمار و هێنانە دیی حوكمی زاتی بۆ گەلی كوردستانی عێراق.

٣- هەوڵدان بۆ چاكسازییەكی فراوان بۆ كێشە سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابوری و رۆشنبیریەكان بە هێنانەدی مافە دیموكراسیەكان و بەرزكردنەوەی باری كشتوكاڵ و

پیشەسازی و بڵاوکردنەوەی زانست و زیندو کردنەوەی مێژووی ئەدەبی کوردی و بەکارهێنانی زمانی کوردی لە هەموو دامەزراوە فەرمیەکان و خوێندنگاکانی کوردستان.

٤- کارکردن بۆ روونکردنەوەی کێشەی کورد لە بەردەم گەلانی جیهان[١٣٥].

حزب رۆڵێکی باشی بینی لە بزووتنەوەی نیشتمانی، بەرزکردنەوەی یاداشت و داواکارییەکان بۆ ئەنجومەنە نێودەولەتیەکان و کۆنگرە جیهانیەکان دەربارەی مافەکانی گەلی کورد.

تەمەنی ئەم حزبە لەیەك ساڵ و نیو زیاتر تێپەڕی نەکرد، ئەگەرچی زۆربەی سەرکردەکانی ئەم حزبە بیروبۆچوونی چەپیان هەبووە، بەڵام مۆرکێکی نەتەوەیی پێوە دیار بووە و هەوڵی گەشەپێدانی هەستی نەتەوەییان داوە بۆ کورد.

ئەم ناوانەی خوارەوە بەشێکن لە کادیرە پێشکەوتووەکانی: عونی یونس، عاصم حیدری، عمر عثمان، فائق نادر، میرزا عبدالکریم، رشید عبدالقادر، أنور حسین دزەیی، جمال حیدری، عزیز محمد، مجید رؤف، یونس یحی، علي فتاح دزەیی، حمید عثمان، رسول محمد امین.

## ٧١- کۆمەڵەی منەوەران:[١٣٦]

ژمارەیەك لە روناکبیر و هەڵگرانی بیری نەتەوەیی لە کۆیە، خولیای دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی سیاسی بوون کە بتوانن لە چوارچێوەیدا درێژە بە خەباتی نەتەوایەتی خۆیان بدەن. لە ئەنجامدا توانیان لە ساڵی (١٩٣١)دا کۆمەڵەی منەوەران دابمەزرێنن کە خەڵکی کۆیە پێیان دەوت کۆمەڵەی رۆشنبیران، دواتر بووە بەشێك لە کۆمەڵەی لاوان، کە بنکەکەی لە شاری بەغداد بوو.

کۆمەڵەی منەوەران ژمارەیەك کەسایەتی نیشتمان پەروەری کۆیەی گرتە خۆ، لەوانە: کاکە زیاد، زکي أحمد هەناری، طاهر توفیق، سابیر اسماعیل، عوسمان عونی، سید احمد مەلا ولی، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری تریش کە ئەندام بوون لەم کۆمەڵەیە، کە بە گشتی پەرۆشی مەسەلەی نەتەوەیی کورد بوون.

### ٧٢- پارتی دیموكراتی كوردستان. عراق:

یەكەم كۆنگرەی دامەزراندنی حزبی دیموكراتی كورد (سەرەتا بەم ناوە دامەزرا)[١٣٧] لەبەرواری ١٦/ئاب/١٩٤٦ لە ماڵی (سعید فهیم) بە شێوەیەكی نهێنی لە شاری بەغداد بەسترا ، لە كۆنگرە (٣٢) ئەندام ئامادەبوون كە نوێنەرایەتی حزبی رزگاری و حزبی شۆڕشی هەڵوەشاوەیان دەكرد لەگەڵ چەند كەسانێكی بێ لایەن و ئامادەبوونی (ابراهیم احمد) بەرپرسی لقی سلێمانی پارتی دیموكراتی كوردستانی ئێران وەك چاودێرێك.

ئامادەبووان گفتوگۆیان لەسەر پرۆگرام و پێڕەوی ناوخۆی حزب كرد كە پێشتر ئامادە كرابوو، پاش چەند دەسكارییەك بە كۆی دەنگ بڕیاری لەسەر درا.

**لە دانیشتنی كۆتایی كۆنگرە هەڵبژاردنی ئەندامانی كۆمیتەی ناوەندی ئەنجامدرا، (١٥) كەس بۆ ئەو ئۆرگانە هەڵبژێردرا، كە ئەمە ناوەكانیانە:**

١- مصطفی بارزانی، سەرۆك. (خوالێخۆشبوو ئەو سەردەمە ئامادە نەبوو لە خەباتی چەكداری بوو)

٢- شیخ لطیف شیخ محمود: جێگری یەكەمی سەرۆك.

٣- كاكە زیاد ئاغا: جێگری دووەمی سەرۆك.

**ئەندامان:** همزە عبداللە، میر حاج احمد، د. جعفر عبدالكریم، علی عبداللە، صالح یوسفی، عبدالكریم توفیق، رشید باجلان، رشید عبدالقادر، عونی یوسف، مەلا حكیم خانقینی، طە محي الدین معروف، مصطفی خۆشناو.

ئەندامانی یەدەگ: عبدالصمد محمد.

دەستەی مەكتەبی سیاسی بەم جۆرە دیاریكرا:

همزە عبداللە. سكرتێر.

د. جعفر عبدالكریم، علی عبداللە، عبدالكریم توفیق، رشید عبدالقادر (ئەندامان).

حزب رۆژنامەی ناوەندی بەناوی ـ رزگاری ـ دەركرد.

بە بۆچوونی بەڕێز كاظم حبیب ئەم حزبە پێكهاتبوو لە سێ رەوتی هزری سیاسی كە كاریگەریان بەسەر بزووتنەوەی كورد هەبووە لەو سەردەمە. ئەو سێ رەوتەش بریتی بوون لە:

١- رەوتی ماركسی: كە بریتی بوون لەو كادیر و ئەندامانەی ناو رێكخراوی شۆڕش و خۆیان هەڵوەشاندەوە.

٢- ڕەوتی ناسیۆنالستی: بریتین لەو کەسانەی لەناو حزبی رزگاری کورد کاریان دەکرد و خۆیان هەڵوەشاندەوە.
٣- ڕەوتی عەشائری: ئەوانی رابەرایەتی خەباتی گەلی کوردیان کردوە لەماوەی پاش جەنگی جیهانی یەکەم. وەك بنەماڵەی بارزانی و بنەماڵەی شیخ محمود.

پارتی لە ساڵی ١٩٥٣ لە شاری کەرکوك سێیەمین کۆنگرەی بەست، لەو کۆنگرەیە چەندین بڕیار درا کە بەشێکی بوونە هۆی ناکۆکی، بەتایبەتی پەسەند کردنی تیۆری مارکسیزم ـ لینینزم ـ گرینگترین ئەو بڕیارانەی دران:

١- گۆڕینی ناوی حزب لە حزبی دیموکراتی کورد بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان.
٢- پێڕەوکردنی پارتی بۆ بیروباوەڕی مارکسی لینینی.
٣- گۆڕینی ناوی رۆژنامەی حزب لە رزگارییەوە بۆ خەبات.
٤- دامەزراندنی رێکخراوە جەماوەرییە دیموکراسیەکان لەژێر چاودێری حزب(١٣٨).

هەوەها بڕیاری دەرکردنی همزە عبدالله وەك سکرتێری حزب و دانانی ابراهیم احمد لە جێگاکەی وەك سکرتێری پارتی.

دوای شۆڕشی ١٤/تموز/١٩٥٨ سەرۆکی حزب مصطفی بارزانی گەڕایەوە بۆ عێراق پاش (١٢) ساڵ لە دەربەدەری لە یەکێتی سۆڤیەت.

لەو ماوەیەدا پارتی تواناکانی خۆی بەکارهێنا بۆ پاڵپشتی کردنی شۆڕش و سەرکردایەتیەکەی هەر لەم ماوەیەدا ململانێ و ناکۆکیەکان لەناو حزب سەری هەڵدا دەربارەی ئاڕاستە سیاسی و هزرییەکان بەتایبەتی لەنێوان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرۆك بارزانی کە چەندین کێشەی سیاسی گشتی پەیوەندار بە عێراق لە ئارادا بووە.

لە مانگی ئەیلولی/١٩٦١ حزب بڕیاری خەباتی چەکداری لە کوردستانی عێراق راگەیاند، وەك ناڕەزاییەك بەرامبەر بەو سیاسەتە نوێیەی رژێم و جێبەجێ نەکردنی بەڵێن و داواکاریەکان دەربارەی مافەکانی گەلی کورد، ئەم بڕیارە خەباتی پارتی خستە قۆناغێکی نوێوە(١٣٩).

دەکرێ ئاماژە بۆ گرینگترین ناکۆکیەکانی ناوخۆی پارتی بکرێت لە ساڵی ١٩٦٤ کە باڵێکی مەکتەبی سیاسی جودا بۆوە و ئەو جیابونەوە تا ساڵی ١٩٧٠ درێژەی کێشا کە لەو ماوەیەدا شەڕی چەکداری و ململانێی سیاسی لەنێوان هەر دوولا روویدا(١٤٠).

پارتی دیموکراتی کوردستان رۆڵێکی سەرەکی هەبووە لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد و خەباتی چەکداری بە درێژایی ساڵانی ١٩٦١ تا رۆژانی راپەڕین لە بەهاری ١٩٩١ و

پاشـان سـەرکەوتن بەسـەر رژێمـی صـدام حسـین و بـە هێنانـەدی سیسـتمی فیدرالیـەت و دامەزراندنی حکومەت و پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.

پـارتی لـە مـاوەی تەمەنیـدا (١٣) کـۆنگرەی گشـتی بەسـتووە. کـۆنگرەی (١٣) لـە مـانگی کانوونی یەکەمی ساڵی/٢٠١٠ بەسترا. لەو کۆنگرەیە نزیکەی (١٥٠٠٠) نوێنەر ئامـادەی بـوون. لە رۆژانی دوای کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا و بەم شێوەیە:

١- مسعود بارزانی: سەرۆك
٢- نێچیرڤان بارزانی: جێگری سەرۆك

**کۆمیتەی ناوەندی، (٥١) ئەندام:**

مسرور بارزانی، سداد مصطفی بارزانی، کریم شنگالی، یوسف ادریـس بـارزانی، رۆژ نـوری شاوەیس، هوشیار زێباری، فاضل میرانی، نزهت خالد دۆڵەمەری، نـەوزاد هـادی، بیـان سـامی عبدالرحمن، قادر قاچاغ، کمال کەرکوکی، صلاح دەلۆ، ئازاد بەرواری، ئاراس حەسۆ میرخـان، سیروان صابر بارزانی، سەربەست لەزگین، علی حسین سورچـی، کاکـەمین نجـار، نـوری حمـە علی، چنار سعد عبدالله، پشتیوان صادق، هێمن هەورامی، عبدالخالق باپیری، رمـزی شـعبان، فریدون جوانرۆیی، زعیم علي، دیاری حسین، رێبـوار یەلـدا، دڵشـاد شـهاب، جعفـر ابـراهیم، عارف طیفور، یونس رۆژبەیانی، سەربەسـت أتروشـی، ساسـان عـونی، هیـوا أحمـد مصـطفی، ادهم بارزانی، محمد محمود ئێزدی، علی عونی، محمود محمـد، خەسـرەو گـۆران، عبـدالمهیمن بارزانی، محمد هەرکی، علی تەتەر، أحمد کانی، عزالدین بەرواری، سـفین دزەیـی، نجـاة علـي فاتم، شیرین ئامێدی، ئەڤین هروری، نازەنین محمد وەسو.

هەروەها (٩) کەسی وەك ئەندامی یەدەك هەڵبژێردران.

## ٧٣- کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد ـ لقی کوردستانی عێراق:[١٤١]

لـە ١٦/ئـاب/١٩٤٢ کۆمەڵەیـەکی بچووك لـە رونـاکبیران و کاسـبکارانی شـاری مـەهاباد کـە ژمارەیان (١٥) کەس دەبوو، کۆبونەوە بە مەبەستی پێکهێنانی رێکخراوێکـی سیاسـی بـەناوی (کۆمەڵـەی ژیانـەوەی کـورد)، لـەم کۆبونەوەیـە نوێنـەرانی حزبـی هیـوا: مـیر حـاج احمـد و مصطفی خۆشناو ئامادەبوون. پەیوەندییەکانی نێوان سەرکردایەتی کۆمەڵەو کوردی عێراق بەتایبـەتی حزبـی هیـوا بـەردەوام بـوو. هـەر بـەهۆی ئـەو پەیوەندییانـە و لـەدوای هەڵسەنگاندنی بارودۆخی کوردستان، کوردی عێراق پەیوەندیان بە کۆمەڵەوە کرد، هەوڵدرا

لە سلێمانی لقێکی کۆمەڵە دروست بکرێت، بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندی بە ژمارەیەك رۆشنبیر و نیشتمان بەروەر کرا.

لە مانگی ئاب/١٩٤٤ نزیکەی (١٥) کەس لە شاری سلێمانی لە ماڵی (اسماعیل حقی شاوەیس) کۆبونەوە، لەم کۆبونەوەیە (لقی کوردستانی عێراق)ی کۆمەڵە دروست بوو، دەستەی کارگێڕی (٥) کەس بوون و ابراهیم احمد بە بەرپرس هەڵبژێردرا.

بەرنامە و پێڕەوی ناوخۆیان هەمان بەرنامە و پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە بوو لە شاری مەهاباد. چالاکیەکانی ئەم لقە فراوان بوو گەیشتە شارەکانی کەرکوك، کفری، شەقلاوە، رەواندوز، بەغداد و موصل.

لە ئەندامە چالاکەکانی لقی کۆمەڵە: فائق بێکەس، صدیق شاوەیس، محمد علی مەدهۆش، صالح رشدی، عەتا تاڵەبانی، حسین خانقا، سعید محمد (تەتەر). چالاکیەکانی بە نهێنی بەڕێوە دەچوو، پەیوەندی لەگەل حزبە کوردییەکانی عێراق بەردەوام بوو.

کۆمەڵە گۆڤارێکی بەناو _ نیشتمان _ لە شاری مەهاباد دەرکرد و ژمارەکانی دەگەیشتە سلێمانی. ژمارەیەك ئافرەتی کورد بەشداری چالاکیەکانی کۆمەڵەیان دەکرد وەك: ناهیدە شیخ سەلام، نعیمە أحمد. دوای روخاندنی کۆماری مەهاباد، ئەم لقە تێکەڵی پارتی دیموکراتی کورد بوو لە عێراق ساڵی ١٩٤٧.

# بەشی دووەم

# حزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان
# لە دوای ١٤/ تموز/١٩٥٨

## بارودۆخی سیاسی عێراق دوای ١٤/تەمموز/١٩٥٨

لە ١٤/تەمموزی/١٩٥٨ شۆڕشێکی چەکداری بەرپابوو، بەهۆیەوە رژێم گۆڕانی بنچینەیی بەسەرداهات و بووە رژێمێکی کۆماری جیاواز لە رژێمی پێشوو، دەسەڵات کەوتە دەست ئەفسەرانی بزووتنەوەی ئازادیخواز، سەرکردەی بزووتنەوەکە عبدالکریم قاسم، بوو بە سەرۆك وەزیران و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان.

بەرپابوونی ئەو شۆڕشە، کە هۆکاری زۆری هەبوو، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخە گەندەڵ و دواکەوتووەی وڵات لەرووی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسییەوە.

رژێم لە سەردەمی عبدالکریم قاسم چەند دەسکەوتێکی بەدەست هێنا، بڕیاریدا لە یەکێتی عەرەبی نێوان ئەردەن و عێراق، هەروەها لە پەیمانی بەغداد بکێشێتەوە، یاسای ژمارە (٨٠)ی دەرکرد بۆ رزگارکردنی خاکی عێراق لە دەست کۆمپانیا بیانییەکانی نەوت و ئازاد کردنی بەندکراوە سیاسییەکان، یاسای عەشایەری هەڵوەشاندەوە. هەروەها پێکهێنانی حکومەتێکی نیشتمانی کە نوێنەری زۆر لایەنی سیاسی بەشداری تیادا کرد، لەگەڵ بەستنی پەیوەندی دۆستایەتی لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالست و بێ لایەن.

**خەبات و تێکۆشانی جەماوەر لەسەردەمی کۆماری چەندین ئامانجی هەبووە، کە دەکرێ لە سێ خاڵی سەرەکی کورت بکرێنەوە:**

١- دەستەبەرکردنی ئازادی و ژیانی دەستووری لە وڵات لەسەر بنەمای دیموکراسیەت و مافەکانی مرۆڤ و دابین کردنی مافی کەمە نەتەوایەتییەکان بەتایبەتی گەلی کورد.

٢- دەرامەتە ئابورییەکان بەتایبەتی نەوت بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەت، هەروەها چارەسەرکردنی کێشەی زەوی و زارو نەهێشتنی رژێمی دەرەبەگایەتی.

٣- سەروەری و سەربەخۆیی عێراق و پیادەکردنی سیاسەتێکی بێ لایەن.

لێرەدا پێویست دەکات ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە دەسەڵات لە دوای ١٤/تەموزی/١٩٥٨ پێکهاتەیەکی جیاواز بوو لەرووی هزری و ئاراستەی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، ژیانی سیاسی لە عێراق گۆڕانکاری بەسەرداهات، ئەو حیزبە سیاسیانەی لە پێش ساڵی ١٩٥٨دا هەبوون، زۆربەیان حیزبی بۆرجوازی و هەڵگری ئاراستەیەکی لیبرالی بوون و لە رێگای کاری سیاسی ئاشتیانەوە هەوڵیان دەدا بگەنە دەسەڵات. سەرکردەکانیان بەزۆری لە سیاسەتمەدار و رۆشنبیران و سەرۆك عەشیرەت و گەورە بازرگانان بوون. بەڵام ئەو حیزبانەی پاش

١٤/تەموزی/١٩٥٨ دروست بوون، زۆربەیان ئاڕاستەیان ناسیۆنالستی و چەپ و ئیسلامی بوون، کارتێکراو بوون بەو ئەزموونانەی لە وڵاتانی دەرەوە روویدەدا بۆ رەچاو کردنی تایبەتمەندی بارودۆخی عێراق تا رادەیەکی زۆر.

**ژیانی سیاسی و حیزبی لە سەردەمی رژێمە کۆمارییەکان بەم خەسڵەت و ئاکارانە دەناسرێن:**

١- دەسەڵات تاك رەوانە لەلایەن سەرکردەکانەوە بەڕێوەدەچوو، بزووتنەوەی نیشتمانی لە عێراق لەناو ململانێ و ناکۆکیەکی توندا بوو.

٢- عبدالکریم قاسم خودی خۆی سەرکردەیەکی پاك و نیشتمان پەروەر بووە.

٣- بەربەرەکانی و ململانێی توند کەوتۆتە نێوان رژێمی کۆماری لە عێراق و رژێمە عەرەبییەکان، لەو ململانێ و ناکۆکییانە حزبەکان رۆڵیان هەبووە.

٤- عێراق لەو سەردەمەدا بەرەو رووی زنجیرەیەك کودەتای سەربازی بۆتەوە، کە نیشانەی دەستێوەردانی سوپایە لە سیاسەت، وەك کودەتای ٨/شوباتی/١٩٦٣ و دواتر کودەتاکەی عبدالسلام عارف بەسەر حزبی بەعس و زنجیرە کودەتایەك کە سەرکەوتو نەبوونە تا دەگاتە ١٧/تەموزی/١٩٦٨.

٥- ئۆپۆزسیون لەناو عێراق بەهێز بووە و پەنای بردۆتە بەر راپەڕینی چەکداری چ لە کوردستان بێت یان لە باشوور، بەڵام لە دەرەوەی عێراق لاواز بووە.

٦- لێرەدا پێویست دەکات ئاماژەیەکی تایبەت بۆ سەردەمی رژێمی صدام حسین بکەین و بڵێین کە پەیوەندی و هەڵسوکەوتی رژێم بەرامبەر بە حیزبە سیاسییەکان و ئۆپۆزسیون بەتایبەتی سیاسەتێکی نا شارستانی بووە. ئەو سیاسەتە بریتی بووە لە هەڕەشە و کوشتن و تیرۆر کردن و بەکارهێنانی دەزگا ئەمنییەکان و سوپا بۆ دژایەتی ئەو حیزبانە، هەروەها بەکار هێنانی شێوازی چەواشەکاری بە دروستکردنی حیزب و رێکخراوی کارتۆنی تەنها بۆ مەبەستی پڕوپاگەندەی سیاسی و بۆ شێواندنی راستییەکان لەبەردەم کۆمەڵانی خەڵکدا.

٧- لەدوای راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ لەلایەن جەماوەرەوە، لە سەرانسەری عێراق دژ بە رژێمەکەی صدام حسین، دامرکانەوەی ئەو راپەڕینە توندوتیژی و کوشتن و لەناو بردن و سوتاندنی زۆری بەدواداهات.

ئۆپۆزسیون چالاکییەکانی لە دەرەوەی عێراق و لەو بەشەی هەرێمی کوردستان کە دەسەڵاتی رژێمی بەسەردا نەمابوو، زۆر گەشەی کرد، ژمارەیەکی زۆر رێکخراو و بەرەی سیاسی پێکهات، کە توانیویانە پشتگیری و لایەنگیری زۆر ناوەندی نێودەوڵەتی بۆ لای خۆیان بەدەست بێنن، تا مانگی نیسانی ٢٠٠٣ کە لە ئەنجامی هێرشی سوپای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا رژێم رووخاو ئۆپوزسیون بە هەموو لایەنەکانەییەوە گەڕانەوە ناو عێراق و کاروباری سیاسی وڵاتیان گرتە دەست.

## ١- بزووتنەوەی پشتیوانانی ئاشتی (أنصار السلام):[١٤٢]

ئەم بزووتنەوەیە لە سەرتای پەنجاکان لە شاری بەغداد دامەزراوە، یەکەم کۆنگرەی خۆی لە ساڵی ١٩٥٤ بەست، بەڵام لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی دەسەڵات وەك رووکارێکی کۆمۆنیستی تەماشا دەکرا، بۆیە ئەندامانی تووشی لێپرسینەوە و گرتن و چاودێری بوون.

دوای ١٤/تەموزی/١٩٥٨ و گەڕانەوەی عزیز شریف لە دەرەوەی وڵات، بزووتنەوەکە چالاکیەکانی بە شێوەیەکی رێکوپێك دەست پێکردەوە وەك رێکخراوێکی میللی نەك حزبێکی سیاسی.

لە مانگی تەموزی/١٩٥٩ رێگا درا بە عزیز شریف کە گۆڤارێکی سیاسی هەفتانە دەربکات لەژێر ناوی (وطننا)، پاشان ناوی گۆڤارەکە گۆڕا و بوو بە (السلم).

بزووتنەوەکە چەندین ئاهەنگ و رێپێوانی سازدا لەماوەی مانگی کانوونی یەکەمی ساڵانی (١٩٥٨ _ ١٩٥٩) لە شارەکانی (بەغداد _ نجف _ حلة _ کەربەلا — دیوانیة _ دیالی) بە مەبەستی جۆشدانی رای گشتی.

گەورەترین و مەترسی ترین ئەو ئاهەنگانە ئەوەبوو کە لە رۆژی ٦/ئازار/١٩٥٩ لە شاری موصل ئەنجامدرا، کە لە زۆر وڵاتانی جیهان میوان و نوێنەر هاتبوون، هەر بەهۆی سازدانی ئەو ئاهەنگەوە بزووتنەوە چەکدارییەکەی عبدالوهاب الشواف روویدا.

لە رۆژانی (١٦ _ ١٧/ نیسان/١٩٥٩) و لەژێر دروشمی (ئاشتی و پارێزگاریکردنی کۆمار) پشتیوانانی ئاشتی دووەم کۆنگرەی خۆیان سازدا لە شاری بەغداد بە ئامادە بوونی ژمارەیەکی زۆری میوانانی بیانی.

له كۆنگره بڕیاردرا (عبدالكریم قاسم) سەرۆك وەزیرانی عێراق وەك سەرۆكی ڕێزلێنان بۆ بزووتنەوەكە دابنرێ، هەروەها عزیز شریف بە سەرۆك بۆ بزووتنەوەكە هەڵبژێردرا.

**ئەم ناوانەش ئەندامی نووسینگەی هەمیشەیی بوون:**

توفيق منير، علي ياسين، فاروق برتو، لطفي بكر صدقي، مظفر فهمي، العزاوی، یوسف اسماعيل، موسى الشيخ راضي.

**هەروەها ئەم ناوانە بە ئەندام هەڵبژێردران لە ئەنجومەنی نیشتمانی بزووتنەوەی پشتیوانانی ئاشتی لە كۆماری عێراق:**

طلعت الشيبانی، فاضل عباس المهداوي، ماجد محمد أمين، عبدالمجيد حسن، سليم فخري، ذنون ايوب، جلال الاوقاتی.. تا ژمارەی ئەندامانی ئەم ئەنجومەنە گەیشتە (٩٠) ئەندام.

**لە كۆتایی كۆنگره و لە بەیاننامەیەكدا ئامانجەكانی خۆی بەم جۆرە كورت كردەوە:**

١- درێژەدان بە هاوكاری تەواو لەگەڵ گەلانی عەرەب لە خەباتی دژ بە ئیستعمار و زایونیزم و ئیسرائیل.
٢- هاوكاری تەواوی گەلی عەرەبی جەزائر و دانان بە سەربەخۆیی جەزائر.
٣- پشتگیریكردنی داواكارییەكانی گەلی عەرەبی مەغریب لە كشانەوەی هێزە بیانییەكان لەسەر خاكەكەی.
٤- بەردەوام بوون لە خەباتی دژ بە ئیستعمار و ئیسرائیل.

## ٢- حزبی ـ دعوة ـی ئیسلامی:[١٤٣]

بۆ دامەزراندنی ئەم حزبە لە ساڵی ١٩٥٧ لە شاری (نجف) كۆبونەوەیەك سازكراوە، بەڵام دوای شۆڕشی ١٤/تەموز/١٩٥٨ یەكەم كۆبونەوەی فراوان بۆ دامەزراندنی لە شاری (كربلاء) بەستراوە وەك باس دەكرێت ئامادە بووانی ئەم كۆبونەوەیە بریتی بوون لە هەریەك لە: محمد باقر الصدر، محمد باقر الحكيم، مرتضى العسكري، محمد مهدي الحكيم، طالب الرفاعی، محمد صادق القاموسي، محمد صالح الاديب، عبدالصاحب دخيل.

لـەم کۆبوونەوەیـە نەخشـەی هێڵـە سـەرەکیەکانی ڕێکخسـتن و شـێوازی کـاری حزبـی گفتوگۆی لەسەر کراوە و دیاری کراوە، هەروەها ئەندامانی سەرکردایەتی دەست نیشانکراون کە بریتی بوونە لە:

محمد باقر الصدر، محمد باقر الحكيم، مرتضى العسكري، محمد صادق القاموسی.

حزب بیروبۆچوونەکانی بۆ ڕاپەڕاندنی کاروچالاکیەکانی و گەیشتن بـە ئامانجـەکانی بـە چوار قۆناغ دارشتووە: قۆناغی گۆڕانکاری و بانگەشە بۆ کاری سیاسی. قۆناغی سیاسی و خۆ ئامادەکردن بۆ بـەڕێوەبردنی ئـەرکی دەسـەڵات. قۆنـاغی وەرگرتنـی دەسـەڵات و ڕوخانـدنی ڕژێم، قۆناغی حوکمڕانی.

دەربارەی مێژووی دامەزراندنی حزب و کەسە یەکەمایەتی و سـەرەکیەکان بـیری جیـاواز لە سەرچاوەکان بڵاوکراوەتەوە.

حزبی (الدعوة) ململانێیەکی توندی بەڕێوەبردووە لە ساڵانی شەسـتەکان لەگـەڵ حزبـی شیوعی عێراقی و لایەنە ناسیۆنالستەکان، دواتر لەگەڵ ڕژێمی دەسەڵات لە سەردەمی صدام حسین لە ساڵانی حەفتاو هەشتاکاندا. ڕژێمی صدام حسین توانی دەستێکی توند لە ڕێکخراو و بنکـەکانی ئـەم حزبـە بوەشـێنی لـە شـارو شارۆچکەکانی ناوەڕاسـت و باشـوری عێـراق، ژمارەیەکی زۆری ئەندام و کادیر و سەرکردەکانی دەستگیربکرێن و بکوژرێن.

حزبی (الدعوة) هەر لە سەرەتای دامەزراندنی بەرەوڕووی کۆمەڵێك ناکۆکی و ململانێـی ناوخۆیی بەهێز بۆتەوە، بەتایبەتی پاش بەرپا بوونی جەنگی نێوان عێراق ـ ئێران.

**هۆکاری ئەو ململانێیانەش فیکری و سیاسی بوونـە، دەکـرێ ئامـاژە بـۆ چوار گروپـی سەرەکی بکرێت کە لەم حزبە جیابوونەتەوە:**

بزووتنـەوەی سـەربازانی ئیمـام، بزووتنـەوەی کـادیرە ئیسـلامیەکان، دەعـوەی ئیسـلامی، حزبی (الدعوة)ی ئیسلامی.

دوا گروپ کە لە حزب جیابۆتەوە بـەناوی (حزبـی دعـوة ـ ڕێکخسـتنی عێـراق) بـوو کـە محمد عبدالكريم العنزي سەرپەرشتیان دەکات. هەروەها ئەمینداری گشتی پێشوو (ابـراهيم الجعفـري) جیابوونـەوەی خـۆی لـە حزبـی (الـدعوة) ڕاگەیانـد لـە ٣١/ئایـار/٢٠٠٨ و بـاڵێکی بەناوی (بزووتنەوەی چاکسازی نیشتمانی) ئاشکرا کرد.

حزبی (الدعوة) ئیسلامی له شاری بەغداد لەماوەی نێوان ١٩ _ ٢١/ نیسان/٢٠٠٧ کۆنگرەی خۆی بەست، لەو کۆنگرەیە نوری المالکی بە سەرۆکی سەرکردایەتی گشتی هەلبژێردرا.
لێرەدا رووکارێکی تر هەیە بۆ حزب لەناو تورکمانە شیعەکان لە عێراق بەناوی (یەکێتی ئیسلامی بۆ تورکمانی عێراق) لە مانگی ئایار/١٩٩١ لە ئێران دامەزرا و عباس البیاتی نوێنەراتیان دەکات.

## ٣- بزووتنەوەی ناسیۆنالستانی عەرەب (حرکة القومیین العرب):(١٤٤)

یەکەم رێکخستنەکانی ئەم بزووتنەوەیە لەسەر دەستی (حامد الجبوری و صالح شبل) پێکهات سالّی ١٩٥٥. دوای شۆڕشی ١٤/تەموز/١٩٥٨ لەلایەن سەرکردایەتی نەتەوایەتی بزووتنەوەکە (هاني الهندي) رەوانەی عێراق کرا بۆ رێکخستنی بزووتنەوەکە و دانانی سیاسەتێکی نوێ لە ئاست حکومەتەکەی عبدالکریم قاسم.
بزووتنەوە گرینگی بەرێکخستنی جەماوەری نەداوە، بەڵکو زۆریش بایەخی بە پێڕەوکردنی ئایدیۆلۆجیایەکی دیاریکراو نەداوە، بگرە ئایدیۆلۆجیای سۆسیالستی پیادە نەکردبوو تا سالّی ١٩٦١.
بزووتنەوە لاسایی شێوازی رێکخراوەیی حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالستی کردبووەوە بە پێکهێنانی سەرکردایەتیەکی نەتەوایەتی لە شاری (دمشق)، کە دواتر لە ١٩٦١ بۆ شاری بیروت گوازرایەوە، لەگەڵ پێکهێنانی چەند سەرکردایەتیەکی هەرێمایەتی.
بزووتنەوە سالّی ١٩٦٠ بەرهەڵستی رژێمەکەی عبدالکریم قاسمی دەکرد، لەبەر ئەو هۆیە بەرەو رووی فشاری دەسەڵات هات و لە مانگی ئاب و ئەیلولی/١٩٦٠ ژمارەیەك کادیری وەك: حامد علوان الجبوري، عداي علوان الجبوري، رشید سعید التکریتی، عبدالحسین محمد الربیعي خرانە بەندیخانەوە.
لە بەرواری ١٠/کانوونی یەکەم/١٩٦٢ بزووتنەوە تووشی شکستیەکی گەورەهات کاتێ هێزەکانی ئاسایشی حکومەت دەستیان گرت بەسەر بنکەی سەرەکی نهێنی بزووتنەوەکە لەناو شاری بەغداد و ژمارەیەکی گەورەی کەلوپەل و بەلگەنامەکانی دەسکەوت و بەرپرسی یەکەمی بزووتنەوەکە (نایف حواتمە) دەستیگیر کرا.

## ٤- رێکخراوی نەتەوایەتی (الرابطة القومیة):[١٤٥]

رێکخراوێکی ناسیۆنالستی عەرەبی بچووك بوو، هەڵگری ئایدیۆلۆجیایەکی روون نەبووە، لە ژمارەیەکی کەمی ئەندام و کادیر و سەرکردایەتی پێکهاتبوو. لە کادیرەکانی سەرکردایەتی:

هشام الشاوي، عدنان الراوي، فوزي عبدالواحد خضر، رمزي العمري.

ئامانجەکانی: رزگاری، یەکێتی، سوسیالستی.

دروشمەکانی: گەلێکی عەرەبی یەکگرتوو، یەك دەوڵەتی عەرەبی.

ئەم رێکخراوە خەبات دەکات بۆ کۆکردنەوەی هێزە ناسیۆنالستەکان، لە پێناو دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی سۆسیالستی یەکگرتوو لەسەر بنەمای (سۆسیالستێکی دیموکراتی هەرەوەز).

چالاکیەکانی لەماوەی (١٩٦٠ ـ ١٩٦٣) بریتی بووە لە دەرکردنی بڵاوکراوەیەکی نهێنی بەناوی ـ الرقیب ـ هەروەها چەند نامیلکەیەك لەسەر چەند باتێکی سیاسی.

ئاراستە سیاسیەکەی دژایەتیکردنی حکومەتەکەی ـ عبدالکریم قاسم ـ و بەربەرەکانیکردنی شیوعیەکان بوو.

بزووتنەوە ساڵی ١٩٦٤ دابەش بووە سەر دوو باڵ: یەکەمیان ناوی (کۆنگرەی نەتەوایەتی) لەخۆی نا بەسەرکردایەتی عدنان الراوی و رمزي العمري.

دووەمیان هەمان ناوەکەی سەرەوەی هەڵگرت. لە ساڵی ١٩٦٨ هیچ چالاکیەك و دەنگوباسێکیان هەست پێ نەدەکرا.

## ٥- گردبوونەوەی نەتەوایەتی عێراقی لە قاهیرە (التجمع القومي):[١٤٤]

پاش دوورخستنەوەی عبدالسلام عارف لە دەسەڵات لەلایەن عبدالکریم قاسمەوە لە ساڵی ١٩٥٩، بەعسیەکان و ناسیۆنالستە عەرەبەکان بیریان لە دامەزراندنی بەرەیەکی نەتەوایەتی کردەوە و ناویان لێنا (گردبوونەوەی نەتەوایەتی ـ التجمع القومي) بە مەبەستی بەربەرەکانێ کردنی حزبی شیوعی عێراقی و حکومەتی عبدالکریم قاسم.

لەم بوارەدا بەعسیەکان توانیان سەرکەوتن بەدەست بهێنن و چەند لایەنێکی ناسیۆنالستی عەرەبی لەگەڵ خۆیان کۆبکەنەوە، لەوانە:

محمد صديق شنشل (سياسەتمەدار لە حزبی ئیستقلال)، هشام الراوی (لە ڕێکخراوی نەتەوایەتی) حامد الجبوري (بزووتنەوەی ناسیونالستەکانی عەرەب)، د. أحمد عبدالستار الجواری (مامۆستا)، ناجی طالب (ئەفسەر) عدنان الراوي، طالب حسين الشبيب (حزبی بەعس) شكري صالح زكي (پارێزەر)، د. عزت مصطفى (پزیشك).

ئەم لایەنانە سێ کۆبونەوەیان بەست بە تەواوی ئەندامەکانیان، بەڵام بەهۆی زیادبوونی چاودێری و فشاری دەزگا ئەمنیەکانی دەسەڵات ژمارەی بەشداربووان لە کۆبونەوە بەرەو کەمبوونەوە دەچوو، هەروەها سازدانی کۆبوونەوەکان لەناو بەغداد کارێکی ئاسان نەبوو.

بۆیە چالاکیەکان گوازرایەوە شاری (القاهرة)ی پایتەختی مصر، هەر لەوێشدا ئیزگەی (صوت العرب)یان بەکار دەهێنا بۆ بڵاوکردنەوەی چالاکیەکان. لەو کەسانەی لە قاهرە بوون و سەر بەم ڕێکخراوە بوون: فائق السامرائي، محمود الدرة، سلمان الصفواني، د. جابر عمر، فؤاد الركابي، مدهت أبراهيم، صدام حسين، عبدالكريم الشيخلي، د. فيصل الوائلي، أحمد الجزائري، عبدالرحمن البزاز، هشام الشاوي، عدنان الراوي، هلال ناجي، أحمد الحبوبي، رؤف الواعظ، سليم الزبيدي، علاءالدين الريس، رشيد البدري، بتول الخطيب.

سەرەڕای ئەوانەی لە قاهیرە بوون، بەشێکی تریان پەنایان بردبووە بەر سوریا کە هاوکاری ئەو گروپەی قاهرە بوون، لەوانە: العقيد نعمان ماهر الكنعانی، مقدم محمود عزيز، عجيل الياور و زیاتر لە (٣٠) ئەفسەر.

ئامانجی سەرەکی ئەم ڕێکخراوە روخاندنی رژێمەکەی عبدالکریم قاسم بوو، بۆیە لە ڕێگای ئیزگەی (صوت العرب) کاریان دەکرد و چەند بەرنامەیەکی تایبەتیان هەبوو.

نووسینگەی ئەم چالاکیانە تا کودەتاکەی ٨/شوبات/١٩٦٣ بەردەوام بوو.

## ٦- بزووتنەوەی ئیسلامی لە عیراق (الحركة الاسلامية في العراق):[١٤٧]

دوای تێشکانی حزبی ـ التحرير ـ لە بواری کاری سیاسیدا ساڵی ١٩٥٩ لە عێراق، بزووتنەوەی ئیسلامی وەك ڕێکخراوێکی ئیسلامی گشتی دوور لە هەر ڕێبازێکی ئاینی دامەزرا ئەگەرچی مۆرکی (سوننە)ی بەسەردا زاڵبوو، لەم بوارەدا ناوی عبدالعزيز البدری لە دامەزراندنی بزووتنەوەکە دیارو ئاشکرا بوو، گروپێکی گەنجیشی لە دەور کۆبوونەوە.

پاش دامەزراندنی بزووتنەوەکە کۆمەڵە ئەفسەرێکی ناو سوپای عێراق داوایان لە شێخ عبدالعزیز البدری کرد کە سەرپەرشتی رێکخستنە ئیسلامیەکەیان بکات لەناو سوپا، بەم جۆرە هەردوو لایەنی (مەدەنی و سەربازی) بزووتنەوەکە یەکیان گرت و هۆکاری هاوبەش لە نێوانیاندا کەسایەتی عبدالعزیز البدری بوو.

ئەم شێوازە لە کاری رێکخراوەیی جێگای رەزامەندی ویستەکانی عبدالعزیز البدری بوو، لەبەر ئەوەی دوو ئامانج دەپێکێ، یەکەمیان رۆشنبیری و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵك، دووەمیان خێراییکردن بۆ وەرگرتنی دەسەڵات لە رێگای دامەزراوەی سەربازییەوە، بەڵام بە مەرجێ هەر ریکخراوێك پارێزگاری لە قەوارەی ریکخستنی خۆی بکات و تەنها پەیوەندییەکی رێك و پێك لە نێوانیاندا هەبێ.

پاش کودەتا سەربازییەکەی حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالست لە ١٧/تەموز/١٩٦٨ و گەڕانەوەی بۆ دەسەڵات، رێکخستنی سەربازی بزووتنەوە ئیسلامی ئاشکرابوو، هەریەك لە عمید (محمد فرج الجاسم) و الرائد (عبدالستار العبودي) هەروەها دامەزرێنەری ئەم رێکخستنە سەربازییە (عبدالغني شنداله) بڕیاری کوشتنیان لەسەر جێبەجێ کرا.

پێشتریش هەریەك لە (عبدالرزاق شنداله و هاشم عبدالسلام لە رێکخستنەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی بەهۆی رووداوەکانی شاری موصل ساڵی ١٩٥٩ کوژراون.

بەڵام رابەری بزووتنەوەکە عبدالعزیز البدری لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانی رژێمی بەعس دەسگیرکرا و پاش ئازاردانێکی زۆر و لەژێر ئەشکەنجەدا کوژراو تەرمەکەی درایەوە کەس و کاری لە مانگی حوزەیرانی ١٩٦٩.

**لە ئامانجەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی:**

رزگارکردنی وڵاتە ئیسلامیەکان لە چنگی دەسەڵاتی رژێمە نا ئیسلامیەکان لە هەردوو بواری هزری و کردارییەوە.

دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی بۆ هەموو موسڵمانانی جیهان لەسەر ئەو بنەمایەی کە نەتەوەی ئیسلام یەك نەتەوەیە.

## ٧- کۆمەڵی زانایان له نجف (جماعة العلماء):[١٤٨]

بەپێی بۆچوونەکانی (محمد مهدي الحكيم) هۆی راستەوخۆ بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەی زانایان بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە بەرهەڵستی هەڵس و کەوتەکانی حزبی شیوعی عێراقی بکەن و هەروەها رێگر بن لەبەردەم ئەو تەوژمە چەپڕەوییەی پاش شۆڕشی ١٤/تەموز/١٩٥٨ عیراقی گرتۆتەوە.

له سەرەتا زانایانی (نجف) پاش راوێژکردن و هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە، ئەم ناوانەی خوارەوە لە شاری نجف لە ماڵی محمد باقر کۆبونەتەوە و بڕیاری دامەزراندنی کۆمەڵەیانداوە، کە ڕەنگە مێژووەکەی ساڵی ١٩٥٩ بێت، ناوەکان:

آية الله مرتضى آل ياسين، شيخ محمد جواد آل راضي، آية الله حسين الهمداني، محمد باقر، اسماعيل الصدر، موسى بحر العلوم، محمد تقي بحر العلوم، آية الله خضر الدجيلي. الشيخ عباس الرميثي، طالب الرفاعي.

کتێبی (موسوعة الاحزاب العراقية) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەم ناوانەش دواتر بوونە بە ئەندامی کۆمەڵە (محمد باقر الصدر، مرتضى العسكري، محمد مهدي الحكيم، محمد أمين زين الدين، محمد باقر الحكيم، عارف البصري، محمد حسين فضل الله، محمد مهدي شمس الدين، محمد مهدي الاصفى، طالب الرفاعي، عبدالهادي الفضلي، مهدي السماوي، عبدالرسول علي خان، محمد باقر الناصري[١٤٩].

کۆمەڵە هاوکاری و پشتگیری مەرجەعی باڵا (محسن الحکیم)ی بەدەست هێناوە، بەچەندین چالاکی هەستاوە لە بوارەکانی سیاسی، ئاینی راگەیاندن و رۆشنبیری. لە سەرەتای دامەزراندنی بڵاوکراوەیەکی دەرکرد هۆشیاریدا بە زانایانی ئاینی و رۆشنبیران دەربارەی پەرەسەندنی رۆڵی حزبی شیوعی و شەپۆلی چەپڕەوی لە عێراقدا و داوای لە سەرۆکی حکومەت (عبدالكريم قاسم) کرد کە نەبێتە دیلی ئەو دیاردەیە. لەو سەردەمە بەهۆی ناکۆکی لەنێوان حکومەتی (مصر) و عێراق دەسەڵاتدارانی مصر هەوڵی پەیوەندی باشیاندا لەگەڵ کۆمەڵە.

### ٨- حزبی نیشتمانی دیموكراتی (الوطني الديمقراطي):[١٥٠]

ئەم حزبە لە سەردەمی رژێمی پاشایەتی لە عێراق ماوەیەكی زۆر چالاكی هەبووە ئەگەر بە شێوەیەكی ئاشكرا بووبێت یان نهێنی، لە ساڵی ١٩٥٤ حكومەت مۆڵەتە فەرمیەكەی لێ وەرگرتەوە.

لە رۆژی ٩/ كانوونی دووەم/١٩٦٠ داواكارییەك لەلایەن چەند كەسێكەوە ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆی عێراق كرا، بە مەبەستی دامەزراندنی حزبێكی سیاسی بەناوی (حزبی نیشتمانی دیموكراتی)، ئەوانی ناویان لەسەر داواكارییەكە بوو: محمد حديد، حسين جميل، هديب الحاج حمود، جعفر البدر، عواد علي النجم، خدوري خدوري، مظهر العزاوي، عبدالله عباس، يوسف الحاج الياس، نائل السمحيري، سلمان علي العزاوي، عراك الزكم، فلاح السعدون، حسن زكريا.

ئەم داواكارییە هاوپێچی پێڕەوو پرۆگرامی حزب كرا. دوای یەك مانگ لەسەر ئەو داواكارییە و لەبەر ئەوەی هیچ نارەزاییەك لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ بەدی نەكرا، حزب لە رۆژی ٩/شوبات/١٩٦٠ بە فەرمی دەستی بەكار كرد.

هەر لەهەمان رۆژی مۆڵەت دەركردن ئەنجومەنی دامەزرێنەری حزب كۆبونەوەیەكی فراوانی رێكخست لەو ماوەیەدا دەستەی بەرێوەبردنی هەڵبژارد كە پێكهاتبوو لە:

حسين جميل: سكرتێر

نائل سمحيري: بەرپرسی دارایی.

صلاح عبدالوهاب: بەرپرسی خۆیەتی.

محمد سعيد القرملي: كارگێر

كاتێ حزب یەكەم كۆنگرەی خۆی بەست ژمارەی ئەندامانی گەیشبووە (٢١٧٨) ئەندام بەڵام بەهۆی ململانێ و جیاوازی لە بیروبۆچوونەكانی سیاسەتمەداران و هەڵسوكەوتیان دەربارەی هەندێ كێشەی سیاسی، حزب تووشی دووبەرەكی هات.

### ٩- حزبی ئیسلامی:(١٥١)

لـه بـەرواری ٢/شـوبات/١٩٦٠ كۆمـەڵێك لـە پێڕەوكـارانی هـزری ـ الاخـوان المسـلمین ـ داواكارییەكیان ئاڕاستەی وەزارەتی نـاوخۆی عێـراق كـرد بـۆ دامەزرانـدنی حزبێـك بـەناوی (حزبی ئیسلامی عێراقی) ئەوانی لەسەر داواكارییەكە ئیمزایان كرد:

نعمان عبدالرزاق السامرائي، صبري محمود المليلة، وليد عبدالكريم الاعظمي، ابـراهيم عبدالله، ابراهيم منير المدرس، فليح حسن الصالح، فاضل دولان، مجيد حاج حمد حـاج محمد اللافی عبدالجليل ابارهيم، د. يوسف طه، د. جاسم محمد العاني.

داواكاریەكـەیان هاوپێچـی پرۆگـرام و پێـڕەوی نـاوخۆی حزبەكـە كـرد، بـەڵام لەلایـەن وەزارەتـی نـاوخۆ رەزامەنـدی لەسـەر نـەدرا، بۆیـە سـكاڵایان بـۆ دادگـای (تمیـزی عێراقـی) بەرزكردەوە. لە ٢٦/نیسـان/١٩٦٠ دادگـای تـەمیزی عێـراق سـكاڵاكەی دەسـتەی دامەزرێنـەری حزبی ئیسلامی پەسەند كرد، بۆیە حكومەت ناچار بوو رێگای كاركردنی فەرمی بەم حزبە بدات.

لـە ٢٩/تـەموز/١٩٦٠ حـزب یەكـەم كـۆنگرەی بەسـت، لـەو گۆنگرەیـە (١٠) دە كـەس بـۆ دەستەی بەڕێوەبردن هەڵبژێردران، كە بریتی بوون لە:(١٥٢)

١- د. نعمان عبدالرزاق السامرائي ـ سەرۆك
٢- فليح حسن ـ سكرتێر
٣- وليد الاعظمي ـ ئەندام
٤- ابراهيم منير المدرس ـ ئەندام
٥- طه جابر العلواني ـ ئەندام
٦- فاضل القاضي ـ ئەندام
٧- فاضل العاني ـ ئەندام
٨- سليمان القابلی ـ ئەندام
٩- عبدالجليل ابراهيم ـ ئەندام
١٠- نظام الدين عبدالحميد ـ ئەندام

ئەم حزبە هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە بەرەو رووی فشار و رێگا پێگرتن بووەوە لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانی حکومەت، تا گار گەیشتە سەر ئەوەی رۆژنامەکەیان کە بە ناوی _ الحیاد _ دەردەچوو، رابگرن.

هەر بەهۆی ئەو بارودۆخەی حزب تووشی بووە و لەگەڵ دەسگیرکردنی کۆمەڵە کادیر و سەرکردەیەکی بەهۆی رەخنەگرتنی توندیان کە ئاراستەی عبدالکریم قاسم و حکومەتەکەی کرا بوو، رێکخراوەکانی حزب لە کار و چالاکی وەستان.

لە پاش کودەتای بەعس لە ١٧/تەموز/١٩٦٨ حزب لەلایەن (أیاد السامرائي) بەڕێوە[١٥٣]دەچوو لە بارودۆخێکی زۆر نهێنی، ساڵی ١٩٨٠ سەرکردایەتی حزب کەوتە دەست عبدالمجید السامرائي هەر بەهۆی ئاشکرا بوونی رێکخستنەکانی لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانی دەسەڵات حزب ناچار بوو چالاکیەکانی خۆی بگوازێتەوە دەرەوەی عێراق.

لە ساڵی ١٩٩١ بەدواوە حزب بە ئاشکرا کاردەکات، لە سەرکردەکانی ئەو سەردەمەی (أسامة التکریتی و ایاد السامرائي، طارق الهاشمي).

دووای روخانی رژێمی صدام حسین لە ٢٠٠٣ حزب بە گەرمی بەشداری لە کاروباری سیاسی عێراق کردوە.

## ١٠- حزبی کۆماری (الحزب الجمهوري):[١٥٤]

پاش ئەوەی وەزارەتی ناوخۆی عێراق رازی نەبوو لەسەر پێدانی مۆڵەت بە حزبی شیوعی عێراق، کۆمیتەی ناوەندی حزب چەند کەسانێکی چەپ و مارکسی لە کادیرەکانی خۆی ئاراستە کرد بە مەبەستی دامەزراندنی حزبێکی تر وەك رووکارێك بۆ حزبی شیوعی. لەم بارەوە لە ١٢/شوبات/١٩٦٠ داوا کارییەك بۆ وەزارەتی ناوخۆ بەرزکرایەوە بە ئیمزای ئەم ناوانە:

عبدالفتاح ابراهیم، محمد مهدي الجواهري، أحمد جعفر الاوقاتي، د. صدیق الاتروشي، عبود مهدي زلزلة، عبدالرزاق مطر، طه باقر، صالح الشالجي، عبدالحمید المکاك، عبدالحلیم کاشف الفطاء، رفیق حلمي، فرید مهدي الاحمر، حسن الاسدي، د. عبدالامیر مجید الصفار، سلیم حلاوي، حسین جدو، نیازی فرنکول، شاکر الحریري، نایف الحسني، سعید عباس، عبدالصمد خانقاة، عبدالقادر الطالباني، جلال شریف، عزیز شریف.

بەرنامە و پێڕەوی ناوخۆی حزبیان هاوپێچی داواکارییەکە کرد، بەڵام وەزارەتی ناوخۆی عێراق وەڵامەکەی بە نارازیبوون بوو لەسەر ئەم داواکارییە.

### ١١- حزبی نیشتمانی پێشکەوتنخواز (الوطني التقدمي):[155]

دوای ئەوەی کامل جادرچی جارێکی تر سەرۆکایەتی حزبی نیشتمانی دیموکراتی گرتە دەست، ناکۆکی گەڕایەوە نێوان ئەو و محمد حدید دەربارەی چەند بابەتێکی سیاسی و پەیوەندار بە حکومەتی عبدالکریم قاسم. هەر بەهۆی ئەو ململانێ و ناکۆکیانە و بە بەستنی کۆنگرەی حزب لە ٥/مایس/١٩٦٠، محمد حدید و بەشێك لە کادیران حزبی نیشتمانی دیموکراتیان بەجێ هێشت، بۆیە لە ٢٩/حوزەیران/١٩٦٠ داواکارییەك بۆ وەزارەتی ناوخۆی عێراق بە ئیمزای ئەم ناوانە بەرزکرایەوە بۆ دامەزراندنی حزبی نیشتمانی پێشکەوتنخواز. ناوەکان:

محمد حدید، خدوري خدوري، محمد السعدون، نائل سمحیري، عـرّاك الـزكم، سلمان علي العزاوي، عبدالامیر درویش، عباس حسن جمعة، رجب علي الصفار، د. جعفر الحسني، د. رضا حلاوي، عباس جودي، عبدالرزاق محمد.

لە بەرواری ٣٠/تەموز/١٩٦٠ رەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ لەسەر دامەزراندنی حزب گەڕایەوە.

**دەستەی کارگێڕی حزب پێکهاتبوو لە:**

محمد حدید ـ سەرۆك

محمد السعدون ـ جێگری سەرۆك.

خدوري خدوري ـ سکرتێر

پاش ماوەیەك لە دامەزراندنی حزب، رۆژنامەی ـ البیان ـ وەك ئۆرگانێکی حزب دەرچوو، کە سەرنووسەرەکەی سلمان العزاوی بوو.

### ١٢- حزبی عەرەبی سۆسیالست (العربي الاشتراكي):[156]

حزبی عەرەبی سۆسیالست حزبێکی ناسیۆنالستە لە ١٤/تەموز/١٩٦٠ دامەزرا. لە راستیدا ئەم حزبە بەشێکی جیابووەوەیە لە حزبی سەربەخۆیی ـ الاستقلال ـ کە لە ساڵی ١٩٤٦وە دامەزراوە.

ئەوانی لە حزبی ـ الاستقلال ـ جیابوونەوە، ئەم ناوەیان بۆ حزبە نوێیەکەیان هەڵبـژارد وەك ناسنامەیەك بۆ ناوەڕۆکە هزری و کۆمەڵایەتیەکەی، لەو سەردەمە بابەتی سۆسیالستی وا تەماشا دەکرا کە تەنها ڕێگایە بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئابورییەکانی وڵات.

**حـزب یەکـەم کـۆنگرەی خـۆی بەشـێوەیەکی نهێنـی بەسـت، لـەو کۆنگرەیـە دەسـتەی سەرکردایەتی هەڵبژارد و بەم شێوەیە:**

عبدالرزاق شبيب: سەرۆك.

ئەندامان: مالك دوهـا الحسـن، فيصـل الـوائلي، أحمـد الجبـوري، عبـدالعال صـگبان، توفيـق الموفق، غربي الحاج أحمد، هادي الجبوري.

دامەزرانـدنی حـزب لـە بڵاوکراوەیـەکی نهێنـی ڕاگەیەنـدرا. ئـەم حزبـە لـە پێکهێنـانی ڕێکخراو و بنکە جەماوەریەکانی سەرکەوتوو نـەبووە و چالاکیەکانی لـە سنورێکی تەسکدا ماوەتەوە، هەر چەندە شـێوازی شـانە بەنـدی بـەکارهێناوە، زۆربـەی لایـەنگرانی لـە چـین و توێـژە مـام ناوەندییـەکان بوونـە، هـەروەها ڕێکخراوێکـی سـەربازی هـەبووە کـە ژمارەیـەکی کەمی ئەفسەرانی لەخۆ گرتبوو.

## ١٣- ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕ (المنظمة العمالية الثورية):[١٥٧]

یەك لەو گروپانەیە کە لە حزبی بەعسی عـەرەبی سوسیالست جیابۆتـەوە لـە سـەرەتای ساڵانی شەستەکان کاتـێ ناکۆکیـەکان لـەناو ڕێکخستنەکانی ئـەو حزبـە پـەرەی سـەند. ئـەم ناکۆکی و ململانێیـە ناوخۆییـە مـۆرکێکی هـزری وەرگرتبـوو، هـەر لـە کۆتـایی سـاڵی ١٩٦١وە هێڵێکی چەپی تونـدڕەو پەیـدا ببـوو بـەناوی (زەحمەتکێشـانی عـەرەب) بـەهۆی دەرکردنـی هەریـەك لـە عبدالالـە البیـاتی و صـفاء صـادق و عبـدالامیر الشـریفی و محمـد الزیـدی لـە ریزەکانی حزب و هەڵپەساردنی ئەندامیەتی (١١) کەسی تر.

بـەهۆی ئـەو بارودۆخـە ناوخۆییـە چـەند گـروپ و دەسـتەیەك لـە کـادیران پێکهـاتن بـە نهێنـی گفتوگـۆ و پەیوەنـدییان هـەبوو، ئەمانـە هـەلگری بیروبـاوەڕی تونـدڕەو بـوون بـە بەراورد کردن لەگەڵ بۆچوونەکانی بەعس و بزووتنەوە ناسیونالستەکانی تر.

دوای ئەوەی لە ٨/شوباتی/١٩٦٣ حزبی بەعس گەیشتە دەسەڵات، ئەم بیروڕایانـە پـەرەیان سەند و ڕێکخستنی نهێنـی دروست بـوو، کەسـە سـەرەکیەکانی ئـەو ڕێکخستنە ئـەم ناوانـە بوون:

قيس السامرائي، ثابت السعدي، محمد حسين رؤف، حبيب الدوري، سعيد الرهيمي، طارق الدليمي، عبدالاله البياتي، محي جاسم السامرائي، هناء الشيباني، عبدالجبار محسن، فالح عبدالجبار.

له مانگی ئایار/١٩٦٣ دەزگا ئەمنییەکانی سەر بە حزبی بەعس هەڵمەتێکی گرتنیان دەس پێکرد و بەشێك لە سەرکردەکانی ئەم گروپە دەسگیرکران.

دوای روخاندنی رژێمی حزب بەعس لە ١٨/تشرینی دووەم/١٩٦٣ ئەم گروپە بوونە رێکخراوێك لەژێر ناوی ـ رێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕ ـ لە سەرکردەکانی ئەم رێکخراوە:

درع ظاهر السعد، محمد عبدالطائي، عبدالحمداني، محمود حياوي، مجيد سعيد، كامل مدحت، عبدالامير معلة، سەرەڕای ناوەکانی سەرەوە.

دوای ماوەیەك بەشێك لە کادیرانی ئەم رێکخراوە تێکەڵاوی حزبیی شیوعی عێراقی بوون و بەڵام چەند کادیرێکیان گەڕانەوە ناو ریزەکانی حزبی بەعس.

هزری مارکسی و تروتسکی کاریگەری بەسەر ئەندامانی ئەم رێکخراوە هەبووە.

## ١٤- بزوتنەوەی بەرگریکردن لە گەلی عێراق (الدفاع عن الشعب العراقي):(١٥٨)

پاش کودەتا سەربازییەکەی ٨/شوباتی/١٩٦٣ بەسەر رژێمی عبدالکریم قاسم، هەڵمەتێکی فراوانی گرتن و ئازاردان و کوشتنی ئەندام و هەوادارانی حزبی شیوعی عێراق دەستی پێکرد. ژمارەیەکی گەورەی ئەو کەسانە هەڵاتن بۆ دەرەوەی عێراق. هەر بۆ پشتگیریکردنی ئەو خەڵکەی کەوتنە بەر هەڵمەتی دەزگاکانی رژێم و حزبی بەعس لە عێراق، لە دەرەوە لە وڵاتانی ئەوروپا و ئاسیاو بەرەی سۆسیالست بە گشتی هەڵمەتی پشتگیریکردنیان دەستی پێکردوە. یەك لەو رێکخراوانە بزووتنەوەی بەرگریکردن لەگەلی عێراق بوو کە بە سەرپەرشتیکردنی شاعیری گەورەی عێراق محمد مهدی الجواهری دامەزرا، لیژنەیەکی باڵای بۆ پێکهات لە ئەندامەکانی د. فیصل السامرو هونەرمەند محمود صبری و چەندین کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی عێراقی بەشداریان تیادا کردوە.

لە چالاکیەکانی ئەو بزووتنەوەیە سەردانی وڵاتان و بەستنی کۆڕو کۆنگرە و هەڵمەتێکی فراوان لە راگەیاندنەکان ئەنجامدرا.

## ١٥- یەکێتی سۆسیالستی عەرەبی (الاتحاد الاشتراكي العربي):[١٥٩]

دوای سـەرکەوتنی کودەتـا سـەربازییەکەی (١٨/تشـرینی دووەم/١٩٦٣) بـە سـەرکردایەتی عبدالسلام عـارف، بەشـێك لـە هێـزە سیاسـیەکان لـە هـەوڵی خـۆ کۆکردنـەوە و ڕێکخسـتندا بوون، بەم هۆیەوە چەندین پەیوەندی و کۆبونەوەی جۆراو جۆر سـازکراوە لـەنێوان لایەنـە پەیوەندارەکان بە مەبەستی دامەزراندنی بەرەیەکی سیاسی ناسیۆنالستی.

دیارە لایەنە سەرەکیەکان لەم بوارە بریتی بوون لە: بزووتنەوەی ناسیۆنالستانی عەرەب، حزبی ئیستقلال، حزبی عەرەبی سۆسیالستی، بزووتنەوەی یەکگرتوو خـوازانی سۆسیالست، ڕێکخراوی نەتەوایەتی.

ئامانج لە هەوڵەکان پشتگیریکردنی سیاسی بوو بۆ ڕژێمە نوێیەکە، بۆیـە دوای چـەندین کۆبونـەوە لـە مـاڵی (محمـد صـديق شنشـل) نوێنـەری حزبـی ئیسـتقلال، بەیاننامەیـەك لـە ناوەڕاستی مـانگی کـانوونی دووەمـی/١٩٦٤ دەرچوو، کـە پشـتگیری لـە پێکهێنـانی بەرەیـەکی نەتەوایەتی دەکات.

ئـەوانی ناویـان لەسـەر ئـەو بەیاننامەیـە هـاتبوو: عبدالسـتار علـی الحسـین (حزبـی ئیسـتقلال)، هشـام الشـاوی و عـادل فرعـون (ڕێکخـراوی نەتەوایـەتی)، غربـی حـاج أحمـد (حزبـی عـەرەبی سوسیالست)، أیـاد سـعید ثابـت (یـەکگرتوو خـوازە سۆسیالسـتەکان)، زاهـر شفیق (ناسیۆنالستانی عەرەب).

بەڵام دوای چەند پەیوەندییەکی دەرەکی بەتایبەتی لەگەڵ کاربەدەستانی وڵاتـی (مصـر) بیرۆکەی دامەزراندنی بەرەی نەتەوایەتی گۆڕانی بەسەرداهات.

لـە بـەرواری ١٢/شـوباتی/١٩٦٤ وەزیـری ڕۆشـنبیری عبـدالکریم فرحـان لـە کۆنگرەیـەکی ڕۆژنامەوانی بڵاویکـردەوە کـە سیاسـەتی حکومەتەکـەی بـەرەو دروسـتکردنی ڕێکخسـتنێکی یـەکگرتووی ناسیۆنالسـتی دەچـێت، هـەورەها سـەرۆك کۆمـار عبدالسـلام عـارف هـەوڵێکی زۆریدا لەماوەی چاوپێکەوتن و وەرگرتنی بیروڕای زۆر لایەنی پەیوەندار.

لە ڕۆژی ١٤/تەموزی/١٩٦٤ سەرۆك کۆمار عبدالسلام عارف سەرپەرشتی کۆنگرەیەکی کرد کە (١١) ڕۆژی خایاند، بە بەشداربوونی هەموو ئەو لایەنانـەی سـەرەوە جگـە لـە ڕێکخـراوی نەتەوایەتی و یەکگرتوو خوازە سۆسیالستەکانی.

لـه كۆتـايى كۆنگرەكـەدا بڕيـارى پێكهێنـانى حزبێـك بـە نـاوى (يـەكێتى سۆسيالسـتى عەرەبى/ هەرێمى عێـراق) درا كـە لاسـاييكردنەوەيەك بـوو بـۆ هـەمان حـزب كـە لـە وڵاتـى (مصر) پاش شۆڕشى ١٩٥٢ پێكهات. ئەنجومەنەكانى ئەم رێكخراوە بريتى بوو لە:

أ- **ليژنەى جىَبەجێكردن:**

١- عبدالسلام عارف (سەرۆك كۆمار).
٢- طاهر يحى (سەرۆك وەزيران).
٣- عبدالكريم فرحان.
٤- صبحي عبدالحميد.
٥- شامل السامرائي.
٦- عبدالكريم هانى
٧- خير الدين حسيب.
٨- عبدالعزيز الدوري.
٩- أحمد مطلوب.
١٠- عبداللطيف الكمالي.

ب- **ئەمانەتى گشتى:**

فؤاد الركابي، سلام أحمد، هاشم علي محسن، عبدالالـه النصـراوي، أحمـد الحبـوبي، غربـي حاج احمد.

جـ- **ئەميندارى گشتى:** عبدالكريم فرحان.

لەماوەى كۆنگرەكەدا چوار ليژنە پێكهات، كە بريتى بوون لە:

١- ليژنەى سياسى.
٢- ليژنەى سۆسيالستى و ديموكراتى.
٣- ليژنەى سيستمى سياسى.
٤- ليژنەى شۆڕشى عەرەبى و يەكێتى عەرەب.

هـەر لـە كـۆنگرە بڕيـاردرا لەسـەر دانـانى بنـەماكانى پـەيمانى كـارى نيشـتمانى و ياسـاى بنچينەيى بۆ يەكێتى سۆسيالستى عەرەبى.

### ١٦- لیژنەی شۆڕشگێڕی (اللجنة الثورية):[١٦٠]

ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستیە لەکاتی پێکهاتنی هیچ بەرنامەیەکی سیاسی یان پێڕەوێکی ناوخۆی نەبووە. پێکهاتبوو بەزۆری لەو کەسانەی لە گرتن و کوشتن رزگاریان ببوو پاش کودەتای ٨/شوباتی/١٩٦٣. بریتی بوون لە کۆمەڵەیەکی تێکەڵی ئەفسەرو سەرباز و خەڵکی مەدەنی. بە ژمارە نزیکە (٥٠) کەس دەبوون.

لە کەسە ناودارەکانی ئەم لیژنەیە: عبدالنبی جلیل (ملازم اول طيار)، صلاح العزاوي (ملازم طيار)، شاکر العزاوي (ملازم)، اسماعیل جواد قرطاس (ملازم)، کریم عزیز (نائب ضابط)، متعب خمیس (عریف، بەرپرسی سەربازی ناوچەی دیالی)، نصیف جاسم، رمضان کاطع موزان، خلیل العزاوي، عبدالحسين منذور (بەرپرسی ناوچەی شۆڕش لە بەغداد).

لیژنەکە نوێنەرێکی (متعب خمیس) ناردە کوردستان بۆ پەیوەندیکردن و رازیکردنی گەورە ئەفسەرەکان (ئەوانی لە ریزی شۆڕش کورد بوون)، بەڵام کەسیان رازی نەبوو تەنها عقید (سلیم الفخري) نەبێت کە گەیشتە بەغداد لە جێگایەکی نهێنی دەستی بەکار کرد. هەر لەوێ ناوی ئەنجومەنێکی سەرکردایەتی بۆ عێراق دیاری کرا، کە بریتی بوون لە:

کامل جادرجي، اسماعیل صفوت، مصطفی بارزانی، محمد حدید، جلال تاڵەبانی، عزیز شریف، عبدالفتاح ابراهیم، محمد مهدي الجواهري.. لەگەڵ چەند کەسێکی تر (وەك دەردەکەوێ دانانی ئەو ئەنجومەنە بێ ئاگاداری کەسەکان بووە).

دیارە دەزگا ئەمنیەکانی حکومەت توانیویەتی خەڵکی خۆی لەناویاندا دروست بکات، بۆیە هەر پێش دەست بەکار بوونی لە مانگی تەموزی/١٩٦٤ کەوتنە ژێر دەستی دەسەڵات و هەموو بەرنامەو کەسەکانیان ئاشکرابوون و بەشی زۆریان بەند کران و درانە دادگاکان.

### ١٧- گروپی کادیر ـ بەرەی خەباتی چەکداری میللی (جبهة النضال المسلح الشعبي):

خالد أحمد زکی کادیری پێشکەوتووی حزبی شیوعی عێراقی، خوێندنی باڵای لە وڵاتی بەریتانیا بەجێهێشت و گەڕایەوە عێراق[١٦١].

لەو سەردەمە حزبی شیوعی تووشی ناکۆکی و ململانێیەکی ناوخۆی توند ببووەوە لە ئەنجامی کۆبونەوەیەکی فراوانی کادیرانی حزب کە لە ٣٠/تەموزی/١٩٦٧ بەسترا بۆ باسکردنی کێشەکانی حزب و دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەك، بەشێك لە کادیران بڕیاریاندا وەك گروپێکی سەربەخۆ کار بکەن و لە حزب جیاببنەوە، کە خالد زەکی سەرپەرشتی دەکردن. لەم بارەوە بەیاننامەیەکیان بەسەر ڕێکخراوەکانی حزب بڵاوکردەوە.

**هەروەها بڕیاریاندا دەست بە خەباتی چەکداری میللی بکەن لە گوند و ناوچەکانی باشوری عێراق. بە مەبەستی سەلماندنی:**

١- هەڵەی ئاراستە سیاسیەکەی حزبی شیوعی عێراقی.

٢- بە ڕێگای هێز دەسکەوتی سیاسی و ئابوری بۆ چینی کرێکار و زەحمەتکێش بەدەس بێنن.

بۆیە چەند مەفرەزەیەکی بچووکیان پێکهێناو پەلاماری چەندین بنکەی پولیسیاندا لە باشوری عێراق و ژمارەیەك چەك و تەقەمەنیان پەیدا کرد.

لە هەمان کاتدا گروپێکی دیکە بە سەرکردایەتی (محمد حسين أمين الخيـون الاسـدي)[١٦٢] (بەرپرسی ڕێکخستنەکانی باشوری حزبی شیوعی) هەمان ڕێبازی خەباتی چەکداریان پێڕەو دەکرد و هەموو لایەکیان لە پەیوەندیدا بوون لەگەڵ (کۆمیتەی سەرکردایەتی ـ حزبي شيوعي ـ عزيز الحاج).

پاش شەڕو پێکدادانێك لەگەڵ هێزەکانی حکومەت ئەو گروپانە کۆتاییان هات و سەرکردەکانیان کوژران و گیران.

### ١٨- حزبی کاری سۆسیالستی شۆڕشگێڕ (حزب العمل الاشتراكي الثوري):[١٦٣]

گروپێك بوون لە حزبی شیوعی عێراقی جیابوونەتەوە، لایەنگری ڕێبازی کۆمۆنیستی وڵاتی چینیان کردووە، خۆیان بەناوی (شۆڕشگێڕە سۆسیالستەکان) ناساند، بڵاوکراویەکی ناوخۆیان لە ١٨/ئازاری/١٩٦٥ دەرکردووە و بەتوندی هێرشیان کردۆتە سەر کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراقی.

له کۆبونەوەی رۆژی ٢/حوزەیرانی/١٩٦٦ بڕیاریاندا ناوی رێکخراوەکە بگۆڕن بۆ (حزبی کاری سۆسیالستی شۆڕشگێڕ) هەروەها ئەوەیان بلاوکردەوە کە تەنها ئەم حزبە مارکسیە لینینیە ئالاهەلگری خەباتی نێونەتەوەییە.

بلاوکراوەیەکی ناوەندیان بەناوی (تێکۆشانی گەل) دەرچووە، ژمارەیەکی لە مانگی حوزەیرانی/١٩٦٦ بلاوبۆتەوە.

## ١٩- بزووتنەوەی سۆسیالستی عێراقی (الحركة الاشتراكية العراقية):[١٦٤]

**ئەم بزووتنەوەیە لە کۆتایی ساڵی (١٩٦٥) پێکهات لە یەکگرتنی چەند بزووتنەوە و گروپێکی سەربازی ناسیونالستی، وەك:**

١- بزووتنەوەی یەکگرتووخوازە سۆسیالستەکان. (فؤاد الركابي).

٢- بزووتنەوەی سۆسیالستی عەرەبی (هاشم علي محسن، عبداللاله النصراوي)

٣- گروپی ئەفسەرە ناسیۆنالستەکان (صبحی عبدالحمید، عبدالكريم فرحان، هادی خماس، عرفان و جدی، عارف عبدالرزاق، رشيد محسن).

٤- کۆمەڵەی رێکخستنی پێشەنگ (خيرالدين حسيب، أديب الجادر).

٥- چەند سەرکردەیەك لە حزبی ئیستقلال (عبدالستار حسين، عدنان عليان، أحمد الحبوبي) هەموو ئەو لایەنانە لە کۆنگرەیەك لە مانگی کانوونی یەکەمی/١٩٦٥، لیژنەیەکی رێکخستنیان پێکهێنا لەم ناوانە: صبحی عبدالحمید، ئەمینداری گشتی.

**ئەندامان:** فؤاد الركابي، عبدالكريم فرحان، سلام أحمد، هاشم علي محسن، عبدالاله النصراوي، اديب الجادر، خالد علي الصالح، عبدالستار عبدالحسين.

دوای جەنگی حوزەیرانی/١٩٦٧ ناکۆکی کەوتە نێوانیان و بوونە دوو بەش، هەریەکە هەمان ناویان هەلگرت. لە سەرەتای (١٩٦٨) گروپەکەی خیرالدین حسیب ناوی خۆی گۆڕی بۆ حزبی (یەکگرتووی عەرەبی) و صبحی عبدالحمید بووە ئەمینداری گشتی حزبەکە.

بەلام گروپەکەی عبدالاله النصراوي ناوی (بزووتنەوەی سۆسیالستی عەرەبی) یان بۆ رێکخراوەکەیان دیاریکرد.

عبدالاله النصراوي توانى پەيوەندى باش لەگەڵ سەركردە كوردەكان و ناوەندە سياسيە عەرەبيە ناسيۆنالستەكان دروست بكات.

ئەم بزووتنەوەيە لە كۆنگرەى گشتى ئۆپوزسيونى عێراقى بەشداريكرد، كە لە شارى (بيروت) ساڵى ١٩٩١ بەسترا، لە دژايەتيكردنى رژێمەكەى صدام حسين بەردەوام بوو تا روخاندنى. رۆژنامەيەكيان بەناوى ـ الجريدة ـ دەردەكرد.

## ٢٠- حزبى سۆسيالستى ـ عێراق (الحزب الاشتراكي ـ العراق):[١٦٥]

لە مانگى تشرينى يەكەمى/١٩٦٦ ئەم حزبە دامەزراوە لەسەر دەستى (مبدر الويس) كە يەك لە ئەفسەرە پلە بەرزەكانى سوپاى عێراق بوو، هەڵگرى بيروباوەڕى ناسيۆنالستى عەرەبى بووە.

ناوبراو هەوڵى كودەتايەكى سەربازيدا بەسەر رژێمى عبدالرحمن عارف، بەلاّم سەركەوتوو نەبوو لە مانگى حوزەيراندا/١٩٦٦.

بنكەى سەركردايەتى ئەم حزبە لە شارى (دمشق)ى پايتەختى سوريا بوو، رۆژنامەيەكى بەناوى ـ الاشتراكي ـ دەردەكرد و دروشمى روخاندنى رژێمى (صدام حسين)و هەروەها دامەزراندنى سيستمێكى ديموكراتى فرەيى بەرز كردبووەوە.

لە ساڵى ١٩٦٧ لە شارى دمشق بە بەشدارى هەريەك لە (حزبى سۆسيالستى ـ عێراق، حزبى بەعس ـ سەركردايەتى هەرێمايەتى عێراق، بزووتنەوەى سۆسيالستى عەرەبى، كۆنگرەى ناسيۆنالستە سۆسيالستەكان، حزبى شيوعى عراقى ـ سەركردايەتى ناوەندى) بەرەيەك پێكهات لەژێر ناوى گردبوونەوەى نيشتمانى عێراقى.

هەروەها حزب بوو بە ئەندام لە (ليژنەى رێكخستنى نەتەوايەتى ديموكراتى) ساڵى ١٩٩٢.

دوواى رووخاندنى رژێمى صدام حسين ساڵى ٢٠٠٣ مبدر الويس گەڕايەوە عێراق و حزبێكى سياسى نوێ بەناوى ـ حزب الوحدة ـ پێكهێناو بەشدارى لە هەڵبژاردنەكان كرد.

## ٢١- حزبی بەعس (سەرکردایەتی هەرێمی عێراق) (حزب البعث ـ تنظيم قطر العراق):[١٦٦]

لە مانگی شوباتی/١٩٦٦ جیابوونەوەیەك لە حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالست روویدا، بۆ دوو بەرە پێکهات لە:

**یەکەم:** (سەرکردایەتی نەتەوایەتی) ناویان لێنرا باڵی راستڕەو، لەو کەسانەی سەرکردایەتیان دەکرد: احمد حسن البکر، صدام حسین.

**دووەم:** (رێکخستنی هەرێمی عێراق) ناویان لێنرا باڵی چەپ، پابەند بوونی خۆیان بە رێبازی سۆسیالستی زانستی راگەیاند.

دوای کودەتا سەربازییەکەی ١٧/تەموزی/١٩٦٨ باڵی یەکەم دەستی بەسەر دەسەڵات لە عێراقدا گرت. باڵی دووەم ئەو کارەی بە پشتیوانی دەرەکی تاوانبار کرد، هەر بەهۆی لێپرسینەوە و کارراییە ئەمنیەکان بەشێکی زۆری کادیرانی باڵی چەپ عێراقیان بەجێ هێشت. باڵی چەپ بەرنامە سیاسیەکەی خۆی لەم چەند خاڵە چڕکردۆتەوە:

پابەندبوون بە پرۆژەی نەتەوایەتی و بانگەواز بۆ بەدیهێنانی یەکێتی عەرەب، هەروەها هەوڵدان بۆ روخاندنی رژێم لە عێراق و دامەزراندنی سستمێکی فرەیی و پشت بەستن بە ئاڵ و گۆڕکردنی دەسەڵات، لەگەڵ باوەڕهێنان بە هەڵبژاردنی ئازادانە.

ئەم رێکخراوە لە شاری دمشق رۆژنامەیەکیان بەناوی ـ صوت الجماهير ـ دەردەکرد. لە سەرکردەکانیان: د. فاضل الانصاري، مهدي العبيدي، محمود الشيخ راضي، هاني الفكيكى، حمدي عبدالمجيد، د. حامد العبيدي، د. احمد الموسوي.. هتد.

دوای رووخاندنی رژێمی صدام حسین لە ٢٠٠٣ بەشێك لە کادیر و سەرکردەکانی ئەم باڵە گەڕانەوە عێراق و بەشداریان لە کاروباری سیاسی کرد.

ئەم باڵە لە چەندین بەرەی ئۆپوزسیونی دژ بە رژێمی صدام حسین بەشداریان کردوە وەك:

گردبوونەوەی نیشتمانی عێراقی ١٩٧٢، بەرەی نیشتمانی نەتەوایەتی ١٩٨١، هەروەها ئەندام بووە لە چەندین لیژنەی نەتەوایەتی نیشتمانی.

## ٢٢- حزبی شیوعی عێراقی ـ سەرکردایەتی ناوەندی (حزب الشیوعي العراقی ـ القیادة المرکزیة):[١٦٧]

سەرکردایەتی ناوەندی حزبی شیوعی عێراقی لە بەرواری ١٧/ئەیلولی/١٩٦٧ دامەزرا بەڕابەرایەتی (عزیز الحاج علي حیدر) ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی، ناوبراو جیابوونەوەی خۆی ڕاگەیاند لەگەڵ لیژنەی ڕێکخستنی بەغداد و دروستکردنی حزبێکی نوێ.

عزیز الحاج و سەرکردایەتیەکەی توانیان دەس بەسەر زۆربەی کەرەستەکانی حزبدا بگرن لە چاپ و بەڵگەنامەکان لەو جێگا نهێنیانەی تیادا شار درابوونەوە.

ساڵی ١٩٦٨ هەردوو ڕێکخراوی (گروپی کادیر) و (ڕێکخراوی خەباتی چەکداری) پەیوەندییان بەرێکخستنەکانی سەرکردایەتی ناوەندی کردو هاوکاری یەکتر بوون لە خەباتی چەکدار لە باشوری عێراق.

سەرکردایەتی ناوەندی حزبی شیوعی عێراقی ستراتیژییەتی خەباتی چەکداری میللیان پیادە دەکرد و خۆیان بۆ ڕاپەڕینی جەماوەری چەکداری ئامادە دەکرد.

لە سەرەتای حوزەیرانی/١٩٦٨ لە ناوچە زۆنگاوەکانی باشوری عێراق دەستیان کرد بەم جۆرە خەباتە چەکدارییە.

**سەرکردایەتی ئەم حزبە بەم شێوەیە پێکهاتبوو:**

**أ- مەکتەبی سیاسی:**

عزیز الحاج ـ سکرتێر

کاظم الصفار ـ سکرتێر لیژنەی ڕێکخستنی بەغداد

حمید خضر العاني ـ بەرپرسی پەیوەندییە گشتیەکان

متي هندي هندو: ئەندام

احمد محمود الحلاق ـ یەدەگ

**ئەندامانی سەرکردایەتی:**

١- بیتر یوسف
٢- خضیر عباس الزبیدي
٣- صالح رضا العسکري
٤- مالك منصور
٥- غازي أنطوان
٦- سامي أحمد عباس.
٧- مصلح مصطفی
٨- خضر سلمان

**پەدەگەکان**

١- نصرالدين مجيد
٢- حسين ياسين
٣- حميد ضامن
٤- ناجي عبود

پاش سەرکەوتنی کودەتا سەربازییەکەی حزبی بەعسی عەرەبی سوسیالست لە ١٧/تەموزی/١٩٦٨ سەرکردایەتی ناوەندی بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و تیادا کودەتاکەی تاوانبار کرد و دروشمی روخاندنی رژێمی بەرزکردەوە.

دەسەڵات لە هەڵمەتێکی سەربازی فراوان توانی بەشێکی زۆر لە ئەندامانی سەرکردایەتی دەستگیربکات تا گەیشتە گرتنی عزیز الحاج سکرتێریی حزب، هەر بۆیە لەبەردەم دەزگا ئەمنیەکانی حکومەت هەموو نهێنییەکان ئاشکرا بوو، خودی عزیز الحاج هەموو کاروبارەکانی ئاشکرا کرد.

پاشماوەی رێکخستنەکانی سەرکردایەتی ناوەندی پەنایان بۆ ناوچەکانی کوردستان برد، لە کۆبونەوەیەك کە لە مانگی ئابی/١٩٦٩ بەسترا بڕیاری پێکهێنانی سەرکردایەتیەکی نوێیاندا، ساڵی ١٩٧٤ کادیر و ئەندامانی سەرکردایەتی ناوەندی نوێ بەشداریان لە شەڕی نێوان کورد و حکومەتی بەغداد کرد و پاڵپشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوون.

سەرکردایەتی ناوەندی حزبی شیوعی عێراقی لە دامەزراندنی بەرەی نیشتمانی عێراق بەشداریکرد، کە لە سوریا پێکهات، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٦ کشایەوە.

گرینگترین بڵاوکراوەیان بڵاوکراوەی (الغد _ المشترك) بوو. ئەم حزبە بەهۆی ململانێ و ناکۆکیە ناو خۆییەکان بەتەواوی بەرەو لاوازی چوو.

### ٢٣- رێکخراوی کاری ئیسلامی (منظمة العمل الاسلامي):[١٦٨]

باوەڕ وایە کە ئەم رێکخراوە ساڵی (١٩٦٧) دامەزراوە، رەنگە چەند جارێك گۆڕان بەسەر ناوەکەیدا هاتبێ، سەرەتا بەناوی (بزووتنەوەی پێشەنگە پەیامدارەکان) و (بزووتنەوەی مەرجعیەت) و (بزووتنەوەی پەیامداری لە عێراق) و دواتر (رێکخراوی کاری ئیسلامی).

رابەرەكەی حسن شیرازی لە ساڵی (١٩٨٠) لە شاری بیروت تیرۆكرا، هەروەها گوتراوە كە سەركردەو بەرپرسی ڕێكخراوەكە (محمد تقي شیرزاییە).

چەند لقێكی لە دەرەوەی عێراق پێكهێناوە وەك لە: بەحرین، كوێت، رۆژهەڵاتی عەرەبی سعودی، پاش شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران ساڵی ١٩٧٩ هەریەكە لەو لقانە بوونەتە ڕێكخراوێكی سەربەخۆ.

لەناو دامەزرێنەرانی ئەم ڕێكخراوە: محمد تقي المدرسي، كمال الحیدري، محسن الحسین، هەموویان ناچار بوون لەسەردەمی رژێم پەنابەرن بۆ كویت.

ساڵی ١٩٧٠ ڕێكخراوەكە باڵی سەربازی دامەزراند و شێوازی تیرۆركردنی پیادە كرد، یەك لەو چالاكیانەی پێی هەستا هەوڵی تیرۆركردنی طارق عزیز (وەزیری دەرەوەی عێراق (سەردەمی رژێمی صدام) بوو لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٠.

هەر بەهۆی شێوازی چالاكیەكانی ئەم ڕێكخراوە لەنێوان ساڵانی (١٩٧٩ _ ١٩٨٠) ڕێكخستنەكانی تووشی دەست وەشاندنی بەهێز هاتن لەلایەن دەزگا ئەمنیەكانی رژێم[١٦٩].

لە بڵاوكراوەكانی ئەم ڕێكخراوە: الجهاد، رۆژنامەی _ العهد الاسلامي _ بوو. ئامانجەكانی: دامەزراندنی دەوڵەتێكی ئیسلامی و روخاندنی رژێم و گۆڕانی بناغەیی لەوڵات.

پاش رۆخاندنی رژێمی صدام حسین ساڵی ٢٠٠٣ ئەم ڕێكخراوە بەشداری لە كاروباری سیاسی كرد لە عێراقدا.

## ٢٤- ڕێكخراوی پێشڕەوانی ئیسلامی (الطلائع الاسلامية):[١٧٠]

ئەم ڕێكخراوە جیابوونەوەیەك بوو لە ڕێكخراوی موسڵمانە باوەڕدارەكان لە ناوەڕاستی شەستەكانی سەدەی ڕابردوو، لە سەركردە گەورەكانیان (عبدالمنعم كاظم السعدي، زهیر العامري، علي فرج).

چالاكیەكانی ئەم ڕێكخراوە لە ناوچەكانی (بغداد _ كاظمية _ ثورة _ كرادة) گەشەی كردووە بەرەو شارەكانی كوت، عزیزیە، سماوە، پەلی هاویشتووە.

رۆژنامەیەكی ناوەندیان هەبوو بەناوی _ الطلائع _ بابەتەكانی هزری حزبی بوون، هەر ناوچەیەكیش بڵاوكراوەیەكی تایبەتی هەبووە، لە ناوچەی (السلام) لە شاری بەغداد

بلاوكراوەكە یان بە ناوی ـ الصراط ـ بوو، ئەم ڕێكخراوە لە بلاوكراوەكانی ڕەخنەی ئاڕاستەی ڕێكخراوە ئیسلامیەكانی تر دەكرد.

ساڵێ ١٩٧٢ دەزگا ئەمنیەكانی دەسەڵات توانی ڕێكخستنەكانی ئەم ڕێكخراوە لە شارەكانی (كوت ـ عزیزیە) ئاشكرا بكات تا گەیشتە بەغداد، لە كۆتایی ساڵی ١٩٧٢ ئەندامە دەسگیر كراوەكانی ئەم ڕێكخراوە لەلایەن دەسەڵاتەوە ئازادكراون. بەرپرسی ڕێكخراوەكە هەوڵیداوە چارەسەری ئەم شكستە بكات، ناوی ڕێكخراوەكەی گۆڕی بۆ (ڕێكخراوی خۆسازدانی ئیسلامی) بەڵام ئەم كارە سوودی نەبوو، ڕێكخراوەكە بەخێرایی بەرەو ڕووخان دەڕۆیشت.

ڕێكخراوەكە لەناوچەی (الحرية)ی شاری بەغداد دوو برا بەڕێوەیان دەبرد (نجاح و صباح الموسوي) بەردەوام بوون لەسەر چالاكانیان تا ساڵی ١٩٧٩ كە لەلایەن دەسەڵاتەوە دەسگیر كران و بڕیاری كوشتنیان لەسەر جێبەجێكرا.

## ٢٥- بەرەی نیشتمانی نەتەوایەتی پێشكەوتنخواز (الجبهه الوطنية القوميه التقدميه):[١٧١]

دوای دانوستاندنێكی دورودرێژ لەنێوان حزبی بەعسی عەرەبی سوسیالست و حزبی شیوعی عێراقی و پارتی دیموكراتی كوردستان لەبەرواری ١٧/تەموزی/١٩٧٣ بەرەی نیشتمانی نەتەوایەتی پێشكەوتنخواز پێكهات لەنێوان هەردوو حزبی بەعس و حزبی شیوعی، بەڵام پارتی دیموكراتی كوردستان بەشداری نەكرد.

**لە ١٩٧٥/٢/١٧ ئەم لایەنانەی خوارەوە بوون بە ئەندام لە بەرەدا:**

١- پارتی شۆڕشگێری كوردستان (عبدالستار طاهر شريف).

٢- پارتی دیموكراتی كوردستان (عزیز ئاكرەیی).

٣- بزووتنەوەی پێشكەوتنخوازانی كورد (عبدالله اسماعيل).

٤- بابكر پشدەری سەرۆكی ئەنجومەنی یاسادانان.

٥- طه محي الدين معروف.

**دامەزراوەکانی بەرەکە بریتی بوون لە:**

أ- **لیژنەی باڵا: ڕێژەی بەشداربوون بۆ لایەنەکان بەم شێوەیە بووە:**

١- **حزبی بەعس: ٦ ئەندام**

٢- **حزبی شیوعی عێراقی: ٣ ئەندام.**

٣- **پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان: ١ ئەندام.**

٤- **پارتی دیموکراتی کوردستان: ١ ئەندام.**

٥- **بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازان: ١ ئەندام.**

**سەرەڕای چەند کەسایەتیەك.**

ب- **سکرتارییەتی بەرە: ڕێژەکەی لەسەر هەمان شێوەی ڕێژە لە لیژنەی باڵا بووە.**

جـ- **ئەنجومەنی پارێزگاکان.**

**بەرە لەلایەن صدام حسین سەرۆکایەتی دەکرا. کۆبونەوەی لیژنەی باڵا مانگانە بوو، بەڵام سکرتارییەت هەر هەفتەی جارێك کۆدەبۆوە[١٧٢].**

## ٢٦- هاوپەیمانی نیشتمانی عێراقی (التجمع الوطني العراقي):[١٧٣]

**گەورەترین هاوپەیمانی حزبە عێراقیەکان بوو لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دژ بە ڕژێمی بەعسی عێراقی.**

**بەرە لە وڵاتی سوریا دامەزرا، ئەم لایەنانە دەگرێتە خۆی:**

١- **حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالست (سەرکردایەتی هەرێمی عێراق). أحمد العزاوي.**

٢- **حزبی شیوعی عێراقی (سەرکردایەتی ناوەندی). لە ساڵی ١٩٧٩ کشایەوە.**

٣- **بزووتنەوەی سۆسیالستی عەرەبی. عبدالاله النصراوی.**

٤- **کۆنگرەی ناسیۆنالستانی سوسیالست. مبدر الویس.**

٥- **حزبی رزگاری میللی عێراق. احمد النهر.**

## ٢٧- ڕێکخستنی کۆمۆنیستە شۆڕشگێڕە عێراقیەکان (الشیوعیین الثوریین العراقیین):[١٧٤]

ڕێکخراوێکی مارکسی ـ لینینی بووە بە سەرکردایەتی (تحسین علي شیخلي) ناسراوبە (یحی العراقي) دامەزرا. لە ڕۆژی ٢٤/ئازاری/١٩٨٠ ناوبراو لە شاری (بیروت) تیرۆر کرا.

ئەم ڕێکخراوە لە لیژنەی شۆڕشگێڕی کە (سلیم الفخري) سەرکردایەتی دەکرد، جیابۆتەوە. ڕۆژنامەیەکیان هەبووە لەژێر ناوی ـ الاساس ـ لە شاری بیروت دەردەچوو.

## ٢٨- بزووتنەوەی پێشڕەوی دیموکراتی (الطلیعة الدیمقراطیة):[١٧٥]

ئەم بزووتنەوەیە وەك باڵێکی جیا بۆوە لە حزبی شیوعی عێراقی ساڵی ١٩٧٤ لە شاری بەغداد پێکهات. سەرکردەکانی کۆمەڵە کادیری سەر بە (سەرکردایەتی ناوەندی) بوون چالاکیەکانی گەیشتە شارەکانی (بیروت و دمشق) لە ساڵی ١٩٧٨.

باوەڕی بزووتنەوە وابووە کە شۆڕشی ١٤/تەموزی/ ١٩٥٨ مەشخەڵێکی مێژووییەو پێویستی بە لێکۆڵینەوە لێکردن هەیە.

بڵاوکراوەیەکی دەردەکرد بەناوی (١٤ ی تەموز) پەیوەندی هەبووە لەگەڵ ڕێکخراوە حزبیەکانی هەردوو کۆمیتەی ناوەندی و سەرکردایەتی ناوەندی حزبی شیوعی لە ئەوروپا.

## ٢٩- ڕێکخراوی مارکسی ـ لینینی عێراقی (منظمة الماركسیة ـ اللینینیة العراقیة)):[١٧٦]

لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٦ بڕیاری دامەزراندنی درا، بوونی ئەم ڕێکخراوە درێژە دانە بەکاری ئەو شانانەی لە کادیرە شیوعیەکان پێکهاتبوون و پێشتر لەگەڵ حزبی شیوعی عێراقی (سەرکردایەتی ناوەندی) کاریان دەکرد و پاشان لێی جیابوونەتەوە.

بارەگای ئەم ڕێکخراوە شاری (دمشق) بوو، بەهۆی دەستێوەردانی دەزگا هەواڵگرییەکانی حکومەتی عێراق بۆ ناو ئەم ڕێکخراوە ژمارەیەك کادیر و ئەندامانیان لەناو عێراق دەسگیر کراون، ناچار ئەوانی تر سوریایان بەجێ هێشت و چوونە وڵاتی لوبنان و لە شاری بیروت

چالاکیەکانیان دەست پێکرد، بەتایبەتی لە بواری ڕاگەیاندن کە ڕۆژنامەکەیان بەناوی _ رایة الشعب _ دەردەچوو، بەرپرسی ڕێکخراوەکە _ سعید جواد الرهیمي _ بوو.

## ٣٠- یەکێتی دیموکراتخوازە عێراقیەکان (اتحاد الدیمقراطیین العراقیین):[١٧٧]

ئەم ڕێکخراوە لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی بیستەم لە شاری بیروت دامەزرا لە کۆمەڵە کەسانێکی هەڵگری هزری ناسیۆنالستی و مارکسی، لەناویاندا ڕۆژنامەنووس (عادل وصفي) کە لە حوزەیرانی١٩٧٩ تیرۆرکرا.

**ئەم ڕێکخراوە بوونە دوو بەش و هەریەکە هەمان ناوی سەرەوەی هەڵگرتووە:**

أ- لە شاری (دمشق) گروپێکی ناسیونالستی بچووك لەلایەن (أبو ایوب) سەرپەرشتی دەکرێ، لە کوردستان نوێنەرایەتیان (ابو مجید) پێی هەڵدەسێت، ڕۆژنامەیەکیان بەشێوەیەکی پچرپچر دەردەکرد بەناوی _ العراق الدیمقراطي -.

ب- لە شاری لەندەن گروپێکی هەڵگری بیروباوەڕی مارکسی ساڵی ١٩٩٠ دەستیان بە چالاکی کرد و لیژنەیەکی ئامادەکاریان پێکهێنا لە:

محمد الظاهر، سەرۆك

بلند الحیدري _ جێگری سەرۆك

فاروق رضاعة _ سکرتێری گشتی.

بەرپرسی لیژنەکان: محمد الناصر، شفیق علي، دلال المفتي، غانم الاعظمي، عقیل الصفار، عبدالاله توفیق.

ڕۆژنامەیەکیان دەردەکرد بەناوی _ الدیموقراطي _.

**لە ئامانجەکانیان:**

هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، ئازادکردنی بەندکراوە سیاسیەکان، گێڕانەوەی هەموو دوورخراوەکان، بەرپاکردنی ئازادییە سیاسیەکان، هەڵوەشاندنەوەی دەزگا ئەمنیەکان، هەڵبژاردنی گشتی.

ئەم یەکێتیە بەشداری لە کۆنگرەکانی ئۆپۆزسیونی عێراقی کردووە و بووە بە ئەندام لە کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی یەکگرتوو لە ساڵی ١٩٩٢.

لـه مـانگی ئایـاری/١٩٩٤ یـەکێتی دیموکرانخـوازان چـوارەمین کـۆنگرەی بەسـت، لـەو کۆنگرەیەدا بڕیاری کشانەوەی خۆیدا لـە کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی و سـەرۆکەکەی بـە تاکڕەوی تاوانبار کرد.

لە دوای روخاندنی رژێمی (صدام حسین) لـە نیسانی ٢٠٠٣ زۆربـەی ئەنـدام و کـادیرانی ئەم رێکخراوە گەڕانەوە بۆ عێراق و بەشداری کاروباری سیاسیان کرد.

## ٣١- گردبونەوەی دیموکراتی عێراقی (التجمع الديمقراطي العراقي):(١٧٨)

رێکخراوێکی سیاسی ئۆپۆزسیونە لە ساڵی (١٩٨٠) دامەزراوە لە لایەن کەسانێکی بیروباوەڕ مارکسی، لەوانە (صالح دگلە)، کە پێشتر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبـی شـیوعی عراقـی بوو، هەروەها بەرپرسی هەرێمی باشور بوو.

صـالح دگلـە بـە سـکرتێری کۆمیتـەی سـەرکردایەتی رێکخراوەکـە دانـرا، لەگـەڵ چـەند کەسانێکی دیکە: د. نعيم الشذر، د. محمد الربيعي.

ئەم رێکخراوە لە دەرەوەی عێراق و لە کوردستان چالاك بوو لـە هـەڵس و کەوتـەکانی دژ بە ڕژێمی صدام حسین و بانگەشەکردن بۆ دیموکراسیەت و هەڵبژاردن.

ئەنـدامی بـەرەی نیشـتمانی دیمـوکراتی بـوو لەگـەڵ چـەند لایـەنێکی تـری ئۆپـوزسـیون، هەروەها بەشداریکردوە لە کۆنگرەکانی ئۆپوزسیونی عێراق لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق.

دوای روخاندنی رژێم، ئەندام و سەرکردەکانی گەڕانەوە عێراق و بەشداریان لە کاروباری سیاسی کردووە.

## ٣٢- بزووتنەوەی ویفاقی ئیسلامی (حركة الوفاق الاسلامي):(١٧٩)

ئەم بزووتنەوەیە ساڵی (١٩٨٠) لەژێر ناوی (بزووتنەوەی کۆچکەرە عێراقیەکان) دامەزرا، ئەمینداری گشتی (جمال محمد حسن الوكيل) بوو.

بزووتنـــەوە رۆڵـــی سیاســی و کۆمەڵایـــەتی لـــەناو کۆچـــکەرە عێراقیـــەکان نوانـــدوە و توانیویەتی هەست و سۆزی هەزارانیان بۆ لای خۆی راکێشێ. ساڵی ١٩٩٢ لەگەڵ بزووتنەوەی ئەفسـەرە خـاوەن پەیامـەکان لـە عێراقـدا رێککـەوتنێکیان بەسـت، بەمـە مـۆرکێکی سیاسـی زیاتری وەرگرت و کەوتە قۆناغێکی نوێی خەبات بە ناوی ـ بزووتنەوەی خەباتی ئیسلامی.

درووشمـەکانی لـەم قۆناغـەدا بریتـی بـوو لـە (بـاوەڕ ـ ئـازادی ـ خۆشـگوزەرانی ـ ئاشـتی).
پەیکەری ڕێکخراوەیی بزووتنەوەکە بریتی بوو لە:

کۆنگرەی گشتی ـ ئەنجومەنی شورای ناوەندی ـ هێزەکانی جێبەجێکردن

بـەڵام لـەرووی داراییـەوە لەلایـەن بازرگانـە کـوردە فەیلیـە کۆچـکردووەکان بـۆ ئێـران هاوکاری دەکرا.

بزووتنەوە پەیوەندی و هاوپەیمانی لەگەڵ زۆر لە لایەنە عێراقیە عەلمانیەکان ڕێکخست پـێش و پـاش روخانـدنی رژێمـی صـدام حسـین، بـەم جـۆرە زیـاتر کراوەتـرە لـە هـی تـر و کەسـایەتیە ئاینیـەکان و دەکـرێ هـەنگاوی ئازادانـەی زیـاتری هـەبێ لـە حزبـە ئاینیـەکان، ئەوانەی پرۆژەی دامەزراندنی دەوڵەتی ئاینیان لا مەبەستە.

بەڵام ئەم بزووتنەوەیـە لـە چوارچێوەی کەمایـەتی بـژاردە و چـالاکی تاکـدا ماوەتـەوە و توانای پێکهێنانی بنکەی جەماوەری فراوانی نەبووە.

بزووتنەوە پەیوەندی بە ڕێکخراوی کاری ئیسلامی (گروپی) محمد تقي المـدرس هەیـە و مەرجعیەتیەکەشی (آية الله العظمى صادق الحسني الشيرازيية).

## ٣٣- رەوتی صدر (تيار الصدر):

هەر لە کاتی شەهیدکردنی (محمد بـاقر الصـدر) سـاڵی (١٩٨٠) دیاردەیـەك لـە عێـراق بـە دەرکەوت و کـاری ئیسـلامی لـە بـاری پێشـو جیـاواز کـردەوە، ئـەویش پەیوەسـتبوونی کـاری سیاسی ئیسلامیە بە بنەماڵەی (الصدر). بۆیە هەر لەو کاتەوە رەوتێك هاتە سەر گۆڕەپـانی سیاسەت و کۆمەڵێك کەسـایەتی و سـەرکردایەتی و حزبـە ئیسـلامیە شـیعەکانی کـۆکردەوە، لەوانە:

کـاظم الحـائري، الاصـفي، العسـكري، الكـوراني، ئەمانـە سـومبلەکانی حزبـی (الـدعوة)ی ئیسلامین، هەروەها محمد صادق و مقتدى الصدر و سـوپای ـ المهـدي ـ و محمـد اليعقـوبي و حزبی الفضيلة.

ئەگەرچی ئەم رەوتە خاوەن تێڕوانینێکی یەکگرتوو نەبووە دەربارەی کاروبـاری سیاسـی، بەڵام ڕێککـەوتنێك هـەبووە لـەنێوانیان لەسـەر رۆڵـی بنچـینەیی لـە بنەماڵـەی (الصـدر) لـە ئاست کاری سیاسی ئیسلامی لە عێراق و بەرپاکردنی شۆڕشی ئیسلامی[١٨٠].

بەگشتی رەوتی (الصدر)، وەك دەردەكەوێت، نـزیكترە لـە هـزری لیـبرالی تـا رەوتـە ئاینیـە ئیسلامیەكانی تر، هۆیەكەشی ئەوەیە كە حزبێكی سیاسی نەبووە بە مانـای تـەواوی حـزب، بـەڵكو بۆچـوونەكانی مـۆركی نیشـتمانپەرەوەری هەڵـدەگرن، رەنگـە تێـوەگلانی لـە شـەڕی ناوخۆ لە عێراق بەهۆی سوپای (المهدي) كاری لەسەر چالاكیە سیاسیەكەی كردبێ[181].

ئەم رەوتە لەرووی جەماوەرییەوە زیاتر لە ناو چین و توێژە هەژارەكان گەشەی كردووە، دژایەتی ئەمریكاو بوونی لە عێراق بە توندی دەكات[182].

## ٣٤- بزووتنـەوەی ئیسـلامی لـە عێـراق (الخالصـیون) (الحركـة الاسـلامیة في العراق):

ئـەم بزووتنەوەیـە ناوەكـەی پەیوەسـتە بـە نازنـاوی شـیخی گـەورە (محمـد مهـدي[183] الخالصي) كە لەساڵی ١٩٢٢ كۆچی دوایـی كـردووە و بەشـداری شۆڕشـی سـاڵی (١٩٢٠) كـردوە، بۆیە بزووتنەوەكـە سـەرەتا بـەناوی (الخالصیون) ناسـرا لـە سـاڵی ١٩٧٨ لـە شـاری بەغـدا لـە ناوچەی (الكاظمیة)، كە درێژە پێدانە بۆ كارو هەوڵەكانی شیخی خالصی.

بزووتنــەوە لــە شــاری (طهــران) جــێگیر بــوو، هــەروەها پەیوەنــدی باشــی لەگــەڵ سیاسەتمەداران و پیاوانی ئاینی سوننە هەیە. بنكەیەكی لە شاری لەندەن كردۆتەوە.

**ئامانجەكانی بزووتنەوە هەروەك شیخ جواد الخالصی كورتی كردۆتەوە، بریتین لە:**

١- بنچینەی كاری ئیسلامی دەبێ هزری ئیسلامی بێت.
٢- باوەڕهێنان بە یەكێتی ئیسلامی.
٣- دژایەتی تائفیەت و هەرێمایەتی.
٤- كاركردن بۆ گێڕانەوەی دەوڵەتی ئیسلامی.
٥- دژایەتیكردنی هەموو دەرهاویشتە مادییەكانی سەرمایەداری و شیوعی.
٦- داكۆكی كردن لەسەر سەقامگیری سیاسی.
٧- دروست بوونی حكومەتە ئیسلامیەكان.
٨- پەیوەندیكردن لەنێوان زانایانی ئاینی و سیاسیەكان.

بزووتنەوە بەشداری لە كۆبونەوەكانی ئۆپۆزسیونی عێراقی كردووە لە شاری بـیروت ١٩٩١ لەگەڵ كۆنگرەی ڤینا ١٩٩٢. بەڵام لە كۆنگرەی صلاح الدین كشایەوە[184].

لە سەركردەكانی (هادی الخالصی وجواد الخالصی).

## ٣٥- کۆمەڵی زانا موجاهیدەکان لە عێراق (جماعة العلماء المجاهدين)[١٨٥]

ئەم کۆمەڵە لە پایتەختی ئێران، لە شاری ـ تەهران ـ ساڵی ١٩٨٠ دامەزرا، کۆمەڵە درێژە پێدراوی کۆمەڵەی زانایانی شاری (نجف) بوو کە لە ساڵی ١٩٥٩ دامەزرا. کەسایەتی دامەزرێنەری کۆمەڵە (محمد باقر الحكيم) بوو، یەکەم ئەمینداری گشتی کە بیرۆکەی دامەزراندنی کۆمەڵەکە پڕۆژەی خۆی بووە.

سەرکەوتنی پڕۆژەکە کێشەو ململانێی تێکەوت بەهۆی ناکۆکیەکانی نێوان محمد باقر الحكيم و چەند زانایەکی سەر بە حزبی ـ الدعوة ـی ئیسلامی، ڕەوتێك پەیدابوو داوای هەڵبژاردنی لیژنەی کارگێڕی نوێی دەکرد، بۆئەوەی سەرکردایەتی بە کۆمەڵ بێت نەك لەلایەن تاکەوە بەڕێوەبچێت.

تا ساڵی ١٩٨٢ سەرکردایەتی کۆمەڵە لەلایەن (محمد باقر الحكيم)وە دەکرا، لەو ساڵەدا دەستەیەکی کارگێڕی نوێ هەڵبژێردرا و محمد باقر الحكيم لێی دوورکەوتەوە.

دەستەی بەڕێوەبردنی نوێ پێکهاتبوو لە: محمد باقر الناصري. ئەمینداری گشتی.

**ئەندامان:** كاظم الحائري، آية الله محمود الهاشمي ـ آية الله محمد مهدي ـ محمد باقر الحكيم ـ شيخ حسين علي البشيري ـ شيخ محمد حسن الجواهري ـ شيخ حسن فرج الله ـ عبدالرحيم الشوكي ـ حسين الصدر ـ محمد تقي الطباطبائي.

ئیمام خومەینی هەوڵی نزیکبوونەوەی نێوان هەردوو لایدا، ئەگەرچی محمد باقر الحكيم لە لیژنەکە کشایەوە، بەڵام کۆمەڵ لە کارەکانی بەردەوام بوو.

کۆمەڵ چەندین چالاکی ئەنجامدا لە بواری سەربازی و یاسایی و ئاینی و هۆشیارکردنەوە وەك دامەزراندنی (پاسەوانانی شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق) هەروەها دەرکردنی گۆڤاری ـ الاضواء ـ کە زمانحاڵی کۆمەڵ بوو.

بەیاننامەی دامەزرێنەری کۆمەڵ چەند بنەمایەکی دەرخست، وەك: پابەندبوون بە ڕێبازی مەرجعیەتی ئاینی، کە خۆی لە (ئیمام خومەینی) دەنوێنێ، کرانەوەی ڕاست و چالاکانە لەگەڵ هەموو هێزە چاکەکانی بواری تێکۆشان لە عێراق. پیادەکردنی ڕێگای خەباتی چەکداری بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی صدام حسین، سوودوەرگرتن لە هەموو هێز و تواناو شارەزایی ڕۆشنبیران لە هەردوو بواری عێراقی و ئیسلامی.

کاتێ (ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی) لە عێراق دامەزرا، زۆربەی زانایانی ناو ئەم کۆمەڵە پەیوەندیان بە ئەنجومەنەوە کرد.

### ٣٦- بزووتنەوەی موجاهدین (حرکة المجاهدین):[١٨٦]

بزووتنــەوەی موجاهیــدە عێراقیــەکان لــە شــاری (دمشــق) ســاڵی (١٩٨٠) دامــەزرا بــە بەشداریکردنی عبدالعزیز الحکیم و چەند کەسایەتیەکی وەك: شکر البیانی، بیان جبر.

بزووتنەوە ڕێبازی خەباتی چەکداری پیادە کرد دژ بە ڕژێمی ئـەو سـەردەمە لـە عێـراق. هـەر بــەو هۆیــەوە ژمارەیــەکی زۆری ئەنــدامانی لــەناو عێــراق خزانــە بەندیخانــە و بــە دەیانیشیان بڕیاری کوشتنیان لەسەر جێبەجێکرا.

لە کۆتاییدا بزووتنەوە چووە ناو ـ ئەنجومەنی باڵای شۆڕشـی ئیسـلامی ـ لـە عێـراق بـە سەرکردایەتی محمد باقر الحکیم.

### ٣٧- حزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی تورکمان لە عێراق:

بەپێی ئەم لیستە نزیکەی (٢٤) حزب و ڕێکخراوی سیاسـی بـۆ تورکمـانی عێراقـی هەیـە. زۆربەی ئەو قەوارانە بارەگاکانیان لە شـارەکانی کـەرکوك و هـەولێرە، بەشـێك لـەم حزبانـە تەنها بریتین لە دەستەیەکی سەرکردایەتی، بنکەی جـەماوەریان لاوازە، بـە پاڵپشـتی حزبـە گەورە دەسەڵاتدارەکان دروست بوونە[١٨٧].

| زنجیرە | ناوی حزب |
|---|---|
| ١ | حزبی تورکمان ئیلی |
| ٢ | حزبی نیشتمانی تورکمانی (الوطني الترکماني). |
| ٣ | حزبی ـ القرار ـ ی تورکمانی. |
| ٤ | حزبی ئیسلامی بۆ تورکمانی عێراق (الحزب الاسلامي لترکمان العراق). |
| ٥ | حزبی برایی (الاخاء)ی تورکمانی. |
| ٦ | حزبی گەلی تورکمانی (الشعب). |
| ٧ | حزبی (الشروق)ی تورکمانی. |
| ٨ | بزووتنەوەی ئیسلامی تورکمانی (الحرکة الاسلامیة الترکمانیة). |
| ٩ | بزووتنەوەی تورکمانە سەربەخۆکان (حرکة الترکمان المستقلین). |
| ١٠ | بزووتنەوەی ـ الوفاء ـ ی تورکمانی. |
| ١١ | حزبی ـ دادی ـ تورکمانی (العدل). |

| | |
|---|---|
| ١٢ | یەکێتی ئیسلامی بۆ تورکمانی عێراق (الاتحاد الاسلامي لتركمان العراق). |
| ١٣ | رێکخراوی دیموکراتخوازە نیشتمان پەروەرەکانی تورکمان (منظمة الديمقراطيين الوطنيين التركمان). |
| ١٤ | بزووتنەوەی تورکمانی نیشتمانی دیموکراتی (الحركة التركمانية — الديمقراطية). |
| ١٥ | حزبی ـ الوحدة ـ تورکمانی. |
| ١٦ | حزبی دیموکراتی تورکمانی کوردستان (الحزب الديمراطي التركمانی الكردستانی). |
| ١٧ | حزبي ـ الانقاذ ـ نەتەوایەتی تورکمانی. |
| ١٨ | بەرەی تورکانی (الجبهة التركمانية). |
| ١٩ | یانەی برایەتی تورکمانی، هەولێر (نادى الاخاء التركمانی ـ هەولێر) |
| ٢٠ | حزبی تەجەموعی تورکمانی سەربەخۆ، هەولێر (التجمع التركمانی المستقل) |
| ٢١ | کۆمەڵەی لیبرالی تورکمان ـ هەولێر (الجمعية اللبراليه التركمانية) |
| ٢٢ | کۆمەڵەی رۆشنبیری تورکمانی ـ هەولێر (الجمعية الثقافية التركمانية) |
| ٢٣ | بزووتنەوەی دیموکراتی تورکمان ـ (الحركة الديمقراطية التركمانية)(١٨٨) |
| ٢٤ | بزووتنەوەی چاکسازیی تورکمان (حركة الاصلاح التركماني) |

## ٣٨- بەرەی تورکمانی (الجبهة التركمانية):(١٨٩)

بەرەی تورکمانی لە بەرواری ٥/نیسانی/١٩٩٥ دامەزرا، بەدوای چەند هەوڵ و کۆبونەوەیەکی پێشتر، کە لە تورکیا سازکرا. کۆبونەوەیەکی فراوان لە شاری هەولێر سازکرا، کە ئەم قەوارە سیاسیانە بەشداریان تیادا کرد:

١- حزبی نیشتمانی تورکمانی.

٢- حزبی تورکمانی ئیلی.

٣- یەکێتی تورکمانە سەربەخۆکان.

٤- بزووتنەوەی ئیسلامی تورکمانی.

٥- حزبی دادی تورکمانی.

٦- یانەی برایەتی تورکمانی ـ هەولێر.

لە کۆنگرەدا ئەنجومەنێك بەناوی ـ ئەنجومەنی تورکمانی عێراق ـ پێکهات و د. سعدالدين ارکيچ بوو بە سەرۆکی.

له كەسايەتيەكانی ئەم بەرەيە: توران كتانـە، سـنان چلبی، وداد ارسـلان، صـنعان قصـاب، فاروق عبدالله، سعدالدين اركيچ، رياض ساری كهية، كنعان عزيز ئاغا.

بەرە چەند بڵاوكراوەيەكی هەيە وەك:

أ- ڕۆژنامەی ـ توركمان ئيلی

ب- گۆڤاری ـ قارداشلق.

هەروەها تەلەفزيون كەناڵی ئاسمانی بەناوی توركمان ئيلی(١٩٠).

بـەرە نووسـينگەی هەيـە لـە شـارەكانی وەك: كـەركوك، موصـل، هـەولێر، بەغـداد، ديـالی، تكريت.

**له ئامانجەكانی بەرە:**

١- بەديهێنانی دروشمی: يەكێتی خاك و گەلی عێراق.

٢- كاركردن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ياسا لە عێراق.

٣- هەڵوەشاندنەوەی ميليشاو دامەزراندنی سوپايەكی بەهێز.

٤- دوو پارێزگا بۆ توركمانەكان دروست بكرێت يەك لە شاری دوز، ئەوی ديكە لە شاری (تلعفر).

٥- بايەخدان بە لاوان و دامەزراندنی دەرچووەكانی كۆلێژەكان.

٦- بەديهێنانی مافەكانی توركمان و ڕێزگرتن لە دەنگ و رای توركمان.

## ٣٩- يەكێتی توركمانە سەربەخۆكان (حركة المستقليين التركمان):(١٩١)

ئەم بزووتنەوەيە لـە شـاری هـەولێر سـاڵی ١٩٩٥ دامـەزراوە. ئەنـدامانی بـە زۆری خـەڵكی هەولێرن و سنوری چالاكيەكانيشی هەر لە هەولێرە. لەلايەن (فريـد الچلبی) سـەركردايەتی دەكرێت، كە ئەندامە لە بەرەی توركمانی.

## ٤٠- حزبی گەلی توركمانی (حزب الشعب التركماني):(١٩٢)

ئەم حزبە لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٩٧ دامـەزراوە لـە شـاری (ئەنقـەرە)ی پايتـەختی توركيـا، لەلايەن تورهان كەتانە سەرۆكايەتی دەكرێ. چالاكيەكان بەرچاونين.

## ٤١- حزبی ـ وفاء ـی توركمانی:(١٩٣)

ئەم حزبە ساڵی ١٩٩٦ دامەزراوە لە شاری (تاران)ی پايتەختی ئێران، لەلايەن (فرياد عمر دوزلو) سەركردايەتی دەكرێ، لەناو ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئيسلامی لە عێراق ئەندامە.

## ٤٢- حزبی نیشتمانی تورکمانی (الحزب الوطني التركماني):[١٩٤]

ئەم حزبە لە ساڵی ١٩٨٨ لە شاری (ئەنقەرە) دامەزراوە، کارو چالاکیەکانی بەشێوەیەکی نهێنی بەڕێوە دەبرد لەناو عێراق تا ساڵی ١٩٩١ کە بە ئاشکرا خۆی ڕاگەیاند.

حزب باوەڕی وایە کە تورکمان بەشێکن لە نەتەوەی تورك، ئامانجی دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکراتی پەرلەمانیە لە عێراق.

**سەرکردەکانی ئەم حزبە:**

د. مظفر ارسلان، سەرۆکی حزب بووە، دوایی دورخرایەوە و ئێستا مصطفی کمال لە جێگایەتی.

حسن سلیمان، بشار امام اوغلو، د. آیدن بیاتی، عزیز قادر.

ڕۆژنامەی (الشروق) زمان حاڵی حزبە، لەلایەن ڕۆژنامەوان نصرت مردان سەرپەرشتی دەکرێت، بە هەردوو زمانی (تورکمانی) و (عەرەبی) دەردەچێت.

حزب پەیوەندی باشی لەگەڵ حکومەتی تورکیا هەیە، بەشداری کردووە لە کۆنگرەکانی ئۆپوزسیون لەناوخۆ و دەرەوەی عێراق.

## ٤٣- یەکێتی ئیسلامی بۆ تورکمانی عێراق (الاتحاد الاسلامي لتركمان العراق):[١٩٥]

لە مێژووی ٢/ئازاری/١٩٩١ کۆمەڵە سیاسەتمەدارێکی تورکمانی ئیسلامی ڕێکخراوی یەکێتی ئیسلامی بۆ تورکمانی عێراقیان پێکهێنا، بۆ ئاڕاستەکردنی خەباتی سیاسی تورکمانە ئیسلامیەکان.

ئەم ڕێکخراوە لە شاری (قم) لە ئێران لە ٢/ئابی/١٩٩١ کۆنگرەی دامەزرێنەری بەست. چەند بڵاوکراوەیەکیان هەیە (الدلیل، سبل الهدایة)، چەند لقێکی ڕێکخراوەییان هەیە لە ئێران و ئەوروپا.

پاش ڕووخاندنی ڕژێمی صدام لە ٢٠٠٣ کادیرانی گەڕانەوە عێراق و بەشداری کاروباری سیاسیان کرد.

## ٤٤- رێکخـــراوی دیموکراتخـــوازە نیشـــتمانپەروەرانی تورکمـــان (منظمـــة الدیمقراطیین الوطنیین الترکمان):[١٩٦]

ئەم رێکخراوە لە ساڵی ١٩٧٩ لە وڵاتی سوریا بە سـەرۆکایەتی عزالـدین قۆجـە دامـەزراوە، بەشداریکردووە لە پێکهێنانی بەرەی نیشتمانی نەتەوایەتی دیموکراتی (جوقد).

**لە سەرکردەکانی ئەم رێکخراوە:**

محمد رشید، فاضل دمیرچی، حسن سلیمان، أنور عزالـدین، عبـاس عبـدالله قصاب، محمـد سعید کەتانە، د. آیدن بەیاتلی.

## ٤٥- بزووتنەوەی نیشتمانی دیموکراتی تورکمان (الحرکة الترکمانیة الوطنیة ـ الدیمقراطیة):[١٩٧]

ئـەم بزووتنەوەیـە لـە ٢٠/تشـرینی دووەم/١٩٩٣ لـەژێر نـاوی (بزووتنـەوەی ناسیۆنالسـتی تورکمـانی) دامـەزرا، پاشـان لـە ٩/ئـازاری/١٩٩٤ نـاوی گـۆڕا بـۆ: (بزووتنـەوەی نیشـتمانی دیموکراتی تورکمان) لەلایـەن عزیـز قـادر صمانجی سـەرۆکایەتی دەکـرا، بارەگـای گشـتی لـە شاری لەندەن بوو.

ئامانجـەکانی: ناسـاندنی تورکمـان و بـەرگریکردن لـە مافـە ڕەواکـانی و هاوکـاریکردنی ئۆپۆزسیونی عێراقی.

بزووتنەوە بەشداری لە کۆنگرەی ڤیەنا و صلاح الدین کردووە، بـە (٦) ئەنـدام بەشـداری لە ئەنجومەنی گشتی کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی یەکگرتوو کردووە.

## ٤٦- حزبی یەکگرتووی تورکمانی (حزب الوحدة الترکمانی):[١٩٨]

ئـەم حزبـە لـەوڵاتی (قـبرص) دامـەزراوە، لـە دامەزرێنـەرەکانی تـەنها (أحمـد کـونش) ناسراوە. دوای ماویەکی کورت لەگەڵ حزبی (یەکێتی و برایەتی) یەکیان گرت و بوونە یەك حزب لەژێر ناوی (حزبی یەکگرتووی تورکمانی).

جێگای ئاماژەپێکردنە کە حزبـی (یـەکێتی و برایـەتی) لـە کۆتـایی سـاڵی ١٩٩٢ لـە شـاری سلێمانی دامەزراوە.

دووای دەرچـوونی احمـد کـونش سـەرۆکایەتی حـزب کەوتـەوە دەسـتی (ریـاض سـاری کەهیە). هەر بەهۆی ململانێ و چەندین گۆڕانکاری ناوخۆیی حزب دابەش بـووە سـەر سـێ حزبی تر:

١- حزبی برایەتی (قارداشلق)ی تورکمانی ـ بە سەرۆکایەتی ولید شریکە.

٢- حزبی یەکێتی تورکمانی عێراقی (الاتحاد الاسلامي) ـ بە سەرۆکایەتی ـ سیف الدین دمیرچی.

٣- حزبی تورکمان ئیلی. بە سەرۆکایەتی ریاض ساری کەهیە.

## ٤٧- حزبە سیاسیەکانی (کلدو ئاشوری):

ئەو ناوانەی خوراەوە بریتین لەو قەوارە سیاسیانەی تایبەتن بە کەمە نەتەوەکانی کلدۆ ئاشوری لە عێراق بە پێی زانیاریەکانمان.

| زنجیرە | قەوارەی سیاسی[١٩٩] |
|---|---|
| ١ | حزبی نیشتمانی ئاشوری (الحزب الوطني) |
| ٢ | بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشوری (الحركة الديمقراطة الاشورية) |
| ٣ | بەرەی نیشتمانی ئاشوری (الجبهة الوطنية الاشورية) |
| ٤ | هاوپەیمانی نیشتمانی ئاشوری (التحالف الوطني الاشوري) |
| ٥ | حزب میزۆپۆتۆمیای دیموکراتی (حزب بين النهرين الديمقراطي) |
| ٦ | ڕێکخراوی ناسیۆنالستی ئاشوری (المنظمة القومية الاشورية) |
| ٧ | یەکێتی خوێندکارانی ئاشوری لە عێراق (اتحاد الطلبة الاشوريين في العراق) |
| ٨ | یەکێتی لاوانی ئاشوری لە عێراق (اتحاد الشباب الاشوري في العراق) |
| ٩ | یەکێتی ژنانی ئاشوری (اتحاد النساء الاشوريات) |
| ١٠ | ڕێکخراوی ئاشوریە سەربەخۆکان (المنظمة الاشورية المستقلة) |
| ١١ | کڵێسەی ئاشورییەکان (الكنائس الاشورية) |
| ١٢ | بەرەی ئاشوری یەکگرتوو (الجبهة الاشورية المتحدة) |
| ١٣ | ئەنجومەنی نەتەوایەتی کلدان (المجلس القومي الكلداني) |

١٤ كۆنگرەی نەتەوايەتی ئاشوری _ ئەمەريكا (المؤتمر القومي الاشوري)[٢٠٠]

١٥ گردبونەوەی نيشتمانی ئاشوری (التجمع الوطني الاشوري).

## ٤٨- ئەنجومەنی نەتەوايەتی كلدانی (المجلس القومي الكلداني):[٢٠١]

لە مانگی نيسانی٢٠٠٢ لەلايەن كۆمەڵە كلدانييەكی عێراقی نيشتەجێ لە وڵاتە يەكگرتووەكانی ئەمريكا دامەزرا. بە بۆچوونی خۆيان ئەنجومەن رێكخراوێكی سياسيە، ئامانجی هێنانەدیی بەرژەوەندييەكانی كلدانە عێراقييەكانە لەناوەوە و دەرەوەی عێراق. ئەميندارى گشتی ئەنجومەن (غسان شذايا)يە.

## ٤٩- حزبی نيشتمانی ئاشوری (الوطني الاشوري):[٢٠٢]

حزبێكی ناسيۆنالستی ئاشورييە لەبەرواری ١٤/تەموز/١٩٧٣ لە شاری بەغداد دامەزراوە، بەدەست پێشخەرييەك لەلايەن مالك ياقو مالك.

يەكەم كۆنگرەی حزب لە ٢٦/ئەيلول/١٩٧٤ بەسترا، لەو كۆنگرەيەدا سەركردايەتيەكی هەڵبژارد بە نهێنی. ساڵی ١٩٨١ لەگەڵ بزووتنەوەی ديموكراسی ئاشوری بە مەبەستی يەكخستنی خەباتيان كەوتنە گفتوگۆ. لە ئاكامدا بڕياردرا لەناو يەك رێكخراو (گردبوونەوەی ديموكراتی ئاشوری) كاربكەن.

له سەرەتای ساڵانی نەوەدەكان بەهۆی ناكۆكی و ململانێی ناوخۆ جارێكی تر هەردوولا لەيەك جودا بوونەوە.

رۆژنامەی ناوەندی حزب لەژێر ناوی (قويامن) لە مانگی/ئاب/١٩٧٧ يەكەم ژمارەی دەرچووە.

له كەسايەتيە ناودارەكانی حزب: نمرود بيتو، كوركيس ياقو.

حزب باوەڕی بە چەند بنەمايەكی سياسی هەيە وەك: فرەيی سياسی، پێكهێنانی بەرە لەسەر ئاستی جيهانی و نيشتمانی، رێزگرتن له هەموو بيروڕايەكی سياسی.

**٥٠- گردبوونەوەی نیشتمانی ئاشوری (التجمع الوطني الاشوري):**[٢٠٣]

ئـەم هاوپەیمانیەتیـە لـە کۆمەڵـە حـزب و ڕێکخراوێکـی سیاسـی ئاشـوری دامـەزراوە بـۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقی ساڵی (٢٠٠٥).

لەم گردبوونەوەیە ئەم لایانەنە تیادا بەشداری کردووە:

بەرەی نیشتمانی ئاشـوری، حزبـی (بـین نهـرین)ی دیمـوکراتی، ڕێکخـراوی ناسـیۆنالیزمی ئاشوری، کونگرەی ناسیۆنالستی ئاشوری، یەکێتی خوێندکارانی ئاشوری لـە عێـراق، یـەکێتی لاوانـی ئاشـوری لـە عێـراق، ئاشـورییە سـەربەخۆکان، کڵێسـە ئاشـورییەکان. هاوپەیمانیـەتی نیشتمانی ئاشوری، بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشوری.

**٥١- بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشوری (الحركة الديمقراطية الاشورية):**[٢٠٤]

ئەم بزووتنەوەیـە لەلایـەن چـەند ڕێکخراوێکـی سیاسـی و چـەند کەسـایەتیەکی ئاشـوری دامـــەزرا لـــە ١٢/نیســـان/١٩٧٩، یەکـــەم کـــۆنگرەی خـــۆی لـــە شـــاری دهـــۆك بەســـت لـــە مـانگی/ئـەیلول/١٩٩٢، چـەند بارەگایـەکی بـۆ لقـەکانی کردۆتـەوە لـە کوردسـتانی عێـراق و وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکا.

بزووتنـەوە بەشـداری خـەباتی چەکداری کـردووە لـە کوردسـتانی عێـراق دژ بـە ڕژێمـی صدام، داکۆکی لەسەر ئەوە دەکات کـە کێشـەی ئاشـورییەکان کێشـەیەکی نەتەوایەتیـە نـەك ئاینی، بۆیە داوای دانپیانان بە بوونی نەتەوەی ئاشورییەکان دەکات.

لە سەردەمی ڕژێمی صدام چەندین کادیر و سـەرکردایەتیان تووشـی ئەشـکەنجە و گـرتن و[٢٠٥] کوشتن هاتوونە، لە مانگی شـوباتی ١٩٨٥ سـێ سـەرکردە بـەناوی: یوسـف تومـا، یـوبرت بنیامین، یوخنا ججو، بڕیاری کوشتنیان لەسەر جێبەجێکراوە.

بزووتنەوە بەشداری لە کۆنگرەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی کردوە، هـەروەها بەشـداری لـە ژیانی سیاسی کردووە لە کوردستانی عێراق دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١.

دوای ڕوخاندنی ڕژێم لە ٢٠٠٣ بەشداری لە کاروباری سیاسـی عێـراق کـردووە نوێنـەریان لە پەرلەمانی عێراقدا هەیە.

بزووتنــەوە رۆژنامــەی (بهــرا) لــە ســاڵی ١٩٨٢ دەردەكــات وەك زمــان حــاڵی خــۆی، لــە كەسایەتیەكانی: كوركیس خوشایا، یونادم یوسف كنە.

## ٥٢- حزبی میزۆپۆتۆمیای دیموكراتی (حزب بين النهرين الديمقراطي):[٢٠٦]

حزبێكـی سیاسـی ئاشـورییە لـە كوردسـتانی عێـراق كاردەكـات، لـە سـاڵی ١٩٩١وە لەلایـەن كۆمەڵە سیاسەتمەدارێكی ئاشوری دامەزرا، لە سەركردەكانی (جميل نمرود).

لـە مـانگی تشـرینی یەكـەم/٢٠٠٤ كـۆنگرەی شەشـەمی لـە شـاری هـەولێر سـاز كـردوە، لـە كۆنگرە كۆمیتەی ناوەندی حزب، كە لە (١٥) ئەندام پێكهاتووە هەڵبژێردراوە.

## ٥٣- بەرەی ئاشوری یەكگرتوو (الجبهة الاشورية الموحدة):[٢٠٧]

بەرە لە بەرواری ٢٦/كانونی دووەم/٢٠٠٤ لە شاری بەغداد دامەزراوە.

بـەپێی نـاوەڕۆكی یەكـەم بـەیانی، هۆیـەكانی دامەزرانـدنی بـەرە دەگەڕێتـەوە بـۆ: ئـەو بارودۆخـەی گـەلی ئاشـوری و پرسـە نەتەوایەتیەكـەی پێیـدا تێپـەڕ دەبێـت، پێویسـت بـە یـەكگرتن دەكـات و خـۆ ئامـادەكردن بـۆ كـۆنگرەی نەتەوایـەتی ئاشـوری پـاش سـازدان و ئامادەكردنی پشتیوانی جەماوەری بۆ هزرو بیروڕاكانی لەناو وڵات كە حـزب و كەسـایەتی و دامەزراوە گرینگ و پسپۆڕەكان بگرێتە خۆی.

**ئەنجومەنی دامەزرێنەری بەرە هەروەك لە بەیاننامەكە ناویان هاتبوو ئەمانە بوون:**

هرمز موشیر: سەرۆك

ابرم سامانز: جێگری سەرۆك

یوسف الديرو: راوێژكار

بۆاش جان: سكرتێر

**ئەندامان:** ارجنتين شموئيل، كوريل شمعون، أدور أوراها، أدور هرمز، ندى يوسف، خۆشابا بهرام، جونسن عيسى.

بــەرە هەڵوێســتی خــۆی لــە ئاســت یاســای بــەڕێوەبردنی وڵات بــۆ قۆنــاغی گواســتنەوە راگەیاندو بە هەنگاوێكی دروستی دانا لە بواری رێككەوتن لـەنێوان گـروپ ولایەنـە سیاسـیە

سەرەکیەکانی نوێنەران لە ئەنجومەنی حوکم ئەوانی لەسەر چەند بنەمایەکی هاوبەش ڕێککەوتن، کە ویستەکانی گەلی عێراق لە سنورێکی کەمدا بەدی دێت.

## ٥٤- کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان:[(٢٠٨)]

دوای ڕاگەیاندنی بەیانی ١١/ئازار/١٩٧٠ و تێکەڵبوونەوەی هەردوو باڵەکەی (پارتی دیموکراتی کوردستان)، مام جلال پێی وابوو کە پێویست دەکات ڕێکخستنێکی مارکسی لینینی بێتەکایەوە. بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی ١٩٧٠ لە شاری بەغداد چەند کۆبونەوەیەك بەسترا، لە کۆتاییدا لە ١٠/حوزیران/١٩٧٠ بڕیار لەسەر دروستکردنی کۆمەڵەی مارکس ـ لینینی کوردستان درا (دواتر ناوەکەی گۆڕا).

ئەم کۆمەڵەیە سەرەتا بەشێوەی ڕەوتێکی هزری لە ئارادا بوو، یەکەمین دەستپێشخەری بۆ ئەم کارە بەسەرپەرشتی مام جلال و بەشداریکردنی (شەهاب شیخ نوري، فاضل مەلا محمود، فریدون عبدالقادر) ئەنجامدرا. وردە وردە چالاکیەکانیان پەرەی سەند، کۆمەڵە بە ڕەنگدانەوەیەکی تێروپڕی بیروباوەڕی (ماوتسی تونگ) و تێزەکانی جەنگی میللیەوە هاتە مەیدانی تێکۆشان.

**ئەندامەکانی سەرکردایەتی کۆمەڵە لە ساڵی (١٩٧٠) لەم ناوانە پێکهاتبوون:**

شهاب شیخ نوری ـ سکرتێری کۆمەڵە (لەناوخۆ).
محمد میرزا سعید عباس ـ لێپرسراوی لیژنەی بەغداد.
جعفر عبدالواحد ـ لێپرسراوی لیژنەی هەولێر.
ئاوات عبدالغفور ـ لێپرسراوی لیژنەی سلێمانی.
فریدون عبدالقادر ـ لێپرسراوی لیژنەی کەرکوك.

ئەندامانی کۆمەڵە لەم قۆناغەدا زۆر بەژێری و وریایی کاریان دەکرد بۆ پاراستنی نهێنی و ڕێکخستنەکانیان، لەماوەی شەڕی ١٩٧٤ ـ ١٩٧٥ لەنێوان کورد و حکومەتی بەغداد بەشی زۆریان بەشداری کارایان کردووە، هەر لە دوای تێشکانی شۆڕش.

لەو ساڵەدا کادیر و ئەندامانی کۆمەڵە گەڕانەوە بۆ ناو شارەکان بۆ خۆ ڕێکخستن و خۆ ئامادەکردن بۆ خەباتی پارتیزانی درێژخایەن.

له ئەیلولی ۱۹۷۵ ئاشکرابوونی ڕێکخستنکانی کۆمەڵەو دەسگیرکردنی ژمارەیەك کادیری سەرکردایەتی و ئەندامانیان، کارەساتێك بوو بەسەر کۆمەڵە، کە لە دوایشدا چەند سەرکردەیەکی وەك (شهاب شیخ نوري، جعفر عبدالواحد، أنور زۆراب) بڕیاری کوشتنیان لەسەر جێبەجێکرا.

لەم بارودۆخەدا (ئارام) شاسوار جلال کە کادیرێکی سەرکردایەتی کۆمەڵە بوو بە هاوکاری چەند هاوڕێیەکی توانیان کۆمیتەیەك پێکبهێنن بۆ سەرپەرشتیکردنی شارەکان. ئەندامانی کۆمیتەکە بریتی بوون لە:

١- شاسوار جلال (ئارام).
٢- نجم الدین عزیز (سالار)
٣- ئازاد هەورامی (عادل)
٤- حکمت محمد (مەلا بختیار)
٥- عبدالرزاق محمد

کۆمەڵە لە دروستبوونی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) وەك باڵێکی سەرەکی بەشداری کرد لە هەموو دامەزراوە و ئۆرگانەکانی.

لە هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی ۱۹۷٦ زۆر بە گەرمی کادیر و پێشمەرگەکانی بەشداربوونە و بە دەیان شەهیدیان هەبووە.

کۆمەڵە لەماوەی ساڵانی خەباتی ئاشکرای (۱۹۷٦ _ ۱۹۹۱) لە شاخدا چەند گۆڕانکارییەك بەسەر ڕێکخستنەکانی و پێکهاتەی هاتووە و تووشی چەندین ململانێ و دووبەرەکی بۆتەوە.

لە یەکەم کۆنگرەی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) ساڵی ۱۹۹۲ کە (نەوشیروان مستەفا) سکرتێری کۆمەڵە بووە، بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی خۆیان داوە و تێکەڵی ڕێکخستنەکانی یەکێتی بوون.

### ٥٥- پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان:[٢٠٩]

دوای ڕێککەوتنی ۱۱/ئازار/۱۹۷۰ کە لەنێوان حکومەتی عێراق و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی بارزانی بەسترا، پارتی دیموکراتی کوردستان (باڵی مەکتەبی سیاسی) بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی خۆیدا بۆ ئەوەی تێکەڵی پارتی ببێتەوە بەپێی ڕێککەوتنێك لەنێوان هەردوولا.

دوای ئەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی لە کۆنگرەی (٧) ساڵی ١٩٧١ ناوی خۆیان گۆڕی بو (پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان) بۆ ئەوەی وەك دوو حزب لەگەڵ پارتی تێکەڵ ببنەوە، بەشێك لە کادیرو ئەندامانی شۆڕشگێڕ بە رابەری (عبدالستار طاهر شریف) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی شۆڕشگێڕ بەو بڕیارە رازی نەبوون لەبەر چەندین هۆ.

بۆیە لە تشرینی دووەم/١٩٧٣ لە شاری بەغداد کۆنگرەیەکیان بەست و بڕیاری پێکهێنانەوەی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستانیاندا.

**کۆمیتەی سەرکردایەتی ئەم پارتە پێکهاتبوو لە:**

عبدالستار طاهر شریف/ سکرتێر.

**ئەندامان:** شوقي حمەخان، عبداللە رۆژبەیانی، محمد محي الدین، مجید رشید جباري، زۆراب داراخان، محمد گوڵ محمد، سعید قادر جاف، فاضل علي حسین، شیخ جبار طاهر شریف، عبداللە همزة، زیاد مجید میسری.

رۆژنامەیەکیان لەژێر ناوی ـ النور ـ دەر دەکرد.

چالاکیەکانی زۆر لاواز بوو، هەر بە لایەنگری رژێمی صدام حسین ئەژمار دەکرا.

## ٥٦- پارتی سوسیالستی کورد (پاسوك):

حزبی سوسیالستی کورد (پاسۆك) لە رۆژی ١١/ئەیلول/١٩٧٥ دامەزرا. بەدەستپێشخەری سەرکردەکەی ئازاد مصطفی لە شاری کەرکوك.

سەرەتا بە ناوی (پارتی سۆسیالستی نەتەوەیی کورد) دامەزرا، دواتر لە[٢١٠] کۆنفرانسی یەکەم لە ١١/ئەیلول/١٩٧٦ ناوەکەی گۆڕاوبووە (پارتی سوسیالستی کورد).

لە کادیرە سەرکردایەتیەکانی ئەم پارتە:

ئازاد مصطفی: سکرتێری پارت (لە ساڵی ١٩٨٩ کۆچی دوایی کردووە). ملازم منصور، ملازم کریم، ملازم شوان، فرهاد عبدالقادر، جلال حاجی حسین، عبداللە ئاگرین.

دروشمەکانی ئەم پارتە دەکرێ لەم خاڵانە کورت بکرێنەوە:[٢١١]

کوردستانێکی سەربەخۆ و گەلێکی ئازاد.

پێش ئەوەی هەر شتێك بین... دەبێ کورد بین.

کوردستان تەنها موڵکی کوردە.

کوردایەتی مرۆڤایەتیە.

جەماوەر سەرچاوەی بوون و دەسەڵاتە.

بەشێك لە سەرچاوەكان ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن، كە بیروباوەڕەكانی پاسۆك بۆ كۆمەڵەی ژیانەوەی كورد دەگەڕێتەوە، كە لە ساڵانی ١٩٥٩ دامەزرابوو.

پاسۆك لە ساڵی ١٩٧٦ بەشداری لە خەباتی چەكداری كردووە لە كوردستان دژ بە رژێمی صدام حسین.

لەماوەی ساڵانی خەباتی چەكداری بۆتە ئەندام لەبەری (جود) و هەروەها لە بەرەی كوردستانی.

سنوری چالاكیەكانی ئەم پارتە زیاتر لەناوچەكانی دەوروبەری سلێمانی بووە. ساڵی ١٩٩٣ بەشداری لە هەڵبژاردنەكانی پەرلەمانی كوردستان كرد، پاشان لە هاوینی هەمان ساڵ لەگەڵ هەردوو حزبی گەلی دیموكرات و حزبی سوسیالست یەكیان گرت لەژێر ناوی حزبی یەكگرتن.

## ٥٧- یەكێتی نیشتمانی كوردستان:

یەكەم هەنگاوی دامەزراندنی (ی. ن. ك) لە مانگی حوزەیرانی/١٩٧٥ لە چوار كەس پێكهات (جەلال تاڵەبانی، عادل مراد، عبدالرزاق فەیلی، د. فؤاد معصوم) دواتر لە دەرەوە و ناوەوە پەیوەندییان كرد وەك (نەوشیروان مصطفی، د. كمال خۆشناو، د. كمال فؤاد، د. عمر شیخ موس) لەگەڵ هەندێ سەركردەی ناو وڵات وەك: (علي عسكری، خالید سعید، عمر دەبابە، رسول مامند).

**یەكێتی نیشتمانی كوردستان لە سێ باڵی سەرەكی پێكهات وەك نیمچە بەرەیەك سێ باڵەكەش بریتی بوون لە:[٢١٣]**

أ- كۆمەڵەی رەنجدەرانی كوردستان.

ب- بزووتنەوەی سوسیالستی كوردستان.

جـ- باڵی گشتی.

له گۆڤاری ـ ڕێبازی نوێ ـ ژماره (١) مێژووی ١٩٧٦، دەربارەی بیروباوەڕی سیاسی ی. ن. ك بەم جۆره باس دەكات:

لەم چەرخەدا كه شۆڕشی نیشتمانی كورد شۆڕشێكی رزگاریخوازانه و دیموكراتی نوێیه، هەر پارتێكی پێشڕەوی شۆڕشگێڕ ئەتوانێ ڕۆڵی پێشڕەوی تیا بگێڕێ، نەك ڕابەراتیەكی خێڵەكی، ئەبێ هاوپەیمانیەتی لەگەڵ هێزه دۆستەكان و هێزه پێشكەوتنخوازەكانی عەرەب و ئێران و توركیا بكرێ (نەك لەگەڵ كۆمەڵ و حكومەتە كۆنەپەرست و دكتاتۆرەكان) و لەگەڵ هێزەكانی شۆڕشی سۆسیالیزمی جیهانی له بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی شۆڕشگێڕ و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی چینی كرێكار و وڵاتە سوسیالستەكان، نەك ئیمپریالزم و سەهیۆنیەت و دام و دەزگا بورجوازییەكان.

**یەكێتی نیشتمانی كوردستان لە كۆنگرەی سێیەمی ساڵی ٢٠١٠ و لە پرۆگرامەكەی دەربارەی بیروباوەڕی سیاسی و فیكری بەم جۆره باس دەكات له لاپەڕه (٢٥):**

یەكێتی نیشتمانی كوردستان، حزبێكی سۆسیال دیموكراتی گەلی كوردستانی عێراقە، لە پێشەوەدا نوێنەری كرێكاران و ڕەنجدەرانی بیرو بازوی كۆمەڵ، تێدەكۆشێت لە پێناو تەواوكردنی ئەركەكانی رزگانی نیشتمانی و سیستەمی دیموكراسی سكولار، بونیاتنانی كۆمەڵی مەدەنی پێشكەوتووی گونجاو لەگەڵ هەل و مەرجی ئێستای دونیادا، كە درێژەی خەباتە نەپساوەكەی بگاتە وەدیهێنانی عەدالەتی كۆمەڵایەتی، تا بتوانێت تەبا لەگەڵ بنەماكانی پێكەوە ژیانی ئاشتیانەی هاوسەنگ، كە خۆی لە دابینكردنی خۆشگوزەرانی، پاراستنی مافەكانی مرۆڤ، مافەكانی تاك، یەكسانی ژن و پیاو، یەكسانی لەبەردەم یاسادا ببینێتەوە، هاوكات خەبات دەكات بۆ دابینكردنی یەكسانی لە دەرفەتەكانی كار، نەشونما كردنی سەربەخۆیی تاك، نەهێشتنی چەوساندنەوە و بنەبڕی هەڵاوێردی رەگەزی و چینایەتی و نەتەوایەتی.

یەكێتی نیشتمانی كوردستان لەماوەی مێژووی خەباتی تا ئێستا سێ كۆنگرەی گشتی بەستووە: لە ساڵی ١٩٩٢، ساڵی ٢٠٠١، ساڵی ٢٠١٠.

هەیكەلی ڕێكخراوەیی یەكێتی كە لە دوا كۆنگره بڕیاری لەسەر دراوە و لە پێڕەوی ناوخۆیدا دیاریكراوە، بەم شێوەیە: سكرتێری گشتی، ئەنجومەنی سەركردایەتی، مەكتەبی

سیاسی، ئەنجومەنی ناوەند، مەکتەب و دەزگاکان، مەکتەبی رێکخستن، مەڵبەند، کۆمیتە، کەرت.

سکرتێری گشتی یەکێتی هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە تا ئەمڕۆ مام جەلالە.

**ساڵی ١٩٨٢ یەکێتی لەو سەردەمەی هێشتا لە سێ باڵی پێکهاتبوو، مەکتەبی سیاسی بریتی بوو لە:**

جلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتی

نەوشیروان مصطفی: جێگر

د. فؤاد معصوم: ئەندام

عمر شیخ موس: ئەندام

حکمت محمد کریم (مەلا بەختیار): ئەندام

علی حویز: ئەندام

نجم الدین عزیز: ئەندام

لە کۆنگرەی سێیەم کە ساڵی ٢٠١٠ بەسترا، سەرکردایەتی یەکێتی بریتی بوون لە: کۆسرەت رسول، د. بەرهەم صالح، مەلا بەختیار، عمر فتاح، قادر حمه جان، ئەرسەلان بایز، عدنان مفتی، عماد أحمد، د. نجم الدین کریم، رفعت عبدالله، محمود سنگاوی، سعدی أحمد، شیخ جعفر مصطفی، رزگار علی، ئازاد جندیانی، ئاسۆ مامند، مصطفی چاورەش، هێرۆ ابراهیم احمد، ئالا تاڵەبانی، نەرمین عثمان، خەسرەو گل، ئارێز عبدالله، شالاو کوسرەت، فرید ئەسەسەرد، شۆڕش اسماعیل، محمد وتمان، حمەی حمه سعید، بارزان أحمد کوردە، بڵێسە جبار فەرمان، د. جوان احسان، هەڵۆ پێنجوێنی، سیروان کوێخا نجم، پەروین کاکە حەمە، هەرێم کمال ئاغا، فریاد رەواندوزی، خالد شوانی، بێگەرد دلشاد، عارف رشدی، شالاوی علی عسکری، وەستا رسول، وصفیه بنی وەیس، شیخ لطیف عمر، پەروین بابەکر، سامان گەرمیانی. عدنان حەمەی مینە، جمیل هەورامی، حامید حاجي غالي، رەهبەر سید ابراهیم.

یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٦ بەشداری سەرەکی لە خەباتی چەکداری کردووە دژ بە رژێمی صدام حسین. لەم ماوەیەدا لە چەندین بەرەو هاوپەیمانی سیاسی بەشداری کردوە.

هەورەها بەرەوڕووی چەندین کێشە و ململانێی ناوخۆ بۆتەوە. لە ساڵی ١٩٧٩ باڵی بزووتنەوەی دیموکراتی سوسیالستی کوردستان لێی جیابۆتەوە، هەوەرها لە ساڵی ١٩٨٥ گروپێکی تر بەناوی ئاڵای شۆڕش لە یەکێتی جیابوونەتەوە.

دوای راپەڕین ساڵی ١٩٩١ یەکێتی بەشداری لە هەموو کاروبارە سیاسی و ئیدارییەکان کردووە لە هەرێمی کوردستان.

هەروەها پاش روخاندنی رژێمی صدام حسین یەکێتی بەشداری لە کاروباری سیاسی عێراق کردووە، بەشداری پەرلەمان و حکومەتی عێراق بووە و سکرتێری گشتی مام جلال بۆتە سەرۆك کۆماری عێراق.

## ٥٨- بزووتنەوەی سۆسیالستی دیموکراتی کوردستان:

دوای تێکشکانی خەباتی چەکداری کورد لە کوردستانی عێراق ساڵی ١٩٧٥ و گەڕانەوەی ژمارەیەکی زۆری سەرکردە و کادیر و پێشمەرگەکانی بۆ ژێر دەسەڵاتی رژێم، دەستەیەك لە سەرکردە و کادیرانی بڕیاریاندا بە پێکهێنانی رێکخراوێکی سیاسی شۆڕشگێڕ لەژێر ناوی بزووتنەوەی سوسیالستی دیموکراتی کوردستان.

رابەری ئەم بزووتنەوەیە شەهید (صالح یوسفی) بوو، کە پێشتر ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، لە سەرکردەکانی تری بزووتنەوە:

علي عسکري، عمر دەبابە، خالد سعید، سید کاکە، طاهر علي والي، رسول مامند، مەلا ناسیح، سعدی گچکە، علی هەژار، کاردۆ گەڵاڵی.

یەکەم بەیانی راگەیاندنی دامەزراندنی بزووتنەوە لە مانگی ئایار/١٩٧٦ دەرچوە کە تیایدا ئاماژە بۆ ئەو کارە جینوسایدانە دەکات، کە رژێمی بەعس لە عێراق پێی هەستاوە و درێژەی پێدەدا بەرامبەر بە نەتەوەی کورد.

**كاك مەحمەد شاكەلی لە كتێبەكەی لەژێر ناوی (لە بزووتنەوەوە بۆ حزبی سۆسیالستی كوردستان) نووسیویەتی:[٢١٣]**

لـە سـەرەتای دامەزرانـدنی بزووتنـەوە و پاشـان حزبـی سوسیالست، بـەهۆی كاریگـەری رووداوە یەك لە دوای یەكەكان كە رووبەڕووی ئەو رێكخستنە نوێیە بووەوە و چۆنایەتی و كەسایەتی ئەو هەڤاڵانەی كـە دامەزرێنـەر و سـەركردەی بزووتنەوەكـە بـوون، زۆربـەیان لـە دوو هێڵـی فیكـری جیـاوازەوە هـاتبوون و پـاش نسـكۆی ١٩٧٥ و لـە دوای گفتوگۆیـەكی زۆر گەیشتبوونە قەناعەت بەوەی سەر لەنوێ رێبازێكی جیاواز لەوەی پێشوویان هەڵبـژێرن بـۆ پێكەوە كاركردن بەبێ دژایەتی كردنی فكـری پێشویان كـە لـە دوو حزبـی دیـاردا (پـارتی و یەكێتی) بەرجەستە بوون و هەڵسوكەوت لەگەڵ واقیعی نوێی شۆڕشدا بكەن وەكو خـۆی و لە هەمانكاتدا رۆڵی چاكەو تەبایی لە كوردستان ببینن.

بزووتنــەوە بەشــێك لــە ئەندامــەكانی ســەركردایەتی و ژمارەیــەكی زۆرتــر كــادیر و پێشـمەرگە ڕەوانـەی شـاخ كـرد لـە ناوچـەكانی كوردسـتان بـۆ دەسـتپێكردنەوەی خـەباتی چەكداری. لە شارەكانیش چەند لقێكی رێكخستنی نهێنی پێكهێنا وەك لە بەغداد و باشوری عێراق، سلێمانی، كەركوك، هەولێر، دهۆك.

هـەر لـەو ماوەیـە كـە (ی. ن. ك) دامـەزرابوو، بزووتنـەوەش وەك بـاڵێكی سـەرەكی بـوو بەئەندام و لەناو یەكێتی كاری دەكرد و چەند ئەندامێكی سەركردایەتی بوون بـە ئەنـدامی مەكتەبی سیاسی (ی. ن. ك) تا بەهاری ١٩٧٩، كە بزووتنەوە لە یەكێتی كشایەوە.

لە بەهاری ١٩٧٩ هەردوو كادیری سەركردایەتی علی هەژار و كاردۆ گەلاڵی لەلایەن دەزگـا ئەمنیەكانی رژێم لەناوشاری هەولێر دەستگیركران، شەهید (صالح یوسف) لە بەغدا مابۆوە. لەناو شۆڕشیش لە شاخ دەستەی سەركردایەتی بزووتنەوە پێكهاتبوو لە: رسول مامند، سـید كاكە، طاهر علي والی، قادر عزیز، حاجی حاجی ابراهیم.

لەناو شـارەكان لیژنەیـەك پێكهـاتبوو بـۆ بـەڕێوەبردنی چالاكیەكانی رێكخسـتن لیژنەكـە بریتی بوو لە: محمد شاكەلی، محمد فاتح، علی اكبر، محمودی حاجی حمە رەش.

چـالاكیەكان بـەم جـۆرە بـەڕێوە دەچـوو تـا تێكـەڵ بـوونی بزووتنـەوە لەگـەڵ لیژنـەی ئامادەكردنی، پارتی دیموكراتی كوردستان كە پێكهاتبوو لە (د. محمود عثمان، قـادر جبـاری،

عـدنان مفتـی، مـلازم فـؤاد) و لـه هـاوینی سـاڵی ١٩٧٩ حزبـی سوسیالسـتی کوردسـتان، راگەیەندرا.

## ٥٩- حزبی سۆسیالستی کوردستان (حسك):

لە ١٩٧٩/٨/٨ بە شێوەیەکی فـەرمی دامەزرانـدنی حزبـی سوسیالسـتی کوردسـتان (حسـك) راگەیەندرا لە یـەکگرتنی هـەردوو ڕێکخـراوی (بزووتنـەوەی سوسیالسـتی کوردسـتان لەگـەڵ لیژنەی ئامادەکردن، لە پارتی دیموکراتی کوردستان).

سەرکردایەتیەکی هاوبەش پێکهات لەم ناوانە: رسول مامند، محمود عثمان، قادر جبـاری، قادر عزیز، شوکت حاج مشیر، انور مجید سلطان، طاهر علي والی، احمد فقـی رەش، شـێروان شێروەندی، سـید کاکـە، حـاجی حـاجی ابـراهیم، عـادل مـوراد، مـەلا ناسـیح، عـدنان مفتـی، مەکتەبی سیاسی حزب لە (٣) کەس پێکهات: رسول مامند، محمود عثمان، طاهر علی والی.

هەروەها شەهید (صـالح یوسـفی) وەك رابـەر و کەسـی یەکـەمی حـزب مایـەوە. هەیکـەلی ڕێکخراوەیـی حـزب بـەم شـێوە دارێـژرابوو: مەکتـەبی سیاسـی، کۆمیتـەی سـەرکردایەتی، مەکتەبی ڕێکخستن، لقەکان، ناوچەکان، ڕێکخراو، شانە.

لـە مـانگی ئایـار/١٩٨١ حـزب یەکـەم کـۆنگرەی خـۆی بەسـت، دوارۆژی کـۆنگرە کۆمیتـەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا و بەم شێوەیە: رسول مامند، عادل موراد، طاهر علـي والـي، سـید کاکە، مـلا ناسـیح (أحمـد اسماعیـل)، قـادر جبـاری، شـیروان شـێروەندی، محمـد فـاتح، عزیـز عقراوی، سعد عبـدالله، مامۆسـتا أمـین، أحمـد فقـی رەش، قـادر شـۆڕش، عبـدالخالق زەنگنـە، شێرکۆ شێخ علی، قادر عزیز، محمد رحیم (خالە حاجی). هەروەها بڕیار درا محمد شاکەلی کـە لەشـار بـەنهێنی کـاری دەکـرد بـە (تزکیـة) بکرێـتە ئەنـدامی سـەرکردایەتی، سـەرەڕای شـەهید صـالح یوسـفی وەك رابـەر. هـەروەها کـاك محمـدی حـاجی محمـود بـە یـەدەگ هەڵبژێردرا.

حزبـی سۆسیالست بـە درێـژایی تەمـەنی بـەرەوڕووی ململانێـی سیاسـی و هـزری نـاوخۆ بۆتـەوە. لـە یەکـەم کـۆنگرە هـەردوو محمـود عثمـان و حـاجی حـاجی ابـراهیم بەشـداریان نەکرد، هەروەها لە ساڵی ١٩٨٥ گروپێکی تر بـە سـەرکردایەتی قـادر عزیـز جـودا بوونـەوە و حزبی زەحمەتکێشانیان دامەزراند.

(حسك) له ساڵی ١٩٨١ بەشداری بەرەی (جوقد)ی كرد و دواتر بەشداری بەرەی جودی كردووە، لە ساڵی ١٩٨٨ ئەندامی بەرەی كوردستانی بووە.

دوای راپەڕینی ١٩٩١ به لستێكی جیاواز بەشداری هەڵبژاردنەكانی پەرلەمانی كوردستانی كرد ، بەڵام سەركەوتنی بەدەست نەهێنا. لە ساڵی ١٩٩٣ بڕیاری یەكگرتنیاندا لەگەڵ هەردوو حزبی گەلی دیموكرات و پاسۆك، بەڵام هەر لە ماوەی رۆژانی كۆنگرە باڵێكیان بە سەركردایەتی رسول مامند لە پرۆسەی یەكگرتن كشانەوە، دواتر كۆنگرەی دووەمیان بەست لە شاری رانیە و ئەنجومەنێكی سەركردایەتیان هەڵبژارد. پاش چەند مانگێك بڕیاریاندا تێكەڵی (ی. ن.ك) ببن.

لە كۆتایی ساڵی ١٩٩٤ دەستەیەكی تر لە كادیرانی (حسك) بە ڕابەرایەتی محمدی حاجی محمود بڕیاری دامەزراندنەوەی حزبی سوسیالستی دیموكراتی كوردستانیاندا كە تا ئەمڕۆ لە چالاكیەكانیان بەردەوامن.

## ٦٠- پارتی گەلی دیموكراتی كوردستان:[٢١٤]

ئەم حزبە لە مێژووی ٣٠/تەموز/١٩٨١ دامەزراوە لەلایەن كۆمەڵە كادیرو سەركردەیەك كە لە پارتی دیموكراتی كوردستان جیابوونەتەوە لە ماوەی كۆنگرەی نۆیەمدا.

لە كەسایەتیە گەورەكانی ئەم حزبە كە بە شێوەیەكی كاریگەر بەشداریان لە دامەزراندنی كردووە هەریەك لە سامی عبدالرحمن و نوری شاوەیس (ئەندامانی مەكتەبی سیاسی پارتی دیموكراتی كوردستان).

بەرنامەی حزب جەخت لەسەر رۆڵی سەركردایەتی كردنی جەماوەر دەكات لە خەباتی رزگاریخوازی نەتەوایەتی لەگەڵ خەبات لە پێناو دادوەری كۆمەڵایەتی واتا تێكەڵكردنی خەباتی نەتەوایەتی بە خەباتی چینایەتی.

پەیوەندییەكانی ئەم حزبە لەگەڵ پارتی دیموكراتی كوردستان لە سەرەتادا زۆر ناكۆك و پڕ كێشە بووە و بۆتە هۆی هەڵگیرسانی چەند شەڕو ئاژاوە لە نێوانیاندا لە ناوچەی بادینان، دواتر وردە وردە پەیوەندییەكانیان بەرەو ئاسایی بوونەوە هەنگاوی نا.

هەیكەلی رێكخراوەیی حزب نزیك بووە لە هەیكەلی رێكخراوەی حزبە كۆمۆنیستەكان واتا: سەركردایەتی، مەكتەبی سیاسی، لقەكان، ناوچەكان، رێكخراوەكان.

حزب دوو كۆنگرەی بەستووە لە مێژوویدا لە ساڵی ١٩٨٨ و ساڵی ١٩٨٩.

**کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێراوی کۆنگرەی دووەم:**[٢١٥]

سامی عبدالرحمن/ سکرتێر

د. مجید جعفر

آزاد محمود خفاف

بروسك نوری شاویس

دلشاد میران

خسرو عزیز

صلاح بروارى

مجید رزگاری

فارس ئامێدی

زیرڤان نێروی

وریا رؤوف سەعاتچی

کریم شەنگالی

عارف طیفور

بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان کردووە ساڵی ١٩٩٢.

حزب لەگەڵ هەردوو حزبی سوسیالستی کوردستان و پارتی سوسیالستی کورد لە هاوینی ساڵی ١٩٩٣ یەکیان گرت لەژێر ناوی حزبی یەکگرتن.

## ٦١- بەرەی نیشتمانی نەتەوایەتی دیموکراتی عێراق (جوقد):[٢١٦]

لە ماوەی ساڵانی نێوان (١٩٧٩ _ ١٩٨٠) گۆڕەپانی سیاسی چالاکیەکی سیاسی گەورەی بەخۆوە بینی لەلایەن رەوتە سیاسیەکان، ئەوانی لە کوردستانی عێراق بوونیان هەبوو بە عەرب و کورد. ئامانج لەو چالاکیانە گەیشتن بوو بە جۆرە رێککەوتنێك یان بەرەیەك لە ١٢/تشرینی یەکەم/١٩٧٩ کۆبونەوەیەك لە بارەگای سەرکردایەتی هەرێمی عێراق - حزبی بەعسی عەرەبی سوسیالست بەسترا، لەو کۆبوونەویەدا ژمارەیەکی گەورەی سەرکردایەتی حزبەکان تیادا ئامادە بوون. لەو خاڵە گرینگانەی باسکران:

١- پێکهێنانی ئەنجومەنێکی باڵا لە نوێنەرانی هەموو لایەنەکان بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی دیموکراتی عێراقی یەکگرتوو.
٢- پێکهێنانی لیژنەیەك لە چوار لایەن بەناوی (نوێنەرانی بزووتنەوەی نیشتمانی عێراق) و چوون بۆ تاران (پایتەختی ئێران) لە پێناو بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوانیان لەگە حکومەتی ئێران.

**چەند کۆسپێك هاتە پێش کە رێگربوون لەبەردەم پێکهێنانی بەرە تا ساڵی١٩٨٠ ، بۆیە لە ١٢/تشرینی دووەم/١٩٨٠ پێکهێنانی بەرە راگەیەندرا، ئەو لایەنانەی بەشدار بوون لەو بەرەیە:**

١- یەکێتی نیشتمانی کوردستان.
٢- حزبی شیوعی عێراقی.
٣- حزبی سۆسیالستی کوردستان (حسك).
٤- حزبی بەعسی عەرەبی سوسیالست (سەرکردایەتی عێراق).
٥- رێکخراوی سوپای رزگاری میللی عێراقی.
٦- بزووتنەوەی سۆسیالستی عەرەبی.
٧- حزبی سۆسیالستی عێراق.

بەرە توانای بەردەوام بوون و سەرکەوتنی نەبوو بەهۆی دروستبوونی شەڕو ناکۆکیەکان لەگەڵ بەرەی (جود).

## ٦٢- بەرەی نیشتمانی دیموکراتی (جود):[٢١٧]

بەرە لە بەرواری ٢٨/تشرینی دووەم/١٩٨٠ دامەزرا، بە ئامادەبوونی نوێنەرانی سێ حزب:

١- پارتی دیموکراتی کوردستان: مسعود بارزانی، علی عبداللە، رۆژ نوری شاویس.
٢- حزبی سۆسیالستی کوردستان: رسول مامند، طاهر علي والی.
٣- حزبی شیوعی عێراقی: أحمد بانی خێلانی، فاتح رسول.

دوواتر لە مانگی ئایار/١٩٨١ پارتی سۆسیالستی کورد (پاسۆك) و لە مانگی تشرینی دووەم/١٩٨٤ هەریەك لە حزبی سوسیالستی عێراقی و گردبوونەوەی دیموکراتی عێراقی بوون بە ئەندامی بەرە. دواتر پارتی دیموکارتی گەلی کوردستانیش بوو بە ئەندامی بەرە.

**ئامانجەکانی بەرە:**

١- دامەزراندنی رژێمێکی دیموکراتی: پاش روخاندنی رژێمی صدام حسین.
٢- چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەشێوەیەکی دیموکراسی و ئاشتی لەسەر بنەمای دانپیانان بە مافە رەواکانی گەلی کورد.
٣- سوپا ببێتە دامەزراوەیەك بۆ بەرگری لە نیشتمان و سەروەری و سەربەخۆیی.
٤- پیادەکردنی سیاسەتێکی ئابووری پێشکەوتنخوازانە.
٥- بەشداریکردنی چالاکانە لە خەباتی نەتەوەی عەرەب دژ بە ئیمپریالزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرست.
٦- پێڕەوکردنی سیاسەتێکی دەرەکی سەربەخۆ لە بەرژەوەندی کێشە نیشتمانیەکان بێت. پاراستنی ئاشتی جیهانی و پەرەسەندنی بزووتنەوەی بێ لایەن.

بەرە بڵاوکراوەیەکی هەبوو لەژێر ناوی ـ خەباتی بەرە.

رحیم عجینە لە یاداشتەکانی (الاختیار المتجدد) لە لاپەڕە (١٩٤) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات[٢١٨] کە بەرە ئەنجومەنێکی باڵاو سکرتاریەتی هەبووە و کۆبونەکانی بە دەوری هەر جارە لە بارەگای حزبێك ئەنجامدەدا.

## ٦٣- حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان:

**لە بەندی یەکەمی پێڕەوی ناوخۆی حزبدا هاتووە:[٢١٩]**

حزبێکی چەپی شۆڕشگێڕی کوردستانیە، پەیڕەوی مارکسیزم دەکات، تێدەکۆشێ لە پێناو:

١- بەجێگەیاندنی خەباتی گەلی گوردستان لە رزگاری و پێکهێنانی کۆماری دیموکراسی و سەربەخۆیی کوردستان.
٢- دیموکراسی و بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی کوردستان لە سەربەخۆیی و یەکگرتنەوە و سۆسیالیزم.

سەرەتاکانی دامەزراندنی ئەم حزبە بۆ ئەو جیابوونەوەیە دەگەڕێتەوە کە لەناو[٢٢٠] حزبی سۆسیالست کوردستان (حسك) روویدا لە مانگی کانوونی یەکەم/١٩٨٥. باڵێك لەو

حزبە جیابوونەوە بە سەرکردایەتی قادر عزیز و عبدالخالق زەنگەنـە و کۆمەڵـە کـادیرێکی مام ناوەندی کە نوێنەرایەتی رەوتی چەپیان دەکرد.

ئەم باڵە سەرەتا بەناوی (حزبی سۆسیالستی کوردستان ـ رەوتی شۆڕشگێڕ) دروسـت بـوو دواتر بوو بە حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان.

لـە بـەرواری ٢٤/نیسـان/١٩٨٨ حـزب یەکـەم کـۆنگرەی خـۆی سـازدا لـە ناوچـەیەکی نزیـك ئاکرێ کە نزیکەی (٣٦) نوێنەر بەشداریان کرد.

لە سەرەتای ئایاری/١٩٩٢ حـزب کۆنگرەیـەکی تـری بەسـت بـە بەشـداریکردنی رێکخـراوی (ئـاڵای شـۆڕش) کـە لـە یـەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان جیـابببۆوە. (پاشـان گەڕانــەوە نـاو یەکێتی).

لە مانگی تەموز/١٩٩٤ حزب بە بەشداری (٣٠٠) نوێنـەر کۆنگرەیـەکی تـری بەسـت لـەناو شاری هەولێر، لە دوارۆژی کۆنگرە ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا، بەم جۆرە:

قادر عزیز: سکرتێر.

**ئەندامان:** عبدالخالق زەنگەنە، بەهمەن حسین، سەردار محمد، بەڵێن عبدالله، سعد خالد، أحمد انور، گۆران جلال، فاضل حسن، بێکەس حمە قادر، هەندرێن عبدالله، فتاح خلیل.

**هەیکەلی رێکخراوەیی حزب بەم جۆرە پێکهاتووە:**

شـانە، شـانەی سـەرەکی، رێکخـراو، ناوچـە، لـق، کۆمیتـەی ناوەنـدی، مەکتـەبی سیاسـی، کۆنفرانس، کۆنگرە.

حزبــی زەحمەتکێشــان ئەنــدامی بــەرەی کوردســتانی بــووە، هــەروەها بەشــداری لــە کۆنگرەکـانی ئۆپۆزسـیۆنی عێراقـی کـردووە، دوای ڕاپـەڕین بەشـداری لـە پرۆسـەی سیاسـی کردووە لە هەرێمی کوردستان.

لــە ســاڵی ٢٠٠٩ حــزب تووشــی دووبــەرەکی هــات، مەکتــەبی سیاســی حــزب بڕیــاری دوورخسـتنەوەی سـکرتێری حـزب (قـادر عزیـز)یـدا، لـە بەرامبـەردا سـکرتێری حـزب کۆنگرەیــەکی حزبــی ســازدا و ســەرکردایەتیەکی نــوێی دامەزرانــد لــەژێر نــاوی حزبــی زەحمەتکێشانی سەربەخۆی کوردستان.

## ٦٤- بەرەی کوردستانی عێراقی:

پێکهێنانی بەرەی کوردستانی ماوەیەکی زۆری بە گفتوگۆ و دانیشتنەکان خایاند لەنێوان لایەنەکان. دەکرێ بوترێ کە لە مانگی ئابی١٩٨٧ بە ڕاستی دەستی پێکردووە تا لە مانگی حوزەیران/ ١٩٨٨ واژوی کۆتایی لەسەر کرا لە بارەگای حزبی شیوعی عێراقی لە ناوچەی خواکورك.

**ئەو لایەنانەی سەرەتا لەسەری ڕێککەوتن بریتی بوون لە:[٢٢١]**

پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، حزبی سۆسیالستی کوردستان، حزبی گەلی دیموکراتی کوردستان، پارتی سۆسیالستی کورد (پاسۆك) هەروەها حزبی شیوعی عێراقی.

دواتر هەر یەك لە حزبی زەحمەتکێشان و بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشوریش هاتونەتە ناو بەرە لە بەرواری ١٩٩٠/١١/١.

بەرە پەیمانێکی دارشتووە کە تیایدا ئامانج و بەرنامەی کاری خۆی تیادا روونکردۆتەوە. هەروەها پێڕەوێکی ناوخۆشی هەبووە.

سەرۆکایەتی بەرە، ڕێککەوتنی لەسەر کراوە کە بەنۆرە بێت لەلایەن کەسی یەکەمی حزبەکان.

بەرە چەند دامەزراوەیەکی هەبووە وەك: سەرکردایەتی سیاسی، مەکتەبی تەنفیزی، ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، دەزگای پەیوەندیەکان، کاروباری کارگێڕی و کۆمەلایەتی و یاسایی، لیژنەکانی دارایی، رایگەیاندن، ئاینی، ڕێکخراوە پیشەیی و دیموکراتیەکان.

بەرەی کوردستانی رۆلێکی سەرەکی هەبووە لە ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ ، دواتریش لە بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی و ئیداری و ئاسایشی هەرێمی کوردستان، تا هەلبژاردنی گشتی ئەنجامدرا و حکومەت و پەرلەمان و دامەزراوە رەسمیەکان پێکهاتن.

**لە ئامانجەکانی بەرە:[٢٢٢]**

١- خەبات کردن لە پێناو کۆتایی هێنان بە جەنگی رژێم بۆ لەناوبردنی گەلی کورد.

٢- خەبات کردن لە پێناو بڕیاردان لەسەر مافی چارەنووس بۆ گەلی کورد لە کوردستانی عێراق و بەدیهێنانی هەموو مافە رەواکان بۆ گەلی کوردستان.

٣- نەهێشتنی سیاسەتی جیاوازیکردنی نەتەوایەتی کە دەسەڵاتدارانی بەغداد پیادەی دەکەن بەرامبەر بە گەلانی عێراق.
٤- بڵاوبوونەوەی دیموکراسیەت لەناو کۆمەڵگەی عێراقی و بەرپاکردنی ئازادییەکان.
٥- خەباتکردن بۆ کۆتایی هێنان بە جەنگی نێوان عێراق و ئێران.
٦- دامەزراندنی پەیوەندی باش لەگەڵ هەموو لایەن و دراوسێیەکان.
٧- بەرە هاوپەیمانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی عەرەبە لە پێناو رزگاری و یەکێتی و دیموکراسیەت.
٨- بەرەی کوردستانی ببێتە بەردی بناغە بۆ بەرەیەکی عێراقی فراوان و بۆ روخاندنی رژێمی فاشی دیکتاتۆری.

## ٦٥- حزبی یەکگرتنی کوردستانی:

ئەم حزبە لە یەکگرتنی سێ حزبی کوردستانی (حزبی سۆسیالستی کوردستان، حزبی سۆسیالستی کورد، حزبی گەلی دیموکراتی کوردستان) پێکهات لە کۆنگرەیەك کە نزیکەی (١٣٠٠) نوێنەری تیادا بەشداریان کرد لە هەر سێ حزب لە مانگی ئاب/١٩٩٢ و ماوەی (٦) رۆژی خایاند.

هەر لە ماوەی کۆنگرەکە باڵێکی سەرەکی لە حزبی سۆسیالستی کوردستان کشایەوە و رازی نەبوو بەشێوازی بەرێوەبردنی کۆنگرەکە، کە رسول مامند و محمد شاکەلی رابەری ئەو باڵەیان دەکرد.

کۆنگرەی یەکگرتن کۆتایی بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنێکی سەرکردایەتی هات، کە لە (٣٠) ئەندام پێکهاتبوو لە ناویاندا (سامي عبدالرحمن، عبدالله ئاگرین، قادر جباری، سید کاکە، محمد حاجی محمود، ملازم کریم، ملازم شوان، سعد عبدالله، مامۆستا امین، نظام الدین گلی...

حزبی یەکگرتن دوای ماوەیەکی کورت بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی خۆیدا و تێکەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان بوو.

### ٦٦- حزبە ئیسلامیە کوردییەکان:

زۆرن ئـەو ڕێکخـراو و گروپـە سیاسـیە ئیسـلامیانەی باسـیان دێـت، ئـەم ڕێکخراوانـە کـە سەریان هەڵداوە، لەبەر زۆر هۆ (کە جێگای باس نییە) لە یەك جـودا بوونەتـەوە و یـەکیان گرتۆتەوە. ئەگەرچی هەموویان هزری ئیسلامی سەرچاوەی کاریانە، بـەڵام شـێواز و ڕێبـازی کارو چالاکیەکانیان جیاوازن، هەندێکیان باوەڕیان بە خـەباتی چـەکداری و (جیهـاد) هەیـە، هەندێکێشیان ڕێبازێکی ئاشتی و مەدەنیانە یان گرتۆتە بەر[٢٢٣].

| ز | ناوی ڕێکخراو | ساڵی دامەزراندن | ناوی سەرکردە |
|---|---|---|---|
| ١ | بزووتنەوەی ئیسلامی کوردی | ١٩٧٨ | مەلا عثمان عبدالعزیز |
| ٢ | لەشکری ئیسلامی کوردستان | ١٩٨٠ | عباس عبدالله شاهین |
| ٣ | رابیتەی ئیسلامی | ١٩٨٤ | محمد نجیب بەرزنجی |
| ٤ | بزووتنەوەی رابوونی ئیسلامی | | مەلا صدیق عبدالعزیز |
| ٥ | بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی | ١٩٩٩ | علي عبدالعزیز |
| ٦ | کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردستان ـ عێراق | ٢٠٠١ | علي باپیر |
| ٧ | بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق | | على عبدالعزیز |
| ٨ | یەکگرتووی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق | ١٩٩٤ | صلاح الدین بهاءالدین |
| ٩ | جیهادی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق | | مەلا أمین پیرداود خۆشناو |
| ١٠ | سەربازانی ئیسلام (جند الاسلام) | ٢٠٠١ | ئەبو عبدالله الشافعی |
| ١١ | پشتیوانانانی ئیسلام (انصار) | ٢٠٠١ | مەلا کرێکار |
| ١٢ | حماس | ١٩٩٧ | مەلا عمر بازیانی[٢٢٤] |
| ١٣ | کۆمەڵەی توحیدی ئیسلامی | ٢٠٠٠ | ئەبوبەکر هەولێر |
| ١٤ | بەرەی تەوحیدی ئیسلامی | ٢٠٠١ | مەلا ئەبوبەکر هەولێر، عمر بازیانی |

## ٦٧- حزب (الله)ی کورد:[٢٢٥]

بزووتنەوەیەکی سیاسی ئاینی بوو لەسەر ڕێبازی (سوننە) تێکەڵ بە بیروباوەڕی سوفیەت. لە شاری (نەغەدە) لە کوردستانی ئێران دامەزراوە، مێژووی دامەزراندنی بۆ ساڵی ١٩٨٣ دەگەڕێتەوە. ئەم حزبە لەسەرەتادا بەسەرکردایەتی (شیخ محمد خالد بارزانی) دروست بووە، دواتر دوو بەرەکیان تێکەوت.

لقێکی سەربازی هەبوو، کە نزیکەی (٢٠٠) چەکداری لە خۆگرتبوو.

**ئەنجومەنی سەرکردایەتیەکەی بریتی بوون لە:**

أدهم بارزانی، سەرۆك

عمر دیرزی، عبدالرحیم، فتاح فرج، محمد أمین محمد، سیامند مزوری.

بارەگاکانی لە شارۆچکەی چۆمان و حاجی ئۆمەران بوو.

**ئامانجەکانی:**

خەباتی چەکداری لە پێناو روخاندنی دەسەڵاتی صدام حسین لە عێراق، بەدی هێنانی مافە رەواکانی گەلی کورد و دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی.

لە کۆتایی ساڵی دوو هەزار خۆی هەڵوەشاندۆتەوە و تێکەڵی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو.

## ٦٨- بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق:[٢٢٦]

ئەم بزووتنەوەیە لە ساڵی ١٩٩٩ پێکهات بە تێکەڵبوونی دوو بزووتنەوەی ئیسلامی کە بریتی بوون لە: بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان لەگەڵ بزووتنەوەی رابوونی ئیسلامی لە شاری هەڵەبجە، ناویان گۆڕا بۆ بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی.

**ئامانجەکانی:**

١- پێڕەوکردنی شەریعەتی ئیسلامی.
٢- کارکردن لە پێناو فێرکردنی بەرنامەی ئیسلامی لە خوێندندا.
٣- رۆشنبیرکردنی لاوان و ژنان بە رێنماییەکانی ئیسلام.
٤- روخاندنی رژێمی صدام حسین لە بەغداد.

٥- پیادەکردنی شێوازی خەباتی چەکدرای.

**هەیکەلی ڕێکخراوەیی بزووتنەوە:**

١- سەرکردایەتی ٢- مەکتەبی سیاسی ٣- ئەنجومەنی شورا

٤- مەکتەبەکان: عەسکەری، پەیوەندییەکان، ڕاگەیاندن.

٥- مەڵبەندەکانی ڕێکخستن.

**لە سەرکردایەتیەکانی بزووتنەوە:**

صدیق عبدالعزیز، دارا محمد أمین، اکرم کریم، شیخ محمد برزنجی، احمد کاکە محمود، کمال رحیم.

بزووتنەوە یەکەم کۆنگرەی لەساڵی (٢٠٠٠) بەست لە شاری هەڵەبجە، لە نێوانیاندا ململانێی زۆر سەری هەڵدا.

بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق کردووە، نوێنەریان گەیشتە پەرلەمان.

## ٦٩- کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق:

کۆمەڵ لە بزووتنەوەی ئیسلامی بە سەرکردایەتی مەلا علی عبدالعزیز جیابۆتەوە، لە ٣١/ئایار/٢٠٠١، لەلایەن شێخ محمد نجیب بەرزنجی پێشڕەوایەتی دەکرێ.

**هەیکەلی ڕێکخراوەیەکەی بەم جۆرەیە:**[٢٢٧]

پێشەوا، مەکتەبی سیاسی، سەرکردایەتی، ئەنجومەنی شورا، مەڵبەندەکان، ناوچە، ڕێکخراوە و بنکەکان.

لە سەرکردایەتیەکانی: علی باپیر ـ أمیری کۆمەڵ.

مەکتەبی سیاسی: عبدالستار، ناظم عبدالله، محمد حکیم، مەلا مەروان، دلشاد کەلاری، توفیق کریم.

پاش داگیرکردنی عێراق لەلایەن هێزەکانی ئەمەریکا، ئەمیری کۆمەڵ علی باپیر ماوەیەك دەسگیرکرا.

کۆمەڵ بەشداری لە هەڵبژاردن و کاروباری سیاسی لە هەرێمی کوردستان کردوە هەروەها بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقی کردوە.

لــە ئامانجــەکانی، پــەیڕەوکردنی بنــەما و رێنماییــەکانی ئیســلام، پــەروەردەکردن و ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگە لەسەر بنـەماکانی ئـاینی ئیسلام، پیادەکردنی رێگای تێکۆشـان بـە هەموو شێوازێك.

## ٧٠- یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان:

بزووتنەوەیـەکی ئیسـلامی سیاسـی چاکسـازییە، تێدەکۆشـێ بـۆ چارەسـەرکردنی هـەموو کێشـە سیاسـی و کۆمەڵایـەتی و رۆشـنبیرییەکان بـە دیـدێکی ئیسـلامی. لـە ٦/شـوبات/١٩٩٤ دامەزراوە.

رابەرەکەی (صلاح الدین بهاءالدین)ە.[٢٢٨]

ئایدیۆلۆجیاکــەی: پــەیڕەوکردنی شــەریعەتی ئیســلامی، بــەدیهێنانی دیموکراتیــەت، پێڕەوکردنی رێبازی دیالۆگ و ئاشتیانەیە.

**ئامانجەکانی:**

١- بانگەواز بۆ پابەندبوون بە رێنماییەکانی ئاینی ئیسلام.
٢- پەروەردەکردنی ئەندامان بەپێی رێبازی ئاینی ئیسلام.
٣- خەباتکردن لە پێناو بەدیهێنانی مافە رەواکانی گەلی کورد.
٤- پشتگیریکردنی خەباتی گەلانی موسڵمانی چەوساوە.

**هەیکەلی رێکخراوەیی:**

کۆنگرەی گشتی هەر چوارساڵ جارێك دەبەسترێ.

ئەمینداری گشتی

ئەنجومەنی شورا

مەکتەبی سیاسی

مەڵبەندەکان

دروشمەکانی: ئازادی، برایەتی، دادوەری

**چالاکیە سیاسیەکانی:**

١- بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان لە هەموو خولەکان.

٢- بەشداریکردنی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٣- بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقی و کاروباری سیاسی وڵات.

## ٧١- حزبی رزگاری کوردستان:

ئەم حزبە لە (١٥/ئاب/١٩٩٣) دامەزراوە، بە سەرۆکایەتی رێکار أحمد. هەر بەهۆی شەڕی ناوخۆ و ململانێی سیاسی لە کوردستان حزب بۆتە دوو باڵ: باڵی رێکار أحمد، باڵی زید محمود، دواتر بەشێکی کادیرانی باڵەکەی رێکار أحمدیش کەوتنە لای باڵی زید محمود[٢٢٩].

ساڵی ١٩٩٩ باڵەکەی زید محمود لە شاری هەولێر خۆی وەك حزبی رزگاری راگەیاند. یەکەم کۆنگرەی لە سەرەتای مانگی کانوونی دووەم/٢٠٠١ بەست، لە کۆنگرە ئەنجومەنێکی سەرکردایەتی هەڵبژارد بەم شێوەیە:

زید محمود علی: سکرتێر

خۆشناو جلال احمد، حکمت حکیم: ئەندامانی مەکتەبی سیاسی.

ایوب یوسف وهاب، رضوان یاسین عبدالله، قاسم محمد رضوان، صدرالدین شەریف، حمە قادر امین. ئەندامانی سەرکردایەتی[٢٣٠].

## ٧٢- بزووتنەوەی دیموکراتخوازانی کوردستان:[٢٣١]

بزووتنەوەی دیموکراتخوازان بە دەستپێشخەری (بهاءالدین نوري) ئەندامی سەرکردایەتی پێشو لە حزبی شیوعی عێراقی دامەزرا لە شاری سلێمانی لە مانگی ئازار/١٩٩٤.

دروشمی بزووتنەوەکە: دیموکراتیەت بۆ عێراق و مافی چارەی خۆنووسین بۆ کورد.

ژمارەیەکی گەورەی رۆشنبیرانی کورد لەناو بزووتنەوە کۆبوونەوە.

**لیژنەی سەرکردایەتیەکەی پێکهاتبوو لە:**

بهاءالدین نوری: سکرتێر.

ناصح کریم، شێرزاد انور، عبداللله شریف، شعلة حاتم، شازاد انور، حاجی مەلا سعید، سۆران بکر، عمر شاوریَ، جلال نوری، حاجی عبدالله، شیخ نوری، ئامانج.

بواری چالاکیەکانی زیاتر لە ناوچەکانی پارێزگای سلێمانی بوو.

**راگەیاندنەکانی بریتی بوون لە:**

رۆژنامەیەك بەناوی _ شارستانی _ هەروەها ئیزگەیەك کە بە زمانی کوردی پەخشی دەکرد لەژێر ناوی _ دەنگی شارستانیەت _.

ئەم بزووتنەوەیە بەرەورووی ململانێ و ناکۆکی بووەوە لەناو ریزەکانی خۆی.

## ٧٣- پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان(٢٣٢)

ئەم پارتە لە ئەنجامی جیابوونەوەی ژمارەیەکی گەورەی کادیر و ئەندامانی لە حزبی شیوعی عێراقی دامەزرا، بە رابەرایەتی (یوسف حنا) ئەندامی سەرکردایەتی پێشوی حزبی شیوعی عێراقی.

یەکەم کۆنگرەی لە ٢٢/تشرینی یەکەم/١٩٩٣ بەست، سێیەم کۆنگرەشی لە کانوونی دووەمی/١٩٩٩ بەست.

ئەنجومەنی سەرکردایەتیەکەی پێکهاتبوو لە:

یوسف حنا: سکرتێر.

کاروان عبدالله، هاشم کۆچانی، ملازم رابەر، بکر حاجی، رفیق صابر، تحسین خلیل، زرار سلیمان بەگ، جمشید حیدری، محسن یاسین، ئومێد مروان.

هەیکەلی رێکخراوەیی بەم شێوەیە بوو:

کۆنگرە _ ناوەندی سەرکردایەتی _ مەکتەبی سیاسی _ ناوەندەکان _ بنکەکانی پارت.

**دروشمی پارت بریتی بوو:** سەربەخۆیی، دیموکراسی، سۆسیالیزم.

ئەم پارتە بەرەورووی ململانێ و دووبەرەکی ناوخۆ بووەوە، دواتر دابەش بووە سەر دوو گروپ، یەکەمیان هەر لەژێر ناوی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان چالاکی دەنواند، دووەمیان ناوی خۆی گۆڕی بۆ پارتی کاری ئازادی کوردستان، هەریەکەیان بارەگایان لە شارێك بوو.

## ٧٤- پارتی پارێزگارانی کوردستان:(٢٣٣)

ئەم پارتە لە ساڵی ١٩٩١ پێکهاتووە، سەرکردایەتیە کاتیەکەی لەم ناوانەی خوارەوە بوون:

حسین سورچی: ئەمینداری گشتی.

خورشید شوکت، عمر ئاغای سورچی، سعید أحمد شینە، عثمان میران.

زۆربەی ئەندامان و لایەنگرانی ئەم پارتە سەربە عەشیرەتی سورچی بوونە.

پەیکەری ڕێکخراوەیی پارت بەم شێوەی خوارەوە بوو:

أ- مەکتەبی سیاسی: پێك دێت لە: ١- ئەمینداری گشتی ٢- جێگری ئەمیندار.

ب- کۆمیتەی سەرکردایەتی، سەرپەرشتی چالاکی و کاروباری ڕێکخراوەیی و کارگێڕی پارت و ئۆرگانەکانی دەکات.

ئەم پارتە تووشی چەندین ململانێ و دووبەرکی ناوخۆ هاتووە و تا رادەیەکی گەورە لاواز ببوو.

بەشداری لە پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستان کردووە.

## ٧٥- بزووتنەوەی میللی کوردستان:[٢٣٤]

بزووتنەوەی میللی کوردستان لە ٢٢/تشرینی دووەم/١٩٩٦ دامەزراوە، سەرکردە و کادیر و ئەندامانی لە حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان جودا بوونەوە، بەهۆی ئەو ململانێ و ناکۆکیە ناوخۆییەی حزب تووشی هات، لە ئەنجامی هەلومەرجە سیاسیە ناوخۆییەکەی کوردستان و شەڕی ناوخۆ.

سەرکردایەتی ئەم بزووتنەوەیە بریتی بوون لە:

عبدالخالق محمد رشید زەنگەنە/ سکرتێری بزووتنەوە.

کمال غەمبار، غازی حسن، شوقی حسین (ئەندامانی مەکتەبی سیاسی).

جلال زەنگابادی، یاوەر حسن، محمد سلیمان، ناصح سلیم، د. هیوا، هۆشیار، سعید ابراهیم. ئەندانی ئەنجومەنی ناوەند.

دوای هەڵوەشاندنەوەی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان ژمارەیەك لە کادیر و ئەندامانی هاتنە ناو بزووتنەوەی میللی کوردستان.

بزووتنەوە رۆژنامەیەکی هەفتانەی هەبووە لە ژێر ناوی (دەنگی میللەت) بە زمانی کوردی دەردەچوو، هەروەها گۆڤارێکی وەرزی هەبووە بە ناوی (رۆشنبیری کوردستان).

بەهۆی ململانێ ناوخۆییەکانی بزووتنەوە تووشی لاوازی بوو و چالاکیەکانی بەرەو کۆتایی هات.

## ٧٦- حزبی شیوعی کوردستان:

ئەو حزبە بە فەرمی لەژێر دروشی (دیموکراتیەت و نوێکاری)ی لە کۆنگرەی پێنجەمی حزبی شوعی عێراقی لە ٣٠/حوزەیران/١٩٩٣ دروست بوو[٢٣٥].

بەلگەنامەکانی کۆنگرەی حزبی شیوعی عێراقی دەربارەی دامەزراندنی حزبی شیوعی کوردستان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە (بەهۆی ئەو مۆرکە نەتەوایەتیە تایبەتیەی

کوردستانی عێراق، هەروەها بۆ گونجاندنی لەگەڵ پەرەپێدانە سیاسیەکان کە بەسەر پرسی کوردا هاتووە، بڕیاری گۆڕانی ڕێکخراوی حزبی شیوعی لە هەرێمی کوردستان درا بۆ حزبی شیوعی کوردستانی عێراق.

حزب هەموو ئەندام و ئەو ڕێکخراوانەی لە هەرێمی کوردستان کاریان دەکرد لەگەڵ هەموو ئەوانەی لە ڕێکخراوەکانی دەرەوە لە گەڵیاندا کار دەکەن، گرتویەتیە خۆی، حزب سەربەخۆیی خۆی هەیە لە نەخشەکێشانی سیاسەت و بەرنامەکانی و پیادەکردنی لە هەموو بوارو کێشە کوردستانیەکان.

یەکەم کۆنگرەی حزبی شیوعی کوردستانی عێراق لە مانگی تەموز/١٩٩٥ بەسترا.

### ئەنجومەنی سەرکردایەتی[٢٣٦]

کریم احمد: سکرتێر

مەکتەبی سیاسی: کمال شاکر، فتاح توفیق، علي محمد زەنگنە، رحیم شیخ علي حیدر، سهیل عبدالجبار الزهاوي، مجید عبدالرزاق، ابراهیم محمود.

لە کۆنگرەی مانگی نیسان/٢٠٠٤ کمال شاکر بۆتە سکرتێری حزب.

حزب رۆژنامەی ـ ڕێگای کوردستان ـ دەردەکات بە زمانی کوردی، هەروەها تلفزیونی ئازادی و ئێزگەی ناوچەیی هەیە.

حزب لە پرۆسەی هەڵبژاردن و کاروباری سیاسی لە هەرێمی کوردستان بەشداریکردوە هەورەها بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقی کردووە.

## ٧٧- حزبی کۆمونیستی کرێکاری لە عێراق (الشیوعي العمالي)[٢٣٧]

ئەم حزبە لە یەکگرتنی چەندین ڕێکخراوی مارکسی، ئەوانەی لە حزبی شیوعی جیابونەتەوە، پێکهات لە مانگی تەموز/١٩٩٤، حزبێکی مارکسی شۆڕشگێڕانەیە مۆڵەتی فەرمی کارکردنی لە ١٧/ئاب/١٩٩٩ لە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرتووە.

سەرەتا چالاکیەکانی لە شاری هەولێر دەست پێکرد، پاش روخاندنی رژێمی صدام حسین لە ٢٠٠٣ بارەگای لە شاری بەغداد کردۆتەوە.

**له كاديره سەركردايەتیەكانیان:**[٢٢٨]

امجد غفور، طاهر حسن، رحمن حسن زادە، ڕێبوار احمد، خسرەو سایە، مؤید احمد، ناسك أحمد، صادق عزیز،

له بلاوكراوەكانیان: ڕۆژنامەی (پەیامی كۆمۆنیزم) و ڕۆژنامەی (بۆ پێشەوە).

ڕێكخستنەكانی ئەم حزبە لە كوردستان زیاتر لە ناوچەكانی پارێزگای سلێمانی گەشەی كردوە.

## ٧٨- ڕێكخراوی هەڵۆی سوور:[٢٣٩]

ئەم ڕێكخراوە لەشاری بەغداد ساڵی ١٩٧٥ دامەزراوە، بە دەستپێشخەری و هەوڵدانی شەهید (سلمان داود حسین مندلاوی) لەگەڵ كۆمەڵە گەنجێكی تر. ڕێكخراوە كە لە سەرەتا ناوی لێنرا (ڕێكخراوی شەهید لیلی قاسم) دواتر ناوەكەی گۆڕا و بووە (ڕێكخراوی تۆڵە سەندنەوەی خوێنی شەهیدان) تا لە كۆتایی لەسەر ناوی (هەڵۆی سوور) جێگیربوو.

كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان بەهۆی ئەندامێكی (مەلا بەختیار) پەیوەندی لەگەڵ ئەم كۆمەڵەیە كرد و ڕازیانی كرد كە وەك باڵێكی سەربازی كۆمەڵەی ڕەنجدەران لەناو شاری بەغداد چالاكی بنوێنن.

ئەم ڕێكخراوە لە لایەن شەهید (ملازم جوامیر سایمیر) سەركردایەتی دەكراو كۆمەڵە گەنجێكی خوێن گەرم پەیوەندییان لەگەڵیدا بەستبوو وەك (كوردۆ قاسم، صلاح جان موراد، كاظم جاسم، عادل عبدالكریم).

یەكەم چالاكی ڕێكخراوەكە كوشتنی (عثمام محمد فائق) بوو لە ١٦/ حوزەیران/١٩٧٧ دواتر لە هەوڵی كوشتنی (طارق عزیز) وەزیری دەرەوەی عێراق (لەو سەردەمە) ئاشكرا بوون و دەسگیركران.

دادگای (الثورة)ی ڕژێمی صدام حسین بڕیاری كوشتنی بەشێكیانی دەركرد و هەندێكیانیش بۆ ماوەی چەند ساڵێك بەند كراون.

### ٧٩- لستێك بەناوی چەند حزب و رێكخراوێكی سیاسی لە كوردستانی عێراق، سنوری چالاكی ورێكخستنەكانیان زۆر لاوازە[٢٤٠].

| زنجیرە | ناوی حزب | مێژووی فەرمی دامەزراندنی | لە كەسایەتیەكانی |
|---|---|---|---|
| ١ | بزووتنەوەی ئیسلامی نەتەوەیی كورد. | ١٩٩٨ | نهاد صابر، ئازاد صابر، احمد برزنجی، كوردستان صابر أحمد، فؤاد مجيد محمد. |
| ٢ | پارتی هاوپەیمانی فەیلی گەرمیان | ١٩٩٨ | كنعان احمد، محمد علی حسین، قاسم محمد رسول حسن كاظم، علی عسكر محمد. |
| ٣ | یەكگرتووی دیموكراتی كوردستان | ١٩٩٨ | فريدون رحيم، دلێر بكر، بەختيار مجيد، فەرهاد رحيم، دياری موفق |
| ٤ | بزووتنەوەی سەربەخۆیی كوردستان | | سمكۆ طالب، سەروەر عارف، ابو بكر شكر، بختيار سعيد، ناصح كاكە حمە |
| ٥ | پارتی نەتەوەیی كوردستان | ٢٠٠٠ | جبار عبدالله رسول، توفيق رضا، خدر كوێخا، يوسف مصطفى، خالد أحمد |
| ٦ | حزبی كۆنگرەی ئازادی كوردستان | ٢٠٠٢ | ماجد ئاغا سعيد، پیرۆت نەبی پیرۆت، دلێر أحمد صالح، ابو بكر احمد، هاوار مصطفى |
| ٧ | بزووتنەوەی ئاشیخوازانی كوردستانی عێراق | ١٩٧٩ | طالب بەرزنجی، بهاءالدين حمد صالح، علی حمد، عبدالله صديق، فتاح عبدالله |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٨ | بزووتنـــەوەی رزگـــاری دیموکراتی کوردستان | ١٩٩٣ | عبــدالله کمــال احمــد، دڵــدار احمد، نهایەت حمد، |
| ٩ | حزبـی پێشکەوتنخوازی دیموکراتی کوردستان | ٢٠٠٦ | فؤاد شاکر، قادر حمید، صلاح الدین أحمـد، نورالـدین مجیـد، شەمال أحمد علی |
| ١٠ | حزبـــی ســـەربەخۆیی کوردستان | ٢٠٠٥ | فــاروق قــادر، هــەڤال شــاکر، عثمان کاکە عثمان أمـین محـي الدین، همداد أحمد طه |
| ١١ | هاوکـــاری تورکمـــانی کوردستان (کرکوك) | ٢٠٠٤ | قاسم بکر محمد، قادر حمـدی، فـؤاد رشــید، عرفــان محمــد، هاشم عبدالرحمن |
| ١٢ | حزبـــی کـــۆنگرەی نیشـــــــــتمانی/ سەرکردایەتی باشور | ٢٠٠٥ | حمیـد محمـد قـادر، شـاخەوان محمد رؤف، محمد جەزا فتـاح، بێخال علی |
| ١٣ | پارتی ئاواتی کوردستان | ١٩٩٥ | |
| ١٤ | بزووتنەوەی جوتیـارانی کوردستان | ١٩٩٣ | |
| ١٥ | بزووتنـــەوەی سۆسیالســـتی کار | ١٩٩٣ | |
| ١٦ | رێکخــــراوی تێکۆشــــانی رەنجدەرانی کوردستان | ١٩٩٣ | |
| ١٧ | ئاگری سووری کوردستان | ١٩٩٢ | |
| ١٨ | یـــــەکێتی نەتـــــەوەیی دیموکراتی کوردستان | ١٩٩٦ | غفور مخموری |
| ١٩ | بزووتنــەوەی کۆمونیسـتی و کرێکاری جیهانی | | |
| ٢٠ | رەوتی کۆمۆنیست | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢١ | یەکێتی تێکۆشانی کۆمۆنیستی کرێکاری | ١٩٩٢ | |
| ٢٢ | کۆمەڵەی شۆڕگێڕانی کۆمۆنیستی | | |
| ٢٤ | پارتی نەتەوەیی کوردستان | ٢٠٠١ | |
| ٢٥ | پارتی یەکسانی کوردستان | ١٩٩٩ | |
| ٢٦ | پارتی گەشەکردنی کوردستانی | ٢٠٠٥ | |
| ٢٧ | یەکێتی نەتەوەیی کوردستان | ٢٠٠٢ | |
| ٢٨ | پارتی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان | ١٩٩٣ | باپیر کا مەلا |
| ٢٩ | پارتی پارێزگارانی دیموکراتی کوردستان | | |
| ٣٠ | بزووتنەوەی رزگاری دیموکراتی | | بارەگای سەرەکی لە (چوارقورنە)یە |
| ٣١ | پارتی پێشکەوتنخوازانی کوردستان | | بارەگای سەرەکی لە (سلێمانی)یە |
| ٣٢ | پارتی کەرگەل | | بارەگای سەرەکی لە شاری کفرییە |

### ٨٠- رێکخراوی کاری کۆمۆنیستی لە عێراق (منظمة العمل الشيوعي):[٢٤١]

لە سەرەتای مانگی کانونی دووەم/١٩٨٣ لە کۆبونەوەیەکی نێوان کۆمەڵە ئەندامێکی حزبی شیوعی عێراقی لە شاری مۆسکۆ ئەم رێکخراوە پێکهات.

**بەرنامەی کاریان ئەم خاڵانەی لەخۆ گرتبوو:**

١- پشتبەستن بە شێوازای ململانێ و دیالۆکی دیموکراتی ئایدیۆلۆژی وەك ئامرازێك بۆ بونیادنانی رێکخراوەکە.

٢- گۆڕینی بنکەکانی ناوخۆ بۆ ڕێکخستنی کادیر و ئەندامان بێ دواخستن.

٣- کارکردن بە هەموو بنەمایەکی لەخۆ بوردن و بەجۆش لە پێناو ڕێکخستنی کادیری کۆمۆنیستی.

ئەم ڕێکخراوە پشت بەکارکردن دەبەستێ لەناوخۆی حزبی شیوعی، ئەم شێوازەش لە چالاکی وا پێویست دەکات کە کادیر خۆی ئاشکرا نەکات و هەموو ڕێگایەك بەکاربهێنێ بۆ باشتر کردنی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە عێراق.

ئەم ڕێکخراوە هەروەك لە بەیاننامەکەیدا هاتووە، خۆی بە ئەلتەرناتیڤێك بۆ حزبی شیوعی دەزانێت.

گۆڤاری ـ الحوار ـ یەکەم ژمارەی لە ٦/کانوونی دووەمی/١٩٨٣ دەرچووە بەناوی ڕێکخراوەکە. لە سەرکردەکانی ئەم ڕێکخراوە د. یوسف حمدان.

## ٨١- ڕێکخراوی مارکسی عێراقی (المنظمة الماركسية العراقية):[٢٤٢]

ئەم ڕێکخراوە لەلایەن کۆمەڵە کەسانێکی هەڵگری بیروباوەڕی مارکسیەوە دامەزرا لە شاری (لەندەن).

لە بەیاننامەکەی کە لە ٩/حوزەیران/١٩٩٣ دەرچووە، باس لەوە دەکات کە پاش گفتوگۆیەکی دوورودرێژ کە زیاتر لە یەك ساڵی خایاند لەلایەن کۆمەڵە کەسانێك و چەند ڕێکخراوێکی مارکسی لە دەرەوە و ناوەوەی عێراق، بڕیار لەسەر دەرکردنی بەیاننامەی دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە درا، بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکانە:

١- کارکردن بۆ دامەزراندنی حزبێکی شیوعی عێراق.

٢- ڕاهێنانی ئەندامان لەسەر کاری ڕێکخراوەیی.

٣- بەربەرەکانیکردنی هەموو ئەو حزبانەی بانگەواز بۆ کۆمۆنیستی دەکەن چ لە ناوەوە یان دەرەوەی عێراق.

## ٨٢- ئەنجومـەنی بـاڵای شۆڕشـی ئیسلامی لـە عێـراق (المجلس الاعلی للثـورة الاسلامیة):[٢٤٣]

ئەنجومەن لە مانگی تشرینی دووەم/١٩٨٢ لەسەر خاکی ئێران دامەزرا لە کۆمەڵە هێزێکی عێراقی ئیسلامی دژ بە رژێمی (صدام حسین).

رێکخراوەکە لە سەرەتای دامەزراندنیەوە چەند رێکخراوێکی گرتبووە خۆی، پاشان وردە وردە ژمارەی ئەندامانی زۆرتر دەبوو، لەو لایەن و رێکخراوە سیاسیانەی کە لە چوارچێوەی ئەنجومەن کاریان دەکرد:

حزبـی (الـدعوة)ی ئیسـلامی، رێکخـراوی کـاری ئیسـلامی، بزووتنـەوەی موجاهیـدە عێراقیەکان، حزب (الله)ی کورد (رابەرایەتی شیخ محمد خالد بارزانی)، ئەنجومەنی زانایان، کۆمەڵەی زانا موجاهیدەکان، لـە شـکری ئیسلامی کـورد (عبـاس شـبك)، کۆمەڵـەی زانایـانی ئیسلامی کورد (مەلا عثمان عبدالعزیز).

دامەزراندنی ئەنجومەن پەیوەست بوو بە کـارە سـەربازییەکان لـە بـەرەی جـەنگی نێـوان ئێران و عێراق (١٩٨٠ _ ١٩٨٨). هەر لەگەڵ زۆربوونی دیلە عێراقیەکان بیر لەوەکرایـەوە کـە سـودیان لێ وەربگـیرێ بـۆ کـاری سـەربازی، بۆیـە لـە سـاڵی ١٩٨٣ بڕیـار درا بـە پێکهێنـانی (لەشکری بدر) وەك باڵێکی سەربازی بۆ ئەنجومەن لەو دیل و پەناهەندە عێراقیانەی کە لە سەر خاکی ئێران بوون، ئـەم رێکخـراوە سـەربازیە لەلایـەن (هـادي العـامري) سـەرکردایەتی دەکرا.

ئەنجومەنی باڵای شۆڕش، ئەنجومەنێکی شورای پێکهێنا کە نزیکەی (٨٠) کەسی گرتبـووە خـۆی، سـەرۆکایەتی ئەنجومـەن لـە سـەرەتادا لەلایـەن علـی[٢٤٤] الهاشمیـەوە دەکـرا، لـە هەڵبژاردنی ساڵی دواتر محمد الهاشمی بووە سەرۆك تا ساڵی ١٩٨٥ کە محمد باقر الحکیم بوو بـە سـەرۆك تـا رۆژی شـەهید کردنـی لـە ئـابی/٢٠٠٣، دوای ئـەو عبـدالعزیز الحکـیم بـووە سەرۆکی ئەنجومەن، کە کۆچی دوایی کرد، کوڕەکەی عمار الحکیم بوو بە سەرۆك.

پاش روخانی رژێمی صدام حسین لە نیسانی/٢٠٠٣ (لەشکری بدر) بە هـەموو کەرەسـتەو چەکەکانیەوە گەیشتەوە عێراق، دوای ماوەیەك خۆی گۆڕی بۆ رێکخراوێکی سیاسی.

ئەنجومەنی باڵای شۆڕش رۆڵێکی سەرەکی هەیە لە کاروباری سیاسی لە عێراق، بەشداری لە هەڵبژاردنەکان و حکومەت و پەرلەمان کردووە.

دامەزراوەکانی ئەنجومەن: ئەنجومەنی گشتی، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی باڵا، نووسینگەکان: مەکتەبی راپەڕاندن، مەکتەبی سیاسی، مەکتەبی رۆشنبیری و[٢٤٥] راگەیاندن، مەکتەبی رێکخستن، مەکتەبی لقی پارێزگاکان.

لە سەرکردایەتیەکانی ئەنجومەن: جلال الدین الصغیر، د. همام حمودي، حمید معلة الساعدي، حامد البیاتی، عادل عبدالمهدي، باقر جبر، أیمان الاسدي.

## ٨٣- رێکخراوی (لەشکری) بەدر (منظمة بدر):[٢٤٦]

ئەم رێکخراوە وەك باڵێکی سەربازی بۆ ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق دامەزرا لە ساڵی ١٩٨٣، زۆربەی ئەندامانی پێکهاتبوون لەو دیل و پەناهەندە عێراقیانەی لە ئێران بوون، ناولێنانیشی بە (بەدر) بەکارهێنانێکە بۆ بیرۆکەی لادانی رژێمی صدام حسین لە ئاینی ئیسلامی.

بەپێی هەندێ زانیاری ژمارەی چەکدارانی گەیشتۆتە نزیکەی (١٠) هەزار چەکدار، کە لەلایەن دەسەڵاتی ئێرانەوە هاوکاری کراون، ئەم لەشکرە بەشدارییەکی کارای کردووە لەماوەی جەنگی نێوان عێراق و ئێران، لەلایەن ئەفسەرێکی پێشوی سوپای عێراق بەناوی (هادي العامري) سەرکردایەتی کراوە.

دووای روخاندنی رژێمی صدام حسین لە عێراق ساڵی ٢٠٠٣ ئەم لەشکرە بە هەموو ئەندامان و کەرەستەکانی گەڕانەوە عێراق، ناوی خۆیان و شێوازی چالاکیەکانی گۆڕی و بوون بەرێکخراوێکی مەدەنی سیاسی لەژێر ناوی رێکخراوی بەدر.

## ٨٤- حزبـــی لیـــبرالی دیمـــوکراتی عێراقـــی (الحـــزب الليبرالـــي الـــديمقراطي العراقي):[٢٤٧]

**ئـەم حزبـە لەلايـەن (أيـاد ابـراهيم الركـابی) دامـەزرا لـە سـاڵی (١٩٧٨). ئەنجومـەنی سەرکردايەتی حزبەکە پێکهاتووە لە:**

١- محمد باقر السهيل ـ سکرتێری گشتی.

٢- اياد ابراهيم الركابي ـ ياريدەدەری سکرتێری گشتی.

٣- خالد بشير ميرزا ـ وتەبێژی فەرمی.

٤- ابراهيم الركابي ـ نهێنی گر.

٥- کريم محمد جاف ـ سەرۆکی بەشی سياسی.

٦- محمد الرحمانی ـ سەرۆکی بەشی گەشەپێدانی مرۆيی.

٧- جانين کليان ـ سەرۆکی بەشی ژنان.

٨- محمد الحداد ـ بەشی رۆشنبيری و راگەياندن.

٩- امجد عبدالقادر السهيل ـ بەشی ياسايی.

١٠- علي يوسف الشرع ـ راگەياندن

**دروشمـەکانی حـزب: دادوەری، ئـازادی، ئاشـتی. ئـەم حزبـە لەسـەر چـەند بنەمايـەك دامەزراوە:**

أ- فرەيی سياسی، ئابوری، کەلتوری، ئاينی

ب- يەکێتی خاکی عێراق

جـ- هەر کەسێك (٥٠) ساڵ لە عێراق نيشتەجێ بوو، مافی هاوڵاتيبوونی هەيە

د- هـەموو عێراقيـەك مـافی پاراسـتنی رەگەزنامـەی هەيـە سـەرەڕای رەگەزنامـەی ئـەو وڵاتەی بە دەستی هێناوە.

هـ- بۆ هيچ کەسێك نيە رەگەزنامە لە هاوڵاتی عێراقی وەربگرێتـەوە، تـەنها بـە بڕيـاری دادگا نەبێ.

## ٨٥- گردبوونەوەی نەتەوايەتی ديموکراتی (التجمع القومي الديمقراطي):[٢٤٨]

ئەم رێکخراوە قەوارەيەکی ناسيۆنالستی و ناصری ئاراستەيە، لە شاری قاهيرە دامـەزراوە لە کۆتايی هەشتاکانی سەدەی بيستەم.

**ئەم ڕێکخراوە سیاسیە ئەم لایەنانە دەگرێتە خۆی:**

١- ئەفسەرە ئازادیخوازەکان: نوێنەرەکانیان (عرفان عبدالقادر و جدی، علی حسین جاسم).

٢- گردبوونەوەی یەکگرتوی دیموکراتی: نوێنەرەکانیان (أحمد الحبوبی، فیصل فكري).

٣- حزبی یەکگرتووی سوسیالستی: نوێنەرەکانیان (خالد علی الصالح، عبدالستار ابراهیم).

**لە بەرنامەکەیدا هاتووە:**

ژمارەیەك لەو کەسانەی پەیوەندییان بە ڕێکخراو و هێزە سیاسیە ناسیۆنالست و پێشکەوتنخوازەکان هەیە لەوانی لە دەرەوەی عێراق نیشتەجین کۆبونەوە و هەوڵەکانیان چڕکردەوە بۆ کاری هاوبەش، هەر بەپێی ئەو بۆچوون و بنەمایانە ڕێکخراوێکیان پێکهێنا بەناوی (گردبوونەوەی نەتەوایەتی دیموکراتی).

## ٨٦- هاوپەیمانی نیشتمانی عێراقی (التحالف الوطني العراقي):(٢٤٩)

لە ساڵی ١٩٩٠ دامەزراوە، ئامانج و بنەما هزری و سیاسیەکانی وەك لە بلاوکراوەکانیان دیاریکراون:

گردبوونەویەکی هزری سیاسیە، لە ریزەکانی خۆی چەندین ڕێکخراو و کەسایەتی جۆراوجۆر کۆدەکاتەوە، خاڵی بەیەك گەیشتنەوەیان هوشیاری سیاسی و تێڕوانینیانە بۆ سیاسەتێکی نیشتمانی گشتی، باوەڕیان بە فرەیی بیروڕاو هزری سیاسی و نەتەوایەتی جیاواز هەیە لەسەر بنەمای سیاسی هاوبەش بۆ بەرژەوەندی نیشتمانی لەناو خۆو دەرەوەی عێراق.

ژیانی هاوبەش لە سێبەری ژیانێکی سیاسی دیموکراتی، یاسا ڕێکخەری پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵاتەکان دەستەبەر دەکات لەسەر بنەمای دەستوور.

**ئەنجومەنی سەرکردایەتی پێکهاتبوو لە:**

**مەکتەبی سیاسی: عبدالجبار الکبیسی ـ سەرۆك**

**عوني القلمچی ـ وتەبێژی فەرمی.**

فاضل الربیعي، باقر الصراف، لبید عبدالعزیز، عباس شاهین، حاتم عبدالکریم، ڕۆژنامەیەکیان دەردەکرد لەژێر ناوی ـ نداء الوطن.

## ٨٧- ئەنجومەنی عێراقی سەربەخۆ (الهيئة العراقية المستقلة):(٢٥٠)

ئەم ئەنجومەنە لەلایەن چەند کەسایەتیەکی ناسیۆنالست ئاراستە دامەزراوە لە شاری (دمشق) ساڵی ١٩٩١. لەو کەسایەتیانە: حسن النقیب، کەسایەتیەکی سەربازی بوو لە سوپای

عرێراق و حزبی بەعسی عەربی سۆسیالست، هەروەها طالب شبیب یەك لە سەركردەكانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالست بو لە ساڵی ١٩٦٣، لەگەڵ بهاء شبیب.

ئەم بزووتنەوەیە رێكخراوی دەستەی بڕاردە بوو، هیچ بنكەیەكی جەماوەری نەبووە، بەشداری لە چەند كۆڕ و كۆبونەوەیەكی ئۆپوزسیونی عێراقی كردوە.

دوای روخانی رژێم لە ٢٠٠٣ گەڕانەوە بۆ عێراق و بەشداریان لە كاروباری سیاسی كردووە.

## ٨٨- بزووتنەوەی چاكسازی نیشتمانی عێراقی (حركة الاصلاح الوطني في العراق):(٢٥١)

بزووتنەوە لە ٢٧/ئەیلول/١٩٩١ لە شاری لەندەن دامەزرا بە سەرۆكایەتی (سامي عذارة آل معجون)، ناوبراو پێشتر ئەندامی (ئەنجومەنی عێراقی ئازاد) بوو لەگەڵ سعد صالح جبر بەشداری لە كۆبونەوە و كۆنگرەكانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیان كردووە و نوێنەریان لە لیژنەی جێبەجێكردنی كۆنگرەی نیشتمانی عێراقی هەبووە. لە ٢٢/حوزەیران/١٩٩٥ كشانەوەی خۆیان لەو رێكخراوە راگەیاند.

**دەربارەی بیروبۆچوونە سیاسیەكانی بزووتنەوە، لەو بەیاننامەیەی كە لە ٩/تشرینی یەكەمی/١٩٩١ دەرچووە، هاتووە:**

هەوڵدەدات بۆ یەكخستنی هەموو رێكخراوە سیاسی و حزبی و كەسایەتیە نیشتمانیەكان، بە هیوای كۆتایی هێنان بە جیاوازییە لاوەكیەكان، هەوڵدەدات هێزی ئۆپوزسیون بەهێز بكات لە چوارچێوەی بزووتنەوەیەكی دیاریكراو بۆ كۆتایی هێنان بە رژێم و دامەزراندنی دەسەڵاتێكی دیموكراسی لەلایەن گەلەوە.

دوای روخاندنی رژێمی صدام حسین لە نیسانی ٢٠٠٣ سەرۆكی بزووتنەوەكە گەڕایەوە عێراق بۆ بەشداریكردن لە چالاكیە سیاسیەكانی وڵات.

## ٨٩- گردبوونەوەی ئیسلامی دیموكراتی (التجمع الاسلامي الديمقراطي):(٢٥٢)

ئەم رێكخراوە سیاسیە لە شاری (لەندەن) دامەزرا لە ساڵی ١٩٩١، لەو كەسانەی بەشداریان لە دامەزراندنی كردوە: عبدالامیر علوان، د. علی حیدری، د. لیث كبە، د. سعد جواد، محمد عبدالجبار.

لــه مــانگی تشــرینی دووەم/١٩٩١ ڕێكخراوەكــە كــۆنگرەی ئیســلامی ئــازادی لــە شــاری فرانكفۆرت ڕێكخستووە.

دەربارەی بیروباوەڕەكانی گردبوونەوەكە، بەڕێز عبدالامیر علوان دەڵێ:

ئێمەی گردبوونەوەی ئیسلامی دیموكرات، ئیسلام و دیموكراتیەت تێكەڵاو دەكەین وەك كـار پێكـردن و شـێوازی ڕێكخسـتن و ژیـانی سیاسـی. دیموكراتیـەت ئـامراز و هۆیـە بـۆ دووركەوتنەوە لە ململانێیە توندوتیژەكانی سیاسەت.

دوای روخاندنی رژێم هەموو ئەو كەسانەی ناویان لە سەرەوە هاتووە، گەڕانەوە عێراق و بەشداریان لە ژیانی سیاسی كرد.

## ٩٠- ئەنجومەنی عێراقی ئازاد (المجلس العراقي الحر)[٢٥٣]

لە بەرواری ١٠/شوبات/١٩٩١ كۆبونەوەیەك لـە شـاری (لەنـدەن) لـە مـاڵی (صـادق العطیـة) بەسترا بـە ئامـادەبوونی نزیكـەی (١٠٠) كەسـایەتی عێراقـی كـە خـاوەن بیروبـاوەڕی سیاسـی جۆراو جۆرن.

دوای گفتوگۆیـەكی زۆر ڕێكخراوێكیـان بـە نـاوی (ئەنجومـەنی عێراقـی ئـازاد) پێكهێنـاو بەرنامەیەكیان بۆ ڕێكخراوەكە دارشت.

لەلایـەن ئامـادەبووان بـەڕێز (حسـین الصـدر) بەرابـەر دیـاریكراو ئەنجومـەنی ناوەنـدی ڕێكخراوەكە لەم كەسانە پێكهاتبوو:

سعد صالح جبر: سەرۆك.

ئەندامان: سـامي عـزارة آل معجـون، عبـدالوهاب الامـین، كمـال مصـطفی، صـادق العطیـة، شـفیق قـزاز، عبـدالرزاق ابـراهیم علـي، عزیـز أحمـد السـامرائي، د. فریـاد حـویزی، حـازم الشعلان، ریاض الیاور، مالك الیاسري، جمال علمدار، سامي فرج علي، د. خالـد التیمـي، علـي العطیة، شێركۆ عابد، عبدالحلیم الرهیمـي، محمـد عبـدالجبار، عبـدالامیر علـوان، عبـدالقادر ممدوح بریفكاني، جرجیس فتح الله، عبدالعزیز الیاسری، فخری شهاب.

**ئامانجەكانی لەم خاڵانە كورت دەكرێتەوە:**

١- روخاندنی رژێمی صدام حسین.

٢- پابەندبوون بە حوکمی دیموکراتی دەستوری، هەروەها فرەیی سیاسی و ئابوری ئازاد.

٣- مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کورد لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدرال.

ئەم رێکخراوە هەر زوو ناکۆکی کەوتە ناو ئەندامانی، لە ٤/شوبات/١٩٩٢ (صادق العطیة) بە هاوکاری کۆمەڵێك لە ئەندامانی ئەنجومەن بەیانێکیان بڵاوکردەوە تیایدا بڕیاریاندا بە دەرکردنی سعد صالح جبر و پێکهێنانی (سەرکردایەتی کاتی) بۆ ئەنجومەن، بەڵام سعد صالح جبر توانی شکست بە هەوڵەکەی صادق العطیة بهێنێ.

پاشان صادق العطیة رێکخراوێکی تری رکابەری دامەزراند لە ژێر ناوی ئەنجومەنی عێراقی ئازاد (لیژنەی دامەزرێنەر)، لە لایەکی ترەوە حسین الصدر و چەند کەسانێکی ترکشانەوە، بۆیە ئەنجومەن بەرەو هەڵوەشاندنەوە ملی نا.

## ٩١- بزووتنەوەی (سید الشهداء) (حرکة سید الشهداء):[٢٥٤]

(سید اشهداء) یەك لە نازناوەکانی ئیمام حسین کوڕی علی ئەبو طالب بوو، لە دوای راپەڕینی ئازاری/١٩٩١ دامەزرا، بەتایبەتی دوای هێرشی هێزەکانی رژێم بۆ سەر جەماوەری راپەڕیوو.

ئەم بزووتنەوەیە یەك لە لقەکانی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی بوو، هەروەها یەك لە هێزەکانی هاوپەیمانی شیعە بوو لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠٠٥) کە ئەندامێکی گەیشتە پەرلەمانی عێراق.

ئەمینداری گشتی بزووتنەوەکە (داغر کاظم الموسوي) بوو.

## ٩٢- بزووتنەوەی ویفاقی نیشتمانی عێراقی (حرکة الوفاق الوطني العراقي):[٢٥٥]

یەك لە قەوارە سیاسیە لیبڕالەکانی عێراقە، لەلایەن (أیاد علاوي) رابەرایەتی دەکرێ، لەماوەی جەنگی دووەمی کەنداو ١٩٩١ بۆ دژایەتیکردنی رژێمی صدام حسین دامەزرا، دوای زنجیرە کۆبونەویەك لەنێوان کۆمەڵە سیاسەتمەدارێکی عێراقی جیاواز لە بیرو بۆچوون و

هزری سیاسی وەك (بەعسیەكان، ناسیۆنالستەكان، اخوان المسلمین، دیموكراتخوازان، سەرۆك عەشیرەتەكان).

لە ماوەی ئەو دانیشتنانە باس لە دانانی بەرنامەیەك بۆ كاری سیاسی كرا، هەروەها پێكهێنانی رێكخراوێكی سیاسی، كە رێككەوتن لەسەر ناوەكەی (ویفاقی نیشتمانی) بێت. لە كەسایەتیەكانی ئەم بزووتنەوەیە: أیاد علاوی، صلاح عمر العلي، صلاح الشیخلي د. تحسین معلة،.

لە ماوەی پێنج مانگی یەكەم لە تەمەنی بزووتنەوەكە، دەركەوت كە توانای سازدان و كۆكردنەوەی ئۆپۆزسیۆنی هەیە دژ بە رژێمی صدام حسین. بزووتنەوەكە پشتگیری فراوانی بەدەست هێنا لەلایەن چەندین دەوڵەت بەتایبەتی (ئەمەریكا).

بەڵام هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە جیاوازی و ململانێ لەنێوان (أیاد علاوي) و (صلاح عمر العلي) پەیدابوو، تا لە رۆژی ١٢/شبات/١٩٩٢ صلاح عمر العلی لە كۆبوونەوەیەكدا بە هاوكاری چەند ئەندامێكی تری ناو بزووتنەوەكە بڕیاریان لەسەر دەركردنی (أیاد علاوی) داو تاوانباریان كرد بە دەسكاریكردنی دارایی بزووتنەوەكە، هەورەها لە ١٣/ئایار/١٩٩٢ صلاح عمر العلی بڕیاری دامەزراندنی رێكخراوێكی نوێیدا بە ناوی (گردبوونەوەی ویفاقی نیشتمانی دیموكراتی عێراقی).

لەلای خۆیەوە (أیاد علاوی) و هاورێكانی كۆمەڵەیەكی تریان پێكهێنا بەناوی (ویفاقی نیشتمانی عێراقی) بە هاوكاری د. تحسین معلة و صلاح الشیخلی.

ژمارەیەكی زۆر لە گەورە ئەفسەرانی سوپای عێراق پەیوەندیان بە رێكخراوی ویفاقی نیشتمانی كرد.

**بنەماو ئامانجەكانی بزووتنەوەكە بەكورتی:**

١- پاراستنی یەكێتی خاكی عێراق و رێگانەدان بە هەر دەست تێوەردانێكی دەرەكی.

٢- كاركردنی راست بۆ بەدیهێنانی دیموكراسیەت و رێزگرتن لە مافەكانی مرۆڤ.

٣- سەربەخۆیی تەواوی سیستمی دادوەری لە دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێكردن لە حكومەت لە پێناو بەدیهێنانی یەكسانی بۆ هەموو دانیشتوانی عێراق.

٤- هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی هەموو ئەو عێراقیانەی وڵاتیان بەجێ هێشتووە بە ناچاری.

**بزووتنەوە ژمارەیەکی زۆری سەرچاوەی بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندنی هەبوە:**

1. ١- ڕۆژنامەی (بغداد) ئۆرگانی ناوەندی بزووتنەوەکە.
2. ٢- ڕۆژنامەی (نداء المستقبل)
3. ٣- ڕۆژنامەی (صوت الشباب)
4. ٤- ڕۆژنامەی (الطليعة النسوية).
5. ٥- بڵاوکراوەی (المقاتل) کە خولی بوو.
6. ٦- ئیزگەی (المستقبل).

دوای ڕوخاندنی ڕژێمی صدام حسین، سەرکردەکانی بزووتنەوەی ویفاق گەڕانەوە عێراق و بەشدارییەکی کارایان هەیە لە کاروباری سیاسی وڵات.

## ٩٣- حزبی نیشتمانی دیموکراتی کۆمەڵایەتی (الحزب الوطني الديمقراطي الاجتماعي):[٢٥٦]

ئەم حزبە لە بەرواری ١/تشرینی دووەم/ ١٩٩١ لە شاری لەندەن دامەزرا، سەرکردایەتیەکەی بریتی بوون لە:

(لواء ركن) فيصل النعيمي ـ ئەمینداری گشتی.

كمال العطية ـ جێگر

عادل الحكيم ـ بەرپرسی بەشی سیاسی.

د. خالد الزبيدي ـ بەرپرسی بەشی دارایی.

د. ثائر السامرائي ـ بەپرسی بەشی ڕێکخستن.

محمد علي ـ بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن.

بە بۆچوونی حزب، ڕووخاندنی ڕژێمی صدام حسین و دامەزراندنی سیستمێکی دیموکراتی دەستوری هەڵبژێردراو ڕێگای دروستە بۆ بونیادنانی عێراقێکی پێشکەوتوو.

### ٩٤- بزووتنەوەی موسڵمانە ئازادیخوازەکان (حركة الاسلاميين الاحرار):[٢٥٧]

بزووتنەوەیەکی ئیسلامی شۆڕشگێڕانەیە دوای شکست هێنانی راپەڕینەکەی ئازاری ١٩٩١ دامەزراوە لە شاری نجف، بەڵام لە ساڵی ١٩٩٤ خۆی ئاشکرا کردوە.

لەژێر ناوی (بەیاننامەی ئیسلامی) پەیمانێکی سیاسی بڵاوکردەوە، تیادا بیروباوەڕەکانی بزووتنەوەکەی خستنەڕوو، ئەم پەیمانە لەلایەن رابەری بزووتنەوەکە و دامەزرێنەری (أحمد الحسني البغدادي)یەوە نوسرابوو.

باڵی سەربازی ئەم بزووتنەوەیە چەند چالاکیەکی ئەنجامدا بوو.

### ٩٥- بزووتنەوەی دیموکراتخوازە عێراقیەکان (حركة الديمقراطيين العراقيين):[٢٥٨]

لە کۆتایی مانگی کانوونی دووەم/١٩٩٢ لە شاری لەندەن کۆمەڵە سیاسەتمەدارێکی عێراقی چەند کۆبونەوەیەکیان ئەنجامدا، لە کۆتاییدا رێککەوتن لەسەر یەکخستنی چالاکی سیاسیان بە دامەزراندنی چوارچێوەیەکی فراوانی رێکخراوەیی بۆ دیموکراتخوازە نیشتمانیە عێراقیەکان، ئەوانی پابەندن بە بەرژەوەندییە نیشتمانیە نەتەوایەتیەکان و پێڕەوکردنی دیموکراتیەت وەك هزر و بەرنامە و شێوازی حوکمڕانی.

دواتر (نوري عبدالرزاق) یان هەڵبژارد وەك رێکخەری کاروباری ئامادەکاری بۆ کۆنگرە و بڕیاردان لەسەر پلانی سیاسی و هەیکەلی رێکخراوەیی.

بەڵام ئەم بزوتنەوە هیچ چالاکیەکیان بەرچاو ناکەوێت.

### ٩٦- بزووتنەوەی پاشایەتی دەستوری (الحركة الملكية الدستورية):[٢٥٩]

لە رۆژی ٢٠/حوزەیران/١٩٩٣ کۆبونەوەیەکی فراوان سازکرا لە شاری لەندەن بۆ لایەنگرانی رژێمی پاشایەتی لە چوارچێوەی دەستوردا لە عێراق، لەو کۆبوونەوەیە لەدایکبوونی (بزووتنەوەی پاشایەتی دەستوری) بە رابەڕایەتی (علي کوڕی حسین) راگەیەندرا.

بزووتنەوە کار دەکات بۆ گێڕانەوەی ڕۆڵی مێژوویی دەستور بۆ سیستمی پاشایەتی لە عێراق.

ئامانجەکانی بزووتنەوەکە بەم جۆرە دیاری دەکرێت هەروەك لە بەرنامەکەیدا هاتووە: پابەندبوون بە یەکێتی خاکی عێراق و پارێزگاریکردنی سەربەخۆییەکەی، جەخت کردن لەسەر ناسنامەی ئیسلامی بۆ عێراق، ڕێزگرتن لە هەموو ئاینەکان و پاراستنی مافەکانیان، ئەنجامدانی راپرسیەکی میللی ئازاد و راستەوخۆ بۆ ئەوەی گەلی عێراق ئازادانە چارەنووسی خۆی لە دیارکردنی سیستم و سەرۆکایەتی دەوڵەت دیاری بکات.

دانانی دەستورێکی هەمیشەیی بۆ وڵات، کە ڕژێمەکەی پاشایی دەستوری بێت. دامەزراندنی سیستمێکی دیموکراسی فرەیی لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان. پابەندبوون بە بنەماکانی مافی مرۆڤ و پیادەکردنی سیستمێکی ئابوری ئازاد و جێبەجێکردنی ئاشت بوونەوەی نیشتمانی و چارەسەرکردنی پاشماوەکانی سەردەمی رابردوو.

بزووتنەوە لەماوەی (٤ ـ ٥/کانوونی دووەم/١٩٩٥) کۆبوونەویەکی فراوانی ڕێکخست لە شاری ـ لەندەن ـ بۆ بەرگریکردن لە گەلی عێراق.

دوای روخاندنی رژێمی صدام حسین لە نیسانی ٢٠٠٣ سەرکردەکانی بزووتنەوە گەڕانەوە عێراق و بەشداریان لە ژیانی سیاسی کرد.

## ٩٧- گردبوونەوەی دیموکراتی بۆ رزگاری عێراق (التجمع الديمقراطي لانقاذ العراق):(٢٦٠)

ئەم ڕێکخراوە لە ٢٦/ئەیلول/١٩٩٣ لەسەر دەستی (مشعان رکاض ضامن الجبوری) دامەزراوە.

**لە یەکەم بڵاوکراوەی ئەم ڕێکخراوەدا هاتووە:**

گردبوونەوەکەیان ماوەیەکی دوور و درێژە کاردەکات بۆ ئەنجامدانی کودەتایەکی سەربازی لە عێراقدا. لەو هەوڵانەشدا ئەوی لە مانگی کانونی دووەم/١٩٩٠ و مانگی ئەیلول/١٩٩٣ روویدا.

وا دەردەکەوێت کە (نقیب) نظام غنام الجبوري (یەك لە پاسەوانەکانی صدام حسین) مشعان الجبوري رازی کردبێ بۆ ئەوەی بەشداری بکات لەو هەوڵانەی بۆ کوشتنی صدام

حسـين دراوه. مشـعان الجبـوری دوای روخانـدنی رژێمـی صـدام حسـین گەڕایـەوە عێـراق و بەشداری لە کاروباری سیاسی کرد و حزبێکی سیاسی دامەزراند لەژێر نـاوی ـ الـوطن ـ کـە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥ بەشداری کرد و بوو بە ئەندام لە پەرلەمانی عێراقی.

دوای ئـــەوە مشـــعان دوبـــارە ڕێکخراوەکـــەی خـــۆی گـــۆڕی بـــۆ خـــۆ ئامـــادەکردن لـــە هەڵبژاردنەکانی کۆتایی ساڵی ٢٠٠٥، ناوی لەو ڕێکخراوە نا (كتلة المصالحة والتحرير).

## ٩٨- حزبی دیموکراتی عێراقی (الحزب الديمقراطي العراقي):[٢٦١]

لـە مـانگی تشـرینی یەکـەم/١٩٩٣ کۆمـەڵێك لـە (یـەکێتی دیموکراتخـوازانی عێراقـی) جیابونەوەی خۆیان ڕاگەیاند و بڕیاری دامەزراندنی حزبی دیموکراتی عێراقیاندا.

دەربارەی بیروباوەڕەکانی ئەم حزبە، بەم جۆرە باس کراوە:

ئـــەم حزبـــە بزووتنەوەیـــەکی سیاســـی دیموکراتیـــە، لەســـەر بنـــەمای پەیوەنـــدیکردنی ئارەزوومەندانە پێکهاتووە. هەوڵدەدات بۆ رووخاندنی رژێمی صدام حسین و دامەزرانـدنی رژێمێکی دیموکراتی لیبرالی لە عێراقدا، لە کارو چالاکیەکانی پشت بـە بـواری راگەیانـدن و پەیوەندییە سیاسیەکان دەبەستێت.

حزب رۆژنامەیەکی لەژێر ناوی ـ المواطن ـ دەردەکرد، بارەگای لە شاری (لەندەن) بوو.

**ئەنجومەنی سەرکردایەتی حزب پێکهاتبوو لە:**

عزيز العليان ـ سەرۆکی حزب.

**ئەندامان:** د. موفق فتوحی، عایدة عسیران، حامد مقصود، سمیر شـاکر عزیـز، د. مهـدی البصام، زیاد حویزي، کامل نامدار، د. شاکر صالح.

نوێنەری حزب لە لیژنەی جێبەجێکردنی کۆنگرەی نیشتمانی علی علیان بوو.

ئەم حزبە هەر لەسەرەتاوە لـەرووی چالاکیەوە لاواز بـووە و تـا رووخانـدنی رژێـم هـیچ چالاکیەکی بەرچاوی نەما.

## ٩٩- حزب(الله)ی عێراقی (حزب اللة العراقي الشيعي):[٢٦٢]

ئەم ڕێکخراوە سیاسیە لە ساڵی ١٩٩٤ دامەزرا بە دەستپێشخەری (كريم مـاهود المحمـداوي) نـاوبراو سـەربازێکی سـوپای عێـراق بـوو، خرایـە بەندیخانـە و پاشـان هـەڵهات و تـوانی ژمارەیـەکی گـەورە لـە سـەربازە هـەڵاتووەکان لـە دەوری خـۆی کۆبکاتـەوە لـە ناوچـە

زۆنگاوییـەكانی باشـوری عێـراق و نـاوی لێنـرا (مـیری زۆنگاوەكـان) و لـە سـاڵی ٢٠٠٣ پـاش رووخاندنی رژێم بوو بە ئەندام لە ئەنجومەنی حوكم.

**كريم المحمداوي دەربارەی سەرەتای دامەزراندنی رێكخراوەكەی دەڵێ:**

سـەرەتا لـەناو بەندیخانـە دەسـتم پێكـرد، لـەناو زۆنگاوەكـانیش لەسـەر شـێوەی گروپـی جیهـادی بـۆ پـەلاماردانی هێزەكـانی رژێـم، وەك بـە دەنگـەوە هاتنێـك بـۆ بانگـەوازی مەرجەعیەتی شیعە، كاری جیهادی بەم شێوەیە درێژەی كێشا تا ساڵی ١٩٨٦.

دیارە ئەو گروپە جیهادیانە رێككەوتن لەسەر رێكخستنی خۆیـان لـە چـەند رێكخراوێـك، كـە ناویـان لێنـرا (حـزب الله) ئـەو كەسـانەی رێكخرابـوون بریتـی بـوون لـە (كەسـانی نـاو خێڵەكان، مامۆستایان، ئەفسەرانی سوپا، زۆر خەڵكی تر).

ئەم بزووتنەوەیە رووبەڕووی دەست لێوەشاندنێكی گـەورە هـات لـەنێوان سـاڵانی (١٩٨٦ ـ ١٩٨٩) لەسەر دەستی هێزەكانی رژێم تا رادەی ئـەوەی كـە زیـاتر لـە (یـەك هـەزار) كەسـی لێ بكوژرێت.

**كريم المحمداوي پەیوەندی خۆی بە ئەنجومەنی باڵا باس دەكات:**

لە خـولی هەشـتەمی پێكهێنـانی ئەنجومـەنی بـاڵای شۆڕشـی ئیسـلامی، لەلایـەن (الحكـیم) داوای ئامـادە بـوونی لێكـرا بـوو وەك ئەنـدامێك لـەناو ئەنجومـەن، پاشـان بـوو بـە ئەنـدامی ئەنجومەنی باڵاو ئەندامی شورای ناوەندی ئەنجومەن.

ئەم رێكخراوە پاش روخاندنی رژێم لە ٢٠٠٣ لە كـاری چـەكداری دوور كەوتنـەوە و بـووە رێكخراوێكی سیاسی بەشداری لە پرۆسەی سیاسی وڵاتی كرد.

## ١٠٠- حزبی پێشەنگی ئیسلامی (حزب الطليعة الاسلامي):(٢٦٣)

سەرەتاكانی دامەزراندنی ئەم حزبە بۆ ساڵی ١٩٨٦ دەگەڕێتەوە، دواتر لە ساڵی ١٩٩٥ لەژێر ناوی (پێشەنگی پەیامدار) دامەزرا.

هـەروەك بڵاوكراوەتـەوە، حـزب كـاری بـۆ دژایـەتی رژێمەكـەی صـدام حسـین كـردوە بـە شێوازێكی سەربازی لە ناوچە زۆنگاوییەكانی باشوری عێراق.

ئەم رێکخراوە سیاسیە دوای ماوەیەك ناوی خۆی گۆڕی بۆ (حزبی پێشەنگی ئیسلامی لە عێراق) و علي مهدي الياسري سەرکردایەتی دەکات.

دروشمی حزب (كلمة التوحيد و وحدة الكلمة)یە، بەڵام ئامانجەکانی بریتین لە:

١- گەشەدان بە توانا زانستیەکان بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگەی عێراقی.
٢- چەسپاندنی کۆڵەکەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی و پابەندبوون بە بنەما ئاینیەکان.
٣- کارکردن بۆ جێبەجێکردنی خواست و داواکانی کۆمەڵگە بەگشتی.
٤- گەشەپێدان و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لە ڕێگای راگەیاندن.
٥- بنبڕکردنی گەندەڵی سیاسی و ئیداری لەناو دامەزراوەکانی دەوڵەت.
٦- کارا کردنی رۆڵی ژن و بەشداریکردنی لە هەموو بوارەکان.

## ١٠١- بزووتنەوەی ئەفسەر و مەدەنیە ئازادیخوازەکان (حركة الضباط والمدنيين الاحرار):[٢٦٤]

ساڵی ١٩٩٦ دامەزراوە، لەلایەن ئەفسەری پلە بەرزی پێشوی ناو سوپای عێراق (نجيب الصالحي) سەرکردایەتی دەکرا.

ئەم رێکخراوە کۆمەڵە ئەفسەرێکی ناو سوپا و خەڵکێکی مەدەنی لە هەموو نەتەوەکان لەناو ئەم رێکخراوە کۆببونەوە.

خەباتیان روخاندنی رژێمی صدام حسين بووە لەگەل هاوکاریکردنی سوپای ئەمەریکی.

## ١٠٢- رەوتی دیموکراتی ناوەند (الوسط الديمقراطي):[٢٦٥]

کۆمەڵە دیموکراتخوازێك لە سەروویان (د. غسان العطية) رەوتی ناوەندی دیموکراتیان پێکهێنا.

ئەم کۆمەڵە دیموکراتخوازە یەکەم کۆبونەوەی خۆی لە ١٢/شوبات/٢٠٠٠ بەست و گەیشتنە ئەوەی بانگەواز بۆ یەکگرتنی کاری ئۆپوزسیون بکرێت لەسەر هەموو ئاستەکان.

**ئامادەبووانی کۆبونەوەکە لیژنەیەکی جێبەجێکردنیان هەڵبژارد کە پێکهاتبوون لە:**

**عدنان باچجی: ئەمینداری گشتی.**

**غسان العطية: وتەبێژی فەرمی.**

**ئەنـدامان: عـارف عبـدالرزاق، محمـد الظـاهر، سـعد عبـدالرزاق، محسـن الشـبوط، مالـك الياسري، حسن الخطيـب، اسماعيـل زايـد، أيهـم السـامرائي، محمـد علـي زيـني، جاسـم المطـير، يوسف الدرة.**

**لە بەياننامە رۆژنامەوانيەکەيان ئەم خاڵانەيان خستبووە روو:**

**دامەزرانـدنی رژێمێکـی ديمـوکراتی فرەيـی، مـافی چـارەی خۆنووسـين بـۆ گـەلی کـورد لـە چوارچـێوەی عێراقێکــی ديمــوکراتی يــەکگرتوو، رێزگــرتن لــە مــافی هــەموو نەتــەوە کەمايەتيەکان.**

**دووای رووخانـدنی رژێمی صدام حسين لە نيسـانی ٢٠٠٣ هـەموو ئەنـدام و سـەرکردەکانی ئەم رەوتە گەڕانەوە عێراق و بەشداريان لە کاروباری سياسی عێراق کرد.**

## ١٠٣- ئەنجومەنی زانايانی موسڵمان (هيئة علماء المسلمين):(٢٦٦)

**بــەپێی بڵاوکراوەکــان، ئەنجومــەنی زانايــانی موســڵمان، ئەنجومــەنێکی سياســيە و ئاڕاستەيەکی ئاينی (سوننەی) هەيە، بەڵام رێگر نييە لەبەردەم مامەڵە کردن لەگەڵ لايەنە شيعەکان.**

**دەربارەی پێناسەکردنی ئەنجومەن، بەم جۆرە باس کراوە:**

**(قەوارەيەکـە کۆمەڵـە زانايـەکی پسـپۆڕ لـە بـواری شـەريعەت دەگرێتـە خـۆی، هـەڵگری چەمك و پێوەر و بير و باوەری ئيسلامين).**

**هۆيەکانی دامەزراندنی ئەنجومەن دەبەسترێتەوە بە داگيرکردنی عێراق لەلايەن هێزێکی بـێ بـاوەڕ و ئەنجامـدانی وێرانکـاری لـە وڵاتـدا، ئەنجومـەن دوای روخانـدنی رژێمـی صـدام حسين لە نيسانی/٢٠٠٣ دامەزراوە.**

دروشمەکەی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە پەناگەیەکە بۆ هەموو خەڵکی عێراق و بریتیە لە:

نەخشەیەکی سەوزی وڵات، دەستێك لە ناوەڕاستدا بەرز بۆتەوە و قورئانێکی کراوەی بەرز کردۆتەوە. لە سەروویدا ئایەتی: (وأعتصمو بحبل الله..) نووسراوە.

کەسایەتی دیاری دامەزرێنەری ئەم ئەنجوومەنە (حارث سليمان الضاري)یە. ئەم ئەنجومەنە لە یەکگرتنەوەی هەردوو (ئەنجومەنی زانایانی شەریعەت) و (کۆمەڵەی زانایانی موسڵمان) پێکهات، زۆربەیان خوێندکارانی زانستی ئاینی بوون و لە پێشەوەیان (أحمد الكبيسي).

**رێکخستنی ئەنجومەنەکە بریتیە لە:**

ئەمینداریێتی گشتی، ئەنجومەنی شورا، ئەندامانی کارا، ئەندامانی پشتیوان.

ئەمینداریێتی گشتی لە (١٣) ئەندام پێکدێت، بەڵام ئەنجومەنی شورا لە (٥٠) ئەندام پێکهاتبوو، کە هەموویان رێبازی ئاینی و هەڵوێستی سیاسیان یەکخستووە. ئەم ئەنجومەنە بڕێکی زۆری بڵاوکراوە و بەیاننامەی دەرکردوە، دەکرێت ببێتە بنەمایەك و سەرچاوەیەك بۆ رووداوەکان.

**١٠٤- رێکخراوی لە پێناوی کۆمەڵگەی مەدەنی و دیموکراتیەت لە عێراق (منظمة من اجل المجتمع المدني والديمقراطية في العراق):[٢٦٧]**

ئەم رێکخراوە لە شاری لەندەن دامەزراوە لە ١٦/کانونی دووەم/٢٠٠٣، وەك دامەزراوەیەکی عێراقی، کە ئامانجی بەشداریکردنە لە پێکهێنان و دروستکردنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و خزمەتکردن و بڵاوبوونەوەی دیموکراتیەت لە عێراق. بۆیە ئەم دامەزراوەیە حزبێکی سیاسی نییە، بەڵکو ئامرازێکی فشارە لە ئاست هەر لادانێك لە مافەکانی مرۆڤ. گرنگترین ئەو ئامانجانەی رێکخراوەکە هەوڵی جێبەجێکردنی دەدات:

١- بڵاوکردنەوەی کەلتوری دیالۆگ و لێبوردن و دیموکراتیەت لە کۆمەڵگەی عێراقی.
٢- بە دوواداچوون بۆ یاساو سیستم ئەو رێنماییانەی کە لەلایەن دەسەڵاتەوە دەردەچن.
٣- پشتگیری و بەهێزکردنی کەلتوری مافەکانی مرۆڤ.

٤- بەرگریکردن لە مافی ژنان و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بە گرینگی رۆڵیان.
٥- هاوکاری و رێکخستنی کاروبارەکان لەگەڵ هەموو دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەرووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەوە.
٦- بانگەواز بۆ دامەزراندن و پشتگیریکردنی رێکخراو و سەندیکا کرێکاری و پیشەییەکان و زانستی ئازاد.
٧- کارکردن بۆ پارێزگاری خێزان و پشتگیریکردنی مافەکانی منداڵ.
٨- کارکردن بۆ دامەزراندنی دامەزراوەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی.
٩- دانپان بە پێرەوکردنی دیموکراتیەت.
١٠- هاندان لە پێناو پێکهێنانی ئەو دامەزراوانەی کاریان پاراستن و بەرگریکردنە لە پیس بوونی ژینگە.

هەموو هاوڵاتیەکی عێراقی تەمەنی گەیشتە (١٨) ساڵ، بۆی هەیە ببێتە ئەندام لەم رێکخراوە. ئەنجومەنی ئەمینداری رێکخراوەکە لە (١٥) ئەندام پێکدێت و لەلایەن کۆمەڵەی گشتیەوە هەڵدەبژێردرێت.

هەروەها ئەنجومەنێکی جێبەجێکردنی دەبێت کە لە (٩) ئەندام پێکدێت، سەرەڕای ئەنجومەنی راوێژکاری و (٧) لیژنەی پسپۆڕ کە هەریەکەیان لە (٣) ئەندام پێکدێت.

**ئەنجومەنی ئامادەکاری لە (٤٧) کەسایەتی عێراقی پێکهاتووە، لەوانە:**

**فؤاد معصوم، حازم شعلان، حسين شهرستاني.**

## ١٠٥- حزبی دیموکراتی ناوەند (الوسط الديموقراطي):[٢٦٨]

حزب لە مانگی ئاب/٢٠٠٣ دامەزرا لە تێکەڵبوونی سێ قەوارەی سیاسی، کە بریتین لە

١- گردبوونەوەی دیموکراتی ناوەند (حسن البزاز)
٢- بەرەی نیشتمانی یەکگرتوو (صالح المطلك)
٣- حزبی چاکسازی عێراقی سەربەخۆ (فهران حواس).

ئامانجەکانی حزب: بەدیهێنانی ئامانجە باڵاکان لە پێناو بەرژەوەندی عێراق و بەهۆی ئەو بارودۆخەی پێیدا تێپەڕ دەبێت، کارکردن بۆ بەدیهێنانی ئاسایش و دادوەری و یەکسانی و سەروەری یاسا.

### ١٠٦- حزبی نیشتمانی دیموکراتی ئازاد (حزب الوطني الديمقراطي الحر):[٢٦٩]

ئەم حزبە لە ساڵی ٢٠٠٣ دامەزرا، ئەمینداری گشتی حزب (هيثم توفيق الحسني)یە. حزب گرینگی بە رۆڵی عێراق دەدات، هەوڵدەدات عێراق ببەستێتەوە بە ئەنجومەنی هاوکاری کەنداو، هەروەها رۆڵێکی دیاری هەبێ لە کۆمکاری عەرەبی و ناوەندە نێودەوڵەتیەکان.

حزب بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (٢٠٠٥) کرد بە لستێك، کە لە (٦٣) پاڵێوراو پێکهاتبوو.

### ١٠٧- حزبی گەلی عێراقی دیموکرات (حزب الشعب العراقي الديمقراطي):[٢٧٠]

بەدەستپێشخەری (صبيح خليل الدليمي) دامەزراوە لە ٦/تموز/٢٠٠٣ لە شاری بەغداد. لە سەرەتا ناوی حزبەکە (حزبی دیموکراتی عێراقی) بوو، لە مانگی کانوونی دووەم/٢٠٠٤ لەلایەن رێکخستنەکانی حزبەوە چاوخشاندنەوەی بۆ کراو ناوی گۆڕا بۆ حزبی گەلی عێراقی دیموکراتی.

**لە یەکەم کۆنگرەی حزب (صبيح الدليمي) بە سەرۆك هەڵبژێردرا. بەپێی بەرنامەی حزب کە لە یەکەم کۆنگرە دارێژرا:**

حزب هەوڵدەدات بۆ پەرەپێدانی عێراق بەشێوەیەکی ئاشتی و دیموکراتیانە بە شێوازی دیموکراتی فرەیی، هەروەها پێڕەوکردنی یەکسانی بەپێی یاسا بۆ هەموو هاوڵاتیەك.

### ١٠٨- بزووتنەوەی کۆمەڵگەی دیموکراتی (حركة المجتمع الديمقراطي):[٢٧١]

بەپێی یاسای ناوخۆی بزووتنەوە، کە لە مانگی تشرینی دووەم/٢٠٠٥ بڵاوکراوەتەوە، بزووتنەوە باوەڕی بە دیموکراتیەت هەیە لە هەموو دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی عێراقی لە رێگای هۆکارە ئاشتیەکانەوە، لەوانە گەیشتن بە دەسەڵات لە رێگای هەڵبژاردنەوە.

**لە ئامانجەکانی:**

١- قوڵکردنەوەی بنەماکانی دیموکراتیەت لەناو کۆمەڵگە.
٢- بەدیهێنانی ئاسوودەیی و سەقامگیری کۆمەڵایەتی و ئابوری بۆ عێراق.
٣- گواستنەوەی ئابوری عێراق بۆ ئابوری بازاڕی ئازاد.
٤- پیادەکردنی بنەمای مافەکانی مرۆڤ.

٥- هەوڵدان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی شارستانی پێشکەوتوو.

بزووتنەوە لەلایەن ـ حمید جابر علي الکناني ـ سەرکردایەتی دەکرێ، کە وتەبێژی فەرمی ئەنجومەنی حوکمڕانی گواستنەوە بوو لە عێراق لە نێوان (تموز/٢٠٠٣ ـ حوزیران/٢٠٠٤).

## ١٠٩- گردبوونەوەی یەکگرتنی نیشتمانی عێراقی (تجمع الوحدة الوطنية العراقي):[٢٧٢]

بەپێی راگەیاندنەکانی خۆیان ئەم گردبوونەوەیە لە ساڵی ١٩٩١ دامەزراوە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٣ بە ئاشکرا پێکهاتنی بڵاوکرایەوە.

**ئامانجەکانی لە چەند خاڵێك کورت دەکرێتەوە:**

دیموکراتیەت، یەکگرتنی نیشتمانی، پەیوەندیکردنی مرۆڤایەتی.

دیموکراتیەت لە رێگای بوونی دامەزراوە دەستوریەکانەوە بەدی دێت بە هەڵبژاردنێکی دیموکراتیانە و دارشتنی یاساکان، کە ماف و ئازادییە گشتیەکان دەستەبەر دەکات. جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، پارێزگاریکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئازادی رۆژنامەگەری و سەروەری یاساو یەکسانی تەواو بۆ هەمووان، سەپاندنی کەلتوری یەك قبوڵکردن، چەسپاندنی بنەمای ئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵات.

گردبوونەوە لەلایەن د. نهرۆ عبدالکریم سەرکردایەتی دەکرێ.

ئەم رێکخراوە کادیرانی لەگەڵ روخاندنی رژێمی صدام حسین لە ٢٠٠٣ گەڕانەوە عێراق و بەشداریان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی (٢٠٠٥) کرد بە لستێك، کە (٢٧٥) پاڵێوراوی گرتبووە خۆی.

## ١١٠- گردبوونەوەی دیموکراتخوازە سەربەخۆکانی عێراق (تجمع الدیمقراطیین المستقلین العراقیین): (٢٧٣)

لەسەر داوای د. عدنان پاچەچی و لە بەیاننامەیەك کە (٣٧) کەسایەتی عێراقی واژویان لەسەر کرد، لە ٩/ئازار/٢٠٠٣ کۆنگرەیەك بەسترا بە ئامادەبوونی (٤٠٠) کەسایەتی عێراقی بەرهەڵستکار. لەو کۆبونەوەیە بڕیار درا لەسەر دامەزرانـدنی بزووتنەوەیـەکی سیاسی بەناوی (گردبوونەوەی دیموکراتخوازە سەربەخۆکانی عێراق)، بەیاننامەکە ڕێبازی سیاسی ئامادەبووانی کۆبونەوەی ڕوونکردەوە.

دوای ڕوخاندنی ڕژێمی صدام حسین لە ساڵی ٢٠٠٣ ئەم ڕێکخراوە چاوخشاندنەوەیەکی بە بەرنامە سیاسیەکەی خۆیدا هێناو دەسکاریکرد، بەو جۆرەی لەگەڵ هەلومەرجی نوێدا بگونجێ. لە بەرنامەکەیدا گرینگی بەم بوارانە درابوو:

جەختکردن لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوون، هەموو عێراقیەك بەیەك چاو تەماشا بکرێت بەبێ جیاوازی بەهۆی ڕەگەز یان ئایین یاخود تائفە، هەموو یەکسانن لەبەردەم یاسا لەرووی ئەرك و مافدا.

**هەروەها بەرنامەکە داوای:**

دابینکردنی ئاسایش و پاراستنی یەکێتی خاکی نیشتمان و کۆتایی هێنان بە بوونی سوپای بیانی لە کورترین ماوە و دارشتنەوەی دەستوور و یاسای هەڵبژاردن بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی و پێکهێنانی حکومەتێکی نیشتمانی بەپێی بنەمای دیموکراسیەت. دۆزینەوەی شێوازی گونجاو بۆ بەرجەستەکردنی بنەمای هاوبەشی کورد و عەرەب لە عێراقدا و دەستەبەرکردنی مافی کەمایەتیەکان، پشتبەستن بە سیاسەتێکی ئابوری دروست.

لە مانگی ئایاری ٢٠٠٣ ئەم ڕێکخراوە کۆنگرەیەکی لە شاری بەغداد سازکرد کە نزیکەی (١٠٠٠) کەسایەتی بەشداریان تیادا کرد بە نوێنەرایەتی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ.

لەو کۆبونەوەیە گفتوگۆ لەسەر بەرنامەی ڕێکخراوەکە کرا، بڕیار درا بە دەرکردنی ڕۆژنامەیەك بە ناوی _ النهضة _ کە تا مانگی ئازار/٢٠٠٥ بەردەوام بوو لە دەرچوون.

**له كەسایەتیەكانی ئەم بزووتنەوەیە:**

**عدنان پاچەچی: سەرۆك.**

**مهدي حافظ، اديب الجادر، ميسون سالم دملوجی _ عطا عبدالوهاب _ د. أیهم السامرئي د. جلال الماشطة _ د. عمر الفاروق، لیلی عبداللطیف _ هشام المدفعي، (هونەرمەند) حسین نعمة.**

## ١١١- حزبی (الفضیلة):[٢٧٤]

**حزبێكی ئیسلامیە سەر بە رێبازی (شیعة) بە رێنمایی و دەستپێشخەری شیخ محمد الیعقوبی ، رابەری رۆحی حزبەكە دامەزراوە. لە مانگی ئایار/٢٠٠٣ دامەزرا. ئەمیندداری گشتی حزب: (ندیم عیسی الجابري)یە.**

**چالاكیە جەماوەرییەكانی بە زۆری لە ناوچەكانی باشوری عێراق بەتایبەتی شاری (بصره) چڕ دەبێتەوە.**

**بەشداری لە هەڵبژاردنەكانی ساڵی (٢٠٠٥) كردوە لەگەڵ لستی (ئیتیلافی عێراقی یەكگرتوو) و توانی (١٥) ئەندامی بگەیەنێتە پەرلەمانی عێراق.**

## ١١٢- حزبی نەتەوایەتی ناصری یەكگرتوو (حزب القومي الناصري الموحد):[٢٧٥]

**حزبێكی ناسیۆنالستیە پشت بە بیروباوەڕە نەتەوایەتیەكانی جمال عبدالناصر (سەرۆكی پێشوی مصر) دەبەستێ وەك ئایدیولوجیایەك لەگەڵ چەند دەسكاریەك دەربارەی دیموكراتی و سۆسیالستی.**

**ئەم حزبە لە ئاكامی تێكەڵبوونی شەش رێكخراوی سیاسی ناسیۆنالستی دامەزرا لە ٢٣/تموز/٢٠٠٣.**

**بنەمای هزری و سیاسیەكانی حزب:**

١- **دامەزراندنی دەوڵەتێكی ناسیۆنالستی عەرەبی بۆ نەتەوەی عەرەب.**
٢- **باوەڕهێنان بە یەكێتی خاك و گەلی عێراق و سەربەخۆیی سیاسی و ئابوری.**
٣- **ئاینی ئیسلام بنەمای بیروباوەڕەكانیەتی دەربارەی ئازادی و دادوەری كۆمەڵایەتی.**
٤- **دامەزراندنی رژێمێكی كۆماری دەستوری دیموكراتی فرەیی.**
٥- **چەسپاندنی بیروباوەڕی عەرەبچێتی لە عێراق.**

### ١١٣- حزبی ئاینده (المستقبل):[٢٧٦]

حزبی ئاینده تێدەکۆشێت بۆ جێبەجێکردنی چەندین ئامانج لەسەر ئاستی سیاسی.

**ئامانەجەکانی بریتین لە:**

سەربەخۆیی تەواوی عێراق و پارێزگاری یەکگرتوویی، دەستوری وڵات مافەکانی مرۆڤ بگرێتە خۆی و جێبەجێی بکات، دژایەتیکردنی تائیفیەت، دامەزراندنی سوپایەکی نیشتمانی سەربەخۆ کە پارێزگاری و بەرگری لە وڵات بکات، هەروەها دامەزراوەکانی ئاسایشە ناوخۆییەکان، دامەزراندنی دەوڵەتی یاساو سەربەخۆیی دادگا. لەسەر ئاستی ئابوری بونیادنانی ئابورییەکی بەهێز، چاککردنی باری گوزەرانی تاك.

بەرپاکردنی راپەڕینێکی کشتوکاڵی و پیشەسازی، ئاوەدانکردنەوەی شارەکان، هاندانی و وەبەرهێنان و هێنانی سەرمایەی بیانی و بوونی ئابوری ئازاد. لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی، رێزگرتن لە ئاینەکان، بایەخدان بە کاروباری ژنان و بەدیهێنانی مافەکانیان.

**ئەنجومەنی سەرکردایەتی حزب پێکهاتووە لە:**

د. حسين محمد علي، فراس طه المشهداني، طارق حميد البلداوي، د. ناظم عبدالمجيد، د. أمل كاظم سليمان، د. مهند عبدالرزاق العاني.

### ١١٤- حزبی دادو پێشکەوتنی دیموکراتی (العدالة والتقدم الديموقراطي):[٢٧٧]

ئەم حزبە لە دوای روخاندنی رژێمەکەی صدام حسين لە ٢٠٠٣ دامەزراوە.

دروشمەکەی: حکومەتێکی دیموکراتی دادوەرانە.. وڵاتێکی پێشکەوتوو ئارام.

سەرۆکایەتی حزب لەلایەن عبدالرحيم النصرالله دەکرێ.

رۆژنامەیەك بەناوی (الميزان) دەردەکا.

### ١١٥- حزبی دادو گەشەپێدان (العدالة والتنمية):[٢٧٨]

لە مانگی کانونی یەکەم/ ٢٠٠٣ دامەزراوە، لەسەر بنەمای حزبێکی شارستانی کۆمەڵایەتی سیاسی، داوای بەشداریکردن لە سیاسەت دەکات لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵی.

حزب لەلایەن جاسم منصور العيساوي سەرۆکایەتی دەکرێ.

## ١١٦- گردبوونــەوەی نیشــتمانی بــۆ شۆڕشــی بیســت (التجمــع الــوطني لثــورة العشرين):[٢٧٩]

ئەم رێکخراوە لە ٣٠/ حوزەیران/٢٠٠٤ دامەزرا لـە یـادی شۆڕشـی ١٩٢٠ لـە عێـراق. یەکـەم کۆنگرەی دامەزراندنی لە بەغداد بەست لە ٦/حوزەیران/٢٠٠٤.

**لە بنەماکانی ئەم گردبوونەوەیە:**

گردبوونەوە باوەڕی وایە گەلی عێراق سەرچاوەی دەسـەڵاتەکانە و هـەر خـۆی دەسـەڵاتی هەڵبژاردنی ئەو ئەنجومەنانەی هەیە، کە نوێنەرایەتی دەکات. بنـەمای بڕیـاردان دەربـارەی هەموو کێشە چارەنووسسازەکانی بۆ گەل دەگەڕێتەوە، وەك دیاریکردنی سیستمی سیاسی.

**سەرکردایەتی گردبوونەوە لەم کەسانە پێکهاتبوون:**

د. ضياء السيد صافي آل مكوطر: ئەمینداری گشتی

شريف السيد وناس الياسري: جێگری ئەمینداری گشتی.

عبدالرحيم مكطوف آل شدود: جێگری ئەمینداری گشتی.

حامد باقر الابراهيمي: نهێنی راگر.

هليل الجفيفي: دارایی

گردبوونــەوە گوڤـارێکی لـەژێر نـاوی (الكوفـة) دەردەکـرد، یەکـەم ژمـارەی لـە تشـرینی یەکەم/٢٠٠٤ دەرچووە.

## ١١٧- گردبوونەوەی عێراقی ئایندە (تجمع عراق المستقبل):[٢٨٠]

لە ساڵی ٢٠٠٤ ئەم رێکخراوە دامەزرا بە هەوڵ و دەستپێشخەری (ابراهيم بحر العلوم) کـە هەر خۆشی ئەمینداری گشتیە.

**بەپێی بەرنامە سیاسیەکەی، ئەم رێکخراوە هەوڵدەدات بۆ:**

لە بواری ئابوری چاکسازی هەمەلایەنە ئەنجام بدرێ بەپێی پلانێکی زانستیانەی دانراو.

دەســتەبەرکردنی ئاســایش و بەربــەرەکانیکردنی تــیرۆر، دەســتەبەری کۆمەڵایــەتی و پاڵپشتیکردنی خوێندکارانی زانکۆ، پشتگیریکردنی بەرنامەکانی وەرزش و لاوان.

پەرەپێـدان و پاراسـتنی خـواردن، بایەخـدان بـەخێزانی شـەهید و زیـان لێکـەوتوان، چاکسـازی کـارگێڕی و دژایـەتیکردنی گەنـدەڵی، سیاسـەتێکی دەرەکـی هاوسـەنگ کـە سەربەخۆیی بڕیاری سیاسی عێـراق بپارێزێت، دابینکردنـی دەرفـەتی کـارو کەمکردنـەوەی بێکاری.

گردبوونەوەی عێراقی ئاینده به هاوپەیمانیـەتی بزووتنـەوەی دیمـوکراتی (سـەرۆکایەتی حمید الكفائي) بەشداریان له هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقی کرد له ساڵی (٢٠٠٥).

## ١١٨- رەوتی ئیسلامی دیموکراتی (التيار الاسلامي الديمقراطي):[٢٨١]

لـه مـانگی ئـازار/٢٠٠٣ لەسـەر دەسـتی (محمـد عبـدالجبار الشـبوط) دامـەزراوه، حزبێکـه هەوڵدەدات نێوان ئیسلام و دیموکراتیـەت وەك کـەلتورێك کۆبکاتـەوه و بیکاتـه بەرنامـەی کاری.

**ئامانجه بنچینەییەکانی:**

١- دروستکردنەوەی دەوڵەتی عێراق لەسەر بنەمای دروست، ئـەو دەوڵەتـەی کـه لەگـەڵ روخانی حزبی بەعس رووخا.

٢- گێڕانەوەی دەسەڵاتی سیاسی بۆ گەل وەك سەرچاوەی راستەقینەی دەسەڵات.

٣- دابەشکردنی سامان بەجۆرێکی دادوەرانه له پێش و پاش بەرهەمهێنانی.

ئەمینداری گشتی رەوتەکه (حسين درويش العالي)یه.

## ١١٩- حزبی نیشتمانی دیموکراتی (الحزب الوطني الديمقراطي):[٢٨٢]

ئەم حزبه له ساڵی ١٩٤٦ به رابەرایەتی کامل الجادرجي دامەزراوه (پێشتر باسـی هـاتووه). تا ساڵی ١٩٦١ که چالاکیەکانی بەیەکجاری وەستاوه.

دوای روخاندنی رژێمی صدام حسين له ٢٠٠٣، به دەستپێشخەری (نصير چادرچی) کوڕی کامل جادرچی له ٢٧/شوبات/٢٠٠٤ ئەم حزبه دامەزراوەتەوه.

دەستەی بەڕێوەبردنی پێکهاتبوو له:

نصير کامل چادرجی: ئەمینداری گشتی.

هاشم الشبلي: جێگر

**ئەندامان:** نجيب محي الدين، رؤف آل ديبس، د. عبدالامير عبود، د. داود محمد شريف، راغب رضا، زهير الفقير، هاشم أطرقچي، د. خالد الياسري، طارق الابريسم، د. محمد هدو، سحاب عواد معروف.

له ئامانجەكانی: كاركردن بۆ بونیادنانی سیستمێكی دیموكراتی فرەیی لەسەر بنچینەی جیاكردنەوەی دەسەلاتەكان. ڕێز لە هاوڵاتی و جیاوازی نەتەوایەتی و هزری و سیاسی بگیرێت. بەدیهێنانی دادوەری كۆمەڵایەتی، دەستەبەركردنی ئازادییەكان، بایەخدان بە پلانی ئابوری و گەشەپێدانی كشتوكاڵی و سەرچاوەكانی ئاو و ڕێكخستنەوەی بازرگانی، هەروەها نەهێشتنی بێكاری.

## ١٢٠- بەرەی عێراقی بۆ دیالۆگی نیشتمانی (الجبهة العراقية للحوار الوطني):[٢٨٣]

ئەم بەرەیە بە دەستپێشخەری سیاسەتمەداری عێراقی (صالح المطلك) دامەزرا وەك ناڕازیبوونێك بەرامبەر بە نووسینەوەی دەستور لە مانگی ئەیلول/٢٠٠٥.

چەند حزب و ڕێكخراوێكی سیاسی گرتە خۆی وەك:

١- بەرەی دیالۆگی نیشتمانی.
٢- حزبی دیموكراتی مەسیحی عێراقی.
٣- بەرەی عەرەبی دیموكرات.
٤- بەرەی نیشتمانی بۆ عێراقی ئازاد و یەكگرتوو.
٥- بزووتنەوەی یەكێتی ڕۆڵەكانی عێراق.

**له كەسایەتیەكانی ناو بەرە:**

خلف العليان ـ مشعان الجبوري ـ صالح المطلك ـ حسن زيدان اللهيبي ـ فخري القيسي ـ فهران الحديد، أسامة عبدالعزيز النجفي.

بەرە بەشداریكردووە لە هەڵبژاردنەكانی ساڵی ٢٠٠٥ و دواتر لە ٢٠١٠، هەروەها بەشدارە لە حكومەتی ئێستای عێراق.

## ١٢١- هاوپەیمانی نیشتمانی دیموکراتی (الائتلاف الوطني الديمقراطي):[٢٨٤]

ئـــەم هاوپەیمانیەتیـــە لـــە ســـێ حزبـــی سیاســـی پێکهـــاتووە و لـــە ٣٠/کـــانوونی یەکەم/٢٠٠٢دامەزراوە.

**ئەو حزبانەش بریتین لە:**

حزبی سەربەخۆیی نیشتمانی بە سەرۆکایەتی مالك دوهان الحسن.

بزووتنەوەی ناسیۆنالستە دیموکراتخوازەکانی عەرەب بە سەرۆکایەتی محمد حسین رؤف.

هاوپەیمانیەتی نیشتمانی عێراقی بە سەرۆکایەتی توفیق الیاسری.

ئـەم هاوپەیمانیـە لەلایـەن مالـك دوهـان الحسـن رابەرایـەتی دەکـرێ و توفیـق الیاسـریش ئەمینداری گشتیە.

## ١٢٢- بەرەی نیشتمانی و نەتەوایەتی و ئیسلامی لە عێـراق (الجبهـة الوطنيـة والقومية والاسلامية في العراق):[٢٨٥]

بەرە لە ١٧/تشرینی دووەم/٢٠٠٥ دامـەزراوە، بیروبۆچـوونی بـەرە دەربـارەی هەلومـەرجی ناوخۆی عێراق بەم چەند خاڵە کورت دەکرێتەوە:

ئـەمڕۆ عێـراق بـەرەورووی داگیرکارییـەکی دوو لایەنـە بۆتـەوە، لـە لایەکـەوە داگیرکـاری ئەمریکا و بەریتانیا و زایونیزم، لەلایەکی ترەوە داگیرکاری ئێرانی سەفەوی. هەموویان کار بۆ وێرانکاری ئەم وڵاتە دەکەن و رووە مێژووییەکەی و شارستانیەتی لەناو دەبەن.

بەیاننامەکەی بەرە ئەوەی ئاشکرا کرد کە (پێکهێنانی بەرەی نیشـتمانی و نەتەوایـەتی و ئیسـلامی عێراقـی) هـەموو ئـەو کۆمـەڵ و رەوتـە جیهادیانـە دەگرێتـە خـۆی، کـە لـەژێر سـەرکردایەتی ئەنجومـەنی سـەربازی بـاڵای موجاهـدین کۆبونەتـەوە بـۆ دژایـەتیکردنی داگیرکاری.

بەیاننامەکەی بەرە ناوی (شیخ مجید الگعود)ی هێناوە کە وتەبێژی فەرمی بەرەیە

## ١٢٣- هاوپەیمانی ئیسلامی (الائتلاف الاسلامي):[٢٨٦]

هاوپەیمانیەکـە بـە مەبەسـتی بەشـداریکردن لـە هەڵبژاردنـەکانی سـاڵی (٢٠٠٥) پێکهـات، شەش قەوارەی سیاسی لەخۆ دەگرێت بریتین لە:

بزووتنەوەی کاری ئیسلامی، بزووتنـەوەی خۆشـگوزەرانی و ئـازادی، گردبونـەوەی فـەیلی ئیسـلامی، یـەکگرتووی زانایـانی ئـایین، یـەکێتی دامـەزراوە حوسـەینیەکان، یـەکگرتوی ئیسلامی بۆ خوێندکارانی عێراق.

**ئامانجەکانی:**

کارکردن بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی سەربەخۆیی و ئازادی، نەهێشتنی کۆتەکانی زوڵم و چەوساندنەوە، هێنانەدی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی، دامەزراندنی دەوڵـەتێکی سـەردەمیانە لەسەر بنەمای دادوەری و ئازادی و فرەیی.

هاوپەیمانی پابەندبوونی خۆی بە رێبازی مەرجەعیەتە ئاینیەکان رادەگەێنێ بەتایبەتی (آيةالله)ی مەزن صادق الشیرازی و (آية الله)ی مەزن محمد تقي المدرسي.

## ١٢٤-هاوپەیمانی عێراق یەکگرتوو (التحالف العراقي الموحد):[(٢٨٧)]

ئەم هاوپەیمانیەتیە لە پارتە شیعیەکان پێکدێت کە (١٦) پـارتی سیاسـی لـەخۆ دەگرێـت، بە گەورەترین هاوپەیمانیەتی دادەنرێت، لەلایەن (آية الله سیستانی) سەرکردەی مەرجـەعی ئاینی پشتگیری دەکرێ. بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقی ساڵی (٢٠٠٥) و توانیان سەرکەوتنی گەورە بەدەستبێنن، رێژەی ٤٨٪ ی دەنگەکانیان بەدەس هێنا.

سەرۆکی هاوپەیمانیەتەکە عبـدالعزیز الحکیم بـوو، لـە ٢٩/تشـرین یەکـەم/٢٠٠٥ بڕیـاری نوێکردنەوەی هاوپەیمانیەتەکەیدا و چەندین قەوارەی سیاسی دیکە بەشـداریان تیـادا کـرد. لستی قەوارە سیاسیەکان:

١- ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراق: عبدالعزیز الحکیم.
٢- حزبی (الدعوة)ی ئیسلامی: نوري المالكي.
٣- حزبی (الفضيلة)ی ئیسلامی: ناظم الجبري.
٤- رەوتی الصدر: مقتدی الصدر.
٥- حزبی (الدعوة)ی ئیسلامی ـ رێکخراوی العراق: عبدالكريم العنزي
٦- رێکخراوی البدر: هادی العامری
٧- بزووتنەوەی دیموکراتی عێراق: قاسم داود
٨- یەکێتی ئیسلامی تورکمانی: عباس البیاتي

٩- بزووتنەوەی (الوفاء)ی تورکمانی: فریاد عمر
١٠- بزووتنەوەی حزب (الله) عێراقی: حسين الساري
١١- بزووتنەوەی (سيد الشهداء): داغر الموسوي
١٢- حزبی العدالة: هادي عبدالملك
١٣- گردبوونەوەی ناوەند: محمود شيخ راضي
١٤- بزووتنەوەی چاکسازی و بونیادنان: مظهر الحكيم
١٥- گروپی داد و یەکسانی: سهيل الجزائری
١٦- حزبی ئازادیخوازان لە عێراق: حازم دوس
١٧- کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی: أحمد الچلبی

## ١٢٥- گردبوونەوەی عێراقی کۆماری (التجمع الجمهوري العراقي):(٢٨٨)

ئەم رێکخراوە لە ساڵی ٢٠٠٤ دامەزرا، کۆمەڵە رێکخراوێکی سیاسی کۆمەڵایەتی و ئابوری و زانستی و شارستانی کۆدەکاتەوە، بە مەبەستی بەدیهێنانی رێکخستنێکی تەواوی نێوان ئەو رێکخراوانە، هەروەها چەسپاندنی کۆڵەکەکانی سیستمی کۆماری لە عێراق.

پەیامە بنچینەییەکەی ئەم رێکخراوە (ئابورییەکی بەتین، داهاتێکی بەرز، مرۆڤێکی ئازاد و داهێنەر کە دروستکەری نموونەی شارستانیەت بێت).

**ئەم گردبوونەوەیە دوو کۆمەڵە ئامانجی هەیە کە هەوڵی جێبەجێکردنیان دەدات:**

**یەکەم: ئامانجە ستراتیجیەکان، بریتین لە:**

١- بەشداریکردن لە هێنانەدی سیستمێکی کۆماری، کە فرەیی پشت بە دەستورێکی سەردەمیانەی هەمیشەیی ببەستێ و هەموو ئازادییە رەواکان دەستەبەر بکات، دیموکراتیەت ببێتە تەنها رێگا بۆ وەرگرتنی پێگەو بەرپرسیاریتی بە شێوەیەکی ئاشتیانە.

٢- گردبوونەوە رۆڵێکی بنچینەیی هەبێت لە رێکخستنی نێوان حزب و رێکخراوەکانی دوور لە گروپ و دەستەگەری، بە مەبەستی دروستبوونی هێزێکی سیاسی و ئابوری عێراقی کە ملکەچی رەهەندە ئاینی و نەتەوایەتی و مەزهەبیەکانی ئەندامانی

نەبێت، بە هیوای دروستبوونی قەوارەیەکی ستراتیجی کارا لە ماوەی دووردا بەرەو سەرکردایەتیکردنی گۆڕانێکی لەبار لە عێراق.

٣- گردبوونەوە جەخت لەسەر گرینگی لایەنی ئابوری دەکات لە کاری سیاسیدا، هەوڵی دانانی کۆمەڵە ئامانجێکی ستراتیجی واقعیانە دەدات بۆ گەشەدان بە بوارە ئابورییە جۆراوجۆرەکان.

٤- گردبوونەوە کار دەکات بۆ بەهێزکردنی رێکخستنێکی کارا لەگەڵ هێزە سیاسی و ئابورییەکانی جیهانی، بە جۆرێك کە گەیشتنی عێراق بۆ پێگەیەکی باڵا لەناو میللەتان مسۆگەربکات.

٥- گردبوونەوە هەوڵدەدات ببێتە لایەنێکی کارا لە دروست بوونی کەلتورێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری هەمەلایەنی دامەزراو لەسەر دیالۆگ و رێزگرتنی بەرامبەر و دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی و تیرۆر، هەروەها رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ.

**دووەم: ئامانجە قۆناغییەکانی:**

١- پێداکردن لەسەر شێوازێك بۆ کۆتایهێنان بە داگیرکاری بیانی و گەڕانەوەی سەروەری بۆ عێراق.

٢- لە یەك نزیکردنەوەی رەوت و گروپە سیاسیەکان لە عێراق.

٣- دانانی بەرنامەی سیاسی، ئابوری و کۆمەڵایەتی، هەروەها پاڵپشتیکردنی بەرنامەکانی ژینگەو زانست.

٤- بەشداریکردن بۆ گێڕانەوەی ژیانی ئاسایی بۆ هەزاران کەس، کە بەهۆی بارودۆخە سیاسیەکەی وڵات تووشی هاتوون.

٥- گردبوونەوە رۆڵێکی چالاکی هەبێت بۆ دروستبوونی هاوکاری و پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و وڵاتانی جیهان لەسەر بنەمای رێز لێگرتنی هەردوولا.

ئەمینداری گشتی گردبوونەوە ساڵی (٢٠٠٥) سعدی عاصم الچلبی بوو.

## ١٢٦- بەرەی دیموکراتی پێشکەوتنخواز (الجبهة الديمقراطية التقدمية):[٢٨٩]

ئەم بەرەیە لە سەرەتای دامەزراندنی لەژێر ناوی ـ کۆمەڵەی نیشتمانی دیموکراتی بۆ گەشەپێدان ـ دروست بوو. بەرە لەم لایەنانە پێکدێن:

رەوتــی قــاسمی دیمــوکرات، حزبــی داد و گەشــەپێدان، حزبــی دیمــوکراتی نەتــەوەیی، بزووتنەوەی بەرگری لە گەلی عێراقی ئازاد.

ئەم چوار لایەنە ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ کارکردن لەژێر ئالاَی بەرەدا.

بارەگـای لـە شـاری بەغـداد بـوو، یەکـەم بەیاننامـەی دامەزرانـدنی لـە ١٤/ئـەیلول/٢٠٠٤ دەرچووە، وتەبێژی فەرمی بەرە (ریاض العبدالله)یە.

## ١٢٧- بزووتنەوەی هێزە نیشتمانی و نەتەوایەتیەکان (حرکة القوی الوطنیـة والقومیة): [٢٩٠]

بزووتنــەوە لــە ٢٢/ئــاب/٢٠٠٦ لــە پایتــەختی وڵاتــی ئــەردەن (عمــان) دامــەزراوە، بــە ئامادەبوونی نزیکەی (١٠٠) کەسایەتی عێراقی لە کاتی راگەیاندنی.

بەیاننامەی دامەزراندنی لەلایـەن (غالـب القـیس)ی خوێندرایـەوە و (حسـن البـزاز) وەك ئەمینداری گشتی هەڵبژێردرا.

بزووتنەوە لەسەر بنەماکانی دیموکراتیەت و لیبرالیەت دامەزراوە، بێ دوورکەوتنـەوە لـە هەستە نیشتمانی و ئەرکە ئاینیەکان.

بزووتنەوە باوەڕی رەهای بە یـەکێتی عێـراق هەیـە، هـەروەها بـاوەڕی پتـەوی هەیـە بـە نەتەوەی عەرەب و رۆڵە کاریگەرەکەی لە هەردوو بواری هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی.

## ١٢٨- بەرەی (التوافق)ی عێراقی (جبهة التوافق العراقي): [٢٩١]

بــەرە بــەکورتی لــەژێر نــاوی (التوافـق) ناســراوە، لـەناو پەرلـەمانی عێراقـی گروپێکـی سـوننەی بـەهێزە. بەشـداری لـە هەڵبـژاردنی سـاڵی (٢٠٠٥) کـردوە و ژمـارەی (٤٤) نوێنـەری گەیشتۆتە ناو پەرلەمان.

بـەرە تـا سـاڵی ٢٠٠٩ لەلایـەن عـدنان الـدلیمی سـەرۆکایەتی دەکـرا، دواتـر (شـیخ حـارث العبیدي) بوو بە سەرۆکی بەرە تا رۆژی تیرۆرکردنی لە ١٢/حوزەیران/٢٠٠٩. سنوری چالاکی بەرە لە چەند پارێزگایەك چڕبۆتەوە وەك: أنبار، بەغداد، صلاح الدین، موصل، کەرکوك).

**بەرە لەم چەند لایەنە پێکهاتووە:**

١- حزبی ئیسلامی عێراقی.

٢- کۆنگرەی خەڵکی عێراق.

٣- گردبوونەوەی ئایندەی نیشتمانی.

٤- گروپێکی تورکمانی بە سەرکردایەتی (حسن تۆران)[٢٩٢].

**لە کەسایەتیەکانی ئەم بەرەیە:**

طارق الهاشمي (جێگری سەرۆك کۆماری عێراق).

اياد السامرائي (سەرۆکی پەرلەمانی پێشو).

عدنان الدليمي.

محمد المشهدانی (سەرۆکی پەرلەمانی پێشوتر).

نصير العاني، حسن تۆران، عمر الجبوري، مصطفى الشبيب، سليم الجبوري.

## ١٢٩- ئەنجومەنی سەرۆك عەشیرەت و کەسایەتیەکانی نجف (مجلس شيوخ وأعيان محافظة النجف):[٢٩٣]

ئەم ئەنجومەنە لە ١٨/تموز/٢٠٠٣ دامەزرا، ئەمینداری گشتی ئەنجومەن (محمود محمد رضا صافي)يە، ئەنجومەن کەسایەتی و سەرۆك عەشیرەتە بەناوبانگەکانی پارێزگای (نجف) کۆدەکاتەوە وەك:

شمخي جبر فنجان الجبوري، فاضل احمد أبو صبيع، صبحي جابر أبو كلل، خالد عبد علي آل شبل، مسلم مغيض سعد راضي، طالب نجف حسانى الغراوي، علي هادي منصور العصيبي، عدنان جبر شربة، عدنان عبدالمهدي شلال التيمي، عبدالرضا سعد عباس دوش، كريم عبود أبو غنيم، باقر جريو، عبدالرضا مجبل الرماحي، علي عبدالرزاق شمة، رحيم السيد سلمان، حسن عمار جبرين...

**بەپێی بەرنامەکەی ئەنجومەن، کار دەکرێت بۆ:**

١- بڕیاردان لەسەر ئەوەی ئیسلام ئاینی ڕەسمی دەوڵەت بێت.
٢- عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب.
٣- ئەندامانی ئەنجومەن سەربەخۆن و باوەڕیان بە حزبایەتی نییە.
٤- ئەندامانی ئەنجومەن پابەند دەبن بە یەکێتی خاکی عێراق.
٥- وەرگرتنی بیروڕای مەرجعیەتی ئاینی لە کاتی دانانی دەستور.
٦- پێویستە دەستور ئازادی ئاینی و بیروباوەڕەکان ئازاد بکات.
٧- دژایەتی تائفیەت و توندڕەوی ئاینی.
٨- ژن بەشێکی گرینگی کۆمەڵ پێکدێنێت.

٩-  پابەندبوون بە پێڕەوکردنی دیموکراتیەت.

دووای روخانی رژێمی صدام حسین لە نیسانی ٢٠٠٣ ئەنجومەن هێزێکی پێکهێنا بەناوی (هێزی پاراستنی جێگا پیرۆزەکان).

## ١٣٠- حزبی چارەسەری دیموکراتی کوردستان:[٢٩٤]

ئەم حزبە لە مانگی ئایار/٢٠٠١ دامەزرا، بەڵام بەشێوەیەکی فەرمی دوای یەك ساڵ لە ماوەی کۆنگرەی یەکەمی کە لە شاری سلێمانی بەسترا لەماوەی ٣ _ ٥/ئایار/٢٠٠٢ خۆی راگەیاند.

**لە بەیاننامەی دامەزرانیدا هاتووە:**

هەوڵدەدات بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ تێکڕای کێشەکانی عێراق و یەکلاکردنەوەیان. هەروەها هەوڵدەدات بۆ: دامەزراندنی عێراقێکی دیموکراسی فرەیی کە لە سێبەریدا کوردستان فیدڕالیەت و دیموکراتیەت بە دەست بێنی.

لە ئامانجەکانی تریدا: دامەزراندنی دەوڵەتی یاسا لە چوارچێوەی یەکێتیەکی ئارەزوومەندانەی ئازاد بۆ گەلی عێراق و پیادەکردنی چارەسەریەکی دیموکراتیانە بێ ئەوەی دەسکاری سنورە سیاسیەکەی بکرێت.

لەماوەی کۆنگرەی یەکەمیدا (د. فائق گولپی) بە سەرۆکی حزب هەڵبژێردرا.

ئەم حزبە بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (٢٠٠٥)ی پەرلەمانی کوردستان و عێراقی کردووە.

## ١٣١- ئیتلافی عێراقی یەکگرتوو (أئتلاف وحدة العراق) :[٢٩٥]

ئەم رێکخراوە لە بەرواری ٢١/تشرینی یەکەم/٢٠٠٩ پێکهات، کۆمەڵە کەسانێکی گرتۆتە خۆی لەوانە:

جواد بولانی _ سەرۆکی حزبی دەستوری عێراقی.

أحمد شیاع البراك _ سەرۆکی بزووتنەوەی کۆمەڵگەی دیموکراتی.

أحمد عبد الغفور السامرائي _ سەرۆکی دامەزراوەی سوننی.

احمد ابوریشە _ سەرۆکی کونگرەی صحوەی عێراقی.

د. سعدون الدلیمي _ وەزیری بەرگری پێشوی عێراق.

خاتو (جنان البراك) _ سەرۆكی مەڵبەندی عێراقی بۆ ژنان و سەرۆكی تۆڕی ئاشتی عێراقی.

هەورەها د. ضياء الشكرچی و هاشم جعفر الحبوبي.

ئەم ئیتلافە تێكەڵەیەك لە هەموو ڕێبازە ئیسلامی و عەلمانیەكانی گرتۆتە خۆی.

### ١٣٢- گردبوونەوەی دیموكراتی ئێزدی (التجمع الديمقراطي الايزدي):(٢٩٦)

بەپێی پێڕەوی ناوخۆی ئەم ڕێكخراوە: ڕێكخراوێكی دیموكراتی سەربەخۆیە، چەند ئامانجێكی سیاسی هەیە گوزراشت لە بەرژەوەندی و ئاواتەكانی كوردە ئیزدییەكان دەكات لە كۆمەڵگەیەكی مرۆڤایەتی دوور لە جیاوازی تائفی و ئەتنی هەورەها دامەزراو لەسەر بنەمای شەفافیەت و لێبوردەیی و پێكەوەژیانی ئاشتیانە لەنێوان هەموو چین و توێژەكانی كۆمەڵگە.

كار دەكات لە پێناو مافە رەواكانی كەمایەتی ئێزدی.

دەربارەی كاروباری عێراق ئەم ڕێكخراوە كار دەكات بۆ جێبەجێكردنی:

دەوڵەتێكی فیدراڵی پشتبەستوو بە دەسەڵاتی ناوەندی، سیستمی دیموكراتی فرەیی، دامەزراندنی دەوڵەتی یاسا، رژێمێكی عەلمانی.

**دروشمی گردبوونەوەكە بریتیە لە:**

(دیموكراتیەت، مافەكانی مرۆڤ، مافی كەمە نەتەوایەتیەكان، بەیەكەوە ژیانی ئاشتیانە)

### ١٣٣- بزووتنەوەی ئیزدییەكان بۆ پێشكەوتن و چاكسازی (الحركة الايزدية للتقدم والاصلاح):(٢٩٧)

ئەركی سەرەكی ئەم بزووتنەوەیە بایەخدانە بە دەستەبەركردنی مافی ئێزدییەكان لە عێراق.

بزووتنەوە بەشداری لە هەڵبژاردنەكانی مانگی كانوونی یەكەم/٢٠٠٩ كردووە، یەك نوێنەری گەیشتە پەرلەمانی ناوەندی عێراقی.

### ١٣٤- ئەنجومەنی گشتی کوردە فەیلیەکان (المجلس العام للكرد الفيليين):[٢٩٨]

لە وڵاتی فەرەنسا لە شاری (لیل) لە مانگی کانوونی دووەم/٢٠٠٣ دامەزراوە، ڕێکخراوێکی دیموکراتی سەربەخۆیە، چەند ئامانجێکی سیاسی هەیە کە لە چوارچێوەیدا خزمەتی کوردە فەیلیەکان دەکات.

لە مانگی ئایار/٢٠٠٤ بە ئامادەبوونی ئەندامانی نووسینگەی گشتی و نوێنەرانی ڕێکخراوە فەیلیەکان لەگەڵ نوێنەرانی ڕێکخراوەکان لە وڵاتانی (سوید، ئەڵمانیا، دانیمارك، هوڵەندا، عێراق) کۆبونەوەیەك لە شاری (کوبنهاگن) لە (دانیمارك) سازکرا، لەو کۆبونەویە بڕیار لەسەر هەموارکردنی بەرنامە و پێڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن درا.

ئەنجومەن تێدەکۆشێت بۆ کارکردن لەگەڵ هەموو لایەنە نیشتمانیە عێراقی و کوردییەکان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی دیموکراتی پەرلەمانی، کە ڕێز لەگەڵی کورد بگرێت لە داواکردنی فیدراڵیەت و مافە نەتەوایەتیە ڕەواکانی بە مافی چارەی خۆنوسین.

### ١٣٥- حزبی کوردی فەیلی عێراقی (الحزب الكردي الفيلي العراقي):[٢٩٩]

ئەم حزبە لە مانگی نیسان/٢٠٠٥ لە شاری (لەندەن) دامەزرا، دوای ڕێککەوتنی نێوان چەند کۆمەڵە و لایەنێکی سیاسی و ڕۆشنبیری کوردی فەیلی لەسەر بنەما هزری و سیاسیەکانی ئەم حزبە، کە پشت دەبەستێ بە:

باوەڕهێنان بە بنەماکانی مافی مرۆڤ و دامەزراندنی دەوڵەتی دامەزراوەیی دەستوری و کۆمەڵگەی مەدەنی، بۆیە خۆی بە بەشێك لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دەزانێ لە لایەکەوە، لە لایەکی تر وەك بەشێك لە بزووتنەوەی نیشتمانی عێراقی کار دەکات.

**لە خاڵە گرینگەکانی بەرنامەی ئەم حزبە:**

١- حزب لەسەر بەنەمایەکی ناسیۆنالستی جوگرافی نیشتمانی لیبراڵی دیموکرات دروست دەبێ، هەموو ئەو کوردانەی لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق دەژین، دەگرێتە خۆی.

٢- حزب باوەڕی وایە کە کوردە فەیلیەکان بەشێکن لە نەتەوەی کورد.

٣- حزب باوەڕی وایە کە ئاینی ئیسلام یەك لە سەرچاوەکانی یاسادانانی دەوڵەتی عێراقە.

**حـزب ئامانجـەکانی دابـەش کردۆتـە سـەر دوو بـەش، ئامانجـە تایبەتیـەکان و ئامانجـە گشتیەکان:**

**لە ئامانجە تایبەتیەکانی:** گێڕانەوەی ڕێزو مافەکانی ئەو خەڵکەی ڕەگەزنامەی عێراقیان لێ وەرگیراوەتـەوە لەلایـەن ڕژێمـەکانی پێشوی عێـراق، دەسـتەبەرکردنی مافـەکانی کـوردە فەیلیەکان لە بوونی فوتابخانەی تایبەت و گەشەپێدانی ژیانی ڕۆشنبیریان.

**لە ئامانجـە گشـتیەکانی:** کۆکردنـەوەی ئـەو کوردانـەی لـە دەرەوەی هـەرێمی کوردسـتانی عێراق دەژین بۆ ئەوەی ڕۆڵیان هەبێ لە دامەزراندنی عێراقی نوێ.

ئەم حزبە ناکۆکی کەوتە نێوان سەرکردەکانیان و لـە ١٧/تمـوز/٢٠٠٥ ژمـارەی (١٣٣) کـەس لە کادیر و ئەندامانیان وازهێنانی خۆیان ڕاگەیاند، لە سەروویان:

عبدالامیر سلمان الجیزانی، سعد موسی عباس، جبار علی باش، احمد اسد.

## ١٣٦- حزبی پەیمان:[٣٠٠]

حزبێکی ناسیۆنالستی کوردە فەیلیەکانە، لیژنەی ئامادەکاری بـۆ دامەزرانـدنی لـە شـاری (لەنـدەن) لـە بـەرواری ٣٠/تشـرینی یەکـەم/٢٠٠٤ پێکهـات لەسـەر دەسـتی کۆمەڵـە کـوردێکی فەیلی، لەوانە صباح دارا.

**دامەزرێنەرانی هۆیەکانی دامەزراندنی دەگەڕێننەوە بۆ:**

١- دابیننەکردنی بارودرخێکی لەبار لەلایەن حکومەتەکانی عێراق بۆ کوردە فەیلیەکان بـۆ ئـەوەی هەلومـەرجێکی سـەقامگیری سیاسـی و کۆمەڵایـەتی و ئاینیـان بـۆ دابـین بکرێت.

٢- سەرنەکەوتنی حکومەتەکانی عێراق لە جێبەجێکردنی مافە بنچینەییەکانی کوردە فەیلیەکان.

٣- سـەرنەکەوتنی حزبـە کوردسـتانیەکان لـە نوێنـەراتیکردنی فەیلیـەکان و دەستەبەرکردنی مافەکانیان.

٤- سەرنەکەوتنی خودی فەیلیەکان لە پێکهێنانی قەوارەیەکی سیاسی بۆ نوێنەرایەتی و بەرگری لێکردنیان.

٥- بێ توانایی ئەو ڕێکخراوە فەیلیانەی کە هەن.

٦- بوونی پێویستسەکی زۆر بۆ دروستکردنی قەوارەیەکی سیاسی بۆ کوردە فەیلیەکان.

## ١٣٧- یەكێتی دیموكراتی كوردە فەیلیەكان:(٣٠١)

رێكخراوێكی سیاسی كوردە فەیلیەكانە لە ٢٦/ئاب/٢٠٠٥ دامەزراوە، لیژنەی ئامادەكاری لەم ناوانەی خوارەوە پێكهاتبووە:

د. ازدهار عبدالكریم، أیان أنور حیدری، جمیل زیتلی، پارێزەر حسین عیدان، د. سعاد حسین، سعدون سیف الله، سلمان حبیب مظاهر، سمیر جراغ وەندی، سمیرة مراد، عبدالجبار سلیم محمد، عدنان عباس، غفور خەنجەر.

**ئامانجەكانی ئەم رێكخراوە:**

١- دەركردنی بڕیارێكی فەرمی لە لایەن حكومەتی عێراق، تیادا كردەوەكانی دەركردن و كۆچ پێكردنی بە زۆری كوردە فەیلیەكان لە سەردەمی رژێمەكانی پێشو تاوانبار بكات.

٢- هەوڵدان بۆ پێشكەوتنی نوێی كۆمەڵگەی كوردی فەیلی لە رووی كۆمەڵایەتی و ئابوری و كەلتورییەوە.

٣- هەوڵدانی بەردەوام بۆ كۆكردنەوەی رێكخراوەكانی كوردە فەیلیەكان لەسەر بناغەی برایەتی و هاوكاری.

## ١٣٨- هاوپەیمانی كوردی فەیلی یەكگرتوو:(٣٠٢)

ئەم هاوپەیمانیەتیە لە شاری (گوتنبرگ) لە ١٢/حوزەیران/٢٠٠٥ دامەزرا، نوێنەرایەتی (دە) رێكخراوی كوردی فەیلی دەكات، بریتین لە:

رێكخراوی ئازادیخوازانی كوردی فەیلی، یەكیتی ئیسلامی كوردە فەیلیە عێراقیەكان، حزبی كوردی فەیلی عێراقی، بزووتنەوەی كوردە فەیلیە موسڵمانەكان، یەكگرتووی ژنانی فەیلی، گردبوونەوەی عەشیرەتە كوردە فەیلیەكان، كۆمەڵەی ئافرەتانی فەیلی لە هوڵەندا، كۆمەڵەی ژنانی كوردی فەیلی لە مانشستر، كۆمەڵەی كوردە فەیلیەكان لە مانشستر، رێكخراوی خێرخوازی كوردە فەیلیەكان لە عێراق. بۆ بەشداریكردن لە هەڵبژاردنەكانی پەرلەمانی عێراقی.

**ئامانجەکانی هاوپەیمانیەتیەکە:**

سـەپاندنی مافـە ڕەواکـانی گـەلی کـورد و چەسـپاندنی بنـەما بنچـینەییەکانی یاسـای بـەڕێوەبردنی دەوڵەت بـۆ قۆنـاغی گواسـتنەوە بـە مـافی بڕیـاری چارەنووس، پتـەوکردن و بڵاوبوونـەوەی کـەلتوری لێبـوردەیی ئـاینی و سیاسـی و ژیـانی برایانـە لـە نێـوان هـەموو پێکهاتەکانی گەلی عێراق و ڕێزگرتن لە فرەیی سیاسی و نەتەوایەتی و کەلتوری بـۆ هـەموو پێکهاتەکانی گەل، سەرەڕای ئامانجە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان.

هـەروەها بەرنامـەی هاوپەیمانیـەتی، پـەیمانێکی شـەرەفی گرتۆتـە خـۆی کـە هـەموو لایەنەکان بەڵێن دەدەن پابەندی بن.

## ١٣٩- بزووتنەوەی ئەفسەران بۆ رزگارکردنی عێـراق (الحركة الضباط لانقاذ العراق):[٣٠٣]

لە مانگی ئـاب/٢٠٠٢ ئـەم بزووتنەوەیـە دامـەزرا. بـە ئامـادە بـوونی کۆمەڵە ئەفسـەرێکی پێشـوی سـوپای عێـراق کـە وڵاتیـان بـەجێ هێشـتوبوو، لـە وڵاتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا کۆبونەوە بۆ دامەزراندنی بزووتنەوەی ئەفسەران بـۆ رزگـارکردنی عێـراق بـە سـەرۆکایەتی (لواء) فوزي الشمري.

لـە کۆتـایی کۆبونەوەکـە بڕیـار لەسـەر هەیکـەلی ڕێکخراوەیـی بزووتنەوەکـە درا، لەگـەڵ دەستەی سەرکردایەتی کە ئەم کەسانەی گرتبووە خۆی:

(لواء) فوزی حميد علي الشمري.

(العميد) نزار عبدالصاحب.

(العميد) اشرف زاجي.

بەڵام وا دەردەکەوێت کە ئەم بزووتنەوەیە هیچ کارێکی گرینگی پێ ئەنجام نەدرابێ.

